ئارفنج هاو ..

# ترۆتسکی



و. خالید هەرکی

ناوی کتێب: ترۆتسکی
نووسینی: ئارفنج هاو
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: خالید هەرکی
دیزاینی ناوەوە: خەلیل هیدایەت مام شێخ
نرخی: ٥٠٠٠ دینار
چاپی یەکەم: ٢٠١٢
لە بەرێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٨٥٤)ی ساڵی ٢٠١٢ ی پێدراوە
شوێنی چاپکتردنی: چاپخانەی رۆژهەڵات-هەولێر

## پێشکەش

--------------------

پێشکەشە بەو شەهیدانەی کە لەلایەن سەرکردەو بەرپرسەکانیانەوە چەواشە کرابون .

خالید .. هۆڵەندا

## پێشەکیی وەرگێڕی عەرەبی بۆ کوردی

---

وێڕای بەسەر چونی ماوەی نزیکەی نیوسەدە لە نوسین وبە چاپ گەیاندی ئەم پەرتوکەی بەردەستت کە لەسەر کەسایەتیەکی ناوداری سەدەی بیستەمە ئەویش نوسەر وسیاسەتمەدار وخەباتگێڕ (ترۆتسکی ) یە لە گەل بەسەر چونی ئەو ماوە درێژەش بەلاَم هێشتا رەونەق وبایەخی ئەم بابەتە لە سەر روداوەکانی ئەم سەردەمەی ئێمەدا ماون وبەدی دەکرێن ، هەر بۆیە بە پێویستم زانی نەوەی ئێستاو داهاتوشمان ئەوانەی ناتوانن زمانی عەرەبی بخوێننەوە لەم زانیاری وپەندانەی ئەو کەڵە پیاوە کە لەم پەرتوکەدا هاتون ئاشنا بکەم و سودیان پێ بگەیەنم .

زۆرن ئەو لایەنانەی نوسەر ومێژونوس و زانایان لەسەر ئەم کەسایەتیە پێویستە بنوسن وەکو لایەنی تایبەتی و ئەدەبی و سیاسی و خەبات و تێکۆشان وبیرمەندێتی لە ژیانیدا ، بەلاَم ئەوەی لەم پەرتوکە لە باسکردن وشیکردنەوە بەشی شێری بەردەکەوێ لایەنی ئەدەبی وسیاسیی ترۆتسکی یە ، ئەم پەرتوکە پتر تیشک دەخاتە سەر ئەو نوسین و پەرتوک وگوتارو راو بۆچون و پێشبینی و هەلوێستەکانی ترۆتسکی خۆی سەبارەت بە روداو وگۆرانەکان سەردەمی ژیانی وداهاتوی، ئەو پەرتوکانەی لێرە باسیان لێوەدەکا ئەمانەن :

1_ 1905 . 2_ ژیاننامەم . 3 _ مێژوو . 4_ تۆقاندن و کۆمۆنیزم . 5_ تیوری شۆرشی هەمیشەیی . 6_ گیروگرفتەکانی ژیانی رۆژانە . 7_ ئەدەبی شۆڕش . 8_ رێگە چارەی نوێ . 9 _ لوتکەی شاکارەکانی . 10_ ئەڵمانیا ، کلیلی رەوشی نێودەوڵەتی . 11_ دوای ئەمە چیتر ؟ 12_ تاکە رێگە . 13_ سۆشیالیزمی نەتەوایەتی چیە ؟ 14_ مێژووی شۆڕشی روسی .

ئەوەی گرنگە لەم پەرتوکە ئەوەیە کە نوسەر وێڕای ئەوەی لە هەندێک شوێنی نوسینەکانیدا خاڵەکان بە دروستی ناخاتە سەر پیتەکان بەلاَم دەتوانم بڵێم کە نوسەر سەنتەری تەرازوی گرتوە لەنگیەک ئەگەر هەشبێ ئەوەندە نیە کە لە بایەخ وپایەی ئەم پیاوە ناوادارە کەم کاتەوە .

ترۆتسکی لە سەردەمێک و لە ولاَتێک ژیاوە کە سەردەمی گۆڕان و وەرچەرخانەکانی دونیاو ئاراستەکانی بوە ، هەروەها لە شوێنێک ژیاوە کە فاکتەرەکانی گۆڕانی دونیا لەوێوە چەخماخەیان لێداوە. بەلاَم هەرچۆنێکی بێ دکتاتۆریەتی نوێی جیهانی ئەوکات رێگربوە لەبەردەم جێبەجێ کردنی نەخشەو بەرنامەکانی ئەم کەسایەتیە سیاسەتمەدارە کە لە کۆتایدا بەهۆی بۆچون و هەڵوێستە جوامێرەکانی باجێکی قورسیشی دا ئەویش بەخشینی سەر و سامان و خانەوادەی بوو .

خالید هەرکی ...هۆڵەندا 2008

## پێشەکی (پێشەکیی دانەر)

---------------------------------------

هەرچەندە ئەمە تەنها نامیلکەیەکە بەڵام تویژینەوە لەسەر بابەتێکی مەزن دەکات، ئەمەش لەبەر دوو هۆ نوسیومەتەوە:

یەکەمیان : پێشەکیەکە لەسەر ژیان و ڕێبازی کەسایەتیەکی ناوداری سەدەی بیستەم ، دووەمیشیان: رەخنەیەکی سیاسیانەو فکریانەیە بۆ ئەو رۆل و بۆچونانەی کە لەوسەردەم لە مێژووی هاوچەرخ دەیگێرا.

بە ئارەزوی خۆمان نیە کاتێک لە پەرتوکێکی بەم قەوارە باس لەم بابەتە مەزنە دەکەین دەبێ شتەکان کورت بکرێنەوە، زۆرم لە شتەکان وەلاناون کە دەبوایە ئاماژەیان پێ بدەم ئەگەر ئامانجی نوسینەوەی ژیاننامەو بیرو بۆچونە سیاسیەکەیم هەبوایە ، دەبوایە وانەبێ . بۆنمونە :

_ گفتوگۆ کردن لەسەر نوسینەکانی ترۆتسکی کە دەربارەی وڵاتی چین نوسراون.

_ وتارەکانی ئەوانەی سەبارەت بە ستراتیژیەتی شۆڕشگێڕانە لە ئەوروپا لە ماوەی ساڵانی بیستەمدا نوسراون.

_ هەوڵ و تەقەلا و نوسینە سەربازیەکانی بۆ دوبارە بنیادنانەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لە سیەکانی سەدەی بیستەم .

من خۆم وادەرناخەم کە کارەکەم بە شێوەیەکی تەواو ئەنجام داوە ، هەوڵی ئەوەم داوە کە هێلە گشتیەکانی پەرەسەندنی بیری ترۆتسکی نیشان بدەم ئەو بیرانەی هەموو خوێنەرێکی هێمن لەم سەردەمەدا بایەخی پێ دەدا .

گومانی تیا نیە ناتوانین بیرو بۆچونەکانی ترۆتسکی وەکو مارکسیستێکی شۆڕشگێڕ لە بەرنامەی ژیانی جیا کەینەوە ، بەڵکو هەر ناشبێ ئەمە وەکوشێواز بەجیا ئەنجام بدرێ ، ڕاستە ئەوکاتە کاریگەریی دەردەکەوێ کە وەکو خەبات و دیالۆگ بێتە سەیر کردن ، بەم شێوەیە خشتەیەکی کورتەی ژیانیم ئامادە کردوە :

وتەیەک لەسەر ژیانی یارمەتیمان دەدات بۆ رۆشنایی خستنەسەر بیرکردنەوەکانی، بەڵام ئەمە ژیاننامە نیە بەڵکو نامەیەکی زانستیی سیاسیانەیە بە بنەمایەکی چیرۆکیەوە .

بەهــەر حــاڵ ، ژیاننامــەی بــە دورو درێــژی لەلایــەن ئیســحاق دۆچێــر بــە ســێ بــەرگ نوسراوەتەوە ، ئەوکاتەی دەم خوێندەوە زۆر بە کارە مێژوییەکانی سەرسام بوم سەرەڕای ئــەوەی لەگــەڵ زۆر لــە بۆچونــە سیاسیــەکانی کــۆک نــەبوم بــەڵام هەنــدێک بڕگــەم لێــی وەرگرتــوە کــە لێــرە دەرفــەتم پــێ بــدەن زۆر سوپاســی بکــەم بــۆ ئــەم کــارە مــەزنــەی *(اسحق دۆچێر)*.

یارمــەتی خوێنــەری ئــازیز دەدەم ئەگــەر ئــەوە بڵــێم : ئــەم پەرتوکــە هــەلقولاوی پەیوەندیــەکانی ئەقلیــەتێکی ئــالۆزە لــە ووی بابــەتیی ئــەم پەرتوکــەدا. منــیش هــەروەکو زۆربەی زانا ئەمریکیەکان ماوەیەکی کورت لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی ترۆتسکی دابووم .

مـاوەی سـەدەیەک بەسـەر ئەوکاتـەدا رەتـی کـردوە کـە لـە سـەردەمانی گـەنجێتیم دا بیـرو سیاسەتە کانیم تاقی دەکردنەوە ، بەڵام ئێستا کە زانایەکی کۆمەڵایـەتیم یـا باشـتر بڵـێم هێشتا وەکو زانایەکی کۆمەڵایـەتی ووردە ووردە لـە بیـرو سیاسـەتەکانی دور دەکـەومـەوە ، ئەوەی لە مێشکمدا ماوەتەوە ئەوەیە ئەم کەڵە پیاوە وەکو کەسایەتیەکی مـەزنی خـاوەن شاکار سەیر دەکەم .

کاتێک ئەم پەرتوکە دەنوسمەوە پشت بـەو نامـە زانستیە دەبەستم کـە لـە شەستـەکانی سەدەی بیستەم نوسیومەتەوە ، هەنـدێک لـە بابەتـەکانی نامەزانستیەکەم بـەکار هێنـاوە هەندێکیشم دەستکاری وپاکنوس کـردوون ، بـە هـۆی ئـەوەی ئـەم پەرتوکـە پێـنج قـات لـە نامەزانستیەکە مەزنترە ئاساییە لـەو ماوەیـەدا شتـی تـری تێکـەوتبێ و جیاوازیـەکیش لـە نێوانیاندا هەبێ.

ئەمەش وتەیەکی سوپاسنامەیە بۆ هەموو ئەو برادەرانە:

مایکل هارنکتن، ئەمانۆئیل جەلتمان، ستانلی بلاستریک، ستیڤن کۆهن و مایکل ویلـزر. کـە ئـەرکیان کێشـا هـەموو نوسینەکە یـا هەنـدێکیان خوێنـدەوەو پێیـدا چونـەوە کـە تێبینیـەکانیانم بـە هەنـد وەرگـرتن بـەڵام لـە کۆتـایی هـەر خـۆم لـە نوسینەکە و هـەر هەڵەیەکی مێژویی و هەڵەی راستیەکان بەرپرسیارم.

*   *   *

## بەشی یەکەم:
-------------------------------
## ساڵەکانی پێشوەخت – تیۆرە بنچینەییەکان



ترۆتسکی

بۆگەنجێک کە خاوەن گیانێکی سەربەخۆ بێ و لە سەدەی بیستەم لە روسیا بژیێ ، شۆڕش کارێکی حەتمی بوو . کۆمەڵگای قەیسەری لە دۆخێکی دواکەوتویی و تەمبەڵیدا دەژیا، ژیانی ئاین پەروەری و دابی کۆمەڵایەتی پەردەیەکی رەشی پۆشی بوو ، پەیوەندیەکانی خەڵک لە گوندەکان پەیوەندیەکی ووشک بون ، بەڕونتر بلێین ، لە روی بڕواوە پەیوەندیەکانیان ووشک بوون ، بە بڕوای کاربەدەستانی ئۆتۆکراتیی روسی دەبوایە لە رێگەی قامچی و ئاینەوە دەسەڵات بەسەر جوتیاراندا بسەپێندرێت.

لەگەڵ ئەوەی بیری ئازاد وعلمانیەت خۆی خزاندبوە نێو چینی رۆشەنبیرانی وڵات ، بەڵام روسیای فەرمی لە دژایەتی کردن و چاوسورکردنەوە لە رۆشنبیران بەردەوام بوو ، کاتێک مامۆستا نوێکان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەمە نابێ کۆمەڵگایەکی تۆتالیتاری بێ ( خۆی بەسەر دەسەڵاتدا نەسەپاندوە) ئەوان راستیان دەگوت . چونکە ئەوان شایستەی ئەوە نەبون، بەم شێوەیە تینیان تیا نەبوو ئەوەندە جێی مەترسی بن ، رق و کینەکانیش نەگەیشتبونە ئەو ئاستە تا ترسێکی بە باوەڕو جەستەیی لە دڵیاندا دروست بکات ، لە روسیا قەیسەرەکان بەو شێوە سەیری دەسەڵاتیان دەکرد کە هەتا هەتایە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بێ، هەر وەکو ئەوەی ئاسیا هەتا هەتایی بە چارەنوسی رەگەزی ئادەمیزادەوە بەسترابێتەوە .

لەگەڵ ئەمەشدا چەند سەدەیەک بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی چەند گۆڕانێکی سەرەکی لە کۆمەڵگای روسی ئاسۆیان بەدی دەکرا . دروست بونی پیشەسازی لە شارەکان بوە هۆی ئەوەی کرێکارەکان ئامانجەکانیان بەڕونی بخەنە روو ، بیری شۆڕشگێڕی سنورەکانیان بەزاند ، خۆیان گەیاندە مێشکی پێشەنگی سەرکردەکان . پارت و رێکخراو دامەزرێنران و رێگەی کار کردنیان پێ درا ، دەکرێ بلێین ئەم گۆڕانەی لە رەوشتی نوسەرە مەزنەکانی روس رویدا بەوەی لە نوسینەکانیان مەسەلە بێ ئابڕوەکانیان وروژاند و خەڵکیان بۆ جوانکاری ونمونەیی هاندا، گومان لەوەدانیە کە رەوشتی لاساییکەرەوەی روسی لە باشترین دۆخیدا کۆمەڵگایەکی خوێنەریان هێنایە کا بۆ ئەوەی چیتر بە دڵەڕاوکێەوە باس لە بیرکردنەوەی پاشە رۆژ و چارەنوسی میلەتەکەیان نەکەن .

ئا لەم کۆمەڵگایەی روسیدا لیۆن ترۆتسکی لەدایک بوو، ئەم ناوەی وەکو نازناوی شۆڕشگێڕی لەخۆناوە ( ناوی ئەو پاسەوانە بوو کە لە بەندیخانە لەدەستی رایکرد _ وەرگێر) ناوە ڕاستەکەی بف داڤیدۆڤیچ برۆنشتاین ە لە ساڵی (1879 _ 1940 ) ژیاوە لە خێزانێکی دەوڵەمەندی بەرەگەز جو لە دایک بوەو لە نزیک دەریای رەش ژیاوە .

ئەم ژیانەی جوتیارێتیی ژیانێکی ئاسایی نەبوو بۆ جوێک کاتێک ژیانی گوندو کێلگەی لە ژیانی شار پێ خۆشتر بێ ئەمە ئاسایی نیە، لە شار جو ی (جیتۆ) لە گەرەکە جو نشینەکانی لێ زۆرەو هەروەها لەگوند ژیانی دەرەبەگەکان کە هەردەم سوکایەتی بە جوتیاران دەکەن وەکو مامەڵەی (جنتایلز) ەکان کە جو نەبون هەلس و کەوتی خەراپیان لەگەڵ جوتیارەکاندا دەکرد ، دیسان دەسبەرداربونی هۆگری ئاین کە تا ئێستا سیمای بەسەر جوە ئەوروپیە رۆژهەلاتیەکانەوە دیارە ، ئەمە هەموو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئەم ژیانەی خانەوادەی برنشتاین بوە هۆی ئەوەی دەسبەرداری نەریتی جوەکان بێ ، ئەو نەریتانەی کە بەسەر ئازادیخوازترین کەسیاندا دەسەپاند.

واپێدەچی برنشتاینی گەنج هەر لە منداڵیەوە بەشێکی لە فەرهەنگی جوەکان وەدەست هێناوە بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە کەسێکی نەزان و بێ خەبەر بێ، دواتر ترۆتسکی

هەرخۆی ژیاننامەی خۆی دەنوسێتەوەو بە ریزەوە باس لە رۆژگارەکانی منداڵێتیی دەکا تا ئەوکاتەی دەبێتە شۆڕشگێڕ کە زۆر کەم گرنگی بە پەرتوکە ئاینیەکان دەدا ، لە دوا رۆژەکانی ژیانیدا گرنگیەکی بێ مەزندە بە مەسەلەی جوەکان دەدا کە لە گەنجێتیی دا دەسبەرداری بووە ، ئەم مەسەلەیە ئێستا لەناو شۆڕشگێڕە جوەکان بۆتە قسەو قسەلۆک.

ترۆتسکی وەکو گەنجێکی درەوشاوە هەستی بە و مەترسیانەدەکرد کە بەبەرچاوی خۆی دەیبینی چۆن جوتیارە هەژارەکان دەچەوسێنرێنەوە گەڵێک جاریش لەگەڵ باوکی لەسەر ئەم مەسەلەیە بەدەمەقاڕ دەهات ، وەکو دەگێرنەوە بەهۆی نالەباری و زولم و زۆرداریی جوتیارەکان ترۆتسکی هەستی بە شەرمەزاریەکی زۆری دەکرد بەتایبەت کاتێک جوتیارەکانی دەبینی لە بەیانیەوە تا ئێوارە دەمیان لەسەر یەک دادەنا بۆیان نەبوو هیچ قسەیەک بکەن تەنها چاوەڕوانی یەک وشەی برۆنشتاینی مەزنیان دەکرد . دەگێڕنەوە جارێک ئەم منداڵە وشیارە باوکی دەبینێ چۆن سوکایەتی بە جوتیارێک دەکا خۆی پێناگیرێ رادەکاتە ماڵەوە لەسەر چاو دەکەوێ هەموو شتێک لەبیر دەکا تەنها ئەو رووداوە نەبێ . دەڵێ دەستم بەگریانێکی بەگوڕ کرد بەهیچ بێدەنگ نەدەبوم لەکاتێکا خوێندکاربوم و لە پۆلی دووەمیش بووم )

ئەوکاتەی ترۆتسکی تەمەنی دەبێتە دە ساڵان دەینێرنە لای ماڵی خزمێکی رۆشەنبیریان( مویسی سبنتزر) لە ئۆدیسیا لەوێ ئیتر ئەم نەوجەوانە ئاشنایی لەگەڵ گوتاری نوێ و مۆسیک وهونەر پەیدا دەکا ، ئۆدیسیا بەندەرێکە کەوتۆتە خواروی وڵات . بەوە ناسراوە کە نیشتمانێکە بەئاسانی دەتوانی بچیتە ناوەوەی ، ئەم شارە لە رۆشنبیرو ئازادیخوازان پنگابوەوە بەتایبەت ئەوانەی سەردانی سبنتزر یان دەکرد . لەوێ ئیتر ئەم نەوجەوانە خۆشیی بە گەڕان لە نێو کتێبخانەکان دەکا تا سودی لە بەرهەمی ناودارەکان کرد ( لە ناخیدا هەستێک بۆ ئۆپرای ئیتالی روا ئەو ئۆپرایەی بۆ ئۆدیسیەکان شانازی بوو ( هەندێ وانەی تایبەتیم وتنەوە بەڵام بەشی ئەوەی نەدەکرد بەشداری خولی نواندن بکەم ترۆتسکی دەڵێ ماوەی چەند مانگێک من شەیدای گۆرانی بێژێک بوم لە ئۆدیسیا وام دەزانی لە ئاسمانەوە ڕاستەوخۆ دابەزیوەتە سەر شانۆی ئۆدیسیا . من ئەمە سەربدرەی منداڵێکی جوە بۆ تان دەگێڕمەوە لە ئۆدیسیا کە شەیدای گۆرانیبێژێکی ئۆپڕا بوە لەسەر زاری ئیسحاق بابل ، لێرە لە ئۆدیسیا بناغەی بنچینەکانی هەستی ترۆتسکی بە درێژایی ژیانی داڕێژراوە دەڵێ ( دانەرو رۆژنامەنوس و هونەرمەندان نوێنەرایەتی دونیایەکی سەرنج راکێش دەکەن زیاتر لە هەموو دونیاکانی تر ) ،ئۆدیسیا یارمەتی ترۆتسکیی دا کە ببێتە پیاوێکی رۆژئاوایی زیاتر لە هەر شۆڕشگێڕێکی تری روسی .

هەمو کاتێ وشیاریی رۆشنبیری لەگەڵ ویژدانی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە سەرهەڵدەدەن ،وێڕای ئەوەی ئەم نەوجەوانە ئاوێزانی پەرتوک وشانۆ دەبێ ، بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانیش دەکا دژی مامۆستایەکیان کە تەنگەی بە خوێندکارێک هەڵچنی بوو تەنها لەبەر ئەوەی لە رەگەزی ئەلمانی بوو ، بەم هۆیەوە ترۆتسکی لە خوێندنگا بۆ ماوەی ساڵێک دەردەکرێ ، ئەم روداوانە لە وڵاتێکی ئازاد ئاسایین بەڵام بۆ روسیای قەیسەر کاریگەریەکی مەزنی هەبوو چونکە ئەمە بەشێکە لە رەوشتی مرۆڤ و مێژوەکەی .

مێرد منداڵەکە گەڕایەوە خوێندنگا بەڵام ئەم جارەیان تەزوێکی پیاوەتی ومرۆڤایەتی بەگیانیدا دەهات ئەو تەزوەی بەرگری لە مافی کەسی بەرانبەرو بێ دەسەڵاتان دەکات

هەستی بە بەرپرسیارێتی دەکرد بەرانبەر بە جێبەجێ کردنی داواکاریەکانی هاوەلانی ،
ئەوکاتەی ترۆتسکی ژیاننامەی خۆی نوسیەوە بایەخێکی زۆری بەو روداوە دابو و وتبوی:
( ئەمە یەکەم ئەزمونی سیاسیم بوو) ، دوای ئەوە ئیتر پۆلەکە کرا بە سێ بەش :
چاوبرسی و زمان شڕەکان لە لایەک، پالەوان و راشکاوەکان لەلایەک ، دواتر کوتلەی
بێلایەن و ڕاڕایانیش لە ناوەڕاست . ئەم گروپانە تا چەند سالێک هەر ئاسەواریان هەبوو
.

وادەبینم کە دیدی ترۆتسکی بۆ هەڤالانی لەم قۆناغەدا رۆلێکی وای هەبوو ئەستەمە بڕوا بکرێ ، بڕگەی رابردو نمونەیەکی نوسینەکانی ترۆتسکیی پێگەیشتوە. نمونەی شێوازێکی فیکریە کە لەگەڵ شێوازە ناسراوەکەیدا یەکناگرن ، ترۆتسکی خۆی بە مارکسیزمێکی ئەرسەدۆکسیی( راشکاو) دەزانی بۆیە هەموو دەمێ جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەیوت : (پێوانی رەوشت نابێ بەدەر لە کاریگەریەکانی مێژو و دۆخەکانیەوە سەیر بکرێت). سەرەڕای ئەمەش لە بڕگەی پێشو ویستویەتی لە تەمەنی مێردمنداڵیەوە هەستی بەرانبەر بە نوسینە ئەدەبیە جۆراو جۆرەکانی سەرکردە بەلشەفیەکان کە لە سالانی بیستەکان لە سەدەی بیستەم دەنوسی دەرببڕێ ، ئەوانەی بەرانبەر بە ستالین کاریان وەستابو (ئازادیخوازە قارەمانەکان) کە بەردەوامیان بە دڵسۆزی و پەروەری بۆ بڕواکانی بەلشەفیک دا، لەگەڵ هەڤالە خوێندکارەکانی بەزمانی نەریت و رەوشت پەروەری قسەی دەکرد. ئەم مێردمنداڵە بە درێژایی تەمەنی پێوەری رەوشتی کردە سەنگی مەحەک ، ئەو رەوشتەی بەرژەوەندیی چینی هەژاری دەپاراست ، باسی لە ئابڕوو راستگۆیی ودڵسۆزی دەکرد وەکو ئەوەی بنەمای نەگۆر بن ، بەم شێوەیە لە شوێنێکی وەکو روسیابە شێوەیەکی رۆمانتیکی رەوشتی مارکسیستی ئەرسەدۆکسی تیشکی درەوشایەوە.

بۆ پێگەیاندنی رۆشەنبیری، برنشتاین لە 1896 باری کرد بۆ نیکۆلایڤ، ئا لەم شارە دێیە ترۆتسکی توانیی بنەمایەکی پیشەسازیی هاوچەرخ وەدەست بێنێ ، دیسان ئاشنایی لەگەڵ چینی زەحمەتکێش کردو بۆیەکەم جار ئاشنای بیری سۆشیالیستی بوو . کۆمەڵێک خوێندکارو کرێکار خویان بە دانیشتن وگردبونەوە گرتبو لە کۆخێکی باخچەوانی مشتومڕیان لەسەرڕپسە رادیکالیزمیەکان دەکرد ، ئەوەندەی نەبرد برنشتاین بووە دەنگێکی بیستراوو سەرکردە لە ناویاندا . وەکو هەر جوێکی ئەوروپای رۆژئاوا ترۆتسکی گەنجێکی زیرەک و بەتوانا بوو زوو بە ئامانج و بڕوا سیاسیەکانی نەدەگەیشت، لە سەرەتا راڕا بوو، کاتێک باسی خۆی دەکات دەڵێ من هەلگری بڕواکانی پارتی گەلی روسیم ، ئەم بڕوایانەش بڕوای سۆزدارن گەل پیرۆز دەکاو هێرش دەباتە سەر توندوتیژی مارکسیستەکان ، لە ترۆتسکی دەگێرنەوە کە جارێکیان لە دانیشتنێک لە کانونی دووەمی 1896 ترۆتسکی پێکی مەی بە روی گەنجێکدا بەرز دەکاتەوە کە کچێکی مارکسیست دەبێ دەڵێ :

( نەفرەتی خوا لە هەموو مارکسیستێک و لە هەموو ئەوانەی قات وقڕی و وشکایی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا دێنن ).

دەبێ زۆر خزابینە ناو مێژوو ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە ترۆتسکی لەو کاتەوە لە ناخەوە هەستی بە ململانێیەک کردوە ئەم ململانێیە لەگەڵی ژیاوە : ململانێیەک لە نێوان ئەوەی هەست بەوە بکات کە وشکی و قات و قڕی مارکس هۆکاری بێ و دەسەلات لە خەڵک زەوت بکاو خەندەی لێوان وەلابنێ ، لە روەکەی تری ژیانی لە نوسینەکانیدا

هـەموو شـتێک بـە ئاشـکرا بـەدی دەکـرێ کاتێـک خـۆی لـە خانـەی ئۆپۆزسـیۆنی سیاسـی دەبینیەوە ؟

بەهـەر حـاڵ ئـەو کچـەی کـە ئامـانجی هێرشـەکەی بـوو (ئەلێکسـەندرا سۆکۆلۆ ڤسکایا ) کاتێک ئەم قسەی لە ترۆتسکی بیست زۆر تورە بوو و دانیشتنەکەی جێهێشت سوێندیشی خوارد کە ئیتر نابێ هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ ئەم گەنجە هەبێ. خۆشیەکەی ئەوەیـە کـە هەڵویستی ئـەم کچـە کاریگەریـەکی زۆری لـە نـاخی ترۆتسکی دروست کـرد هەرچەنـدە نەیدەویست دانی پیا بنێ . سەیر نەبوو کـە وەرگەڕێتـە سـەر ڕێبـازی مارکسیزم و بچێتـە پال سۆکۆلۆ ڤسکایا ، دواتر بووە هاوسەری یەکەمی هەموو ساڵەکانی بۆی دڵسۆز بوو .

وەکـو نـەریتی رادیکالیسـتە روسـەکان لـە سـەدەی بیسـتەم کاتێـک تەمـەنی دەبێتـە 18 ساڵان لیڤ داڤیدۆڤیچ برنشتاین ژیانی شۆڕشگێڕی هەڵدەبژێرێ . ئیتر لەم بڕیارە پاشگەز نابێتەوە ، کەم کەس لەوانەی ئەم ڕێبازەیـان هـەلبژارد زۆریـان چێشت ، ئـەم ژیانـە چـی دەگەیەنێ ؟ ئەم پرسیارە بەوپەڕی راشکاوانە ئەدمۆن ولسۆن وەلامـان دەداتـەوە و دەڵـێ :

(ئـەمان ژیـان و کارەکانیـان خستۆتە کۆش قـەزاو قـەدەرەوە، بـەهۆی بـڕوا بونیـان بـەم ڕێبازە لەگەڵ زۆرینەی چینەکان هامشۆیان هەیە بەڵام دەربەدەر کران و لـە وڵات وەدەر نران ، کەچی زۆر زو شارەزاییان لەگـەڵ زمـان و کـەلتوری ئـەو وڵاتـە پەیدا کـرد کـە لێـی جێگیر بـون وخۆیـان بـە فەرهـەنگ وبیری رۆشـەنبیریەوە دەوڵـەمەند کـرد شـارەزاییان لـە بواری کۆمەڵایەتی پەیدا کرد .

ئەوەی شیاوی باسە بڕیاری ترۆتسکی بڕیارێکی دیراسەکراو نەبو .

لــە بــەهاری 1897 هــەڤاڵانی ڕێکخراوێکــی نهێنیــان بــەناوی ( یەکیــەتی کرێکــارانی باشوری روسیا ) دامەزراند ، ئـەم ڕێکخـراوە کۆبونـەوەیان دەکرد ونامیلکـەیان دەردەکرد رەخنــەیان لــە سیاســەتی ئەوســەردەم ودۆخــی کرێکارەکــان دەگــرت کــە لــە کارگــە خۆجێیەکاندا کاریان دەکرد .

\ برنشتاین خۆی دەستی بە نوسین وبەکارهێنانی ئامێری کۆپی کرد ماوەی دوو کاتژمێری لە بەرپەرێک بەسەردەبرد ، بەڵام ئـەم کۆمەڵـە گەنجـە زۆر کـەموو کوڕیـان هـەبوو هێشتا بە تەواوەتی پێ نەگیشتبون بۆیە بەهۆی هەڵە کانیانەوە ئاسایی بوو بکەونە بەر شاڵاوی پۆلیس و دەستگیر بکرێن ، زۆریـان ئەشکەنجە دران بـەڵام برنشتاین خرایـە زینـدانێکی تاکەکەسی کە پڕی بوو لـە مێرولـەو جاڵجالۆکە ، دواتـر گواسـترایەوە بـۆ زینـدانی ئۆدیسـیا ماوەی ساڵ و نیوێک لەوێ مایەوە دواتر بە دورخستنەوە حوکم درا و ماوەی چـوار سـاڵ لـە سیبیریا بە دورخراوەیی مایەوە .

لەسـەر روبـاری لینـا لـەودیوی لوتکـەی بـاکور هەنـدێک خانوبـەر هـەبون ، ئـەم گەنجـە شۆڕشگێڕە خۆی لەو دونیایە تاریکستانە دۆزیەوە ئەوەی لە دەورو بەری بو هەموو بریتـی بون لە مەلۆتکەو بێدەنگیەکی مەزن ، شوێنێکی دور لە هەموو دونیا .

ئەگــەر دورخراوەییەکــەی ترۆتســکی بەراوردکــەین لەگــەڵ خیوەتگــای گرتــو و دەستبەسەرانی تری سیبیریا ئەوا گرتوخانەکەی ترۆتسکی بە گەمەی منداڵان دەزانین.

ترۆتسکی کاتـەکانی خـۆی بـە خوێندنـەوەی پەرتوکـەکانی مـارکس و دانیشـتن وگفتوگـۆ لەگـەڵ زیندانیـەکانی تـر دەبـردە سـەر ، لـەم ماوەیـەدا تـوانیی بیـرو جەسـتە و رەوشـتی بەرزی بە هێزکا ، هەر لە سیبیریا رۆژنامەی کۆمەڵایـەتیی دیموکراسـی ئەسکەرا (الشـرارە ) و نامیلکـەی ( چیمـان لەسـەرە بیکـەین ؟ ) ی خوێنـدەوە کـە لـە نوسـینی لینینـە لـەم

نامیلکەیەدا لینین دوای ئەوەی دەبێتە سەرکردەی بەلشەفیەکان ڕێنمایی دەداتە شۆڕشگێڕەکان دەڵێ:

(سەرەڕای زوڵم و ستەمی پۆلیس، نابێ شۆڕشگێڕەکان لە ڕەوشتی بەرزی حزبە مەرکەزیەکەیان دور کەونەوە) .

لەم دورخراوەییەیدا ترۆتسکی بە دڵنیایەوە خۆی وەکو سەرنوسەری ڕۆژنامە دەهاتە بەرچاو بێ گوێدانە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک ڕۆژانە نامەی زانستی و نوسینی بە پێزی لەسەر بابەتی کۆمەڵایەتی وئەدەبی شتی تر دەنوسی ، هەندێکی دەناردن بۆ ڕۆژنامەی ئازاد لە شاری ئەرکتسک .

لەو بابەتە ئەدەبیانەی دایرشتبون رابسن وزۆلا وچوچول سەرپەرشتیان دەکردن ، دوای بەسەرچونی سێ لەسەر چواری سەدە دەبینین ئەوبابەتانەی ئەو گەنجە لە تەمەنی بیستەکان نوسیویەتی هێشتا هێزو کاریگەری وبلیمەتی خۆی لەدەست نەداوە ، ئەوەی ئەو پارچە نوسینانەی شێواندوە ئەو زیادەڕۆییەیە لە شانازی بەخۆوە کردنی گەنجێکی مارکسیست کە پێویستی نەدەکرد وابوایە ، بەڵام ئەم بڕگانە دیسان زیرەکی و بەتوانایی نوسەر وەدەر دەخەن ، لێرە ئاماژە بە بڕگەیەک لە نوسینەکانی دەکەم کە لەسەر گوندەکانی سیبیریای نوسیوە گەواهی ئەوە دەدەن کە ترۆتسکی نوسەرێکی ڕاستەقینەیە دەڵێ:

(گوندەکەمان لە نەخۆشیا دەمرێ ئەوساش لە دۆخێکی بێدەنگی وبیرکردنەوە دایە ).

لە نامەیەکی تریدا دەڵێ :

(پایەی روحیی مرۆڤ زۆرە ، بەرهەمەکانیان ووشک نابن ، هەرواشە کەس ناتوانێ بانگەوازی رەسەنایەتی بکا تەنها ئەوانە نەبن کە لەسەر شانی ناوداران پێ دەگەن ).

ئەم بیرۆکەیە نەک تەنها رەسەنایەتیە بەڵکو گرنگیشە وەکو پێشەکی بۆ پەرتوکی ( بۆ نەریت و شۆڕش) دەقەکانی تری ترۆتسکی کە جەختی لەسەر دەکردەوە دژی هەڤاڵە مارکسیستەکانی وتویەتی ، دەڵێ: هەرچەندە لە مەزنترین شۆڕشگێڕەکانە دەبێ دان بەوە بنێ کە بەردەوام بونی فەرهەنگی مرۆڤ نرخی خۆی هەیە ). یا ( ئامانجی هونەر تەنها کۆپی کردنی راستیەکان نیە بە جیا کردنەوەی ئەزمونەکانەو دەبێ رۆشنایی بخاتە سەر چۆنایەتیی ئەم ژیانە ئالۆزە بە ئاشکرا کردنی سیما نمونەییەکانی ) .


بەڕاستی بڕگەیەکە کە بۆ هەر رەخنەگرێک لە هەر کاتێکدا دەشێ . هەروەها تێبینیەکە بۆ گەنجێک دەشێ کە لەژێر کاریگەری نوسەرە روسەکاندابێ لە سەدەی بیستەم وبەتایبەتیش مارکسیستە روسەکان ، ئەمان هەمویان لەگەڵ بەرتەسک کردنەوەی ئازادیەکانی هونەردا کۆک بون ئەمە لە چیرۆک و هۆزانەکانیان رەنگیان دابوەوە .

ترۆتسکی لە ساڵەکانی دورخراوەییدا گرنگیەکی زۆری بە سیاسەت دەدا ، بە مسۆگەریش دیارە کە سیاسەت لای شۆڕشگێڕە روسەکان بە پلەی یەک دەهات (پرسی رێکخراوەیی) ، واتە پرسیار دەکەین چ جۆرە شۆڕشێک ؟ و چ جۆرە بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی لەگەڵ دۆخی روسیای قەیسەری دەگونجێ ؟ چین ئەوانەی لە رادیکالیستەکان چاوەڕوان دەکرێن کە بەسەر حوکمرانە رەهاکاندا بێنن ؟

ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە شارەکان نیشانەی سەرمایەداریان پێوە دیاربوو ، ئەو دەسەڵاتەش کێشەی تایبەتیی هەبوو جیا لە کێشەکانی کۆمەڵگای دیموکراسی لە وڵاتەکانی ئەوروپا.

وا پێدەچێ کە مشتومڕی مارکسیزم لە نێو بێگانەکاندا مشتومڕێکی شاشبێ ، دیارە هەر دەبێ واش بێ ، لە پشت ئەم مشتومڕە پرسیاری گرنگ خۆیان حەشارداوە کە قسەو باسی لەسەر دەکەن .( پرسی رێکخستن) پرسێک بو هەزارەها ئاوارەو دورخراوەی لەسیبیریاو ئەوروپا توشی شۆک کردبوو چونکە نەک تەنها کاریگەربوو لەسەر چارەنوسی روسیا بەڵکو لەسەر سەرتاپای جیهان .

لەم ماوەیەدا زۆربەی مارکسیستە روسەکان لە ئەوروپا بە دورخراوەیی و بە پەناهەندەیی دەژیان هەوڵ و تەقەلایان بۆ دامەزراندنی یەکەم پارتی سۆشیال دیموکرات، بۆ سەرتاسەری روسیا دەدا. پێمان خۆشبێ وناخۆشبێ ئەم کارە پێویستیی بە پەیوەندیەکی پتەوی نێوان پەناهەندە روسە شەرعی و ناشەرعیەکان هەبوو ، کاتێک برنشتاین دڵنیابوو لەوەی لەم دورخراوەییە لە سیبیریا گیرسایەوە هەستی بە پێویستیی پەیوەندی کردن بە مارکسیستە مەزنەکان کرد بۆئەوەی لێیان فێربێ و سودیان لێ وەرگرێ لەوانەش (جۆرج بلیخانۆف و جۆلیۆس مارتۆف و ڤ.ی.لینین ) ئەم هەستەی بوە هاندەری ڕاکردنی لە سیبیریا لە پایزی 1902 ، ئەمە بۆ ئەم کارێکی قورس نەبوو . هەموو روسیای بە نهێنی ئەم سەرو ئەو سەر کرد، بۆ ئەم ئەرکەی ناوی پاسەوانی بەندیخانەکەی لەخۆ نابو کە دواتر بو بە نازناوی شۆڕشگێڕیی ئەویش ناوی ترۆتسکی بوو ئەم سنورانەی بڕی و روەو لەندەن هەنگاوی نا .



لینین

لەوێش ڕاستەوخۆ روی لە ماڵی لینین کرد ئەمە لە تەمەنی سەرەتاکانی سی ساڵیی دابوو ، ئیتر هەردوو شۆڕشگێڕ برنشتاین ولینین زۆر بەیەکەوە لە شەقامەکانی لەندەن پیاسەیان کرد و خولانەوە و گفتوگۆیان کرد ، بۆ ئەوان لەندەن شارێکی بێگانە و نامۆ بوو ، ئەو شارەی کە لینین هەردەم دەیوت شارێکی گونجاوە بۆمان ، ئەم وتەی لینین لە ناخەوە بوو هەروەها هەردەم تیی چاوی لە سێبەری چینی دەسەلاتدار بوو ئەو سێبەرە دواتر بوو بە راستی بەردەوام باسیان لە چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکان دەکرد کە دەکەونە بەر دەم دروست کردنی بزوتنە وەو پارتی سیاسی لە روسیا .

ترۆتسکی لەبەر چاوی سەرکردەی کۆچبەران لە نمونەی بلیخانۆف و ڤیرازا سۆلتس و ماراتۆڤ ببوە کێشەیەکی سەرسوڕهێنەر، خاوەن بەهرەیەکی رادەبەدەر بوو ، بۆیە زاسۆلچ ترۆتسکیی خستە ژێر بەرپرسیارێتی خۆی و وتی گومان لەوە دانیە کە ئەم گەنجە داهێنەرو بەهرەمەندە . ماراتۆڤ سەرکردەی پارتی بۆلشەفی خاوەنی رۆژنامەی

بەهرەمەندان بوو (پارتێکی سیاسیی ئازادی روسیی ئۆپۆزسیۆن بوو ) خۆی ئامـاژەی بـەو بەهرەمەندیەی ترۆتسکی دا ، وتی : کارە ئەدەبیە کانی ترۆتسکی بەهرەمەندی ترۆتسکی دەسەلمێنن. بەهۆی توانا سەرنج راکێشیەکانی لە وتارخوێندنەوە پێگەیەکی پانی لەناو جەماوەر پەیدا کردوە ، بەو هۆیەوە بوو دورخراوەکان کاتێک سەیری ترۆتسکیان دەکرد ئاسۆی ئومێدیان لێ بەدی دەکرد بە هۆیەوە بە (پێنوس) ناونرێ، گەنجێک بوو هەموو گیانی چالاکی و جۆشدان بوو ، لە چاوەکانیدا ئاوی گەنجێتیی لێ بەدی دەکرا.

بەڵام بلیخانۆف لەسەرەتا رقی لە ترۆتسکی دەبۆوە دیارە ئەمە هەڵوێستێکی ئاساییە کە هەردەم بلیمەتەکان رقیان لە خوێندکارە بەهرەمەندەکان دەبێتەوە ، ئەوان وزەو چالاکیەکانی ئەمیان لەو پێشبرکێیە بەدی دەکرد کە وەکو مار بەدەوری تواناکانیدا دەخولێتەوە ، دواتر بلیخانۆف بۆی دەرکەوت کە هەندێک خەسلەتی ناشیرن لە ترۆتسکی دا هەن لەوانە لەخۆبایی بونی ئەدەبی و خۆبەزل زانینی رەوشتی.

بەڵام دیدی لینین بۆ ترۆتسکی میانڕەوانە تر بوو هەرچەندە لینین لە دەربڕینی بۆچونەکانی هەردەم ناڕۆنی دەنواند ، لینین لە نێو کۆچبەراندا ترۆتسکیی بە خۆبەخشێکی پاک دەناسی ئەمە جگەلەوەی بە هاوپەیمانی خۆشی دەزانی لە رەخنەو ناکۆکیەکانی نێو حزب کە هەندێک جار بەتایبەت لەگەڵ سەرنوسەری رۆژنامەی (ئەسکرا ) دەگەیشتە لوتکەی ململانێ ، ترۆتسکی خۆیشی بە نوسین و دابەزاندنی وتاری جۆشدەرو هاندانی شۆڕشگێڕی بەشداریی لە رۆژنامەکە دا دەکرد ، ئەوەتا لینین بۆ نوسینەکانی دەڵێ : ( سیماو شێوازی رۆژنامەگەریی پێوە دیارە ) .

ئەم وتانەی لینین ئەوکاتە نوسراونەتوە کاتێک نامە بۆ سەرنوسەری رۆژنامەکە دەنوسێ داوای دامەزراندنی ترۆتسکی لەو رۆژنامەیە دەکا ، ئەمەش دیارە پیاهەڵدانێکی لینینە بۆ ترۆتسکی، هەروەها لینین دەڵێ ( ترۆتسکی هەموو راست کردنەوەیەک بەبێ دەنگی قەبول دەکا _ بەڵام لەسەرەخۆ _) لەبەر ئەوەی ئەمەی بە دیمەنێکی دڵگران دەزانی دەبوایە ئەم نوسەرە مەزنە لەو سەردەمە بەرانبەر بە لینین بە زمان بەستراوی بوەستێ و هەموو رەخنە گاڵتەجاڕیەکانیش قەبوڵ کا .

لەگەڵ ئەوەش ترۆتسکی سودی لە مانەوەی لە نێو کۆچبەرە روسەکان وەرگرت لێیان فێری شێواز و رەفتاری رادیکالیی روسی بوو فێربوو چۆن روبەڕوی کێشەو ناکۆکیەکان بێتەوەو بە دەستگرتن بە یەکیەتی و یەک ریزی پارتەکەیەوە .

ترۆتسکی یان نارده پاریس بۆ خوێندنەوەی گوتاری شۆڕشگێڕی لە نێو ریزی کۆچبەران ، ئەو گوتارەی کاریگەریەکی زۆری هەبوو ، لە پاریس ترۆتسکی روبەڕوی دو هەڵوێست بۆوە کە بۆئەو سودبەخش بوون یەکیان هونەری رۆژئاوا دووەمیشیان کچە روسیی سەرسوڕهێنەر( ناتالیا سیدۆڤا ) کە دواتر بوو بە هاوسەری دووەمی و تا دوا هەناسەی ژیانی لەگەڵی مایەوە .

وابەدی دەکرێ پاشماوەی ژیانی گوند لە ناخی ترۆتسکیدا ئاسەواری مابوو، سیدۆڤا پێی راگەیاند کە پاریس لە ئۆدیسیا دەکا بەڵام ئۆدیسیا باشترە ، لە بیرەوەریەکانی سیدۆڤا نوسیویەتی دەڵێ ئەو وتانە وتەی (گەوج) بون ، بەڵام ترۆتسکی هەمووی لە ژیاننامەی خۆیدا نوسیوەتەوە .لەسەر ئەم برگەیە ترۆتسکی دەڵێ:

( سیدۆڤا...... کارەکان وابون من لە دۆخێکی بەربەری دا دەژیام دۆخێک لە پێناو مان و ژیان هەموو هەوڵێک بدات هەستم بە نزیک بونەوە لە پاریس دەکرد و هەستم بە لێ تێگەیشتن دەکرد دەبوایە هەموو تواناکانم بخەمە گەڕ ، بەڵام لەولاوە دونیایەکی تر

هـەبوو ئـەویش دونیـای شـۆڕش بـو ، منـیش بـەبێ رکابـەر پێیـەوە پەیوەست بـوم ، ئـا لـەو کاتەدا بوو لەسەرەتای ژیانم و دواتریش بەرگریم لـە هونـەر دەکرد وەکو بـەرگری کردنم لـە شۆڕش ، هەروەها بەرگەی مارکسیزمم و شێوازەکانی لینینیشم بۆ چەندین ساڵ دەگرت گرت ، ئێستاش لە کاتی دورخراوەیی دوەمم دا لـە روسیا لـە 1905 خەریکـە زیـاتر بـەلای هونەردا دەشکێمەوە ، زۆرم بینی و زۆریشم خوێندەوە بۆیە دەستم بە نوسین کرد ).

ئەم شارەزاییە و لەگەڵ ئەوەی رۆڵێکی زۆریشم لە ژیانی ترۆتسکی گێرایەوە ئێستا دانـی پیـا بنێم باشترە لـەوەی دواتـر دانـی پیـا بنێم ، دەبوایـە ترۆتسکی ئـەوکاتانـەی لـەگـەڵ کۆچبەرە شۆڕشگێڕەکان دەکەوتە مشتومڕو ناکۆکی ئەو بسپۆریە لە لایەک دابنێ.

بەرلـە بەسـتنی کـۆنگرەی دووەمـی پـارتی سۆشـیال دیموکراسـی روسـی ( لـەراستیشـدا کۆنگرەی یەکەم دێتە ئەژمار چونکە کۆنگرەی یەکەم جدیەتی تیا نەبوو ) لە سـاڵـی 1903 ترۆتسکی وەکو پیاوێکی درەوشاوە هاتە مەیدان و ناسین بـەڵام ئامادە نـەبوو بچێتـە ریز هیچ یـەک لـەو دوو پارتـەی ئـەو سـەردەم کـە پارتی زۆرینـە (بەلشـەفیک ) سـەرکردەکەی لینین بوو پارتی کەمینە (مەنشەفیک) سەرکردەکەی مارتۆڤ بوو .



مارتۆڤ

ئەگـەر بـە مێژوی ئـەو دوو پارتـە دابچینـەوە دەبینـین ناکۆکیـەکانی ناوەخۆیـان هۆکـاری لـەت بونی ئەو دوو پارتە شۆڕشگێڕە چاکسازە سۆشیالیستە بون، هەر لەسەرەتاوە کاتێک لـەو سـەردەمە تەماویـە ئـەو دوو سـەرکردە یـاخی بـوە دەکەونـە نـاکۆکی لـەگـەڵ یـەک ، ئاسایی بوو خەڵک یا هەر چاودێرێک گومانـی ئەوە بکا کە نەفرەتی دوبـەرەکیی کۆچبـەرە رادیکالیستەکان بیانگرێتـەوە ، ترۆتسکی لـەو دۆخـە بێزار بـوو ئـەمـەبوە هۆکـاری ئـەوەی ترۆتسکی ئامادە نـەبێ بـەلای هـیچ یـەک لـەو دوو پارتـەدا بشکێتەوە تاوێک ئـەمی بـە راسـت دەزانـی تاوێـک ئـەو ، ئـەم راڕاییـە کـارێکی خـەراپی کردبـوە سـەر هەڵوێسـتی کۆچبەرەکان و هەڤاڵانی .

کـارێکی ئاسـان نـەبوو بـە بـڕواوە بڕیـار لەسـەر ئـەوە بـدەیت ئـاخۆ لـەم پارتـە دەبیتـە ئەندام یا ئەو ، دەبێ ئەو کەسەبیت کە بەشداری لە رێکخستنەکانی لینین دەکـەیت؟ یا ئەویتر کە لەبەر خاتری ئەم لە ژێر ئامۆژگاریی رێکخستنەکانی مارتۆڤ بیت؟ . گرنگـی

ئـەم پرسـە ئەوکاتـە بـەدی دەکـرێ کـە مـارتۆڤ دەچێتـە پـال لینـین ، ئەمـە دوای ئـەوەی هەست بە ترسناکی دۆخەکان دەکرێ .

لە پەرتوکەکەیدا بەناوی ( لەسەرمانە چی بکەین ) بە راشکاوی راکـانی خۆی دەردەبـرێ دەڵێ : (پارتی شۆڕشگێڕ لـە روسیا دەبـێ سیستـەمێکی مەرکـەزیی توند و وردی هـەبێ خـاوەنی قەوارەیـەکی چینایـەتی بـێ ئەندامـەکانی لـە کەسـانی شۆڕشـگێڕو بـەتوانا بـن هەموو کاتەکانیان دەبێ بۆ پارتەکـەیان تـەرخان کـەن قوربـانی و خۆبـەخت کاریـەکانیان دەبێ بێ سنور بن ) .. گوێ بگرن لێرەش چی دەڵێ :

(جەخت دەکەمەوە لەسەر :

1- هیچ بزوتنـەوەیەک ناتوانـێ بەردەوام بـێ ، ئەگـەر سـەرکردەکان لـەسـەری رێک نـەبن و نەی پارێزن.

2- تـا ژمـارەی ئەنـدامان زیـاد بکـا ئەوانـەی دێنـە ریـز ئـەو بزوتنـەوەیـە کـە بناغـەی بزوتنەوەکە پێکدەهێنن ، زەرورەتی ئەو رێکخراوە زیاتر دەبێ .

3- رێکخـراو دەبـێ بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە کەسـانی پیشـەوەر پێـک بێـت پیشـەیان شۆڕش بێ لەوانەی کاری شۆڕش دەکەن واتە شۆڕشگێڕ بن .

4- لـەولاتێک کـە سـتەم وزۆرداری هـەبێ ، تـا تونـد بـین لەسـەر دۆزینـەوەی کەسـانی پیشەوەر لە کاری شۆڕش ، ئەوەندە لە گورز خواردن دور دەبینەوە .

5- تـا گۆڕەپانـەکـە بـۆ ژن و پیـاو لـە چینـی کرێکـار و چینـەکانی تـر خـۆش بـێ ئەوەنـدە ژمارەی هاتنە ریز و چالاکیەکان لە زیاد بوندا دەبن .

گومـانی تیـا نیـە ئـەم جـۆرە بۆچونانـە بـۆ ئەوسـەردەمی روسـیای قەیسـەری کـە تیایـدا زەمینـەی دروست بـونی بزوتنـەوەی شۆڕشگێڕی لـەبار بـوو ، ئـەوەی دەخواسـت . حکومـەتی ئـەو سـەردەم رێگـەی بـە دروست بـونی پـارتی سیاسـی نـەدەدا چالاکیـە پەرلـەمانیـەکانی قەدەغە کردبون .

بـەم برگـە گوتارانـە بـاس لـە روسیای قـەیسـەر دەکـا و وتـار ئاراستـەی کۆنگـرە دەکـا ، لـە درێژەی وتەکانی دا دەڵێ ( کاتێک لە رۆژگارێکی وادا لـەسەرمان پێویست دەبێ بـە نهێنـی چالاکیەکی حزبی ئەنجام بدەین ، ناکرێ ئەوە جیا بکەینەوە ئـاخۆ تـەنها کـێ دەبـێ قسـە بکا وکێ دەبێ کارەکە بە ئەنجام بگەیەنێ ) لینین بڕوای وابو کە پارتی شۆڕشگێڕ دەبـێ خەسلەتی سوپای تیا بێ، دەبێ هەردەم ئامادەبێ بۆ جەنگ بـەم شێوەیە ئـەم پارتـە لـە پارتـە خاوەکـانی ئـەوروپا جیـا دەبێتـەوە ، وەکـو پـارتی سۆشـیال دیمـوکرات ، لـەو کاتـەی ئێمە توێژنەوە لەسـەر بەڵشـەڤی دەکـەین مـەزنترین کێشـە کـە روبـەڕومان دەبێتـەوە ئـەو بڕیاردانەیە لەسەر رێژەی سەنگی ئەو بیردۆزە حزبیەی کە پێویستە بە روسیای بـدەین و بۆ بانگخوازیەکەمان کە دەڵێین ئەم بیردۆزە لـەگـەڵ هـەموو کۆمـەڵگاکانـدا دەگـونجێ ، یـا دەبێ ئەو بڕیارە بدەین کە لینین مەبەستیەتی لەسەر سەنگی رێژەکە بدات.

ئەوەی لە کۆنگرەی دووەم رویدا ، کۆمەڵێک لە رۆشەنبیرانی پایە بەرز هەوڵیان دا لـەوە بگەن ئاخۆ ئەوان بڕوایان بە چی هێناوە ، بۆ وەدی هێنـانی زێدەرۆیی لە بۆچونـەکان لـەو میانە کەمێک لە رای نیان و زۆرێک لـە رای سـەربە گێچـەل و راڕا هـەبون بۆیـە دەبینـین راکانی لینین تۆقێنەر نـەبون وەکو دواتر رەخنـەگرەکان پێشبینیان بـۆ دەکرد. کـەوابێ چ نادیموکراسیەک لـە کارەکانـدا هەیـە ؟ کاتێـک بـە جەختکردنـەوە دەڵـێن : ( ئـەوەی لـە ئەندامانی حزب داوا دەکرێ، بەشداریکردنی کارایە ؟ چۆن رێگـە بـە خۆمـان بـدەین ئـەم

وتەیــە والێـک بدەینــەوە هــەروەکو مێژونوسـانیش دواتـر وایـان پێشـنیار کردبـوو ، دەکـرێ کاکلی مەبەستەکانی مەزهەبی بەلشەفی بدۆزینەوە ؟)
گریمان ئەگەر هەندێک لە نوێنەران وا بیر بکەنەوە کە ئەم وردە ناکۆکیەی نێوان لینین و مـارتۆف تــەنها پێشــەکیەک بـن بـۆ بــەگژ یەکـدا چونــەوەی پـارتی کۆمۆنیسـت و پـارتی سۆشیال دیموکرات ، دوای چەند سەدەیەک بۆ هەموو ئەوانەی ئەو مەترسیەیان هەبوو رون بـوەووە کـە مەترسیەکەیان لـە شوین خۆیدا بـوو جێـی بایـەخ بـوون . ئەکسلرۆدای تێگەیشتو پرسیارێکی ئاراستەی کـۆنگرە کـرد وتــی : ئایـا ئێـوە وای نـابینن کـە لینـین بــەڕێوەبردنی حزبــی خســتۆتە ژێــر دەســەڵات و ڕکێفــی کەمینەیــەک لــە پاســەوانانی لایەنگرانی خۆی؟) .
بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەی لینین دەڵێ : بەهۆی بارو دۆخی ئێستا دەبێ دەسەڵاتی حزب لە ژێر دەستی سەرکردەکانی دەرەوەی روسیادا بێ، بۆ ئەوەی بە ئازادی رەفتار بکەن بۆئەم شێوازەش ئەلتەرناتیف نیە ، کارکردن بە نهێنی لە ناوەوەی روسیا دەستەکانمان دەبەسترێنەوە .
لینین بـەردەوام دەبـێ و دەڵـێ ( نـابێ بیـرو راکـانی حـزب بگـۆردرێن کاتێک نـاتوانرێ بـە شـێوەیەکی دروستی کـار بکـەیت گومـانی تیانیـە لـە کـارە بنەرەتیـەکان سـەر ناکـەوی ، ئەوسـاش دەبـێ کـار لـەگـەڵ کرێکـار بکـەیت و لـە ئاستی وشیاریی سۆشیالیستیان بـەرز کەیتەوە ) ئەوەی بەتەواوەتی لینین پێشنیاری دەکرد کە دواتر مارکسیستەکان بـە چـەمکی (پـارتی پێشـرەو ) یـان ناونـا : کۆمـەڵێکی یـەکگرتوی رێکخـراو بـە شـێوەیەکی چـاک کـە ژیانیان بۆ حزب تەرخان کردبێ ، بـەم شێوەیە دەبینـین بەرپرسیارێتیەکەی بـە دەستەی رۆشنبیرانی خۆبەخش سپاردوە ئەوانەی هەڵگری بڕوا سەربازیەکانن بە شێوەیەک خۆیـان لــە کۆمــەڵ بپچـڕێنن وهــەموو چالاکیــەکانیان بـۆ حـزب وشـۆڕش تــەرخان کــەن بــەزمانی رێکخراوێکــی عەلمانییــەوە بــەرگری لــە بەرژەوەندیــەکانی چینــی کرێکــار بکــەن . هەرچۆنێکی بێت بیروراکانی لینین لە بیروراکانی مارتۆف زەلالتر بون هەر نەبێ راکـانی ئەم (لینین) زیاتر روالەتی و نزیکتر بون لـە بـارو دۆخـی روسیا . بـەڵام نـەی بینـی بـەڵکو نەیتوانی ببینـێ نـاوەڕۆکی پێشـنیارەکانی هـەروەها پێگـەی حزبەکەشی نـەبینی لـەسـەر ئاستی جیهانی وەکو شەپۆلی مێژو ، بۆیـە دەبـێ ئیرادەی هـەمو بەشداربوان بخرێتـە ژێـر دەسەڵاتی سەرکردەکانی حزب .
سـەرەڕای ئــەوەش لــەم کێشــەیە ترۆتسـکی لایــەنگری مـارتۆڤ ی کـرد . ترۆتسـکی لــە گفتوگۆکانیدا وتی:
( نمونەی لینینی بۆ حزبی پیلانگێڕ بە پێچەوانەی دۆزی مارکسی هەنگاو دەنێ چونکە رزگار کردنی چینی کرێکار دەبێ لە میانەی هەوڵـەکانی وشیاریەوە بـن ). لـە راپـۆرتێکی دواتری دا ترۆتسکی لەسەر کۆنگرە دەنوسێ هێرشێکی زۆر دەباتـە سـەر لینـین بەوهۆیـەوە ناوی نا ( مشتە کۆلی ئاسنین) لینینی بەوە تاوانبـار کـرد کـە هـەوڵی ئـەوەدەدا سـەنتەری حزب (میانڕەو) بگۆرێ بۆ ( لیژنەی فرە توانا بۆ ئاسایشی گشتی) دوای ساڵێک یا دوو ساڵ لۆکسەمبۆرگی شۆڕشگێڕی پۆلۆنی چوە ریز هێرشبـەرانی لینین و وتـی :
( هیچ شتێک نیە بتوانێ بزوتنەوەی کرێکاری بندەست بکا وەکو چینی رۆشـەنبیری تینـوی دەسەڵات و ودەمامک دراو بـە لـەچکی تـەسکی بیروکراسی، گومان لـەوە دانیە کە ئەم چینـە دەتوانێ بزوتنـەوەی کرێکـاری پـەکبخاو بیکـا بـە ئـامێرێکی ئۆتۆمـاتیکی بـەدەست بسورێ) (*ئاماژەی بەدەستی خۆی دا بۆ لیژنەی مەرکەزی*) . ئـەوەی شیاوی باسـە ترۆتسـکی چـاوی

بریبوە ئەو جیاوازیەی لەگەڵ (یاقوبیەکان) دا هەیە لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی کە وەکو پوختەی رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان بەناوی گەل دەدوان و لە گەلیش بە دوور بوون ، هەروەها رۆزا لۆکسەمبۆرگ هەمان بیر کردنەوەی هەبوو بەڵام بە شێوازێکی تر .



رۆزا لۆکسەمبۆرگ

هەر دوای تەواو بونی کۆنگرە ترۆتسکی نامیلکەیەکی بەناوی ( ئەرکە سیاسیە کانمان) دەرکرد کە نامیلکەیەکی رەخنەگرانە بو لە لینین . بەهۆی ئەوەوە رەخنەی لە لینین دەگرت کە پایەی رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی بە رادەیەک بەرز کردۆتەوە لە چینی کرێکار بەرزتر بونەتەوە ، لە مەترسیەکانی دروست بونی حکومەتێکی ستەمکاری ئەرسەدۆکس ئاگادار کردنەوە کە لە لوتکەی دەسەڵاتی حزبەوە رو بدات ، زۆر زیرەکانە هەستی بەو مەترسیانە دەکرد کە لەئەنجامی دروست بونی چینێکی خۆسەپێن بەسەر دەسەڵات پەیدا دەبێ، ئەو چینەی لەخۆیەوە خۆی کردوە بە دەم راست و خۆبەخشی گەل بێ ئەوەی کەس متمانەی پێبکا .

ترۆتسکی راکانی خۆی کە زۆر لە راکانی رۆزا لۆکسمبورگ نزیک بون لە نێو رێکخستن بڵاوی کردنەوە دەتوانین بلێین ئەو رایانەی لە یەک کات و ماوەدا بڵاو کرابونەوە ، دەیان وت :

دەبێ حزب لە نێو بنکەکانی خۆیدا لە ناو چینی زەحمەتکێش بە دوای متمانە دا بگەرێ نەک لە نێو کۆبونەوەکانی سەرکردەکانی لوتکەدا .

هەڵەیە ئەگەر چاوپۆشی لەم جۆرە مشتومڕانە بکەین بە پاساوی ئەوەی گوایە لە پاشماوەی مارکسیزمی ئەوروپیی ، هەر نەبێ لەبەر ئەوەی کێشەی لەم جۆرە تا ئێستا لە زۆربەی بزوتنەوە سیاسیەکاندا مشتومڕی لەسەرە ، تەنانەت ئەوانەی لە مێژوی رادیکالیی روسیاش بێتاقەتن ئەم وتەیەی ترۆتسکی بە نمونە دەهێننەوە چونکە لە زۆربەی دیراسەکانی شۆڕشی روسی و هەروەها لە دیالۆگەکانی دژی بەلشەڤیش دا دەبینرێ .

ترۆتسکی دەنوسێ دەڵێ :

(شێوازەکانی لینین دەمان گەیەنێتەئەوەی ( سەرەتای کارەکە رێکخراوی حزب شوێن هەموو حزب دەگرێتەوە ، دواتر لیژنەی مەرکەزی شوێن رێکخراوی حزب دەگرێتەوە لە کۆتایی دکتاتۆری تاکەکەس شوێن لیژنەی مەرکەزی و هەمووحزب دەگرێتەوەو ئەوسا دەست بەسەر هەموو دەسەڵاتدا دەگرێ ).

شتێکی بەلگە نەویستە کە تێبینیەکانی ترۆتسکی ئەوە دەگەیەنن کە حزبی بەلشەفیک لە بیستەکانی سەدەی بیستەم توشی شکست دێت ، بەڵام ئەمە لای مێژونوسان جێی گومانە کە ئەمە مەزندەو دیدی ترۆتسکی بێت . گومانی تیانیە بەلگەی تەواو لەبەردەست نین کە لە گەنجێتی ئەمە راو بۆچونی ترۆتسکی بن لەو تەمەنە گەنجێتیەی درکی هۆکارەکانی هەرەسی شۆڕشی بەلشەفی کردبێ ، لەبەر ئەوەی لەو کاتەی تەمەنی مەزن بووە ئاماژەی بەو درک پێ کردنانە نەکردوە . بەڵام ئەوەی راست بێ هەردەم بۆچونەکانی ترۆتسکی بەروی بەلشەفیک دا دەچونەوەو رەخنەی لی دەگرتن دیارە ئەم رەخنانەش لەهەموو سەردەمێک ئاشکرا ناکرێن لەبەر هۆی تایبەتی خۆی . بەڵام هەر هەوڵێک بۆ روونکردنەوەی گۆڕانی مێژویی وەکو سەرهەڵدانی ستالینیزم لەژێر کاریگەری مەزهەبی لینین ئەوە دەسەلمێنێ کە شیکردنەوەو رونکردنەوەیەکی روکەشیە .

دەکرێ بلێن هەڵمەتەکانی ترۆتسکی و لۆکسەمبورگ بۆسەر بۆچونەکانی لینین تایبەت بە کاری رێکخراوەیی ئێستا بە تەواوەتی رون بونەتەوە ، ( پێشرەوی حزبایەتی) خەریکە خۆی لەگەڵ ئەو چینە یەکسان بزانێ کە نوێنەرایەتیی دەکا ، وا پێویستیش دەکا کە لە روی بەرژەوقەندی وراو بۆچوندا یەکسان بن ، بۆیە ئەو پێشرەوە حزبیانە بانگخوازی هەموو پارتە رادیکالیستەکان رەت دەکەنەوە کە دەڵێن ئێمە نوێنەری چینی کرێکارین یا نوێنەری بەشێکیانین . لەگەڵ ئەمەشدا ئەم مەیلەی زەوت کردنی سیاسەت ، ئەوە نیە حزبی بەلشەفیی پێ هەراسان بێ ئەو حزبەی لە ماوەی ساڵانی رابردو لینین سەرکردەی چالاکی بوە. دەبێ ئەوە بلێین کە لینین ئەم جۆرە مشتومڕانەی لە ناو حزب رەت نەکردبووەوە ، ئەوەی راستی بێ تا ساڵانی ناوەڕاستی بیستەکان ئەوەی لە ناو بەلشەفیک دیارو باو بوو ، مشتومڕ و گفتو گۆی راشکاوانە بون . ئەوەبوو دواتر هەندێک دەستەو گروپ لە ناو حزب دروست بون بۆخۆیان رۆژنامەو بڵاوکراوەیان دەردەکرد جاری واهەبوو هەر بەئاشکراش ئەم کارەیان دەکرد ، ئەگەر ئەم حاڵەتە لەگەڵ حاڵەتی پارتە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا بەراورد پێبکەین دەبینین لە نێو ئەو پارتانە پیادەکردنی بیروکراتیەت شتێکی نامۆ نەبوو .

ئەوەشی بۆ زیاد کەین دەبینین جولەو چالاکیەکانی بەلشەفی لە سەردەمی لینین بنبەمایەکی تێری هەبوو نەک وەک ئەوەی سەردەمی ستالین وستالینیستەکانی هەمە جۆر لە پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپی و ئاسیایی بون ، بەڵام ئەمە وەڵام نیە بۆ ئەو رەخنانەی لە ئەنجامی بریندار بونی هەستی خەڵک لە لینینیزم دەگیران .

گومان لەوە دانیە مەیلی بۆلشەفی بەلای ئەوەدا دەشکایەوە کە حزب بە ئامرازێکی مێژویی بزانێ و هەرچی پارتە سۆشیالیستەکانی تر هەیە لە گۆرەپانەکە وەلانێ بە پارتە ناکۆک و رکابەرەکانیشەوە ئەمە هەموی لە پێناو سەقامگیری حزبی بۆلشەڤیدا، بە پاساوی ئەوەی هێلی حزب هێلێکی راست ودروستە و بۆ پەرە پێدانی پێویستیەکانی بنەمای حزب کە دۆخی روسیا گەرەکیەتی ، تا ببێتە حزبێکی گونجاو بۆ هەموو وڵاتێکی سەرمایەدار . ئەوەی باسی لیوەکرا بارو دۆخەکەی ئالۆزتر کرد گونجاو نیە بۆ دامەزراندنی سیستەمی حکومەت .

بەڵام کە بەلشەفیەکان توانای گفتوگۆ و مشتومڕیان هەیە ، بەلێ زۆربەئازادی لە نێوان خۆیاندا ئەم باسانەیان تاوتوێ دەکردن ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە توانای قەبول کردنی

بنـەما دیموکراسیـە کانیـان هەیـە ئـەو بناماڀانـەی کـە لـە بـەرژەوەنـدی ئـەوان ناکەنـەوەو رکابـەری ئـەوانن .

دواتر کاتێک ترۆتسکی قەبولی ئەرسەدۆکسیەتی لینینی کرد ئاساییە کـەمتر بایـەخ بـە راکانی سەردەمی گـەنجێتیی خۆی بدات ئەوانەی دژی لینین لە نـاو رێکخستنەکاندا دەری دەبرین ، هەندێک جار زۆر بوێرانە لە نێو ریزی هەڤاڵانیدا دانی بەهەڵەکانی خۆی دەنـا ، بـەڵام وەرگرتنـی راکـانی ترۆتسـکیی گـەنج وترۆتسـکیی پێگـەیشتوو کامیـان راسـتن ؟ گفتوگۆ کردن لەسەر راکانی پێش و پاشی ترۆتسکی هەندێک لە گرێ کوێرەکانمان بۆ ئاسان دەبنەوە ئەوانەی زەلال بونی ژیاننامەی لەبەر چاودەگرن .

کەواتە لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نیە ترۆتسکیی نەرم ونیان دژی ترۆتسکیی ووشک و رەق ی نیمچە مەنشەفیی دژی نیمچە بەلشەفی بێ ، وێڕای بونی پاساوی تەواو بۆ ئەم جۆرە هەڵوێستانەی . دیسان مەسەلەکان تەنها مەسەلەی ترۆتسکیی رۆژئاوا نیە کە ئازادیەکی پێ بەخشێنراوە دژی ترۆتسکیی روسیی بە ناچار نقوم بوو لە گۆمی سیاسەتی توندڕەوانـە کـە بـەهۆی دۆخـی وڵاتەکەیـەوە تێـی کـەوتوە . زۆر بـە ئاشکرا دەتـوانین ناسـەقامگیری و راڕایی لە هەڵوێستەکانی ترۆتسکی سەبارەت بە رێکخستنی حزب بەر لـە 1917 ببینـین ، دەکرێ ئەمە وەکو رەنگ دانەوەیـەکی نـاوەخۆیی لـە نـاو هـەمو رێکخستنەکانی مارکسیزم بەدی بکەین بەتایبەت بەلشەفیک کـە مایـەی ئومێدو ئاسۆیە بـۆ هێنانـەدی دەسـەڵاتێکی دیموکراسـی . لـە چەنـد بابـەتی تـری ژیـانی ترۆتسکی دەبینـین هەنـدێک جـار بـەم لادا دەشکیتەوە هەندێک جاریش بەولا بێ ئەوەی دەستبەرداری بیرو بۆچونـە بنچینەییـەکانی خـۆی بـێ . ئـەمـە یـەکێک بـوو لـەو هۆیانـەی زۆربـەی سـەرکردە بەلشـەفیەکان پشـتی پـێ نـەبـەستن .

ترۆتسکی تـوانیی وەکـو هـەموو سـەرکردە بەلشـەفیەکان لـە ساڵەکانی شـەڕی نـاوەخۆ، شۆڕش بکا بەڵام چۆن دەتوانن سەیری سەرکردەیەکی بەلشەفی بکـەن لـەو کـات و سـاتەدا مۆڵـەتی دوو هەفتـە وەرگـێ خـۆی بـە نوسینی ئـەدەبی ودوان لـەسـەر بـەرگریکردنی مـافی ئۆتۆنۆمیی هونەریی ناتـەواو خـەریک بکا؟.

لەگـەڵ ئـەوەی لـەروی رێکخستنەوە ترۆتسکی بـەلای مەنشـەفیەکاندا شکایەوە بـەڵام لـە سـەرەتای ساڵەکانی سـەدەی بیستەم خـۆی بـە کێشـەیەکی جەوهـەریی تـرەوە خـەریک کردبـوو ئـەویش پەیوەندیـەکانی نێـوان شۆڕشـی روسـی وسۆشیالیسـتەکان وپارتـە میانڕەوەکانی ئازاد بوو ، ئەمە وایکرد زیاتر لە لینین نزیک بکەوێتەوە ، هـەروەکو هـەموو مارکسیستە روسەکان لەسەری کۆک بون دەسپێک بۆ لـەناوبردنی رژێمی قەیسـەر بـوو لەگـەڵ دامەزرانـدی حکومـەتێکی دیموکراسـی کـە مـافی هـەمو کـەس دەستـەبەر بکـات . بـەزمانی مارکسیسـتەکان ئـەمـە تەواوکـەری شۆڕشـی میللیـی چینـی مـام نـاوەنجی دەگەیەنێ ، بەڵام مەنشەفیەکان رایان وابوو کە دەبێ چینی مام ناوەنجیی ئازاد جلـەوی دەسەڵات بگرێتەبەر و چینی گشتگیریش ئۆپۆزسیۆن بێ ، کـەچی ترۆتسکی دژی ئـەم رایـە وەستا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە پارتـە سۆشیالیستەکان دەبـێ خۆیـان لـە پـارتی چینـی مـام نـاوەنجی دوور خەنـەوە، بـۆ ئـەم مەسـەلەیە هـیچ سازشـیەک لەگـەڵ پارتـە مامناوەنجیەکان قـەبول ناکـەم ، هەرچەندە کارەکان هێشتا لای ترۆتسکی بـە تـەواوەتی روون نـە ببونـەوە بـەڵام ئـەم خالـەی کردە بنـەمایەک بۆ بیردۆزی شۆڕش کە دواتر ناوی نا ( بیردۆزی شۆڕشی هەمیشەیی ) .

ئەوەندەی نەبرد ئەم مشتومڕە ئەكادیمیە بڵاو بووەوە چونكە چارەنوسی ملیۆنەها كەسی دەگرتەوە ، هەر بۆ شانس بەشێوەیەكی كاتی مشتومڕەكان بێدەنگ بون بە تایبەت ئەوكاتەی دەنگە كپەكەی گەلی روسی دژی ستەمی قەیسەری راپەری و شۆڕشی كرد ، لە پیتەرس بۆرگ قەشەیەكی كەلیسای ئەرسدۆكس رابەرایەتی خۆپیشاندانێكی كرد كە ناوی باوك (گاپۆن ) بوو ئاپۆری جەماوەری خۆپیشاندەر داخوازی مافی دیموكراسیان دەكرد ، بەڵام دەسەڵاتی قەیسەر فەرمانی دا بە چەك وەڵامی راپەریوان بداتەوە ئەوكاتە ترۆتسكی لە جنێف بوو بە سۆزەوە بۆ ئەم راپەڕینەی دەنوسی دەیوت:

یەك رۆژ لە رۆژەكانی شۆڕش بەسە ، یەك رۆژیش لە بەگژداچونی گەل لەگەڵ قەیسەر بەسە بۆ ئەوەی بزانن بیرۆكەی دەستوری پادشایەتی خەیال و ئەفسانەیە و بۆگەنە. قەشە گاپۆن بە بیرێكی پادشایەتیی شۆڕشگێڕ دژی پادشا هەنگاوی دەنا ، بەڵام لە لایەن ئازادیخوازەكانی لایەنگرانی پادشاوە پشتگیریی لێ نەدەكرا بەڵكو لە لایەن چینی زەحمەتكێش ی شۆڕشگێڕ پشتیوانیی لێ دەكرا، ئەوەندەی نەبرد پەردە لەسەر راپەڕینەكەی هەڵدرایەوە تا ململانێ شۆڕشگێڕیە سنورداریەكەی لە یاخی بونێكی سنوردارەوە بو بە شەڕی كۆسپ و رێگریەكان ، شۆڕشگێڕەكان پڕ بەدەنگ هاواریان دەكرد ( بروخێ قەیسەر ، ) پادشای ڕاستەقینە هەرەسی بە بیرۆكەی پادشا هێنا . شۆڕش بەرپابوو سنورێك بۆ سەردەمی هەرزەكارە سیاسیەكان دانرا .

لە میانەی ساڵی 1905 روسیا لە حاڵەتی شۆڕشێكی بەتین دابوو ، مانگرتوەكان بازاڕو دەرگای كارگەكانیان داخستن دەریاوانی كەشتیی سەربازی (پۆتمكین ) یاخی بونی خۆی راگەیاند .

ترۆتسكی یەكەم دورخراوە بو كە گەڕایەوە پیترسبۆرگ نیوەی ژیانی سیاسی و نیوەی تری بە خۆشاردنەوە بردبوەسەر، تا ئەو كاتیش ترۆتسكی نەچوبوە ریز نە بۆلشەڤی و نە مەنشەڤیەكانەوە ، لەرێگەی نوسینەكانەوە لەسەر هەردوو لایەنی دەنوسی بۆیە هیچ لایەكیان زاتی ئەوەیان نەدەكرد كاری تێبكەن ئەو تەنها بەسەر شۆڕش و چەپڕەوكانیدا هەڵدەگوت ، لە تشرینی یەكەم لە پایتەختی ئەنجومەنی (سۆڤیەت) نوێنەری كرێكاران كۆبووەوە ئەم ئەنجومەنە وەكو نیمچە پەرلەمانێكی بێ بایەخ وابو نوێنەری سەندیكا و پارتە چەپڕەوكان و رێكخراوە میلیەكان بوو ، هەر زوو ترۆتسكی بوو بە سەرۆكی ئەم پەرلەمانە . ترۆتسكی دەستی بەم كەمە ئیمكاناتەوە گرت بۆ ئەوەی وەكو ئامرازێك لە كارە سیاسیەكانیدا بخاتە گەر ، بۆلشەڤیەكان لەم ئەنجومەنە كەوتنە گومان و ترسیان لێی پەیدا بوو كە جلەوی مەسەلەكانیان لەدەست دەر بهێنێ بۆیە كەوتنە داژایەتیی ، كارەكان بەم شێوەیە رۆیشتن تا لە تشرینی دووەم لینین گەیشە ئەوێ .

دەبێ دان بەوە دا بنێین كە ئازایەتی ترۆتسكی لە بەیەك گەیاندنی ئامانجە سیاسیەكان لەوە دابو خاوەنی توانایەكی تەكتیكیی بەهێز بو وێڕای ئەو توانایانەی خوا پێی بەخشی بوو لە گوتار خوێندنەوە، ئەمانە هەموویان بونە هۆكار وهاوكاریكەری گەیشتنی ترۆتسكی بە پایەو پلەی یەكەمی سەركرادیەتی بەر لەوەی تەمەنی بە 26 ساڵان بگا، بەم هۆیەوە ترۆتسكی توانیی لە شانۆی سیاسی وەژور كەوێ بێ ئەوەی هیچ هیزێك بتوانێ رێگەی لێ بگرێ یا بیهەژێنێ .

ئەمەش بڕگەیەكە لەو گوتارەی لە ئەنجومەن دابوی كە تیایدا لەگەڵ یەكێك لە ئازادیخوازەكان دەكەوێتە مشتومڕانێ بۆ ئەوەی بیهێنێتە سەر رێگای راست . وتی :

ئەو روداوەی شۆڕشی فەرەنسیم بە بیری هێنایەوە کە کۆنگرە دەنگی لەسەر دابوو ئەویش ئەوە بوو کە ( گەلی فەرەنسی دەنگی بۆ ئەوە دا کە لەسەر خاکی خۆی دانوستان لەگەڵ دوژمن ناکات ) ئەوکات یەکێک لە ئامادەبوانی کۆنگرە هاواری کرد:

( ئایا گرێبەستتان لەگەڵ سەرکەوتن مۆر کردوە؟ ) وەڵامی دایەوە:

( نەخێر بەڵام گرێبەستمان لەگەڵ مردن مۆر کردوە ) هەڤالان کاتێک بەرگواییەکان هاوار دەکەن وەکو ئەوەی شانازی بە خیانەتکاریەکەیانەوە بکەن دەڵێن ( ئێوە بە تەنیان، ئایا بە مەزندەی ئێوە دەتوانن درێژە بە جەنگ بدەن بەبێ یارمەتیەکانمان ؟ ئایا گرێبەستتان لەگەڵ سەرکەوتن مۆرکردوە ؟ ) ئێمەش ئەوکاتە بێ دودڵی وەڵام ڕێژیان دەکەین دەڵێین:

( نەخێر) بەڵام گرێبەستمان لەگەڵ مردن مۆرکردوە .

لەماوەی پەنجارۆژی دانیشتنەکانی ئەو ئەنجومەنە روبەڕوی کێشەیەکی سەرسوڕهێنەر بو کە هەردەم توشی داموو دەزگای شۆڕش دەبوەوە ، ئەویش :

هێزی تەواوی هەبوو روبەڕوی حکومەت ببێتەوە بەڵام بۆ روخانی حکومەت هێزی تەواوی نەبوو ، دواتر قەیسەر جلەوی کارەکانی گرتەدەست چونکە ئەوکات وەکو ساڵی 1917 بەو ئاستە لاواز و بێ دەسەڵات نەببو هەروەها شۆڕشیش بە قەدەر ئەوسا پێنەگەیشتبو وەکو ئێستاش بێ زاناو بسپۆری بوو. لە ئەنجامی کارە توندو تیژیەکان هەزاران کەس گیران و کوژران ، دوبارە کۆنەپەرستەکان دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتەوە . ترۆتسکی و هاوڕێیانی لە سەرکردەکان درانە دادگا ، کاتێک دادگاییەکان لەو پەری گەرم و گوریدابون ترۆتسکی بلیمەتانە لەبەردەم دادگا دەوەستا و گوتاری دەخوێندەوە ، ئەم دەیزانی لە دەرگایەکی بەرینەوە چۆتە ناو مێژوو بۆیە دەبێ لە ئاست بەرپرسیارێتی دابێ ، لەو دادگاییە بەسەربلندی و زۆر راشکاوانە ئەم وتارەی خوێندەوە ئەمەش دەقەکەیەتی :

( ئەی دادوەرە بەرێزەکان : شۆڕشی جەماوەری دروست ناکرێ ، خۆی خۆی دروست دەکات ، ئەمەش ئەنجامێکی حەتمیی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە نەک ئەنجامی نەخشەیەکە لەسەر کاغەز کێشرابێ ، شۆڕشی گشتگیری پێشوەخت رێک ناخرێ بەڵام درکی پێ دەکرێ ، خەبات لە نێوان ئێمەو قەیسەر هەردەبێ ببێ ، هۆکارەکانیش بۆ ئێمەو بۆ قەیسەر دەگەرێنەوە .

دادوەرە بەرێزەکان :

هەرچەندی چەک گرنگی هەبێ ، قەیسەریەکان ئەو هێزەیان نیە ، تواناکانی جەماوەر لەوەدانیە بەرانبەر لە ناوبەرێ ، بەڵکو لەوەدایە خۆی لە پێناو بەخت کا ، ئەوەیە کە شۆڕشی جەماوەر لە ساتە دواییەکانیدا بڕوای بە سەرکەوتن دەبێ ).

دادگا بڕیاری دورخستنەوەی هەتالەژیان ماوە بۆ سیبیریا بەسەردا سەپاند، ئەوەی شیاوی باسە قەیسەریەکان سەرەڕای ستەم و زۆرداریان لەگەڵ ئەوەش لە حوکمدانەکانیان ئەوەندە جدی و توندکار نەبون بۆ فەرمانەکانیان ئەوەتا ترۆتسکی تا گەیشتە ئەوێ (بازنەی لوتکەی باکور ) بە هاوکاری جوتیارێکی مەستی ڤۆدگا چەندجارێک لە هەوڵی راکردندا سەرکەوت ، ئەم جوتیارە توانیی ئەو ماوە دورو درێژەی پڕ لە بەستەلەک و زریانە ببرێ لە ماوەی یەک هەفتە ناوچە بەفراویەکان بەوپەڕی خۆراگرییەوە بگرێتەبەر تا ترۆتسکی بگەیەنێتە کەنارەکانی ئاشتی لە ئەوروپا .

بێگومان ئەم دەربازبونە لە شاكارەكانی ترۆتسكی دێتە ئەژمار ، لە حوكمە دورخراوەییەكەی هەتامردن تەنها چەند مانگێكی لێ بردە سەر . ئەگەر بۆ دواوە بگەڕێینەوە دەبینین ئەم سەركەوتنە تایبەتیە بۆ ئەوبوە مایەی، رەشبینی ، ئەوەتا ئێستا گەیشتە شوێنێ ئەمان و مەبەست دەستی بە كارە مەزنەكانی خۆی كرد ، لەوانە ئەو پەرتوكەی ناوی نا بوو ( 1905 ) كە دیراسەیەكی مێژویی بوو لەو دیراسەیە ترۆتسكی بە هێزەوە باس لە بۆچونەكانی خۆی سەبارەت بە (مێژوی شۆڕشی روسی ) دەكات .

لەگەڵ ئەوەی ئەم كتابە (1905 ) هەموو وردەكاریەكانی ئەو سەردەم لەخۆ ناگرێ بەڵام بە پەرتوكێكی تاك و سامان و كەلەپور دادەنرێ هەر نەبێ لەبەر ئەوەی دانەری ئەم شاكارە تەمەنی نە گەیشتۆتە 30 ساڵان ، یەكێكی تر لە كەم و كوریەكانی ، روداوەكانی زنجیربەند نەكردون یەك لەدوای یەك نایەن ، كاتێك باس لە گشتگیری مێژویی و تیوری دەكات كە چاوی تێی بریوە ، ناتوانین بەراورد بە بیروراكانی كەسایەتییەوە بكەین ... لەگەڵ ئەوەش دەتوانین ئەم پەرتوكە وەكو سەرچاوەیەكی مێژویی بێلایەن سەیر بكەین ، دەبینین كە نەكەوتۆتە ژێر كاریگەری هیچ لە بڕواكانی ئەوسەردەم ، هەروەها یارمەتی كەس نادات بۆ ئەوەی ئاسۆی پێشكەوتنی مێژوو دەست نیشا بكات ، روداو و شیكردنەوەكان لەگەڵ یەكتر گونجاو نین ، بە راشكاوی دەڵێین ئەو وشكیە لە جێبەجێ كردنی كارەكان لە پەرتوكی(1905 ) خەراپیە لە راستگۆیی وخۆشەویستی .

لەگەڵ ئەوەی ترۆتسكی لە 1905 بێ حەوسەلە بوو بەڵام ئەوەی مەبەستی بوایە لەبەر دەستی دابوو ئارام وخۆڕاگر نەبوو بەڵام ئەوەی مەبەستی بوو لەبەردەستی دا بوو ، هەروەكو خۆی باسی لێوە دەكا ئەو لەسەردەمێكی گێرەشێوێن و پڕ لە روداو و ئاژاوە ژیاوە .

دوای ئەوەی روداوەكان چڕو پڕ دەبن وسەردەمانێكیش نامێنن ، دەبینین كەلێنی مەزن لە روداو و بیركردنەوەكاندا بەدی دەكرێن ، چاوەڕوانی تەواوكاریی ماركسیزمانەیان لێوە ناكرێ ، ناوە ناوە ئەم دیاردەیە بەدی دەكرێ ، كەمی شارەزایی وراڕایی و بەكورتیەكەی بلێین ترۆتسكی لە پەرتوكەكەیدا باس لە چارەسەری كێشەكانی نێوان بەلشەفیك و ئاپۆڕی جەماوەری بێزار ناكا . لە پەرتوكەكەی 1905 ی ترۆتسكی بۆلشەفیك ڕۆلی سەرەكی دەبینێ ، هەوڵی ئەوەش نادا رۆلێكی باشی پێبدا یا یارمەتیەكی بدات كە شایەنی بێ ، لەجیات ئەوەی پەرتوكەكە نەخشەو بەرنامەی شۆڕشمان بۆ دیار بكا لە بەشی كۆتایی پەرتوكەكە دەبینین روبەڕوبونەوە لە نێوان كەسەكان هەیە ، لە نێوان دەسەڵاتی كەمینەیەكی هیچ و جەماوەردا كە كتوپڕ روەو وشیاری سیاسی هەلكشان ، بۆ یەكەم جار بوو خۆشیان بە پیادە كردنی ئازادیی رادەربڕین دەكرد .

هیچ دەستێك نیە ( نەدەستی ئامۆژگاری) یی هەمیشەیی ونەدەستی ( لەرزۆك) ی حزبی پێشرەو ، تەنها ئەو ئەنجومەنە ی یاسا دانانە هەیە كە ئەنجومەنی سۆڤیەت هەموتان روی تێدەكەن بۆ یەكگرتن وشەرعیەت .

نوسینەكانی ترۆتسكی لە پەرتوكی 1905 رون و زەلالن دورن لە زمانە بیانیەكەی ماركسی ، نزیكە لە شێوازی گلەییەكانی لینین ، سەر بۆ هەندێك بابەت دادەنوێنێ وبەدوای زمانی گونجاودا دەگەرێ بۆ درێژەدان بە راستیەكانەوە ، ناوە ناوە تر ۆتسكی ئەو گلەیی و رەخنانەی روبەڕوی حوكمی كەمینە دەكرد ، ترۆتسكی لە پەرتوكەكەی 1905 دا پێویستیی بەمە نەبوو چونكە دوای ئەو مێژوەش كەمینە هێشتا هەر خۆی

بەسەر دەسەڵاتدا سەپاندبوو ، بەڵام لە دوای 1917 تەنها ئاسەواری بێ هودەیان مابوو ، نوسینەکانی شێوازی هەست و سۆزی ناسک وگەڕان بەدوای ساتە دراماتیکیەکانی پێوە دیار بوو ( هەروەکو لەو سەردانەی کەبۆ ماڵی ناوداریکی کردوە لەوێش وتەیەک بۆ کۆمەڵێک ئەفسەری ئۆروستوکرات دەخوێنێتەوە ، دیارە چۆن پێیداهەڵدەداو وێنەیەکی بە نەخش و نیگارمان بۆ دەکێشێ)

لەروی سیاسیەوە هێزی ئەم پەرتوکە (1905) لەوە بەدی دەکرێ کە زۆر جەختی لەسەر ناساندنی خەسلەتەکانی قەیسەر کردوەو بەڕونی ناساندویەتی ئەو قەیسەرەی بەچینی هەلبژێردراوی دەسەڵات خۆیدایە ناسین ، ئەمەی وەکو ناساندنێکی رەها باس لێوەکردوە نەک وەکو دیدی تایبەت بە شۆڕشی هەمیشەیی کە بیردۆزەکەی لای خەڵک بو بە باو ، هەر لە پەرتوکەکەی ئاماژەی داوە کە ئەم کارانە بە دروستی لە پەرتوکەکە نەهاتون ، دەبا گوێی لێ بگرین چی دەڵێ :

(ئەوکاتەی چینی مامناوەنجی بورجوازی پشتی بە هێزی گەل بەست ، بە لوتکەی هێز گەیشت و لە توانایدا بوو بەربەرەکانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی بکا ، ئەوکاتەش بەهۆی ئەو ململانێ و ناکۆکیانەی نێوان چینی دەرەبەگ وخاوەن ئیمتیازەکان لە ناوخۆیاندا هاوسەنگیەک لە روبەرو بونەوەو رکابەری پەیدا بوو بەم هۆیەشەوە لانی زۆی سەربەخۆیی رێکخراوە حکومیەکان دیاری کرا .

لویسی چواردەهەم توانیی بلێ ( من دەوڵەتم) دەرەبەگایەتیی رەهای دەوڵەتی بروسی لە چاوی هێگل بەس بوو تا شێوەی ئەم جۆرە دەوڵەتانە بێنێتە بەر چاو ، بۆ دروست کردنی سیستەمێکی دەوڵەتی مەرکەزی ، قەیسەر ناچاردەبێ شەر لەگەڵ هەژاری و برسێتیدا بکا، وڵات لە بارو دۆخێکی ئابوریی سەربەخۆدا دەژیا لەوەدا نەبوو داخوازیەکانی چینی خاوەن ئیمتیاز لەناو بەرێ ، کێشەکە لە یەکسانی چینی ئابوری بەدەستدا نەبوو وەکو ئەوەی لە رۆژئاوا دەبینرێ کە لاوازی دەسەلاتی هەرێمیی بیروکراتیەتە و بەهۆیەوە بۆتە رێکخراوێکی نیمچە سەربەخۆ ، لەم بوارە قەیسەریەکان شێوەیەکن لە نێوان شێوە حوکمی رەهای ئەوروپی و حوکمی ستەمی ئاسیایی دەچن زیاتریش دەتوانین بلێین لە حوکمی ستەمی ئاسیایی دەچێ.

ئەگەر بە ئەنقەست بێ یا بە نائەنقەست بیروراکانی مارکس کاریان لە ترۆتسکی کردو کەوتە ژێر کاریگەریان ، ئەوەنیە نوسیبوی فەرەنسا لەسەردەمی لویس ناپۆلیۆن تاراەدەیەک پشتی بە ژیانێکی سەربەخۆ بەست ( ئەمەش تەنها جەستەیەکی مشەخۆرە لە ناو کۆمەڵگای فەرەنسی راو دەکا وەکو ئەوەی لە کونێکی تۆڕەکەوە بێ دواتر هەموو کونەکان بگرێ ) . بەڵام ئەو رایەی کە دەڵێ دەوڵەت نەک تەنها دەتوانێ بریکاری گەل بێ بەڵکو دەتوانێ لەجیات دەسەڵاتدارانیش کاربکا و ببێتە جەستەیەکی جیا لە میلەت و فشاریش بخاتە سەری ، ئەم رایە بۆ بیرکردنەوەی سیاسیی سەدەی بیستەم بایەخێکی زۆری هەبوو تەنانەت مارکسیستە کلاسیکیەکانیش قسەیان لەسەر کردو گرنگیان پێی دا .

ترۆتسکی ئەم بیرۆکانەی لە کتابەکەی ( 1905 ) گفتوگۆ لەسەر کردوە چونکە هەوڵی ئەوەی داوە خەسلەتەکانی دەسەڵاتی تاکرەوانەی قەیسەریی (ئۆتۆکرات) شی بکاتەوە ، بەڵام دواتر بایەخێکی ئەوتۆ بەم مەسەلەیە نادات چونکە دیدەکان بەدروستی لە دەسەڵاتی رەهای روسیدا روون نین ، بەدیدی ئەم تەنها دیاردەیەکی پەردەپۆشیە و جۆرێکە لە جۆرەکانی دەسەڵاتی چینایەتی و نیشانەیەکی هەمیشەیی دواکەوتنە .

ناخۆشترین رۆژەکانی سەردەمی شۆڕشی روسی ئەوکات بو کە دەسەڵاتدارانی قەیسەر بەوپەڕی بێبەزەییانە کەوتبونە گیانی هاولاتیان و پێپەست کردنی مافەکانی گەل ، هەر لەروسیا ئەوەندەی نەمابو بزوتنەوەی سۆشیالستی بەهۆی یەکەم فشارە کانی پۆلیس لەلایەک و بەد رەوشتی ناوەخۆیش لە لایەکی تر هەرەس بێنێ ، تەنها لەدەرەوە هەندێک کەسانی سۆشیالیستی تورەە لێرەو لەوێ مابونەوە .

ترۆتسکی لە پێناو یەکگرتنی مەنشەڤی و بۆلشەڤیەکان درێغیی لە هاندان وپشتگیریکردن نەکرد ، لەوانەیە تا ئەوکات ترۆتسکی قەوارەی ناکۆکیەکانی نێوانیانی نەزانیبێ یا ئەوەتا مەترسیی لە تێگەیشتنی راستیەکان هەبوە.

ترۆتسکی هەندێک جار بە حەزی خۆی دەجولایەوەو زۆربەی جارەکانیش یا بە فەرمانی پۆلیس دەجولایەوە لێرەو لەوێ ژیانی بەسەر دەبرد زۆر بە قورسی دەژیا ئەم لەسەر داهاتی نوسین و کاری رۆژنامەگەری دەژیا . تا ئەوکاتەی لە ساڵەکانی جەنگ خۆی لە نیۆیۆرک بینیەوە لەوێش کاری لەگەڵ رۆژنامەیەکی رادیکالیستی روسی کرد لەو کارەی بەردەوام بوو تا هەواڵی شۆڕشی 1917 ی پێ گەیشت ئەوسا ئیتر گەڕایەوە وڵات .

شیاوی باسە بۆچونەکانی ترۆتسکی لە نێوان هەردوو شۆڕشەکەی روسی دەسکەوتی رۆشەنبیریی هەبون گەشەی بەو بۆچونانەی خۆی دەدا ئەوانەی بەدوای شۆڕشی هەمیشەیی دا دەگەڕان، لەگەڵ بەردەوام بونی لە بەرپەرچدانەوەی رەخنەگرانی ئەم بۆچونانە لەناو بزوتنەوەکە ئەوانیش کۆمەڵێکی خەمخۆری ستراتیجیەتی مارکسیست بون لە وڵاتە دواکەوتوەکان .

1_ روسیا وڵاتێکی قەیسەریی دواکەوتوە یەکەم ئەرک ئەوەیە شۆڕشێکی دیموکراسی بۆ گەل هەلگیرسێ ، شۆڕشێک بێ روبەڕوی هەمان کێشەی شۆڕشەکانی پێشوی ببێتەوە ، مەبەستم ئەم کێشانەیە : روخاندنی دەسەڵاتی رەهاو نەهێشتنی پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی لە گوند، مافی چارەی خۆنوسین بۆ کەمە نەتەوایەتیەکان و بانگخوازی بۆ هەلبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەری کۆماری و جاردانی مافی دیموکراسی و .. هەتا..دوایی .

پاساوی دروست کردنی حکومەتێکی رەهای بەهێز ئەوەیە کە لە دێر زەمانەوە روسیا وڵاتێکی دواکەوتوو خاوەن خاکێکی پان و بەرینە پێویستیی بە حکومەتێک هەیە کە بتوانێ ئەم دۆخ و روبەرە پانە لە دەستدرێژکاران بپارێزێ . ( بڕوای وابوو سەرمایەداری وەکو کوڕی دەوڵەت سەری هەڵداوە ) واتە بنکە پەرشو بڵاوەکانی گەشەکردنی سەرمایەداری لە روسیای قەیسەری لەجیات ئەوەی دژایەتی لە ستەم و زۆرداری حکومەت بکات ، بەهەموو سۆزێکەوە پشتی بە حکومەتی رەهای بیروکراسی قەیسەری بەستوە .

2_ بەهەر حاڵ ئەرکی شۆڕشی ملیلی دەبێ لەروسیا بە ئەنجام بگا دوای ئەوەی گەل وەکو چینێ شۆڕشگێڕ ئەو خوێن گەرمیە لەدەست دەدا کە لە سەردەمی گەنجێتیی دا هەیبو . هۆی ترس و دودڵی گەلی روسی لە چینی بۆرژوازی بۆ دواکەوتویی کۆمەڵگای روسی دەگەرێتەوە ، دواتر هۆکاری تری کۆمەلایەتی وئابوریی تر هەن کە دەبنە هاندەری ئەوەی گەلی روسی بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی رەهای قەیسەری بکەن لە هەمان کاتیشدا لە ژێر کاریگەری بەرژەوەندیەکانیان دەست بەرداری پەیوەندیەکانی نەبن ، لەگەڵ ئەم هەموو ترسەش چینی دەسەڵاتدار بە ترسێکی زۆرەوە حوکمڕانیی لە هەردوو چینی

کرێکارو جوتیار کرد ، ترۆتسکی بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم مەسەلەیە راهاتبوو. هەردەم وتەیەکی بەنرخی ( پیتەر ستروڤ ) ی نوسەرو کۆنە مارکسیست بە نمونە دەهێنایەوە :

(تا بەرەو رۆژهەلاتی ئەوروپا بچین ئەوەندە پتر کۆیلایەتی و ترس لە رەفتاری سیاسی بەدی دەکەین ) ئەمەیە هۆکاری ئەوەی گەلی روسیا لە توانایدا نیە شۆڕشێکی تایبەت بەخۆی هەلگیرسێنێ . کەوایە لە وڵاتێکی دواکەوتوی وەکو روسیا تەنها بە گشت نەبێ ناکرێ شۆڕش هەلگیرسێ ، بە شێوەیەکی تر بڵێم لەوانەیە بە پێچەوانە بوترێ ، شۆڕشی گەل دەبێ دژی گەل هەلگیرسێ .

3_ بەم پێوەرە ئەرکی هەڵگیرساندنی شۆڕشی میللی لەسەر چینی کرێکارو جوتیارانە جێبەجێی بکەن ، ئەم چینانە هەرچەندە لەڕوی کۆمەڵایەتی و مێژوییەوە یەکسان نین ، جوتیارەکان بە هۆی پەرش و بڵاویان لەڕوی جوگرافیەوەو نالەباریان لە دێرزەمانەوە لە ئەنجامی مولکدارێتیی ئەرێنی و کۆیلایەتیان کە لە باب وباپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە دواتر هەژاری و نەداریان وانیشاندەدرێن کە لە توانایاندا نیە جلەوی دەسەڵات بگرنەدەست چونکە وەکو هاوپەیمانێکی سەرەکیی نایەنە بەرچاو بەڵکو وەکوهاوپەیمانێکی سانەویی وشکی چینی سەوز دێنە بەرچاو .

4_ ئەگەر جوتیارەکان کۆیلەی زەوی وزار نەبن کە قەیسەریەکان خاوەنیانن ئەوا تاقە هاوپەیمانی جوتیاران لە شار تەنها کرێکارەکانن.

لەئەنجامدا ترۆتسکی گەیشتە ئەوبڕوایە کە شۆڕشی دیموکراسیی گەلی(میللی) لە وڵاتێکی دواکەوتو تەنها بە سەرکردایەتی چینی زەحمەتکێش نەبێ ئەنجام نادرێ چونکە ژمارەیان کەمە ، ئەویش بە رێبەرایەتی پارتی شۆڕشگێڕ دەبێ ، واتە کرێکارەکان دوای ئەوەی هێز وەدەست دێنن لەبەردەم کێشەکانی شۆڕشی گەلی ناوەستن ، هەوڵەکان چارەسەری ئەم کێشانە دەکەن ناچار دەبن هەنگاوەکان روەو بەزاندنی سنوری مولکدارێتی گەلی هەنگاو دەنێن ، هەروەکو ترۆتسکی دەنوسێ :

( بۆ گەیشتن بە شۆڕشی هەمیشەیی دەبێ شۆڕشی دیموکراسی ببوژێتەوە تا دەبێتە شۆڕشی سۆشیالستی ئەوسا بە شۆڕشی هەمیشەیی دەگەیت ) .

5_ شۆڕشی سۆشیالیستی کە لە وڵاتێکی دواکەوتو هەلدەگیرسێ لە ناوسنوری نەتەوایەتی تەواو نابێ و پێناگا چونکە بنکەی ئابوریی مسۆگەر نیە چینی زەحمەتکێش یش بەهێز و هۆشیار نیە . کەوایە هێز جلەوی کارەکان دەگرێتە دەست ، کاتێک شۆڕش لە وڵاتە ئەوروپیەکانی پێشکەوتوو بەرپا دەبێ ئەوکاتە کارەکان روەو سۆشیالیزم هەنگاو دەنێن.

شتێکی بەڵگە نەویستە لەو حاڵەتە و بە حوکمی دواکەوتویی روسیا دەسەڵات دەکەوێتە دەست چینی زەحمەتکێش لە روسیا، دورنیە بەرلەوەی ئەو چینە لەروی وشیاریەوە پێبگا، ئەمە روبدات ئەوسا وڵات بەهۆی بوژانەوەی ئابوری باوەش بۆ سۆشیالیزم دەکاتەوە. بەڵام ئەمە ئەوکاتە دێتە دی کە چینی زەحمەتکێش کارەکان دەگرێتە دەست ئەمەش دواکەوتنە لە دەستگرتن بە دەسەڵات ، ئەم دواکەوتنەش دەبێتە هۆی تێک چونی بارو دۆخەکان ئەگەر لەدەرەوە یارمەتی و هاوکاریەکان نەگەن، یا وەکو ترۆتسکی رونی دەکاتەوە: لە وڵاتێک کە هێزی چینی زەحمەتکێشی لێ باوە وەکو ئەنجامی شۆڕشی دیموکراسی ، چارەنوسی دکتاتۆریەت و سۆشیالیزم لەسەر هێزی بەرهەم هێنەری نیشتمانی وەستاوە دواجاریش لەسەر شۆڕشی سۆشیالیزمی جیهانی .

به باشی دەزانم کار بەو بیردۆزە بکرێ کە کۆنە مارکسیستێکی روسی بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم خستبویە روو ، بەدیدی من لە هەموکەس باشتر مافی شۆڕش شی دەکاتەوە . ئەگەر ئێمە زیرەکانە ئەو بەربەستانە ببڕین کە لە ڕێبازی مارکسیزم داهەن ئەمە باشترین ریبازە تا ئەمرۆ بە وردبونەوە لەسەر ناکۆکیەکانی نێوان وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان و وڵاتە پێشکەوتوەکان لە سەدەی بیستەم تێبگەین .

بەدیدی ترۆتسکی کێشە سەرەکیەکە پەیوەندیەکانی نێوان دواکەوتن و پێشکەوتنی پیشەسازیە ئەو کێشەیە لەوسەردەم هەموو سیاسەتمەدارانی هەراسان کردبوو بەبۆچونی ترۆتسکی دەبێ ئەم جەربەزەییە چینی زەحمەتکێش بە تایبەت لە وڵاتە داگیرکراوەکان بە چارەسەرکردنی هەلسێ .

سەبارەت بە بیردۆزی بۆلشەڤیەکان کە دەڵێن دانیشتوانی شارەکان دەبێ رابەرایەتی شۆڕشی میللی بکەن ، ترۆتسکی بۆ ئەم بۆچونە دەڵێ: ( ئەمە بیرێکی بێ بنەماو بێ کەلکە ) ، ماراتۆڤیش هەمان شت دەڵێ ، مەزنترین ناوداری خاوەن بیردۆزەکانی مەنشەڤیک دەڵێ: ( مافی ئەوەمان هەیە بۆچونی ئەوە بکەین کە دیدە سیاسیەکانمان پاداشتی دیموکراسیەتی شارستانی دەداتەوە بە هەمان رێچکەی دیموکراسەیەتی شارستانی رۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەی رابردو دا دەروا ئەمەش بە ئامازەی رۆمانتیکی شۆڕش دێت ).

وا بۆمان دەردەکەوێ ماراتۆڤ بە رونی سنورەکانی رۆمانتیکیی شۆڕشی بەدی نەکردبوو کە دەبوایە بە پاداشت کاربکات پاداشتێک لەلایەن ( بۆچونە سیاسیەکانەوە بێت ) .

بەڵام لینین لەگەڵ ترۆتسکی کۆک بوو لەسەر ئەوەی دانیشتوانی شارەکان لەتوانایاندا نیە رێبەرایەتی شۆڕش بکەن بەڵام لە هەمان کاتدا دەڵێ: زەحمەتکیشەکانیش لەمان لاواز ترو بێ تواناترن هی ئەوە نین ئەم رۆلەیان پێ بسپێردرێت کە ترۆتسکی بۆی دیار کردون، بۆیە بە دیدی ئەم شۆڕش دەبێ بە هاوپەیمانی هەردوو چینی جوتیارو زەحمەتکێش بەرێوە ببردرێت ، ئەی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو چینی جوتیار و زەحمەتکێش چۆنی دەبینی ؟ لینین ئامادە نەبوو ئەمە رون بکاتەوە .

واپێدەچێ بیرۆکەی حکومەتێکی شۆڕش دەبێ شوێن حکەمەتی قەیسەر بگرێتەوە ،پیاوی ئاسایی وڵات رێبازی سۆشیالیزم دەگرێتە بەر ، ئەمەش وا پێدەچێ لەلایەن لینینەوە مایەی رەزامەندی نەبێ بەهۆی چەند هۆکارێکی درک پێکراوەوە ( چونکە ئەم دیکتاتۆریەتە شۆڕشگێڕیە دورنیە بە هەمیشەیی بمێنێتەوە ، ئەوەتا جەخت لەسەر چەوساندنەوەی زۆرینەی گەل دەکات ، بەڵام چینی زەحمەتکێشی روسی ئێستا کەمینە پێک دەهێنێ ) دواتر واتە دوای شۆڕشی روسی لینین دانی بە بۆچونەکانی ترۆتسکی نا چونکە لە کۆتایی کارەکان بەرەو ئەو ئاقارە رۆیشتن کە ترۆتسکی مەزندەی دەکردو بڕوای پێبو ، زیادەرۆیی ناکەین ئەگەر بلێین ترۆتسکی کە درکی بە داهاتوو دەکرد ئەو تاقە مارکسیستی ڕاستەقینە بوو کە توانیی وێنەی داهاتوی روسیا لە میانەی روداوەکانەوە بکێشێ.

هەر ئەوەندە نا ، زیرەکی ترۆتسکی لە نیشاندانی دیاردەکانی شۆڕشدا بوو لەروی مێژوییەوە کارئاسانی بۆکردین کە دوای چەند سەدەیەک لاوازیەکانی هاوتای ئەو سەردەم بەدی بکەین . ئەو ستراتیجیەتە مەزنەی مارکس لە بیردۆزەکانیدا بۆ گۆڕانە مێژوییەکان دیاری کردبون وەکو ئەرکی زەحمەتکێشان بڕوا بەخۆ بونێک بوو بۆ چینی زەحمەتکێش تا ئەو رۆلە بگێرێ کە مارکس نەخشەی بۆ دارێشتبو ، بەڵام لە کاتە

نالەبارەکاندا هەندێک جار دەبینین ئەم رۆلە دیاریکراوەی چینی زەحمەتکێش ناتوانی بە تەواوەتی بیگێرێ و هیچ پێش بینیەکیشمان نادەنێ تا چاوەڕوانی بە ئەنجام گەیاندنی بین ، بەلانی کەم بەو ئاستەی کە ترۆتسکی بڕوای پێیەتی ،ئەمە نە لە ولاتە پەرەسەندوەکان نەلە ولاتە پێشکەوتوەکان بەتەنیا بەڵکو لە هەردوو ولات . لەولاوە هەندێک چین یا پێکهاتەی سۆشیالیزمی تر هەن خەریکی سەرهەڵدان وشوێنگرتنەوەی ئەو رۆلەی زەحمەتکێشەکانن کە هەمان خەسلەتو نیشانەکانیان لەخۆ گرتوە ئەمە دەبێتە لەیەک نەچونێک لەگەڵ بڕواکانی مارکسیزم . ئێستا وا پێدەچێ پێشرەوایەتی چینی زەحمەتکێش سەرەتاو کۆتاییەکانی بیرۆکەی ترۆتسکین ، دیسان واپێدەچێ ئەم بیرۆکە بکەوێتە شوێن گومان ولێپرسینەوە بەتایبەت لە ولاتە رۆژئاواییەکان چونکە چینی زەحمەتکێش لەژێر کاریگەری کۆتو بەندی کۆمەلایەتیی توند دایە ، هەر لەبەر خاتری خاتران هەندێک رێنماو یاسای تایبەت بە بەرژەوەندیەکانی گشتیان قەبول کردون ، بەلام لە ولاتە تازە پێگەیشتوەکان چونکە چینی زەحمەتکێش لە حاڵەتی لاوازی و نیمچە راڕایی دایە . ئەگەر ئەمانە راستبن یا گومان ئاماژەکان بۆئەوە دەچن کە گومان لە تواناکانی زەحمەتکشاندا هەیە ئەو رۆلە سەرکردایەتیە لە بنیادنانی سۆشیالیزم بگێرێ ، لە ئەنجام دورنیە بونی سۆشیالیزمێک بە پشتبەستن بە هەوڵە دیموکراسیە سەربەخۆکانی چینی زەحمەتکێش بێتە کا .

ئەمە لێپرسینەوەیەکە دەبێ رای هەموو بیرمەندە سۆشیالیستەکان وەربگیرێ ، ئەوەندە بەسە کە دەبینین هەوڵەکانی کەرتە دیموکراسیەکان لە ولاتەسۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا هەمویان لەپێناو بەرژەوەندیی ولات دەرچونە لە سنورەکان ، ئەم هەولانەش لەگەڵ بیرۆکەکانی ترۆتسکی بەیەکمان نابەستێتەوە .

ترۆتسکی وەکو زۆربەی مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان نەیتوانی ئەو مەودایە دیاری بکات کە چینی زەحمەتکێش لە ولاتە پیشەسازیەکان وەکو مەیدانی کار لە چوار چیوەی یاساکانی پەرلەمانیدا بۆی هەبێ کاری تیا بکات . بۆ نمونە کرێکارێک کە خاوەنی کارو ئۆتۆمبیل وتەلەفزیۆن وخانوی خۆی بێ ئاستەمە بکەوێتە ژێر کاریگەریی مارکسیزم تەنها ئەگەر لە کتو پڕی ئەم دەسکەو تو سامانەی لەدەست بچێ کە بەهۆی سەندیکا و پارتەکەی وەدەستی هێناون . تا ئێستا هەندێک لە دڵسۆزانی بیری ترۆتسکی ومارکسیستە ئەرسەدۆکسیە کان چاویان بڕیوەتە هاتنەدیی ئەو حەز و ئومێدانە ، بەلام هاتنە دیان جێی گومانە هەروەها گۆڕان بەرەو سۆشیالیزم بەم رێگایەشەوە دیسان جێی گومانە .

ئەگەر ئاورێک لەدواوەی رەوشەکانی روسیا بدەینەوە دەبینین ئەو هاوکاریانەی ترۆتسکی لە ولاتانی رۆژئاوای چاوەڕوان دەکرد بۆ رزگار کردنی گەلی روسی لە خنکان و نەهامەتی و پەراندنەوەی شۆڕشی روسی لەم قەیرانە ئەم هاوکاریانە هیچ ئاسەوارێکیان نەبوو بە رونتر بلێین ئەم هاوکاریانە بۆ ولاتانی ئاسیایی وئەفریکی وئەمریکای لاتینیش نەچوون هەر نەبێ بۆ رەتدانەوەی مۆری دکتاتۆریەتی ئەو ولاتانە بێ ، ترۆتسکی لەم روەوە بە نەرێنی کارەکان دەبینێ گەیشتنی هاوکاریەکانی رۆژئاوای پیشەسازیی رەتکردەوە دەیوت: ئەم هاوکاریانە تەنها بۆ چینی زەحمەتکێشی سەرکەوتوە ، گومانیشی تیا نیە کە پەرەسەندنی سۆشیالیزمی ولاتانی دواکەوتوو شێوەیەکی شێواو لە شێوەکانی حوکمرانیی رەها وەردەگرێ .

ترۆتسکی بە زیادەرۆییەوە بەلای ئەو بۆچونەدا شکایەوە کە لە توانای ولاتە پێنەگەیشتوەکان دابێ پێشرەوی لە نەتەوایەتی بکا ، لەوانەیە چینی زەحمەتکێش لە

بنکەیەک وەکو بنکەی پیشەسازیی شەنگهای یا لە بۆمبای شوێن خۆی بکاتەوە ، دەڵێ ئەم جۆرە چینەی زەحمەتکێشی بچوک دورنیە بە لوتکەی دەسەڵات بگا لە خەباتی دژی دەستگرتنی بێگانە بتوانێ پێشرەوایەتی بکا رێگە ببرێ چونکە ئەمە پەیوەندیی بە شۆڕشی میلیی سڤیلیەوە هەیە (کۆمار و دابەش بونی زەوی و مافی سیاسی و...) قارەمانانە هەنگاو دەنێ بۆ ئەوەی چەند سەدەیەک لە رابردو بێنێتەوە بەرچاو تا دیمەنێکی گۆڕانە مێژوییەکانی سەرمایەداریمان نیشان بدات .

ئەگەر بە هاوکاری چینی زەحمەتکێشی سەرکەوتوی رۆژئاوا نەبێ ئاستەمە ئەم شاکارە بە ئامانج بگات، گەلی ئەم وڵاتە کە پشت بە سەرمایەی بێگانە دەبەستێ و ئامانجە کانیشی بۆ خزمەت کێشە نەتەوایەتیەکان تەرخان کردوە پاشکەتوە، لەم ئەرکە مێژوییەیدا شکست دێنێ ، ئەوەی شیاوی باسە ئەم برگەی بیردۆزی ترۆتسکی ئەزمونەکانی رابردو سەلماندیان کە هیچ گومانێک بۆ راستیان نیە . دیسان رۆژگار ئەمەی سەلماند کە لەم بیردۆزەیدا تەنها ترۆتسکی راست بوو نە بۆلشەڤیک و نە لینین راست نەبون ، نە دەشبێ وڵاتە دواکەوتوەکان بە خێشکەیی لە مێژو بچنە ژورەوە مێژوێک دروستبونی میللی کە پێشوەچونەکانی رۆژئاوا دوبارە بکاتەوە ، بەم پێوەرە شۆڕشی میللی دەبێ رابەرایەتی گەلی وڵاتە پێنەگەیشتوەکان بێ ، ئەم بۆچونە لەم دواییانە راستیی سەلماند ، بەڵام ترۆتسکی لەمە سەرکەوتو نەبوو کە ئەوە بزانێ لەودیو بۆچونەکانی مارکسیزمەوە ئەگەری تر هەن .

بۆنمونە لە هەندێک وڵات وەکو چین و ڤێتنام شۆڕش بۆ رزگاری وڵات بەرپا دەبێ دژی داگیرکەران ئەم جۆرە شۆڕشە بە رابەرایەتی چینی زەحمەتکێش هەلناگیرسێ بەڵکو کۆمەڵێک رۆشەنبیری نیشتمانپەروەر پێی هەڵدەستن وەکو نیمچە بیروکراتیی نیشتمانپەروەری حزبین چەند زاراوە و گوتەی کۆمۆنیستی بەکاردەهێنن بۆئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست ، ئەم جۆرە پوختانە هاوکارییان لە گوندەکان زیاتر پێدەگا لەوەی لە چینی زەحمەتکێشی شارەکان .

(شۆڕشی میللی) زاراوەیەکی هاوچەرخە لە مشتومڕە سیاسیەکاندا شوێن زاراوەی ئەرکەکانی (نوێکردنەوە ) ی گرتەوە بەڵام ئەو زاراوەیە لەلایەن ئەو چینانەی کە ترۆتسکی دانی پیانابوو بەکاریان نەدەهێنا وەکو چینی دانیشتوانی شارەکان و چینی زەحمەتکێش .

چینی بیروکراتی کە خۆی لەسەروی هەمو چینەکان دەبینیەوە ئەم ئەرکەی خستە سەر شان خۆی ، لەسەروی چینی زەحمەتکێشی ماندوو نە پارێزراو ولەسەروی چینی جوتیار و دانیشتوانی شارە پەراگەندەکان .

دەکرێ ئەم جۆرە رێکخراوانە زیاترین ژمارەی خەڵک لەخۆ بگرن بەڵام کەم جار هەیە نافی ئەوە بە خۆیان بدەن پیادەی کاری سیاسیی وا بکەن کە بایەخی خۆی هەبێ. نە سەرمایەداری نە مارکسیزمی سۆشیالیزم نابێ حساب بۆ ئەم جۆرە بارو دۆخانە بکا ، ئەم جۆرە گروپە لەتوانایدایە جۆرێک لە پرۆپاگەندەو هەللا دروست کا لە شێوەی ستەمی بێزەنتیەکان بێ . ئەم جۆرەرژێم وسیستەمە هەوڵی ئەوە دەدا نەتەوەکەیان بەرەو دونیایەکی هاوچەرخ بەرن بەڵام زۆر بەکەمی سەرکەوتن بەدەست دێنن .

بۆگەیشتن بە ئامانجەکانیان لاریان نیە ئەوپەری توندو تیژی لە کاری عەسکەرتاری و دەم کوتکردن پیادە بکەن ، لێرە دەتوانین ئەمەش بلێین ترۆتسکی لەوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا کە بتوانێ دەستنیشانی خەسلەتەکانی دەوڵەتی هاوچەرخی ستەمکار یا

دەوڵـەتی چینـی زەحمـەتکێش بکـا . ئـەو دەوڵەتـەی دورنیـە هەنـدێک سیماکانـی شۆڕشـی هـەمیشەیی لێ بـەدی بکرێ  تا ببێتە نیشانەی گۆڕانی ئـابوریی سۆشیالیزم  کـە هـەندێک خـەسلـەتی شۆڕشـی دژوار دەبـن. لەگـەڵ ئەمـە هـەموی و تەنانـەت بـەو هـەموو هەڵـەو لاوازیـەشـیەوە ، ڕێبـازو بیـردۆزی ترۆتسکی وەکـو زوومێـک وایـە بـۆ ناسینـی روداوەکـانـی سەدەی بیستەم نرخی خۆی دەبێ ، بەڵام ئـەم زوومـە  بـەڕاستی پێویستیی بە چاککردنـەوە هەیە .

بـەشی دووەم

زەوت کردنی دەسەڵات
----------------------------

پێویست بە باسکردن ناکات، مانگە تێهەلچوە کانی سالی 1917 چنگـی لـە روسیا گیـر کـرد ، ئـەمـە رون بـوەوە کـە ئـەو بیردۆزانـەی کـاتـی خـۆی شۆڕشگێڕەکان لـە ئـاوارەیی و دورخراوەییدا مشتومڕیان لەسـەر دەکـردن ئێستا بـۆ پارتـە سـەرەکیەکان بونـەتـە بڕیـاری ستراتیژیی سیاسی . هەروەها ئـەمـەش سەلمێنرا ئەوەی لە سـاڵە کـانـی 1903 و1906  کـە لـە نێـو ئاوارەکـان بابـەتی گـەرم و نـاکۆک بـون ئێسـتا ئـەنجامی کـاراو ڕاسـتـەوخۆی لێکەوتۆتەوە.

گاڵتـەچی وزمـان شـرەکانی ئـەوسا کـە خۆیـان بـە واقعبـین دەزانـی ئـەوانـەی بـە سەرسـوڕمان و گاڵتـە پێکردنـەوە سـەیری چـەپڕەوکانیان دەکـرد ، سـەلمێنرا کـە ئـەوان نـاتوانن کێشـەی روسیای نـوێ  چارەسـەر بکـەن  . بـەم شێوەیە بـاڵی راستڕەوان کەوتنـە سـەبـەتەی بـێ ئومێدیـەوە ، خـەون بـە گەڕانـەوەی قەیسـەرو جـوامێرو شـکۆمەند و قەشەکانەوە دەبینن،  ئەو گەنجانەی دەستیشیان بـە حکومـەتی کاتیـەوە گرتبـو ئـەوانیش هەرەسیان هێنا، ئەوان لەو شۆڕشە نەگەیشتبون کـە وەکو کودەتایـەکی سۆشیالیزمی ئـەم سەرو ئەو سەری دونیای گرتبۆوە دەبوایە ئەمـە بـزانن کـە کپ کـردن و لـەناو بردنـی ئـەم جۆرە شۆڕشە ئەستەمە کارێکە بونی مەحالـە بتـوانن بـەرەو ئاقـارێکی تـری وەرچـەرخێنن ئاقارێک کـە لەگـەڵ بەرژەوەندیـەکانی ئـەوان بگـونجێ ، بـەم شێوەیە خەریکـە بیرۆکـەی پارتـە سۆشیالیستەکان دێتە دی ئەو بیرۆکە ی ساڵـەهای ساڵە نەخشەی بۆ دادەرێژن .

سیماکان گوزاریـان لـەوە دەدا کـە شۆڕشـگێرەکان لـە ئەنـدامانی پـارتی گـەل بـوبن، سۆشیالیستەکان هەروەکو  هەردەم دڵسۆزو هەست بزوێن بوون ،ن ئـەوان لـە نێو خۆیاندا دابـەش ببـون ، هەنـدێکیان کەسـانی دڵسۆز و راستگۆبون لـە ناخـەوە حـەزیان بـە چاکـە دەکرد بەڵام لە توانایاندا نەبوو هیچ چارەسەریەک بۆ کێشەکانی روسیا بدۆزنەوە ، بـەڵام مەنشـــەڤیکەکان کـــە گەیشـــتبونەتە ئەوپـــەڕی تـــەواوەتیی چاکـــە و لاوازی سۆشـــیال دیموکراتـەکان ، هـەر لەسـەر گوتـەی خۆیـان سـوربون کـە دەیـان وت ( شـۆڕش نـاتوانێ بپەرێتـەوە دەرەوەی شـار چونکـە روسیای دواکـەوتو هێشـتا بەتـەواوەتی پێنـەگـەییوە تـا قەبولی بڕواکانی سۆشیالیزم بکات ).

بەلگە نەویستە ئەم شێوازە شێوازێکی تیوری و قوتابخانەییە چونکە بە مەزندەی ئـەوان مێژو هەردەم بە قۆناغی گونجاو و لـەژێر ئـەو فەرمانـە راسپاردانـە دەڕوا بـەرێوە کـە لـە توانای پیادەکردندا بن .

ترۆتسکی وهەندێک لە هاورێیانی کە هەموویان لە دەستەیەک بەناوی دەستەی (مەجر وینتسی ) رووداوەکانی 1917 یان بە هاو تەریب لەگەڵ بۆچونەکانی شۆڕشی هەمیشەیی دەزانی بە دیدی ئەوان لەگەڵ بۆچونەکانی شۆڕشی هەمیشەیی یەک دەگرنەوە، بەم شێوەیە ئەوان لە حوکمدانیان بەسەر داهاتوی روسیاو بەرپابونی شۆڕشە بەربڵاوەکەی کە لە ئاست (شۆڕشی میللی ) دایە خۆیان پێ راست بوو.

لینین وەکو ئەلتەرناتیفی ستراتیجیەتێکی خێرا هەندێک نیانیی سەبارەت بە بۆچونەکانی نواندن .

لە نێوان مانگی ئەپریل وتشرینی یەکەمی 1917 لینین گەیشتە بنکەی جێنیشی ترۆتسکی .

ترۆتسکی ساڵە بەراییەکانی شەڕی یەکەمی لە ئەوروپاو نیۆیۆرک بە کارکردن لە بواری رۆژنامەگەری و کار کردن لە کاروباری باڵی دەستەی سۆشیالیستەکان بەسەر برد. ئەوکاتەی شۆڕش لە 1917 هەڵگیرسا کەئازادیە دیموکراسیەکانی بۆ روسیا فەراهەم کرد ترۆتسکی لە ئەوروپاوە بەخێرایی خۆی گەیاندەوە وڵات لە پترسبۆرگ دابەزی بۆ بەشداری کردن لە کاری سیاسی لە روسیا .

شۆڕشی شوبات وەکو تەقینەوەیەکی هەڵچونەکانی گەل هاتەکا ، خەسلەتەکانی ئەم هەڵچونە لە خۆڕسک دەچو ( ترۆتسکی لە پەرتوکەکەیدا _ مێژووی شۆڕشەکانی روسی _ رەوشی شۆڕشی رونکردۆتەوەو دەنوسێ دەڵێ :

( شۆڕشی خۆجێیی لە پترۆگراد و مۆسکۆ کە چینی زەحمەتکێشی زۆرینەیە شۆڕشگێڕی شارەزا و مەشق پێکراو رێبەرایەتیی دەکەن کە زۆربەیان بۆلشەڤین ، ئێستاش کە بەهاری 1917 یە ماوەیەکی زۆر ئەم گەلە بە دەم کوتی و لەژێر زولم وستەمی ژیاوە خەریکە پیادەی بنەماکانی مافی ئازادی قسەکردن دەکات .

ئەوانەی شەیدای ئازادیەکان بون پیادەیان دەکرد ودڵیان پێی دەکرایەوە شارنشینەکان گفتوگۆیان دەکرد وخۆپیشاندانیان ئەنجام دەدان ، رۆژنامەو گۆڤارەکان دەردەچون گەڵێک لە پارت ورێکخراوەی نوێ دامەزران رادیکالیستەکان کە رۆژانێک بەدوای ئەوکەرەستانەدا وێل ببون ئێستا هەموو لەبەردەست خۆیانن ئەمە هەمووی بەهۆی روداوێکی پیرۆزی مێژوویی رویدا .

رەوشەکانی ناوەوەی روسیا بێ ئومێد بون لەوانە سەرنەکەوتن لە شەرەکان، ئابوریێکی داتەپیو و سوپایەکی شکستخواردوو ، ئاژاوەو گێرەشێوێنی هەندێک گوندی گرتەوە هیچ دەسەڵات و دام و دەزگایەکی حکومی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانی پیابنرێ بونیان نەبوو.

شۆڕشی شوبات لەگەڵ خۆیدا دوو بنکەی هێزی رکابەری سەرەکیی هێنایە کا : حکومەتی کاتی و سۆڤیەت (ئەنجومەن).

حکومەت وەکو لاساییکەرەوەی حکومەتە پادشاییە دەستوریەکان کارەکانی رادەپەڕاند ئەوەندەی نەبرد پەنای بۆ سۆشیالیزمی میانڕەو برد ، هەڵسوکەوتی گەل بەلای رادیکالیزم شکایەوە ، سەبارەت بە سۆڤیەت پیاوەکانی لە نوێنەری ( پەرلەمانتار) چینی زەحمەتکێش (کرێکار) و سەربازەکانی ژێر دەسەڵاتی مەنشەڤی ورادیکالیستەکان پێک هاتبوو .

بەڵام حکومەتی کاتی کە ( برنس لفڤ ) و (کادت ملیکۆڤ) ، و (کیرنسکی)ی سەرۆکی میلليی بە نۆبەت سەرۆکایەتیان دەکرد ، بنکەی جەماوەریان لاواز وناسەقامگیر بوو ،

زۆربــەی جارەکــان وەکــو ئــەوەی چــاوەڕوان دەکــرا لــەگــەڵ شــوێنەکەیان هاوتــا نــەبون:
شارەزاییان لـە هـەموو بوارەکانـی ژیان زۆر کـەم بوو ، سـەبارەت بـە دیموکراسیش نـەزان و
بێ خـەبـەر بون .
لەولاشـەوە هـەنـدێکی بـەهێزتر هـەبوون کـە لـە ژوانـی ئـەوەدابون دەرفـەت وەرگـرن تـا
رایـەخیان لـە ژێـر پـا دەربهێـنن وەکـو پارتـە راسـتڕەوەکان ، واتـە کۆمبـونی ئـەفسـەرە
راسـتڕەو و چـەپڕەوەکان واتـە پارتـە بۆلشـەڤیەکان ئـەمـەش لـەناوبردنی دیموکراسـیەتە
ساواکە دەگـەیـەنێ .
ئـەوەش بلێین کە حکومەتە کاتیەکە خۆشی لە رەوشەکە رازی نەبوو ، لـەتوانای دا نـەبوو
زەویەکان لـە نێوان جوتیاراندا دابـەش بکـات کـە زۆرجـار کێشـەو هـەرای لـەسـەر دروست
دەبوو ، گومان لەوەدا نیە کە روسیا لەتوانایدایە شـەڕ بـەرێ بـەرێوە یا بەرگـەی شـۆڕش
بگرێ بـەڵام ناتوانـێ ئـەم دو کارە بـەیـەکەوە بکا . حکومـەت بـەهـەموو هـەوڵـەکانیـەوە لـەوە
سـەرکـەوتو نـەبوو کـە گـەل رازی بکـاو حـەزەکانـی بـە ئـەنجام بگـەیـەنێ ئـەمـەش لـەبـەر
هۆکـاری بیروراییـی بـون ،چونکـە دەبـێ واز لـەو ترسـە بێنـی کـە ئـازادیخواز و سۆشـیال
دیموکراتـەکان توشی دەبن کاتێک دەسەڵات دەگرنـە دەست .
دوای بـەسەر چونی چـەند مانگێک لە تـەمـەنی حکومـەتی کاتی ودوای چـەند ئالوگۆڕێک لـە
فـەرمانبـەر و کاربـەدەسـتاندا کـەچی گۆشـەگیری ئـەم حکومـەتـە هـەر لـە زیـادبون دابـوو ،
کاتێـک ئومێـدە مەزنــەکان لــە میــانی کودەتــا شۆڕشـگێڕەکان هــەرەس دێـنن پارتــە
میانڕەوەکان لە تواناياندا نـابێ خواستی جـەماوەر بـە ئـەنجام بگـەیـەنن ئـەمـەش دەقـاو
دەق لـەگـەڵ بنـەماکانی بیروڕای ترۆتسکی کە بـاس لـە شۆڕشـی هـەمیشـەیی دەکـەن یـەک
دەگرنــەوە و بـەهۆیــەوە تــوانیی راسـتیەکان لــەوە بــەدی بکــا کــە نــابێ شــۆڕش بــە
گواستنـەوەیـەکی میکانیکی لاسایی بکرێتـەوە.
وێڕای ئـەوەی کـە لینـین لـە روی سـتراتیژەتی سیاسیـەوە لـە ترۆتسکی پایـە بـەرزتر بـوو،
بـەڵام هـەمان رێچکـەی بیرکردنـەوەی گرتـە بـەر.
چونکـە ترۆتسکی رازی نـەبوو بـەشداری لـە حکومـەتی کـاتی بکـات تـەنانـەت ئـەوکاتـەی
کیرنسـکیش سـەرۆکایەتیی دەکـرد ، بــەم شـێوەیە ترۆتسـکی خـۆی لــە سـەرەکەی تـری
پێچەوانەی مەنشەڤیک دۆزیـەوە بـۆ ماوەیـەکیش لـەگـەڵ بۆلشـەڤیک بـە هـەمان شێوە . لـە
ماوەی مانگـەکانی نزیک بـە ساڵـی 1917 لە پترۆسبورگ بۆلشـەڤیـەکان بـە سەرۆکایـەتیـەکی
ئاشتیخواز بیرۆکە یەکیان خستـە روو کـە جیاوازیـەکی ریشـەییان نـەبوو لـەگـەڵ بیرۆکـەی
مەنشـەڤیکـەکان .
( قسەو باس لـەسەر یـەکگرتنـەوەی هـەردوو بالـەکەش دەکـران) مـەسـەلـەی سـەرۆکایـەتی لـە
نێوان کـەسانێک کە دور نـەخرابونـەوە سیستـەمێکیان بۆ کارکردن لە روسیا پێشکـەش کردبـو
و فشاریشـیان دەخسـتە سـەر حکومـەتی کـاتی ئـەمـە بـە نوێنـەرایـەتیی گـەل بـوو هـانی
نوێنـەرەکانیشیان دەدا لە ناو سۆڤیەت هـەمان فشار لـەسەر حکومەتی کاتی دروست بکـەن
بــێ ئــەوەی بیــر لــەوە بکەنــەوە کــە بۆلشــەڤیەکان لــە دەرەوەی ســۆڤیەت بــەهۆی
ئـەنجومـەنـەکانـەوە بـەسەر سۆڤیـەتدا زاڵـن ئـەم داڕشتنـەی بۆلشـەڤیەکان لـەسـەر داڕشتنی
لینـین دەڕۆیشـت کـە بـەر لـە شـۆڕش دای رشتبو تایبـەت بـوو بـە ( دیکتاتۆریـەتی چینـی
زەحمـەتکێش و جوتیاران ) .
بـەڵام کاتێک لینین لـە 1917 گـەڕایـەوە روسیا بـەهۆی سیاسـەتی نیانیـەوە رەخنـەی لـە
ئاشتیخوازەکان گرت ، لە نامـەزانستیە بـەناوبانگـەکەیدا ( نامـەی نیسان ) هێرشێکی تونـد

دەکاتە سەر حکومەتی کاتی، بەشداری کردنی مەنشەڤیک وهەموو سۆشیالیستەکانی لە حکومەتی کاتی رەتکردەوەو داوای لە گەل کرد دەنگ بۆ دابین کردنی خواردن و زەوی و ئاشتی و پێداویستیەکان هەڵبرن ، مەسەلەی دەسەلاتیش بە نادیار مایەوە ، بەلام ئەوەی خاوەنی گوێچکەی سوک بوو لە میانەی گوتارەکانیدا توانیی گوێ لە لینین رابگرێ و لە شێوەی حکومەتە داواکراوەکە بگات.

دەست گرتن بەسەر دەسەلات لای لینین چی دەگەیەنێ ؟

تا ئەوکات لە بەهاری 1917 باسی لە دامەزراندنی حکومەتێک دەکرد کە پێکهاتبێ لە سۆڤیەتەکان (ئەنجومەنەکان) ( دەبێ هەموو دەسەلاتەکان بۆ سۆڤیەت بن : حکومەت لە بۆلشەڤیک ومەنشەڤیک پێک بێت ، بەرپرسیاریش دەبێ لە بەرانبەرسۆڤیەت دا بێ ، ئێستاو هەر ئێستاش دەبێ ئەم حکومەتە دەسەلات بگرێتە دەست بە شێوازی ئاشتیانە ).

لینین بەم شێوەیەی نوسی و تا چەند مانگێکیش هەر بەم شێوەیەی دەنوسی . بەلام سۆشیالیستە میانڕەوە وشکەکان ئەوانەی پێیان لەسەر داواکانیان دادەگرت ئامادەنەبون دەستبەرداری بۆچونەکانیان بن ئامادە نەبون بە بێ بەشداری پارتی کرێکاران دەسەلات بگرنەدەست .

بێگومان ئەم کارەیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە و بە رەزامەندیی گەل کرد ، لە ئەیلولی 1917 لینین نوسیی کە (دەسەلات دەگرێتەدەست ، ئەنجومەنی سۆڤیەت دەتوانێ پێشکەوتنی ئاشتیانە ی شۆڕش مسۆگەر بکا، پێم وایە ئەمەش دوایین دەرفەتە بۆ ئەوان) .

ناحەزانی ئەم هەنگاوەی وتیان : ئەمە بۆ ئەوەیە سەرنجەکان لە بۆلشەڤیەکان وەرگێڕن کە نیازی یاخی بونیان هەیە. ئەگەر لە رای مەزنترین و درەوشاوەترین شارەزای مێژوی شۆڕش کە لینینە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ وێڕای ئەوەی لینین لە هەموو هاوڕێیانی بۆلشەڤیک زیاتر بڕوای بە بۆچونەکانی خۆی هەبوو ئەوساش ئەمبەرو ئەو بەری لە نێوان بیرۆکەی حکومەتی سۆڤیەت وحکومەتێک کە بۆلشەڤیک ببیا بەڕێوەی دەکرد .

بەهەر حاڵ ئەوخاڵەی تا ئێستا لە روی سیاسیەوە نادیارە ئەوەیە کە سەرباری گەشە کردنی رەوشی رادیکالیی جەماوەر بەلام مەنشەڤیەکان وسۆڤیەت (ئەنجومەن) بە وتەحەدایە رازی نەبون کە حکومەتێکی سۆشیالیستی بەهەموو ماناکانیەوە پێکبێنن ، کەس لە مەنشەڤیەکان باسیان لەو جۆرە حکومەتە نەدەکرد تەنها کەمینەیەک نەبن بە سەرۆکایەتی جۆلیۆس مارتۆڤ ی سەرسوڕ هێنەر . دواتر زۆربەی هاوڕێیانی چونە سەر ئەم بۆچونە بەلام دوای چی ، دوای ئەوەی کاتەکە بەسەرچو بوو بۆلشەڤیک دەستی بەسەر دەسەلاتدا گرتبو .

بەبێ هیچ دانپێنانێکی شەکلی - چونکە لە سیاسەت کەم جار مرۆڤ پێویستیی پێیهتی - لینین دەستی بە کۆکردنەوەی هاوکێشەکان کردو ناوی نا ( دیکتاتۆریەتی دیموکراسیی زەحمەتکێش و جوتیاران) هەر لەم پرۆسەیەیدا بۆچونەکانی ترۆتسکیی خستەپال پرۆسەکە کە بە (شۆڕشی هەمیشەیی ) ناوی بردبو ، تا ئەو ئاستە لینین لە بیرۆکەی حکومەتی ئەنجومەنەکان ( سۆڤیەت) پاشگەز بوەوە بۆ پرۆژەی یاخی بونی بۆلشەڤیک ، ئەمەش کارێکی قورس بو بۆ بۆلشەڤیک چونکە دەبوایە زۆرینەی سۆڤیەتەکان لە پترۆگراد وەدەست بێنن ئەوسا دەست بە هەڵمەتی یاخی بون بکەن. بەم شێوەیە ئاسایی بوو بەر

لــە تــەموزی 1917 ترۆتسـکی و هاوڕێیــانی بچنــە پــاڵ لینــین و حزبەکــەی و پۆسـتی بەرپرسیارێتی وەرگرن.
بۆ یەکەم جار بوو ترۆتسکی لەگەڵ پارتێکی رێکخراو کاربکاو لە مانگە جۆشدراوەکانی شـۆڕش بــەناوی بۆلشــەڤیک قســە بکــا . لــەم بارەیــەوە (سـۆخانۆڤ) ی مەنشــەڤیک کــە شایەدحاڵی بەیاننامە مێژوییەکەی شۆڕشی روسی بو دەڵێ :
(ترۆتسکی لە هەموو شوێنێک و لـە هـەموو کاتێک گوتـاری دەدا، وای لـێ هـاتبوو هـەموو جوتیـارو سـەربازو هــەموو کەسـێک لــە پترۆگــراد دەیاننـاسـی و گوێیــان لێـی رادەگــرت کاریگەری لەسەر هەموو کەسێک هەبوو هەروەک لەسەر سەرکردەکان هەیبو )
ترۆتسکی لە پەرتوکەکەیدا بەناوی (ژیاننامەم) بە سەرنج راکێشانەوە بـاس لـە ڕۆڵـی گوتارەکانی خۆی دەکا وەکو گوتارخوێنێکی بەتوانای شۆڕش دەڵێ :
(من لە مەیدانەکان تا درەنگ وەختانێک دەدوام جەماوەریشم بریتـی بـون لـە جوتیـار و زەحمەتکێش و سەربازو کرێکارە دایکەکان و منداڵە دەربەدەرەکان لـە شـەقامەکاندا واتـە نزم ترین چینی مرۆڤ ئەوانەی لە پایتەخت بون ئامادە دەبـون .گۆرەپانەکـە لـەو خـەڵکـە دە پنگایــەوە ئــەوەی لـەبــەرچاو بــەدیت دەکـرد جەسـتەی لاوازی ئــەو خـەڵکـە بــوو کــە لــە هەژمەتو خەمی ئەو زەمانە لەڕ و لاواز ببـون منـداڵی شیرخۆر بـەباوەش دایکانـەوە بـوو ، کەسیشــیان لەوکاتـــە جگـــەرەیان نەدەکێشـــا ، بەلـەکۆنـــەکان ئـەوەنـــدە خـــەڵکی لـــێ گیرسـابونەوە لــەوە دەترسـام لــەژێر پێیانـدا هــەرەس بێـنن و دابتــەپن ، تــا دەگـەیشـتمە سـەکۆی گوتـار خوێندنـەوە یـا دەبوایـە بـەپێ ئـاپۆڕی ئـەو خـەڵکـە شـەق بکـەم یـا ئـەوەتا بەسەر شانیانەوە دەیان گەیاندمە سەر سەکۆ ئەمەش لە زۆری خۆشەویستی ئەوانـەوە بـو بۆ من . بەڵام هەوای دەوروبەر، هیچ شەرمی ناوێ تـابلێی پـیس بـوو ئـەمـەش لـەبـەر زۆری خــەڵک و گــەرمی کەشو هەواکـە بـوو ، هەرچەنـدی دەستم بـۆ نـاو ئـاپۆڕی خـەڵکەکـە درێـژ دەکـرد دەیـان دەسـتم بۆدەهـات و دڵنیایـان دەکردمـەوە کــە ئەمانـەتـەوە مەساجەکەم بـە خــەڵک دەگـەیـەنن پێم وایــە هـیچ گوتـار خوێنێـک نیـە بـە ئاسایی مامـەڵـە لـەگـەڵ ئـەو هەستە پڕ جۆشەی جەماوەر بکا ئەو پەرۆشیەی وەکو تەزوی کارەبا خـەریکی گڕگرتن بـو ، ئەوەندە پەرۆش بون بۆ بیستن وزانینی ئەو راستیانە کە وەکو رێباز گرتنەبەر وابو .
هەندێک جار هەستم بە خۆشیی پێزانین دەکرد کە ئـەو جـەماوەرە وەکو یـەک جەسـتەی مـرۆڤ بــەدی دەکـرا لـێم خۆشـدەهات لەگــەڵیان بتوێمــەوە ئەوکاتــە ئیتــر هــەموو بیــر و هۆشەکانم لە ناخیاندا دە توانەوە خۆشی ئەو هەستە هـەموو شتێکم لـە بیر دەچـوەوە کـە پێشتر ئامـادەم کردبـوو بۆئـەوەی بیـان خوێنمـەوە ، ئـەمانـە هـەمووی وەکـو ئـەو وەڵامانـەم دەبینــی کــە دەبوایــە لــە پرسـیاری ئەوخـەڵکـە بیاندەمــەوە ، وەڵامــەکان لــە ناخمــەوە هەڵدەقولان بـێ ئـەوەی پێشـتر هـیچ بیـرێکم لێیـان کردبێتــەوە یـا ئامادەکاریـەکم بۆیـان کردبــێ هــەموو جـارکیش وا هەسـتم دەکـرد کــە مـن گـوێ لـە گوتـار خوێنێک دەگـرم ئـەویش وشــەی گوتارەکــەم پێــدەڵێ ئــەم وشـانـەش بــێ ئامادەکـاری بــۆم دەهــاتن ومنــیش دەم خوێندنـەوە وەکـو ئـەو پیـادە رۆیـەی بـە نوستویی لـە سـەر بانێک بـەرێدا دەروا لـە هـەر ساتێک بە ئاگا بێتەوە بکەوێتـە خـوارەوە ، لـەو خـەوە شـیرینەی بـە هـۆش خـۆی بێتـەوەو وەڵامی پرسیارێک بداتەوە کە پێشتر بۆی ئامادە کردبوو .
گۆرەپان جێهێشتن زۆر لە هاتنەکە قورس تر بوو جەماوەرە شان لەیـەک دراوەکـە ئـامـادە نـەدەبوو ریزەکانیـان لـەت کـەن تـا رێگـەی رۆیشـتنم بـۆ بکەنـەوە هـەر ئەوەنـدەم دەبینـی لەسەر شانی ئەوان وەکو بـەلـەم لەنگـەرم دەکـرد و هـەنگاو بـە هـەنگاو رێگاکـەم دەبـڕی و

بست بـه بست لـەسـەر شان وسـەری جـەماوەر لـە دەرگـا نزیـک دەبومـەوە تـا دەگـەیشتمـە دەرەوە . هەندێک جار لـە نـاو ئـەم ئاپۆرەی جـەماوەر زۆر بـە خێـرا روی هـەردوو کچەکـەمم دەهاتنـە بـەرچاو کـە لـەگـەڵ دایکیان لـە شوێنێکی نزیک ئـەو گۆرەپانـە دەژیان ئـەوانیش لـە ناو ئاپۆڕی جـەماوەرە حـەشامـەتەکە دابـون ، گـەورەکـەیان تـەمـەنی 16 سـاڵان بـوو بچوکـە کەشیان 15 سـاڵان ، هـیچ کاتێک نـە سلاوم لێیـان دەکرد نـە هـەوڵـی ئـەوەم دەدا دەستم پێیان بکەوێ هەر زوو شەپۆلی جەماوەر ئەوانی لەمن دور دەکردەوە.

ترۆتسکی لـە نێو جـەماوەری شۆڕشگێڕ و سـەرکردە بۆلشـەڤیەکاندا گوتـارخوێنێکی زمـان پاراو بوو زۆر هـەست ناسک بوو. لـە ناو ئـەنجومـەن (سۆڤیـەت ) شێوازی مشتومڕو گفتوگۆی کردبوە شێوەیـەک لـە شێوەکانی هەڵسوکەوت لـەگـەڵ پارتـە چـەپڕەوکان ، ترۆتسکی وەکو قسەکەری فەرمی بەناوی بۆلشەڤیک سەری هەڵدا بـەم هۆیەوە زۆری ناحـەز و رکابـەری بۆ پەیدابو چونکـە هـەردەم لـەسـەر کێشـەکان گفتوگۆو مشتومڕی دەکرد بوێرانـە لـەسـەر ئـەو وتانـەی سور دەبوو کە لـە گوتارەکانیدا دەری دەبرین و رایدەگەیاندن .

مـانگی تـەموزی پڕ لـە تـاڵـی و سوێری بەسـەرداهات کـە هـەموی خۆپیشـاندانی میللیـی نارێـک بـون ، تـەنانـەت بۆلشـەڤیەکانیش نـەیان تـوانی شۆڕشـی ئـەم خۆپیشـاندانە جەماوەریانە کپ کەن کە ترسی ئـەوەیان لێی هەبو هەموو شوێن ودامو دەزگـاو سـەنتەری ئۆرگانـەکان بگرێتەوەو لـە ئـەنجام جلـەوی دەسـەلآتیان لـەدەست دەر بێنـێ ، ئـەم ئـاژاوەو گێرەشێوێنیە بـوە هـۆی ئـەوەی حکومـەت کاردانـەوەی لـەسـەر خۆپیشـاندانەکان هـەبێ ، رەوشـی بۆلشـەڤیک شـپرزەبو بـوە هۆکـاری ئـەوەی بۆمـاوەی چـەنـد هـەفتـەیـەک ترۆتسکی بخـەنـە کونجی زیندانـەوە ، لینینیش ناچـار دەبێ لـە ترسی گرتن خـۆی حـەشاربدا، بـاڵـی راستڕەوەکان ئـەم هەڵـەیان بـەدەرفـەت زانـی بەسـەرۆکایـەتی جـەنـەرال کۆرنیلـۆڤ لـە مانگی ئاپ کودەتایەکیان ئـەنجام دا بـەڵام هێزی زەحمـەتکێش لـە پترۆگـراد بـە هاوکـاری پاسـەوانانی پترۆگـراد توانیـان بـەرپـەرچی سـەربازەکانی کۆرنیلـۆڤ بدەنـەوە هـەروەها ئەوتیپە شۆڕشگێڕەی کە سۆڤیەت ناردبوی توانیـان بـە یـەکجارەکی بەسـەر سـەربازەکانی کۆرنیلـۆڤ دا زاڵ بـن و لـەناویان بـەرن ، بـەم شـێوەیە کودەتاکـە شکسـتی خـوارد بۆلشەڤیەکانیش متمانـەی جەماوەریان بـەدەست هێناو ناوبانگێکی سیاسیانـەی باشیشیان بۆ مایەوە ، ئـەوەبو ئیتر هاوسـەنگیەکە بـەلای چەپڕەوکانـدا شکایەوەو لـە مـانگی ئـەیلول بۆلشەڤیک زۆرینـەی ئـەنجومەنـەکانی (سۆڤیـەت) لـە پترۆگـراد وەدەست هێنـا، ترۆتسکیش کە ئـەوکات لـە زیندان ئازاد کرابو بوبە سەرۆکی ئـەنجومـەن (سۆڤیـەت )... فـەرمون لـەگـەڵ گوتارەکەی کە هەندێک وشەی دڵتەزێن لەخۆ دەگرێ :

( من دڵنیـام لـەوەی لیژنـەی هەمیشـەیی کۆمۆنیست هـەڵکشـانێکی نـوێی گـۆڕانـی شـۆڕش بـەخۆوە دەبینـێ. ئێمـە ئـەو ئومێـدە بـۆ پارتـەکانی تـریش دەخـوازین و لـەسـەر هـەر یەکەشمان ئـەرک هەیـە کـە دەبـێ جێبـەجێیان کـەین ، لـە کاتێکـا ئێمـە ئـەنجومـەنی پترۆگراد دەبـەین بـەڕێوە رەچـاوی هـەموو تـاکی کـەس و پارتێک دەکـەین دەمـەوێ ئەمەش لێرە دوپات کەمەوە کە باڵی لیژنـەی هەمیشـەیی چالاکیـەکانی هـیچ کەمینـەیـەک ناخنکێنێ) .

ئـەوکاتـەی بۆلشـەڤیک دەسـتی بەسـەر سـۆڤیـەتی پترۆگـراد داگـرت کـە مـەزنترین ئـەنجومـەنی وڵات بـوو شـەرعیەتێکیان بـە شۆڕشـەکەی خۆیانـەوە بینـی دەستیان کـرد بـە ئـەنجامدانی چـەنـدین کـارو چـالاکی، بـۆ ئـەوەی بـە رێژەیـەکی زۆرکـەم خـوێن بـرژێ بـە میانڕەوانە هەڵسوکەوتیان دەکرد و بەرنامە کانیشیان لەو رێگەیەوە بە ئەنجام بگەیەنن

تا ئەوکاتەی توانیان حکومەتەکەی کرنسکی سەرنگوم کەن . دوای ئەوە بەکەمێک جۆزێڤ ستالین دەنوسێ دەلی:

(سەرۆکی سۆڤیەتەکانی پترۆگراد لە رێگەی رێکخستنی کاراوە پرۆسەی یاخیبونی ئەنجام دا ) دیارە ئەو سەرۆکەش هەر ترۆتسکی بو هەروەکو ستالین دەڵێ ( هاوڕێ ترۆتسکی) .

دەتوانین ئەوە بلێین زۆر بەدڵنیایی شەوە هاتنی پاسەوانانی پترۆگراد بۆ پال سۆڤیەت و دەسکەوتەکانی لیژنەی سەربازی ( دەستەی راسپاردەی بەڕێوەبردنی کاروباری یاخی بوەکان ) ئەمانە هەمووی قەرزاری ترۆتسکین ئەگەر توانا و بلیمەتی ئەو نەبوایە ئەم ئەنجامە نەدەهاتنە دی ، دواتر حکومەت بەسەرۆکایەتی لینین دامەزراو ترۆتسکیش بوو بە وەزیری دەرەوە . بەر لەوەی بێینە سەر ئەو باسانەی کە ترۆتسکی دەبێتە قسەکەری فەرمیی ولات و گوتار روەو هەموو ولاتانی دونیا دەکاتەوە دیسان وەکو فەرماندەیەکی سەربازیی دەرچو لە رژێمی بۆلشەڤیک ، با هەڵوەستەیەک لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر بکەین ، چونکە هەر ریزلێنانێک بۆ ترۆتسکی وەکو بەشداربوێک لە دروست کردنی مێژوی هاوچەرخ دەبێ پشت بە زانیاریەکانی ئەم شۆڕشە ببەستین تا رۆلی سەرەکیی ئەومان بۆ دەرکەوێ .

سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر دوو ئەفسانەی تۆقێنەر بەسەر بیری ولاتانی رۆژئاوادا زاڵ بون، ئەفسانەی یەکەم :

پێمان دەڵێ بۆلشەڤیک کاتێک ئاهەنگی شۆڕش ئەو شۆڕشە دەگێرێ کە لەسەردەستی ئەو جەماوەرە جۆشدراوە هەڵگیرسا کە بە دەسکەوتێکی سەرسوڕهێنەر لە مێژو دادەنرێ مژدەی سەردەمی شۆڕشی سۆشیالیزمی پێیە _ ئەمە هەموو بە هەوڵ وتەقەلای پێشەنگی بۆلشەڤیک هاتۆتە کا .

ئەفسانەی دووەم :

ئەفسانەی نا بۆلشەڤیەکانە واتە (مەنشەڤیک ) کە نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن ئەوان دەڵێن بەداخەوە کەمینە یەکی پیلانگێڕ بە زۆر و ستەمکاریەوە دەستی بەسەر دەسەلاتی دیموکراسیدا گرتوەو زەوتی کردوە ئەمەش رەوشی روسیا دەشلەقێنێ و ئالۆزی دەکا ،ئەم دۆخە ئەوەمان دێنێتەوە یاد کە دوبارە حوکمی ستەمکاریی تۆتالیتاری کە لە سەدەی بیستەمدا هەبوو گەڕابێتەوە .

لێرە خوێنەری خۆشەویست رێگەم پێبدەن رای خۆم سەبارەت بەو دوو ئەفسانەو بۆچونی خۆم دەرببڕم ، من پێم وایە هەردوکیان لە ناوەرۆکدا هەندێک راستیان تێدایە بەلام دیسان وادەبینم کە هەردووکیان وێنەیەکی سادەی دیمەنەکەن بە مەزن کراویەوە . هەرچەند مرۆڤ لە روداوەکانی ئۆکتۆبەری 1917 نزیک بێتەوە ئەوەندە بڕوای کەم دەبێ کە حەتمیەتی مارکسیزمی ئەو شۆڕشە دورە لە راستی هەروەها حەتمیەتی نامارکسیزمەکەش بە هەمان شێوە ، دیسان تا نزیک بینەوە زیاتر هەڵەو ناڕێکی وگەندەلیەکانمان بۆ دەردەکەون ، زۆرجار ئەقلی مرۆڤ حەتمیەتی مێژوییی قەبوڵ دەکا ئەوجارانە ئەم حەتمیەتە هەموو ئەلتەرناتیڤێک وەلادەنێ و گومانەکان بەدی ناکەین ئەوکاتە ئەوەی دەیبینین زەرورەتێکە تەنها راستیەکان بەدی دەکەین .

پارتی بۆلشەڤیک لە ساڵی 1917 لە گەشەکردن بەردەوام بوو بە تایبەت لە شارە پیشەسازی وبازرگانیەکاندا ، هۆکاری ئەم پێشکەوتنەم نوسیوەتەوە ئەویش بریتیە لە :

سـەختی ژیـان لـە ولاتێکـی بـەزیو و بێتوانـایی حکومـەتی کـاتی لـە دابـین کردنـی پێداویستیەکانی زەرور بۆ گەل و توندی بیرور او خاوی لە سیاسەتی سۆشیالیزمی سەردەم و زیرەکی بۆلشەڤیک بۆ هاندانی خەڵک دژی حکومەت و نانەوەی ئاژاوە سەرباری ئەمانە هەموی نەمانی فشارو ستەمی قەیسەریەکان لەسەر خەڵک بونە هاندەر تا خەڵک داوای چاکسازی بکەن ، ئەمانە بونە هۆی ئەوەی بە دەیان هەزار خەڵک بچنە ریز بۆلشەڤیک ، دواتر بونە فاکتەرو زەمینە خۆشکەر بۆ ئەوەی لینین بتوانێ بەرنامەی خۆی لە پێشڕەوی رێکخراو هەموار بکات .

گومانی تیا نیە ئەم جۆرە حزبانە لە ناوەوەی چەند رەوتی لێ دروست دەبێ لەوانەی لە ناخەوە بە جیا لە یەکتر بیر دەکەنەوەو لەسەر بۆچونەکانیان ململانێ لەگەڵ یەکتر دەکەن بەم هۆیەوە حزب توشی لەت بوون هات.

رابینۆڤیچ لە دیراسەیەکی قولی دا باس لەو سەردەم دەکات، لە پەرتوکێکی بەناوی ( بۆلشەڤیک دەست بەسەر دەسەلاتدا دەگرێ ) دەنوسێ :

لەمانگـە شـپڕزەکانی سـاڵی 1917 ململانێیـەکی تونـد لـە نێـوان کۆمیتـەی مەرکـەزی وکۆمیتەی پترۆگراد هەروەها لەنێوان سەرکردایەتی حزب وکۆمیتەی شۆڕشی سەربازی، سەری هەڵدا (کۆمیتەی سەربازی ... وەکو نمایندەی سۆڤیەتی پترۆگراد بوو بەلام بە تەواوەتی لەژێر دەسەلاتی بۆلشەڤیک دابوو ) .

حزب بوو بە دوو لەت لەتێکیان بە سەرۆکایەتی لینین وترۆتسکی کە دەستیان بە هەموو فاکتەرەکانی یاخی بونەوە گرتبو، لەتەکەی تریش( بۆلشەڤیکە راستڕەوەکان ) بوون بەسەرۆکایەتی کەمنییڤ و رایکۆڤ و زینۆڤیڤ و نۆجن ، هەمویان ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بون حەزیان لە کارکردنی بەردەوام لە ناو سۆڤیەت دا دەکرد ، لەگەڵ پارتە چەپڕەوکان هاوپەیمانێکیان پێکهێنا بۆ ئەوەی شوێن حکومەتی کرنسکیی نەگونجاو بگرنەوە .

ئەوەی راستی بێ ئەگەر دەسەلاتی لینین بە کەسی خۆی نەبوایە کە بڕیاری دا ئەگەر هەمولایەک بەیەکەوە جولە نەکەن و کارنەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی شۆڕش کە بریتیە لە شۆڕشکردن و یاخی بون ئەوا هەموتان توشی شەڕی حزبی دەبن .... بەکورتیەکەی ئەگەر ڕۆلی لینین ی مێژویی نەبوایە شۆڕشی بۆلشەڤیی ئۆکتۆبەر هەڵنەدەگیرسا . سروشتی ئەم شۆڕشە وامان لێدەکا نەتوانین هەموو بۆچونەکانمان بە بەلگەوە بسەلمێنین ، بەلام پێم وایە نیشانەکان ئەوە دەسەلمێنن .

ترۆتسکی لە پەرتوکەکەی بەناوی ( مێژو ) دەڵێ: زۆر لە سەرکردە بۆلشەڤیەکان ئەوانەی هێشتا لە سەرکردەکانی بۆلشەڤیک بە نوێ دادەنرێ لە هەندێک رۆژگاری بەرتەسک دا راکانی لینینیان لە هی ترۆتسکی کەمتر پێ قەبول بوو. هەروەها لە پەرتوکی (رابینۆڤیچ) بۆمان دەر دەکەوێ کە زۆربەی سەرکردەکانی بۆلشەڤیک لە راکانی لینین ئەوانەی پەیوەست بوون بە شۆڕش بە گومان بوون لەوانەی کە جەختی لەسەر دەکردەوە رابینۆڤیچ بوو ، دەڵێ :

ئێمە ئەوانەی دەنگمان دژی لینین دا زیاتر بوین .

لەسەر ئاستی چینی زەحمەتکێش وسەربازەکاندا واپێدەچو نوێنەرانیان لە شارە سەرەکیەکان ئەوەی مەبەست وداخوازیان بوو پێکهێنانی حکومەتێکی سۆڤیەتی بوو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ پێکهێنانی حکومەت لە پارتە چەپڕەوکان کە دەسەلات لە ئەنجومەنێکی بەهێز وەردەگرێ کە بە پشت بەستن بەم جۆرە حکومەت سەقامگیری

فـەراهام دەکـا ( واتـە دابەشـکردنی زەوی وئـەنجام دانـی هاوپـەیمانی ئاشـتی و دانـانی سنورێک بـۆ لـەسێدارەدان و دەسـەڵاتی کرێکـاران کـە دەسـتیان گرتـوە بەسـەر هـەموو دام ودەزگاکانـی بـەرهـەمهێنان و ...)

دواتـر هـەرزو لیژنـەی دامـەزرانـدن کۆبـوەوەو بـە شـێوەیەکی فـەرمی شـێوەی حـوکمی لـە روسیا راگەیانـد . وا پێـدەچێ هـەموو مێـژوو نوسـان ئـەم راسـتیانە دەسـەلمێنن ، ڕاسـتە ئەوکاتەی بۆلشەڤیک دەسەڵاتی زەوت کردبو شۆڕشەکەیان لـەژێر دەمـامکی ( شـەرعیەتی سۆڤیەت) حەشاردابو بەمەش پاساوی ئەمری واقعیان دایە دەست سۆڤیەت هەروەکو لینین سور بوو لەسەر ئەوەی ئەم ناوەی لێ بنێ .

بۆ نمونە با رای سۆڤیەتیەک وەرگرین کە لەسەر ئاستی سیاسی خاوەنی رای خۆیەتی :

ئەو سۆڤیەتەی لـە کرۆنستاد دامـەزرا کـە سـەنتەری کەشتیگەلە لـە نزیک پترۆگرادئـەم سـەنتەرە رادیکالـە بـەوە بەناوبانگـە کەشـتیەوانەکانی خـاوەنی بیرۆکـەی سـەربەخۆو تایبەتیی خۆیانن . راو بۆچونەکانی ئەم سەنتەرە زۆر جیایە لەگـەڵ ئـەو راو بۆچونانـەی شۆڕشـی بۆلشـەڤیک خولقانـدبونی ئـەم سـۆڤیەتە (کرۆنسـتاد ) وەکـو رابینـۆڤیچ دەڵـێ پێشنیاری کۆتایی هێنان بە سەرمایەداریی کرد کە ناویان نا (تەقینـەوەی یەکلاکـەرەوە)، و دواتر دەسەڵات بکەوێتە دەست جوتیار وکرێکـار وسـەربازەکان کـە هـەمویان شۆڕشگێڕی ڕاسـتەقینەن دواجـار دامـەزرنـدنی کۆمـاری دیموکراسـی ، رابینـۆڤیچ دەڵـێ هـەموو گروپـە سۆشیالیستیەکان لەم سۆڤیەتە بەشدار دەبن ، ئاساییە ئەوکات روبەڕوی تەگـەرەی مـەزن ببێتەوە لە کێشەی ئەوە کەمتر نابێ کە بزاندرێ ئاخۆ کێ دەیەوێ درێـژە بـە جـەنگ بـدا وکێ دەیەوێ سنورداری کا ؟ .

دواتر دەنگۆی دوو جۆرە حکومەت هەبون :

یەکـەمیان/ حکومـەتێک هـەموو پارتـە نـا بۆلشـەڤیەکان تیایـدا بـەشـدار بـن لـەم حاڵـەتـە بۆلشەڤیک پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی دڵسۆز بۆ حکومەت پێکدێنێ .

دووەمیـان/ ئەنجومـەنێک هـەموو پارتـەکان تیایـدا بەشداربن لەوانـە بۆلشـەڤیکیش بـەم شێوەیە ئاراستەی سۆڤیەت روەو چـەپ دەبـێ . بـۆ ئـەم مەبەسـتە دانوسـتانی چڕو پڕ لـە نێـوان پارتـە چـەپڕەوکان ئـەنجام دران ، بـەڵام لـە نـاوەوەی مەنشـەڤیک کـە زۆر لـە پشتگیریەکانی لەدەست دابون ، رەوتێکی چەپڕەوانەی لە ناو سەر هەڵدا بە سەرۆکایەتی پارتۆڤ کە وەکو پلیکان روەو سەر هەلکشا ، کۆمەڵـەی مـارتۆڤ لـەگـەڵ بۆلشـەڤیک لەسـەر تێڕوانین لـە خێرا کۆتـایی هێنـان بـە جـەنگ و کۆمـەڵێک چاکسازیی تـر پێکهـات ، ئەمـە وێڕای ئەوەی وردە وردە لە سۆشیالیزم وەدور دەکەوتەوە ئەو شۆڕشـەی کـە مەنشـەظیەکان دەسـتیان پێیـەوە گرتـوە بـەرەو بۆرجوازیـەت دەبـا ، بۆیـە دەبینـین کـە بـە تێڕوانینـی بەلشـەڤیە راسترەوەکان ئـەم پێکێنـانو هاوپەیمانیتیـە پاراستنی شۆڕسـە لـە چارەنوسـی ڕەشی وەدور دەخا ، کامینێڤ وزینۆڤیڤ وادەبینن کە ئەمە دەبێتە مایەی کارەسات

*(سەیرلەوە دایە کە ژمارەیەکی کـەمی بۆلشـەڤیکدرکیان بـەوە دەکـرد کـە سـەرکەوتن لـەم پرۆسەیە دەبێتە مایەی روودانی کارەسات ).*

لـە نـاوەوەی حزبـی بۆلشـەڤیک کـامینێڤ وزینۆڤیـڤ سـەرۆکایەتی بەرهەلسـتکاری سـەرکردەکانی شۆڕشـیان کـرد بەدیـدی ئـەوان چەنـد سـاڵێک دوای شـۆڕش هەڵگیرسـاندن نـاکۆکی وململانـێ لـە نـاوەوەی بۆلشـەڤیک دژی بیـرو هەڵسـوکەوتەکانی لینینـی ئەرسەدۆکسی دەست پێدەکا. ئێستا کـە ئێمـە سـەیری ئـەم وتانـە دەکـەین دەڵێین وتـەی ژیرانـە بـوون ، بـە شـێوەیەکی تـەکتیکانـە جـەختیان لەسـەر دژایـەتی بۆچونـەکانی لینـین


دەکردەوە و چەندین بڕگەی ڕەخنەییان ڕاگەیاندن تیایدا مەترسیەکانی ئەم پڕۆسەیان ئاشکرا دەکردن بێ ئەوەی هیچ بەهایەک بۆ ئەو ئەنجامە ترسناکە دابنێن کە ئەگەر سەرکەوتن بەدەست نەهێنن دەبێ باجەکەی بدەن ، کاریێکی سەخت نیە لە وردەکاریەکانی مشتومڕی نێوان ریزەکانی بۆلشەڤیک بگەین کە هەر روی لە زیادە دەکرد بۆیە زۆر بە گورج و گۆلی توانیان دەست بەسەر دەسەلاتدا بگرن.

لە مانگی ئۆکتۆبەر هەریەک لە زینۆڤیڤ و کامینیڤ بەیاننامەیەکیان دەرکرد تیایدا جەختیان لەسەر گرنگی (بۆرجوازیی لاواز ) واتە چینی مامناوەنجی کردەوە ، ئەمەیان بۆ زیاد کرد (چینی زەحمەتکێش بەتەنیا ناتوانێ شۆڕش تەواو کا) یا بە دەستەواژەیەکی تر بلێین (گەیشتن بە ئامانجەکانی سۆشیالیزم کە حزب رایگەیاندوە) ، هەردووک سەرکردە وتیانەوە :

( ناتوانین چاوپۆشی لە چینێکی تری سێیەمی مەزن بکەین کە لە نێوان ئێمەو چینی جوتیاران دایە ئەویش چینی کەمینە بۆرجوازیە لەروی ژمارەو کاریگەرەوە بەهێزە ، ئەم چینە لە کێشەی کۆرنیلۆڤ کاتێک هاتە پالْمان بەو هۆیەوە سەرکەوتنمان بەدەست هێنا ئێستاش گومان لەوە دانیە کە دێتەپالْمان وهاوپەیمانیمان لەگەلْ دەبەستێ بەلام ئێستا لە چینی مام ناوەندی نزیکترە لەوەی لە ئێمە . کامینیڤ وزینوڤیڤ لە وتەکەی لینین بە گومان بون کاتێک وتی زۆرینەی دانیشتوانی روسیا پشتگیری لە بۆلشەڤیک دەکەن ( ئەرێ ڕاستە لینین بڕوای بەم وتەیەی خۆی هەبوو ؟ ) رای ئەوان وابوو کە زۆرینەی چینی زەحمەتکێش و ڕێژەیەکی زۆری سەربازەکان پشتگیری بۆلشەڤیک دەکەن ئەمە گومانی تیا نەبوو . هەردوو سەرکردە دەیان وت ئەوکاتەی هەلبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندن ئەنجام دەدرێ بۆلشەڤیک خۆی بە کەمینەی رەها دەبینێ ، زۆر لەو سۆڤیەتە دواکەوتوو ترن کە جوتیارەکان پشتگیریان لێ دەکەن .

هەروەها وتی : سەبارەت ئەو بۆچونەی لینین کە دەلێ زۆربەی پارتە کرێکاریەکانی دونیا لەگەلْ بۆلشەڤیک دان ، بۆ بێبەختی خۆمان ئێمە دەلێین ئەمە هەرگیز وانیە .

دواتر بێ گومان شۆڕش لە دەریاوانی ئەلْمانیا بایەخدارە بەلام ئەمە شتێکی مانۆریە ، ئەوە زۆر دورە کە ئەم شۆڕشە هیچ هاوکاریەک بە شۆڕشی کرێکاری جیهانی لە روسیا بگەیەنێ . لە کۆتاییدا دەلێم ئەگەر هێزەکانمان لە قەوارەی خۆی زیاتر بخەملێنین زیان بەخشیە .





*زینۆڤیێڤ* *لینین و کامینیێڤ*

لــە روی تـەکتیکیــەوە کــامینێڤ وزینوڤیــڤ هەڵــە بــوون ، ســەلمێنرا کــە زەوت کردنــی دەســـەڵات لـەلایــەن بۆلشــەڤیکەوە بـەوپــەڕی ئاســانی ئــەنجام درا ئــەو هۆشــداریانەی بۆلشــەڤیکە میانڕەوەکـان دایـان لـەسـەر ئاسـتی مێژوییــەوە هـیچ بنـەمایـەکیان نـەبوو ، ئـەگەر لـەو بـەخشینـە وردبینـەوە کە بۆلشەڤیک لـە پێناو دەستگرتن بـەدەسـەڵاتـەوە دابویـان و ئـەو بـەخشینانـەی گـەلی روسی دەبوایە بیدا، ئـەگەر بۆلشەڤیک لـە زەوتکردنـی دەسـەڵات بـەردەوام بێ ئـەوسا دەتوانین حوکم لـەسەر ئـەو مشتومڕەی کـامینیڤ وزینۆڤیڤ بـدەین کـە دەتوانین بلێین ئـەوان پاساوی ئـەوەیان هـەبوو و راستیش بـون . بـەم شێوەیە جوتیـارانی چینی مامناوەنجی لە گوندەکانی روسی دەبنـە بارگرانیـەک لـە سـەر شـانی رژێمی نوێ. ئـەمەش ئـەوە دەسەلمێنێ چینی زەحمـەتکێش لـەو ئاستـەدانیە بـەڵکو بڕواشـی بـەخۆیـەوە نیە کە بتوانێ کەسایـەتیی سۆشیالیزم بپارێزێ یا لـە روی سیاسیـەوە رێگـە لـەو جیاوازیـە بگـرێ کــە لــە نێـوان ئــەوان وحـوکمی ئۆتـۆکراتیی تـاکرەوی بۆلشــەڤیک دا هـەیـە. بــەڵام سـەبارەت بـە چینـی کرێکـاری جیهـانی پێم باشـە تێبینیـەکانی ترۆتسکی لـەو بارەیـەوە بخـەمە رو کە لـە کاتی گفتۆگۆکـانی دا لـەگـەڵ مـارتۆڤ لـە 1917 دەری بریبـون، ترۆتسکی وتـی :

( ئـەگەر روسیا لـەو دونیایە بێ هاوکاریکردن بـەتـەنیا بمێنێتـەوە من لێرەوە رادەگـەیـەنم ئـەو بـەهانـایـەی مارتۆڤ کە دەڵێ ( هێشتا روسیا پێنـەگـەییوە بۆئـەوەی قـەبولی سۆشیالیزم بکا ) ئـەگەر ئـەمە رویدا ئـەوا مارتۆڤ ڕاستـە .

نۆجین بـەیاننامـەیەکی لـەسەر دوارۆژ دەرکـرد لـە روی راستیـەوە بایـەخی خـۆی هـەبوو ، نۆجین کـەسێکی بۆلشـەڤیی میـانڕەوە ئێمـە ئـەوەنـدە نایناسین. دوای ئـەوەی حـزب جلـەوی دەسـەڵاتـی گرتـەدەست چـەند رایـەک لـە ئاسمانـی گـەردونـەکە دەبیستران لـەوانـە پێکهێنـانـی حکومــەتێکی ئیئتلافــی ، بــەڵام ســەرۆکایـەتیی باڵادەسـت سـوربوو لـەســەر ئــەوەی دەبــی حکومـەتێکی بۆلشـەڤیک بێ و بـەس ، ئـەوکات ئیتر زۆر لـە بۆلشـەڤیـەکان وازهێنـانـی خۆیـان لـە حـزب راگـەیانـد لـەوانـە نـۆجین کـە وتـی : (ئـەم جـۆرە حکومـەتـە نـاتوانێ لـە دەسـەڵات گرتنـەدەست بـەردەوام بێ تـەنها لـە رێگـەی تۆقاندنـی سیاسیانـەوە نـەبێ ) هـەروەها وتـی : (ئـەمە نوێنـەری رژێمێکی نـا بـەرپرسیارە گومـان لـەوەدانیـە هـەموو رێکخـراوە کرێکاریـەکان لەســەر کورســیی رێبـەرایــەتیی سیاســی وەلادەنــێ) ئــەم دەســتـەواژەیە لــە دەمــی ســەرکردەیـەکی پلــە دووی بۆلشــەڤیک بیســترا بـەلگـەیــەکی بــەهێزە بــۆ پشــتگیری لــە مشتومڕەکانـی زینۆڤیـڤ و کـامینیڤ بـەڵکو وەڵامێکیش بـێ بـۆ پرسیارەکـەی لینـین کـە لـە پـەرتوکـەکـەیدا بـەنـاوی (ئایا بۆلشـەڤیک دەسـەڵاتـی دەوڵـەت دەپارێزێ ) وتبـوی : ئـەگـەر لـە دوای شۆڕشی 1905 130 هـەزار مولکداری زەوی توانیبیان لـە روسیا دەست بگرن بـەسـەر دەسـەڵاتـەوە، رێگـر چیـە 240 هــەزار ئـەنـدامی بۆلشـەڤیک حـوکم نـەگرنـەدەست ؟ ( دەبـێ ئـەوە بڵێم کە ئـەو 240 هـەزارە ئـەگەر هـەوڵیان دا دەتوانن ، ئـەمە بـە وەلانـانـی گیـانی ئـەو ستـەم وزۆرداریـەی کە ئـەو 130 هـەزارە گرتبویـانـە بـەر .

ئـەوەی بۆلشەڤیکە راستڕەوەکان (میانڕەوەکان) مبـەستیان بـوو لـە پێشنیارەکـەی مـارتۆڤ نزیک بوو واتـە : خولێکی پـەرلـەمانی بـە پشتبـەستن بـە پێکهێنـانـی حکومـەتێکی سۆڤیـەتیی ئاشتیخواز ئـەم حکومـەتـەش ئامادەبێ لـە ئـەنجومـەنێکی دامـەزرانـدن کـە زۆرینـەی رەهـای لـە پارتـە چـەپڕەوکان بن ئـەوکاتـە ئـەو پارتـانـە خـەسلـەتـی فـەرمی لـەدەسـەڵاتـی دیموکراسـی وەردەگرن .

ئەوەی شیاوی باسە گفتوگۆکانی لینین وترۆتسکی بۆ گەیشتن بەحوکمێکی دیموکراسی سەنگی ئەوەیان هەبوو بۆی ببنە پاساو. چۆن دەتوانین ئەمە بڕوا بکەین کە مەنشەڤیک و ئەنجومەن (سۆڤیەت) بتوانن یاسای چاکسازی دارێژن لە کاتێکا لە مانگەکانی دوای دەسەلات گرتنەدەست لە حکومەتی کاتی هیچ هەنگاوێکی لەم بابەتەیان نە ناوە ؟ دیسان چۆن دەلوێ بۆ حکومەتی ئیئتلافیی سۆشیالیست لەسەر ئاستی حزب هەڵوێستێکی رونی نەبێ لە کاتێکا ئێمە پارتە سۆشیالیستەکان دەبینین بەشێوەیەک لە شێوەکان لە نێو خۆیاندا دابەش بونە ؟ دوای ئەوە ئاشکرا نیە کە ئەم جۆرە رژێمانە دەبنە هۆی لاواز بون و داتەپینی گیانی میلەت کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشی راستڕەوەکان؟ ئەلبەت بۆ ئەم جۆرە پرسیارانە وەلام هەیە ، دەستەی دژی جەنگ لە نێوان ریزی مەنشەڤیک نوێنەری کوتلە میلیەکان لە جاران بەهێزتر فشار دەخەنە سەر حکومەتی سۆشیالیست تا هەڵوێستێکی جوامێرانەتر وەربگرێ ، بەلام پشتگیریی کرێکارو سەربازەکان بۆ پارتەکانی سۆڤیەت (ئەنجومەن) بە رادەیەک بەهێز بو کە ئەگەری سەرکەوتنی دژە شۆڕش لاواز بوو .

هەمو ئەو پرسانەی لێرە دەمانەوێ چارەسەریان بکەین بۆچون ومەزندەن چاوەڕوانی ئەوەیان لێ ناکرێ کە بە ئەنجامێکی مسۆگەر بگەین . ئەگەر نەختێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە و چاوێک بە مێژودا بخشێنین و بە ئەنجامەکانی بۆلشەڤیکدا بچینەوە لەوکاتەی دەسەلاتی گرتبوەدەست ، سەختە بڕوابکەین چارەنوسی روسیا رەش دەبێ بەمەرجێ لەسەر ئەو هێلانەبچن کە زینۆڤیڤ و کامینیڤ و نۆجین ی میانڕەو و ئەوانیتر دایان رشتبو بەلام لێرەش هەندێک رێ تێچونی کەم هەن کە ئەوسا روسیا رژێمی دیموکراسی بپارێزێ .

لێرە مرۆڤ دەتوانێ وەلامی ئەوە بداتەوە رۆلی مرۆڤ لە مێژو چی دەبێ . بڕیارەکانی لینین بە دەسەلاتی بالادەستی وتوانا سیاسیەکانیەوە هاندەربون لەسەر شۆڕش و ئەنجامە یەکلا کەرەوەکانی .

لە میانەی ئەو هەفتانەی دوای زەوت کردنی دەسەلات ناکۆکیەکی توند لە نێوان بۆلشەڤیک وپارتەچەپڕەو دۆڕاوەکان سەری هەڵدا . روبەڕوی توند رویاندا توندتر لەوەی لە کاتی مشتومڕەکان رەچاودەکران :

لە نیوەڕۆی 25 ی ئۆکتۆبەر، شۆڕش لە پترۆگراد سەرکەوت سۆڤیەتی پترۆگراد دانیشتنێکی بەست وترۆتسکی رایگەیاند :

( لە جیات لیژنەی شۆڕشی عەسکەری رادەگەیەنم کە حکومەتی کاتی هیچ بونێکی نیە ) دەنگی جۆشدار و هتافی جەماوەری گوێگر بەرز بۆوە ، بە پێویستی دەزانم بڵێم کە بەر لە دوو رۆژ لەو راگەیاندنە ترۆتسکی وتی ( نانەوەی کێشەیەکی چەکداری ئەمرۆ یا بەیانی کە لە سەروبەندی کۆنگرەی سۆڤیەتەکان (ئەنجومەنەکان) ی روسی داین هەرگیز ئەوە نیازمان نیە ). یەکێک لە گوێگرەکان قسەی بە ترۆتسکی بری ، وتی:

( واپێدەچێ ئێوە پێشوەخت باس لە حەزەکانی دووەم کۆنگرەی سۆڤیەتەکان دەکەن ! )

ترۆتسکی بەم ناوبڕە گڕو تینی تێکەوت ، بە دەنگێکی بەرزو بڕوا بەخۆبونەوە وەلامی دایەوە وتی : ( حەزی کۆنگرەی دووەم ، شۆڕشی زەحمەتکێش وسەربازان بەڕونی بڕیاریان لەسەر داوەو دەریان بڕیوە ) بەم شێوەیە بۆلشەڤیە سەرکەوتوەکان دڵنیابون لەوەی سۆڤیەتەکان خاوەنی سەروەری و دەسەلاتی سەربەخۆ نین ئەمەش لە رێگەی زاڵ

بـون بـەسـەر خواسـتـی کرێکـار وزەحمەتکێشـان کـرا ، بـە زاڵ بـون بـەسـەر ئیـرادەو ویسـتـی ئـەوان بوو .

لـە هـەمان ئێـوارە کـۆنگرەی سـۆڤیـەتـەکـانـی سـەرتاسـەری روسیا بـەسـترا ، بۆلشـەڤیـەکان زۆرینـەی رەهایان بـەدەست هێنا ئـەمـەش ئـەوە دەگـەیـەنێ کە بۆلشـەڤیـەکان توانیـان شـوێن خۆیان لـە ناو دڵـی جـەماوەر بکـەنـەوە ( بـەر لـە تـەموز ژمارەی ئـەندامانـی پارتـی بۆلشەڤیک لـە پترۆگراد گـەیشتبوە 32000 بـەڵام مـەنشـەڤیـەکان ژمارەیـان 30000 کـەس بـوو ) بـەر لـە بەستنی کۆنگرە مـەنشـەڤیـەکان بـەهـۆی زەوت کردنی دەسـەڵاتـەوە هێرشـێکی سـەختیان دژی بۆلشـەڤیک بـەرپاکرد لـەم هێرشـەیاندا دەیان وت :

( ئـەوەی بۆلشـەڤیک دەیکـا پێشـێل کردنـی بنـەماکانی دیموکراسـیـە، ئـەم رەفتارانـە شـەرعیـەتی سۆڤیـەت لـەدەست دەدا ، بۆیـە مـارتۆڤ کـە بـەناوی بـاڵی چـەپڕەوکانی پـارتـی مـەنشـەڤیک دەدوا پێشـنیاری کـرد کـۆنگرە سـەبارەت بـە ناکۆکیـەکان بڕیـارێکی ئاشـتیانـە دەربکا بـە رەچاوکردنـی دامـەزراندنی حکومـەتێکی پـەرلـەمانی بـۆ هـەموو سۆڤیـەتـەکان کـە ببێتە پێشـەنگی ئـەنجومـەنی دامەزراندن .

نوێنـەرەکان بـۆ پشتگیری ئـەم پێشـنیارە دەنگیـان بـەرزکردەوە ، لۆناشرسکی سـەبارەت بـەم پێشنیارە هـەڵسایـەوە و وتـی : ( پارتـەکـەمان لـەگـەڵ ئـەم پێشـنیارە نـاکۆک نیـە) ئـەمـە لـەگەڵ ئـەوەی لۆناشرسکی لـە بۆلشـەڤیـەکانی میانڕەو بوو .

لێرەدا پرسیار ئـەوەیـە ( ئایا ئـەمـەی بـە دڵسۆزیـەوە وت ؟ هـەندێک لـە بۆلشـەڤیـەکان ئـەم بۆچونـەیان بـە راست و بـە دڵسۆزیـەوە وەرگـرت بـەڵام هـەنـدێکی تـر وتیـان: نـەخێر ئـەم پێشنیارەیان تـەنها بـۆ بردنـەوەی کاتـە تـا ئـەوکاتـەی جێپێی خۆیان قـایم دەکـەن . دواتـر پێشنیارەکـەی مـارتۆڤ بـە کـۆی دەنـگ بڕیـاری لـەسـەر درا ، ئـا لـەم خاڵـەدا وەرچـەرخانـی هـەڵـە لـە بڕیـاری مـەنشـەڤیک ورادیکالیستـە راستڕەوەکان رویـدا چونکـە لـە کۆنگرەکـە کشـانـەوە بـە گوتـەی ئـەو گوایـە ئـەم بڕیـارە بـە پالپشتی هێزەوە بـە ئـەنجام گـەیشتوە ، بـەڵام مارتۆڤ کە توشی مـەزنترین حاڵـەتی سەرگـەردانی بوو لـەم ناوە سـەری سورما ، لـە نێوان حـەزکردن بـە رەتکردنـەوەی یاخی بونی بۆلشـەڤیـەکان وپێویستیی بـە دۆزینـەوەی رێگـە چارەیـەکی مامناوەنـدی بـۆ کێشـەکە ، لـەسـەر ئـەو رایـە وەستا کـە ئـەنجومـەن بـە ئـەرکی دەرکردنـی بڕیارێک هـەلسێ تیایـدا بـەرپرسیارێتی بخاتـە سـەر کودەتاچیـەکان و بانگخوازی حکومـەتێکی دیموکراسی بکا کە بۆلشەڤیـەکانیش تیایدا بـەشدار بـن . ئـا لێرە ترۆتسکی قسـەکـەری فـەرمیی بۆلشـەڤیک هـەڵدەستێ ، دەچێتـە سـەر سـەکۆکە کـە زۆر لـە نزیک برادەرە کۆنـەکـەی(مارتۆڤ) ەوە بوو ، ئـەوکاتـە شاهیدحاڵێکی ئـەمریکی بـەناوی جـۆن رید لـە هۆڵـەکە بوو بۆمانـی باس دەکرد وتـی ، ترۆتسکی کە بـەلای پێشـەوە لار ببـوەوە ( بـە روێکی بزرکاو بـەڵام بـە ووشـەی پڕ سۆز ودڵکراوە) وەڵامـی دایـەوەو وتـی:

( شۆڕشی جـەماوەر پێویستی بـە پاساو نیـە ، ئـەوەی رویدا شۆڕش بوو پیلان نـەبوو ، ئێمـە تواناکانی سـەربازو کرێکارەکـانی پترۆگرادمـان تونـد کـرد ، کـەوایـە هـیـچ شتێک لـە ئـارادا نیـە نـاوی چارەسـەریی مامناوەنـدی بێـت . سـەبارەت ئـەوانـەی کـە جێیـان هێشـتین و ئـەوانـەی داوای ئـەوەمان لێدەکـەن دەبـێ وەڵامیان بدەینـەوە و دەڵێین : ئێوە هـەژارو مفلیس نـەبن هیچـی تـر نـین ، ئێـوە ڕۆڵـی خۆتـان گێـرا ئێستاش سـەربـەکوێن بچونـە ئـەوێ ، بـۆ سـەندوقی خـۆڵ و زبلدانـی مێژو).

گومـانـی تیـا نیـە ئـەم جـۆرە وتانـە لـەسـەر زمـانـی کـەسێک ببیسترێن دەبـێ مێـژو حـوکمی رەتکردنـەوەی لـەسـەر بدا دواتر ئـەمـە مـەترسی و نـا ئـارامیی لـێ بـەدی دەکرێ. ترسناک و نـا

ئارامیە چونکە بێژەرەکەی لە بۆچونەکانیدا راستیی نە پێکابو ئەوانەی ئەو ناوی بردن کە بچن بۆ زبلدانی مێژو ئەوانە هەمو دەم دەم شیاوی ئەم زاراوەیە نەبون دواتر ئەوانەی لەسەر ئاستی سیاسیش بە هەمان شێوە راست بون.

مارتۆڤ بە دەم لەرزین و بێ ئومێدەوە هاوار دەکا : ئێمە ئێرە جێ دەهێلین، پۆریس نیکۆلاڤسکی برادەری مارتۆڤ دەگێرێتەوە: مارتۆڤ بە بێ دەنگی خشکەی دەکرد بێ ئەوەی هیچ ئاورێک لە دواوەی خۆی بداتەوە تا گەیشتە بەردەم دەرگای چونەدەر ، ئەوسا گەنجێکی بۆلشەڤیک بە دڵتەنگیەوە دەڵێ : ئەوەی بیرمان لێدەکردەوە ئەوەبو کە بەلانی کەم مارتۆڤ لەگەڵمان دەمێنێتەوە، ئەم ووشانە دڵی مارتۆڤیان زامدار کرد ، وەستاو سەری بۆ سەرەوە بەرز کردەوە وەکو ئەوەی بیەوێ وەڵامی داتەوە بەڵام هەر ئەوەندەی وت : رۆژێک لەرۆژان قەوارەی ئەو تاوانە دەزانی کە تۆ بەشداریی تیا دەکەیت .

ئەوەی نا باوە ئەم کرێکارە بۆلشەڤیە ئیڤان ئاکۆلۆڤ بوو لە سیەکان کاتێک ستالین ئۆپەراسیۆنی پاکسازی دەست پێدەکا ئەم گەنجە بێسەروشوێن دەبێ ، واپێدەچێ ئەوەی بوە چارەنوسی حکومەتی سۆڤیەت بوو بە چارەنوسی ئەم گەنجەش .

دەبینین لە سەرەتاکانی نۆڤەمبەر یەکیەتی کرێکارانی هێلی ئاسنین (ڤکجل) لە کاتی بەستنی دانیشتنەکانی کۆنگرەی سۆڤیەتەکاندا دەڵێ یەکیەتیی کرێکاران تا ئێستا سورە لەسەر ئەوەی نارازیە لە دەست بەسەرداگرتنی یەک حزب بەسەر هەموو دەسەڵاتدا . یەکیەتی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێ سیستەمێک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی هێزە کرێکاریەکانی هەموو پارتە سۆشیالیستیەکان بەشدار بن لە حکومەت دواتر رونی کردەوە کە دەبێ یەکیەتیە کەیان دەسەڵاتی بەسەر هەموو هێلی ئاسنینی وڵاتدا هەبێ .

یەکیەتی بە وە کۆتایی بە راگەیاندنەکەی خۆی هێنا کە لە کاتی تۆلە سەندنەوە لە ئەندامەکانی لە پترۆگراد هەرەشەی نانبڕینیان لێ دەکا . بێگومان ئەم جۆرە هەرەشانە مایەی بە هەند وەرگرتن بون چونکە یەکیەتی سەنگ و کاریگەری ستراتیجی خۆی هەبو ، دانوستانەکان درێژەیان پێدرا :

ترۆتسکی ولینین بۆ ماوەیەک بێدەنگیان نواند. شایانی باسە لێرە ئاماژە بەوە بدەین کە لیۆنارد شابیرۆی ئازاو بوێر وتی :

( وەکو هەوڵی دڵسۆزانە بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافی بەرفراوانتر دانوستانەکان بەدی دەکران بەم شێوەیە ئەگەری شەڕی ناوەخۆ دوردەکەونەوەو حوکمرانی کەمینەش بە هێزەوە نامێنێ ) .

لێرەدا دوبارە بێ ئەوەی راکان جێگیر بن مەنشەڤیک ورادیکالیستە راسترەوەکان هەڵوێستێک وەردەگرن کە دەتوانین بلێین کەمتر ئاماژە بە خۆبەزل زانینی بێبنەما دەدا :

یەکەم راگەیاندنیان ئەوەبو دەبێ بۆلشەڤیک لە دەرەوەی ئەم جۆرە حکومەتەدا بێ ، چونکە پێشێلی سەروەریەکانی دیموکراسیان کردوە ( بێ گومان وایە بەڵام دەبێ ئەوە بزانین ئەوان خاوەنی هێزن ) ، دواتر مەنشەڤیک ورادیکالیستە راسترەوەکان لە زیادەرۆییەکەی خۆیان دابەزین و لەسەر پێکهێنانی حکومەتی ئیئتلافی رازی بون کە بۆلشەڤیک تیایدا بەشدار بێ بەمەرجی ئەوەی ترۆتسکی ولینین لەناو حکومەتەکەدا نەبن .

ئەگەر ئەوکات پارتە سۆشیالیستەکان هاوکاری و پشتیوانی لینین و ترۆتسکیان بکرد بایە دەکرێ کاری باشتریان لەبەر بچوبایە ، لە دانیشتنێکی تری لیژنەی مەرکەزیی بۆلشەڤیک لینین هەڵدەستێتەوە و دەڵێ :
( ئەو مشتومڕەی یەکیەتی هێلی ئاسنین (ڤکجل) هیچی چارەسەر نەکرد بە رای من ئەمە دەبوایە وەکو راگەیاندنی شەر سەیری بکەین کە بە بڕیاری سیاسی پەردەپۆش کرابو ، مەبەستم ئەوەیە دەرفەتیان بە حکومەتی بۆلشەڤیک داوە تا زەخیرەو تفاق بنێرێتە مۆسکۆ چونکە هێشتا شۆڕش تەواو نەبوە . لەم میانە کەلێنی ناکۆکیەکانی نێوان بۆلشەڤیک زیادیان کرد .
لە 15 ی نۆڤەمبەر لە کاتی بە ستنی دانیشتنەکانی لیژنەی مەرکەزیی سۆڤیەتەکان ئەوەی رویدا ئەوەبو بۆلشەڤیە میانڕەوەکان سەبارەت بە دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافی دەنگیان دژی هێلی حزبی دا. دوای دوو رۆژ حەوت یا هەشت لە ئەندامانی حوکمەتی بۆلشەڤیک بەهۆی راگرتنی رۆژنامەیەکی ئازادی بۆرجوازەکان دەستیان لە کار کێشایەوە . ئەوەندەی نەبرد یاخی بونەکەیان هەرەسی هێنا لەبەر ئەوەی :
یەکەم : دژایەتی کردنی لینین لە ناوەوەی سەرکرادیەتی هەمیشەیی نەبو و پشتی بە هیچ بنەمایەکی ویستراو نەدەبەست .
دوەمیشیان : چونکە پارتە سۆشیالیستەکانی تر هیچ توانایەکی ئەوتۆیان لێ وەدەر نەکەوت سەرباری ئەوەش بڕیارەکە پەسند کرابو .
بەم شێوەیە هێزەکە بەدەست لینین وترۆتسکی مایەوە هەرنەبێ لە پایتەخت، تەنها ئەوە نەبێ کە بۆ ماوەیەکی کەم چەند لە کەسانی رادیکالیستی راستڕەو هاتنە ناو حکومەتەکە بەڵام دەسەڵات هەر بەدەست بۆلشەڤیەکان بوو .
ئەو ئۆپۆزسیۆنەی رادیکالیستە مەنشەڤیەکان رابەرایەتیان دەکرد بۆماوەیەکی کەم لە قسەکردن بەردەوام بوو.
دوای بەسەر چونی حەوت هەفتە بەسەر شۆڕش ، رۆژنامەی مەکسیم گۆرکی (نۆڤایا جیزا) رەخنەی توند لە دەسەڵاتی نوێ دەگرێ .
دەسەلاتی سۆڤیەتەکان مەرەکەبی سەر کاخەز بو هیچ بونێکی نەبوو ، لە کۆنگرەی دوەمی سۆڤیەتەکان روبەڕوی روالەتێک بونەوە کە دەسەڵاتیان لێ سەندرایەوەو، دەسەڵات لە سەرتاسەری روسیا کەوتەدەست بۆلشەڤیک. دانیشتنەکانی کۆنگرەی سۆڤیەتەکان بە رەوشێکی دژوارو یاخیەوە بەردەوام بوو، بۆلشەڤیەکان پشتیان بە هێزی جەنگ و چەکەوە بەست ، لە شارە هەرێمیەکان کە هێشتا بۆلشەڤیک لێی باڵا دەست نەبو سۆڤیەتەکان کەوتنە دڵەڕاوکێ و ڕاڕاییەوە، بۆلشەڤیەکانیش بە نیشاندانی هێز ترسیان دەخستە دڵی سۆڤیەتەکان. ئەو دروشمەی کە دەیان وت ( هەمو هێزەکە بەدەست سۆڤیەتەکانە ) گۆڕا، بو بە ( هەمو هێزەکە بەدەست کەمینەی بۆلشەڤیکە ) ، هێزی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان لە هەرەسهێناندا بوو خەریک بو هیچ ئاسەوارێکیان نەدەما زاراوەی ( کۆماری سۆڤیەتەکان ) هیچ مانایەکی نەدەبەخشی ، بو بە ووشەیەکی پووچ ، ئەوەی راستی بێ دەسەڵات کەوتە دەست کەمینە و بە دروستی دەستیان بەسەردا گرت. بو بە کۆماری کەمینەی سەرۆکی دەزگا ئیداریەکان .
لە بیرۆکەی حکومەتی ئیئتیلافیی سۆشیالیستدا لەوانەیە هەندێکم پێوەنابێ و بە زیادەوە باسم لێیەوە کردبێ ، بەڵام دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر هیچ بیرۆکەو ئومێدێک بۆ

ئەم هزرە نەمان ، وەکو هزر وبیرۆکە ،هیچ خەراپیی نەبوو بەلام گرنگیی لەوەدابو کە ببوە مایەی مەبەستی شەڕفرۆشتنی ناودارە سەرەکیەکانی سیاسی ئەوانەی ئەوکات دەستیان دەدایە کارەکانیان . پارێزەرانی بۆلشەڤیک گفتوگۆیان لەسەر ئەم بابەتە کرد ئامانجیان لەو گفتوگۆیانە پەردەپۆش کردنی بیرۆکەکە بوو بە شێوەیەک لە شێوەکانی دیموکراسی ، دەیان وت : لەو کارانەی کەلینین پێی هەڵساوە لە پێکهێنانی حکومەت لە ئەندامانی حزبەکەی هیچ شتێک نیە ناوی ( نادیموکراسی بێ ) . ئەمە ناچێتە ناو دڵەوە بلێین ئەمە ڕاستە بەلام تاکە حزب دەسەلات بگرێتە دەست دیارە کە دەبێ لە ڕێگەی پیادەکردنی بنەماکانی دیموکراسیەوە بگاتە لوتکەی دەسەلات لەو حالەتە دەبێ مافی پارتەکانی تر ئەوانەی بە دەسەلات نەگەیشتون فەراموش نەکا ومافیان پارێزراو بێ ئەو کاتە دەتوانین بلێین ئەم حوکمە حوکمێکی دیموکراسیە بەلام لەبەر ئەوەی ئەم خەسلەتانەو ئەم مەرجانە لە حکومەتەکەی بۆلشەڤیکدا بەدی نەدەکران بۆیە ئەو دانوستانانەی لەگەڵ پارتە سۆشیالیستەکان لە 1917 دەکران، هەرەسیان هێناو سەرکەوتوو نەبون .

کەوایە ترۆتسکی ئەوکاتە لەسەر راست بو کاتێک بە تورەییەوە بە مارتۆڤی وت : هیچ چارەسەریەکی مامناوەندی نیە بۆ ئەم کێشەیە، چونکە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ پارتێک بە هێزەوە دەسەلاتی زەوت کردوە دەبێ پارتەکانی تریش ، ئەو پارتانەی کە دەسەلاتیان لێ سەندراونەتەوە لە حوکم رانی بەشدار بن ، دیارە گومانی تیا نیە ئەم جۆرە بەشداری پێکردنە مەحاڵە و نزیک نیە . کاتێک بەم ئاستە قسەدەکات ئەگەر هێزی بەرانبەر خاوەنی هێز بوایە بۆ فشار خستنە سەر بۆلشەڤیەکان ئەوا بەدڵنیایەوە ئەو هێزە لە کاتو ساتی گونجاو یاخی دەبو . بۆلشەڤیکە میانڕەوەکان زۆر دڵگران بون بۆ ئەو هەڵوێستەی لینین بەلام لەوکاتە لە توانایاندا نەبوو هەڵوێست وەرگرن ئەوان دڵنیا بون لەوەی لەوکاتە کە لینین لە سەرکەوتن دابوو هەموو هەنگاوێکیان شکست خوارد دەبوو.

لەکاتی گەڕانەوەی بۆ روسیا دوای شۆڕشی شوباتی 1917 لینین رایگەیاند کە روسیا زیاتر لە هەر ولاتێکی ئەوروپی دەبێ ئازادی بەخۆوە بگرێ . لینین راستی دەوت ، ئەوەی لەوسەردەمە روسیا لە ئازادیە گشتیەکان بەخۆیەوە بینی لە هەموو سەردەمی دەسەلاتی قەیسەر بەخۆیەوەی نەبینی بوو ئەوکات هیچ کەس و چینێک لە توانایاندا نەبوو لێوەکانی لەسەر یەک هەلگرێ بە یەک پەیف رایخۆی دەربڕێ بەلام ئێستا هەموو پێکهاتەکانی گەلی روسی لەوپەری ئازادی رادەربڕیندا دەژیێن بەتایبەت چینی سۆشیالیست لە توانایدایە هەموو چالاکیەکانی بەئەنجام بگەیەنێ هەروەها چینەکانی تریش بە هەمان شێوە.

دیسان شێوەی سۆشیالیزمی نوێی تر گەشەیان کردو پەرەیان سەند لیژنەی خۆجێ یەتیی جوتیاران دروست بون ، ئەمانە هەندێک نمونەن کە لە سێبەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوژانەوەو سەریان هەڵدا . شیاوی باسە لێرە ئاماژەی پێبدەین کە لە نێوان مانگەکانی شوبات وئۆکتۆبەر کێشە کۆمەلایەتیەکان کەلەکەیان کردبوو یا هەرنەبێ بەدەر کەوتنێکی خێراتر لە جاران سەریان هەڵدەدا بێ ئەوەی توانای دۆزینەوەی هیچ رێگە چارەیەکیان بۆ هەبێ . بە مسۆگەریش پارتە چەپە توندڕەوەکان وەکو بۆلشەڤیک وئەوانی تر ئەوکاتەی وتیان حکومەتی کاتی حکومەتێکی ترسنۆکە و گونجاوە بۆ حوکمران توشی رەخنەی توند هاتن.

واپێدەچو وڵات پێویستی بە سەقامگیری هەبێ ئەو کەش و هەوایە توندوتیژیەی ساڵی 1917 ناکرێ تا کۆتایی بەردەوام بێ ، لینین ئەو سات و وەختەی هەڵسەنگاند درکی بەوە کرد کە کاتەکە هاتوە بەڵکو جارێکی تر دوبارە نەبێتەوە ئەم هەر لەسەر لوتکەی دەسەڵات بێ ، دیسان گومانیش لەوەدانیە تواناکانی گوتارخوێندنەوەی ترۆتسکی کاریگەریەکی باشی بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی لینین دەبێ . بەڵام لەم ماوە کورتەدا لە سەرکەوتن کەس ناتوانێ ئەوەی لینین لە بەهاری 1917 سەبارەت بە روسیا دەربیری بە راستی بزانێ ، ئەوکاتەی وتی:( روسیا باشترین وڵاتە لە ئەوروپا ) .

وا پێدەچێ راکانی ترۆتسکیی خاوەن بیردۆزەکان خەریک بوو جێبەجێ دەبون ئەو بیرۆکەی دەیوت ، گۆڕان لە بۆرجوازیەوە بۆ شۆڕشی کرێکاری زەحمەتکێشەوە دەبێ ، خەریک بوو بە ئەنجام دەگەیشت ، ئەمە بوە پاساوێکی مێژویی بۆ دەستگرتنی بۆلشەڤیەکان بەسەر دەسەڵاتەوە . هەر ئەو تیۆریانەش ئەو هۆکارانەی رون کردنەوە کە خەریک بو شۆڕش بەرەو هەلدێر دەرۆیشت ئەگەر شۆڕشێکی تر لە رۆژئاواوە بەهانایەوە نەیەو رزگاری نەکا. زانراوە ئەگەر کەمینە دەست بگرێ بەسەر دەسەڵات لەگەڵ ئەوەی بەناوی سۆشیالیزم دەسەڵاتیان زەوتکردوە ئەوکات ئاساییە کپ کردن و کوشتن و برین روبدەن  هەروەها دەبێ خۆی لە نەیار ورکابەرانی رزگارکا، ئەوەی شیاوی باسە ئەوکات رەخنەگران خەڵکیان لەم ئەنجامانە ئاگادار کردەوە .

دیسان لە حاڵەتی ئەوەی کەمینە دەسەڵات دەگرێتەدەست رو لە کاری هەرەمەکی وهەندێک هەنگاوی وا دەکا کە کەس خەونی پێوە نەبینیبێ بەتایبەت لە بواری سیاسەتەکانی ئابوری هەندێک جار سیاسەتێک پیادەدەکا کە پێشتر کەس بایەخی پێنەدابێ .

سۆخانۆف لە یاداشتەکانی کە لەسەر پڕۆپاگەندە کردن لەسەر بۆلشەڤیەکان بەر لە زەوت کردنی دەسەڵات ئەمەی تێبینی کردوە ، دەڵێ :

( کەمترین ئاماژە بۆ بەرنامەی ئابوری لە ئارادا نەبوو ) .

بۆ ئەم ئاستەنگانەی بەر لە زەوت کردنی دەسەڵات هەریەکە لە بەرهەلستکارو پالپشتەکانی بۆلشەڤیک رایانگەیاندوە لەوانە،  ئیسحاق دۆچیری لایەنگری بۆلشەڤیک لە پەروتوکەکەیدا لە 1917 دەڵێ :

لە سەرەتا بیر لە دیموکراسەیتی سۆڤیەتە گشتیەکان نەکرابوەوە کە دەوڵەتێکی ستەمکار وزەوتکاری هەموو بنەماکانە چونکە هەموی لە یەک کەرەستە دروست کراون سەرکردەی دەوڵەتەکە دڵنیابو لەوەی هەموو گەلی روسی لە ئومێدەکان بەشدارن . هیچ کاتێک ئەو سەرکردانە بیریان لەوە نەکردبوەوە ئەگەر ئەوان هەڵەبن چی بکەن باشە ؟.

بیرکردنەوەکە نیشانەی زیرەکیە بەڵام راست نیە . چونکە مارتۆف و لایەنگرانی چاکسازی  لە ناوەوەی حزبی بۆلشەڤیک بیریان لەمە کردبوەوە کە هەر کاتێک ستەم وزۆرداریی دەسەڵاتی کەمینە لە کۆمەڵگایەکی لەیەک هەلوەشاوەی هەژار ئەگەر گۆڕانەکانی رادیکالیزمی بەسەردا بسەپێنرێ ئەنجامەکەی دەبێتە دکتاتۆریەت . کەس نەبوو ئەوکاتە درک بە بۆچونەکانی ستالینیزم بکات بەڵام بۆپارتە چەپڕەوکان و ئەوانی تریش ئەو رەوشەی تیایدا دەژیان پێشەکیەکی گونجاو بو بۆ حوکمی ستالینی . دەبێ ترۆتسکی خۆی  .... ترۆتسکیی کۆن خۆی لەم توانایانە ئاگادار نەکردبێتەوە ؟

بەڵام ترۆتسکی ئێستا لەو پەری هێزو لوتکەی دەسەڵات دایە ئەمەش بەهۆی ئازایەتی و خەسلەتە درەوشاوەییەکانیەتی  هەموو خەونەکانی بە ئەنجام گەیشتن . وەکو جاران

وەکو ترۆتسکیی کۆن بیری نەدەکردەوە ئەوکاتەی ئاگاداری و هۆشداریی دەدان بۆ حوکمی تاکرەوو کەمینەی زەوتکار ، دەبێ ئەوەی کاتی خۆی درکی پێ دەکرد ئێستا لە سەروبەندی رودان دابێ ؟

ترۆتسکی ئێستا دڵنیا بو لەوەی ئەودیدە مێژوییەی هەردەم لەگەڵ مارکسیزم بیری لی دەکردەوە شۆڕش توانیی ئەم دونیایەی پێ بهەژێنێ و بە هۆیەوە سەرکەوتن بەدەست بێنێ ، بەڵام کێماسیەکانی ترۆتسکی کەمی بیرۆکەی رەخنەگرتن یا ئەودیدانە بون کە کارەساتەکانی پاشەرۆژیان بەدی دەکردن ، بۆیە هیچ کاتێک ئەوەی بە مێشکدا نەدەهات کە دان بەوە بنێ ئەوەی رویدا لە ئەنجامی کوێرەوەری مێژو دابێ .

دەبێ هەڵەیەکی خۆرسک یا (هەڵەیەکی رەسەن ) لە مەزهەب و بڕواکانی بزوتنەوەی بۆلشەڤیکدا هەبوبێ کە بوە هۆی زاڵ بون بەسەر سەرهەڵدانی تۆتالیتاریدا؟ یا راستیەکەی زۆر لەوە ئالۆزترە ؟ ئەوانە عەودالی حوکمرانن مێشکی بۆلشەڤیان پڕ کردوە لە گیانی دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا کە بوە مایەی دەرچون بە چەند بڕیارێکی هەلە ، یا هاتنە کای چەند دۆخێکی مێژویی بە هاوشان لەگەل ئەم عەقلیەتە بوی هۆی ئەوەی بەربەستێک لەبەر دەم حوکمرانی دیموکراسی دروست بێ بێ گێدانە ئەوەی کێ لە روسیا دەسەڵات دەگرێتە دەست؟ . بە مسۆگەری ناتوانین پڕ بە پێستی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، وەکو پشتگیری لە بۆلشەڤیەکان فەرمون نوسینێکی لیۆنارد شابیرۆ کە لە کتابەکەیدا بەناوی ( رەچەلەکی ئۆتۆکراتی - حوکمی رەها - ی کۆمۆنیزم ) دا نوسیوە ئەوەی لەم کتابە هاتوە ئاشکراکردنێکی رونی کارەکانی دەسەڵاتی بۆلشەڤیکە کە بونە هۆکاری تێکدانی هەمو ئازادیەکان .

لەم بارەیەوە شابیرۆ دەڵێ :

هۆگریان بۆ دادپەروەری خەریک بو بە کارەساتیان بگەیەنێ، ئەوان نەیان توانی پێویستیەکانی سازش و بەیەکگەیاندنی بەرژەوەندیە لەیەک نەگونجاوەکان بە باشی ببینن کە لە هەموو دەوڵەتێکدا لە هەر دەوڵەتەو بە شێوەیەکی جیا بونی هەیە. کاتێک دەوڵەتێک بێ دادوەری خاوێن وپاک و بێلایەن دەبێ ئەوکاتە هاندان وچاوتێبڕین بەهێز دەبێ ئەوکاتە حکومەت ناچاردەبێ بۆ بەرژەوەندی کەمینە دەست لە زۆرینە هەلگرێ دواتر لەپێناو سبەی ئەمرۆ لە دەست دەدا هەروەها لە پێناو نەوەی داهاتوش نەوەی ئێستا بەتەواوەتی لەدەست دەدا وا پێدەچێ ئەمە ئەوەبو کە لینین وئەوانەی دوای ئەو هاتن پیادەیان کرد، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم ئەوەی ئەوان پێی هەڵسان لە ناخی بڕواو دڵسۆزیانەوە بو بۆ خزمەتی دۆزە دادپەروەریە کەیان .

وا پێدەچێ ئەمە رەخنەیەکی دادپەروەرو هاوسەنگە ، جیاوازیی هەیە لەگەڵ رەخنەو بیرۆکە پێنەگەیی وەکان کە دەیان وت جیاوازی لە نێوان (ستالینیزم) وبۆلشەڤیک نیە یا دەیان وت بۆلشەڤیک ناوەڕۆکی دەسەڵاتێکی ستەمکارە .

چونکە ئەم پەرتوکە مێژوی شۆڕشی روسی نیە پێویست ناکا ئەوەندە لە بابەتی بنچینەییمان دورکەوینەوە . لێرەدا ئەوەندە بەسە بلێین ئەنجومەنی دامەزراندن کە بۆلشەڤیەکان 25% ی دەنگەکانیان بە هێزەوە لێی هەبو دوایین دەرفەتی ژیانی پەرلەمانیان لەدەست چوو.

بەڵام ماوەمان بدەن بلێین بۆلشەڤیەکان دەیان توانی چی بکەن ؟ چۆن دەبێ رژێمێک بەسەر شانی شۆڕشەوە هاتبێتە کا هەمو شتێک لەدەست بدا و دورنەبو راوەدونان ودەرکردن وتەنانەت تۆقاندنیش لە رێگەی ئەنجومەنی هەلبژێردراوی گشتیەوە لەگەڵیان

بکرێ ؟ ئەگەر بۆلشەڤیەکان ئامادە بون ئەمە قەبول کەن وا خۆیان بدەن بە دەستەوە ئەوا پێویستی بەوە نەدەکرد شۆڕش هەلگیرسێنن .
بەڵام واپێدەچێ لە ساڵی 1917 بۆلشەڤیەکان لە شارە مەزنەکان جەماوەرێکی زۆریان هەبو دوای ئەمە بە ماوەیەکی کورت وا دەرچو کە شۆڕشی بۆلشەڤیەکان تەنها وەکو کودەتایەک بوبێ کەمینە یەکی پیلانگێڕ پێی هەڵسابێ ، ئەمە وادیارە ئەنجامەکان ئەوە دەسەلمێنن.
لەگەڵ ئەمانە هەموی ناتوانین ئەوە بلێین ئەوکاتەی دەسەڵاتیان زەوت کرد پێشێلی سەروەریەکانی دیموکراسیان کردبێ یا پێشێلی مژدەکانی بیرورای بۆلشەڤیان کردبێ .
ئەمە رویدا جارێکیان رەخنەگرانی لینین لە ناوەوەی حزبیش چاوپۆشیان لەمە کرد ، ئەوان قەبولی هەمو شتێکیان کرد و پیرۆزباییان لە شۆڕش کرد ئەوان لە سەنتەرێکی لاوازتر بون لەوەی دژایەتیی ئەنجامەکانی نادیموکراسیەکە بکەن .
ئەو شۆڕشە شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە ئومێدو حەسرەتی کرێکاری روسی وسەرباز و جوتیارەکانی لە ئامێز گرتبو بە بنەمایەکی کەلتوری و داب و نەریت و بڕواکانی سۆشیالیزمی ئەوروپی ئەم شۆڕشەیان لە سەرتاسەری وڵات تەقاندەوە ئەوانە لە تالی وسوێری بەولاوە هیچی تریان نە نۆشتوە ، ئەم شۆڕشە دۆخێکی وای خولقاند، کۆتاییەکەی بە هەرەس هات ، هەر لە رۆژی سەرکەوتنی شۆڕشەوە ، لە ناوەوەی شۆڕش بەهۆی بیرکردنەوە هەڵەکان و خۆپەرستی، شۆڕشێکی دژ راگەیەندرا ، لەم روانگەیەوە ئێمە وای دەبینین کە نابێ هیچ جیا کردنەوەیەک لە نێوان شۆڕش و شۆڕشی پێچەوانە دا ( الثورە المضادە) هەبێ .

* * *

بەشی سێیەم
بۆلشەڤیک کار لەخۆی دەکا
-----------------------------


ترۆتسکی

ترۆتسکی وەکو وەزیری دەرەوەی حکومەتە نوێکەی بۆلشەڤیک بە گاڵتەجاڕیەوە وتی : ( هەندێک بەیاننامەی شۆڕشگێڕی دەردەکەم ئەوسا دوکانەکە دادەخەم). بەڵام راستیەکەی زۆر لەوە سەختترو ئالۆز تر بوو چونکە دەبووایە لە خۆیەوە وەزارەتێک لە سەر کەلاوەی وەزارەتی پێشو دامەزرێنێ ، سەرباری ئەمەش دانوستانە سەختەکانی (برست_ لیتۆڤسک) لەگەڵ ئەڵمانیا کە ئاشتیی بۆروسیا هێنا دەبووایە بیبا بەڕێوە بەڵام بە بەهایەکی زۆرەوە .

لە میانەی ئەم دانوستانانە ترۆتسکی لەگەڵ لینین ناکۆکیان کەوتە نێوان، لینین دەیوت: دەبێ ئەم پەیماننامەیە حکومەتە نوێکە لەگەڵ ئەڵمانیا مۆر بکات چونکە بۆ مانەوەی بۆلشەڤیک ئەم پەیماننامەیە گەلێک گرنگە، بەڵام ترۆتسکی کە ئومێدی ئەوەی هەبوو لە ئەڵمانیا شۆڕشێکی کرێکاری بەرپا ببێ ، لە رێگەی گوتارە شۆڕشگێڕیەکانی لەبەر دەم نوێنەرانی ئەڵمانیا لە (برۆست _ لیتۆڤسک ) تەگەرەی دەخستنە بەردەم مۆرکردنی ئەم پەیماننامەیە .

لە ناوەوەی بۆلشەڤیک دەستەیەک لە چەپڕەوان بە سەرۆکایەتی نیکۆلای بۆخارین دەستەبەری سیاسەتی شەڕی شۆڕشگێڕیان گرتە بەر رۆژنامەی تایبەتی خۆیان دەردەکرد

وەکو حزبێک لەناو حزبێکی لێهاتبوو ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تا ئەوکات بۆ سەرکردەکان هەبوو لەگەڵ رای حزبەکەیان ناکۆک بن .
لە ساڵی 1918 ، ئەوکاتەی شەڕی ناوەخۆ لە سەرتاسەری روسیا بەرپا بوو ترۆتسکی بوو بە وەزیری بەرگری . ترۆتسکی هیچ پاشینەیەکی سەربازیی نەبوو تەنها ئەوەندە شارەزاییە نەبێ کە لە کاتی بەرپا بوونی شەڕی دووەمی بەلکان ئەوکات لە خزمەتی سەربازی دابوو دەنا زیاتر نا .
بە خێراییەکی سەرسوڕ هێنەر ترۆتسکی توانیی لەشکرێک لە هیچەوە دروست بکا ، تەنها بەهۆی بوونی هەستی شۆڕشگێڕی وخوێن گەرمی لە بڕوابوون بە بنەماکانی شۆڕشەوە ، جگە لەمە چەند هەزار بۆلشەڤیەکی لە ژێر دەست دابوو وەکو میلیشیای حزبی و پاسەوانی سور ئەوانەی لە شۆڕش بەشداریان کردبوو، دەکرا ئەمان وەکو نیمچە هێزێکی سەربازی تێبڕوانی. وێڕای ئەمان چەندین ئەفسەر کە هەر بە خۆبەخشی حەزیان لە خزمەتکردنی رژێمی نوێ هەبوو نەک وەکو لایەنی سیاسی ، دیسان جەماوەرێکی زۆری خۆبەخشی مەشق پێنەکراو تەنها لە چەکیان کەم بووئامدە بوون .
ماوەی دوو ساڵ ترۆتسکی شەمەندەفەرێکی کرد بە بارەگای سەربازیی خۆی لەم بەرەی جەنگەوە بۆ ئەو بەر بە خێراییەکی زۆرەوە بەرەکانی بەسەر دەکردنەوە سەربازە پەرەگەندەکانی کۆدەکردنەوەو رەوانەی بەرەکانی جەنگی دەکردن خۆی لە چەندین مەترسیی ژیان دەدا ، دەسەلاتی زۆری بە ئەفسەرە کۆنەکان دا دەوری خۆشی بە کۆمەڵێک سەرۆکی فەرمانگەکانی حکومی دابوو. هەمو هەوڵەکانی ترۆتسکی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانا و پیادەکردنی پرنسیپ لە نێوان ریزەکانی سەربازەکانیدا بوو ئەو سەربازانەی رژێمی پێشو لە هەمو بنەما سەربازیەکانی شۆری بوونەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هانی سەربازەکانی دەدا کە خۆیان لە پێناو دۆزە رەواکەیاندا گیان بەخشن و تێ بکۆشن، ئەمانە هەموی لە رێگەی گوتارە پڕ بە سۆزو جۆشدارەکانیەوە رایدەگەیاندن . بەم شێوەیە ترۆتسکی بە هاوکاری ئەوانەی پشتگیریان لێی کرد توانیی لەشکرێک دروست بکا بتوانن بەسەر روسیای سپیدا زاڵ بن . بەلام دڵنیابوو لەوەی بڕوابوون بە کێشەو سوربوون لەسەر تێکۆشان وخەبات دەیان گەیەنێتە لوتکەی مەبەست و سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە . هیچ گومان لەوەدانیە سەرکەوتن بەشی ئەوانە چونکە تائێستا سەربازەکان بڕوایان وایە کە ئەوان لە خاچ پەرستەکانن لە پێناو ئەوەی بگەن بە دونیایەکی باشتر ئامادەن گیان ببەخشن ئەمە بە دڵنیاییەوە دەیکەن . هەروەکو ترۆتسکی لە وتارەکەیدا وتی :
( ئەمان لەو هەوڵە مێژوییانە هاوبەشن کە شێوەی لەمەو بەر نەبووە بۆ وەدی هێنانی کۆمەڵگایەکی نوێ تیایدا پەیوەندیەکانی مرۆڤ لەسەر هاوکاریکردن بنیاد بنرێ ئەوسا مرۆڤ دەبێتە برای یەکتر نەک دوژم) .
ئەوەی راستی بێ لە میانەی شەڕی ناوەخۆ ئەو کۆمەڵگایە نوێیەی باسیان لێوەدەکرد زۆر لە برایەتیەوە دور بوو ، هەر ئەوەش چاوەڕوان دەکرا ، روخانی پیشەسازی وبەفیرۆدانی هەوڵ و تواناکانی خۆبەختکاران کە شەڕی ناوەخۆ پێویستی پێ بوو ، دواتر تەگەرەو دەست تێوەردانەکانی هێزی سەرمایەدار و هەڵە زۆرەکان وناشارەزایی بۆلشەڤیک لە بوواری ئابوری و لاواز بوونی سۆزی جوتیاران بەرانبەر بە شۆڕشەکەیان ( ئەو جوتیارانەی کە هەمو پەرۆشیەکیان بۆ وەدەست هێنانی پارچەیەک زەوی بوو و بەس ) دواتر هەلوەشانەوەی چینی زەحمەتکێش لە ئەنجامی هەرەس هێنانی باری ئابوری

وراکردنی سەربازەکان لە خزمەتی سەربازی وکۆچکردن و راکردنی دانیشتوانی شار کە برسێتی تەنگی پێ هەلچنیبوون ، واتە ئەوانەی باسمان لێوەکردن مانای برسێتی وژان وتاریکی ومردن دەگەیەنێ هیچی تر نا ئەمانە بوون کە چاوەڕوان دەکران و هاتنە دی .
لە ئەنجامدا بۆلشەڤیەکان دەستیان بە هەندێک کاری توندڕەوانە کرد کە نە لە بەرنامەکانیان دابوون نە بیریان لێوە کردبووەوەو نە خەونیشیان پێوە دیبوو . هەمو جۆرە پیشەسازیەکیان خۆماڵی کردن، بازرگانی تایبەتیان قەدەغەکرد خەڵکی حزبی خۆیان نارده گوندەکان بۆ ئەوەی خواردن لە جوتیارەکان بسێنن هەندێک جار پارەیان پێنەدەدان لەجیاتی پارە ئالوگۆڕیان لەگەڵ دەکردن ، پارەی حکومەت هیچ بەهایەکی نەمابوو . لە روی سیاسیەوە هەمو شتێک روەو ستەم و زۆرداری هەنگاوی دەنا . توێژەکانی تری چەپڕەوان کە لە نێوان پشتگیری کردنی بۆلشەڤیک بۆ راگرتنی پارسەنگی دۆخەکەو لە نێوان رەخنەگرتندا بە ناچاری لەژێر چاودێری توندی (شیکا ) پۆلیسی نهێنی دابوون .
ئەوەی بە شیاوی دەزانم لێرە ئاماژە بە تێبینی یەکی ئیسحاق دۆچیر بدەم کە وتی:
(بیرۆکەی کۆمۆنیزم لە سەردەمی جەنگدا بیرۆکەی گاڵتە پێکردنی مارکسیزمە بە کۆمەڵگای دوارۆژ، دەبێ ئەم جۆرە کۆمەڵگایە وەکو وێنەیەکی دواوەی داهاتێکی جیهانیی بەرهەم هێنەری رێک وپێک بۆ گۆڕان هەبێ ، هەروەها دەبێ لە هەمو بووارەکانی خزمەتگوزاریدا خاوەنی کەل و پەلێکی زۆر بێ. ئەمەش دەبێ هەمو نایەکسانیە ئابوریەکان بە یەکجارەکی وەلانرێن دەبێ کۆمەڵگاش لە ئاستێکی گونجاودا بێ .
بەڵام کۆمۆنیزمی جەنگ بە پێچەوانەی ئەمەیە ئەمەش لە ئەنجامی هەلوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بوو . گومانی تیانیە هەولی لابردنی نا یەکسانی درا بەڵام زەرورەت وای پێویست کرد ئەمە بە ئاستێکی نزم ئەنجام بدرێ ئەمەش بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگا لە ئاستێکی هەژاریدا دەژیێ هەژاریش سەرتاپای وڵاتی گرتۆتەوە .
لەم ساتە دڵتەزێنەدا دەتوانین وێنەی ترۆتسکی وەکو فەرماندەیەکی جەنگ ببینین، هەموو کەسێک وێنەی ترۆتسکی دەناسێ کە قاپوتێکی سەربازیی درێژی لەبەرە ریشێکی کورتی نوک تیژ بە بەژنو باڵایەکی کورتی شکۆداری پادشایانە ، سەبارەت بە بۆلشەڤیە سەربازیەکان بەتایبەت ئەوانەی وا بیریان دەکردەوە کە شەڕی ناوەخۆ شارەزاییەکی مەرکەزیانەیە بۆ هەموو ژیانیان ، ترۆتسکیش ئەم خۆشەویستیە مێژوییە بۆ دۆزەکەیان لەبیر ناکا . هەموو رۆشەنبیرەکانی دونیا حەپەسان لەوەی ئەم گوتار خوێنە درەوشاوەیە لە چاو تروکانێکدا بوو بە پیاوێکی ئەهلی کار خاوەنی تواناو ئیرادەیەک کە بە کەس ناروخێ ، بەڵام مەنشەڤیک و لایەنە دۆڕاوەکان چۆن ترۆتسکیان دەبینی؟ بە چاوێکی زۆر رق و کینەوە سەیریان دەکرد لە هەموو سەرکردە نوێکان زیاتر رقیان لێی بوو ، کاتێک باسیان دەکرد ناویان بە توندڕەوو دیکتاتۆر دەبرد هەموو خەسلەتانەکانی سەردەمی ئاوارەیی یان لێ سەندبۆوە لەو خەسلەتە جوانانەی ئەو سەردەمیان شۆری بوو ، بەڵام ئەو بۆلشەڤیانەی لە بنکە حزبیەکان خەڵکیان دەنارد کە روبەڕوی مەترسیی دەبوونەوە ، ئێستا گەشەیان کردوەو خۆشی بە نازو نیعمەتی دەسەڵات دەبەن ئەوانیش وەکو کەسێکی مشەخۆر لە ناو بۆلشەڤیک سەیری ترۆتسکیان دەکرد. ترۆتسکی زۆر زیرەکانە جەماوەری لە زیادبوون دابوو هیچ کەسێک لە توانایدا نەبوو هێرش بکاتە سەری نەک هەر ئەوەندە بەڵکو بە بچوکترین ووشە رەخنەیەکی بچوکیشی لێ بگرێ ،

دواتر لە ناخی ژیانی سەرکردەکانی بۆلشەڤی ئاشکرابوو کە لە ساڵەکانی دوای شۆڕش ترۆتسکی وەکو سەرکردەیەکی دەوڵەت کاری کردوە زیاتر لە وەی وەکو سەرکردەیەکی حزبی کاری کردبێ . هیچ کاتێک ترۆتسکی نە ئەو کاتەی هەبوو نە ئەو حەزەشی هەبوو بەم ئاراستەیە کار بکات ئەمەو ترۆتسکی خۆشیی بە دەسکەوتەکانی بیروکراتیەتی دەسەلات نەدەبرد گومانی تیا نیە بەهۆی ووشکی لە پەیوەندیەکانیدا لەگەڵ فەرمانبەرانی حزب دوژمنداریێتیەکی زۆری بۆ مایەوە کە دوای چەند ساڵێک لەرێگەی تۆلە سەندنەوە ئەو باجەیان لێ سەندەوە .

ترۆتسکی وەکو ئەفسەرێکی مەزنی سوپای شۆڕشی جیهانی سەیری خۆی دەکرد هیچ نارەحەتی وبێزاریەکی قەبوول نەبوو کە لە لیژنەی مەرکەزیی بۆلشەڤیکەوە روبەروی دەکرایەوە ئەمەش هەڵەیەکی مەزنە ، لە ولاتانی یەک حزب یا فرە حزب ئەوەی لە نوسینگەی رێکخراوەکان رودەدەن کاریگەری زۆریان لەسەر سیاسەتی مرۆڤ دەبێ .

پەیوەندیەکانی نێوان لینین و ترۆتسکی پەیوەندیەکی خۆش بوو بەلام هەندێک جار کۆنەکا بەبا دەکرا وەکو تاوانبار کردنی یەکتر ئەوکات ئیتر کاریان دەکردە سەر ئالۆزبوونی پەیوەندیەکانی نێوانیان .

هاوسەری ترۆتسکی لە یادەوەریەکانیدا دەڵێ : ئەو خواردنەی لە کرملێن بۆ سەرکردەکان ئامادە دەکرا زۆر سادە و ئابوریانە بوو ، هەر دەم ترۆتسکی دەیوت : ( دەبێ ژیانێک بەسەر بەرین لەو ژیانە خۆشگوزەرانتر نەبێ کە لە دەرەوەی ولات لە ئاوارەیی دەمان بردەسەر لە و کاتەی کە دورخرابووینەوە ) منیش لەو رایەدا لەگەڵی کۆک بووم چونکە دەمزانی ژیانی کرێکارەکان چەند بە سەختی بەرێ دەکرێ . بەهەرحاڵ ئەوەندە پڕ کار بووم بەڕادەیەک هیچ کاتی ئەوەم نەبوو گرنگی بە خواردن بدەم ، کەسیش هەستی بە خۆشی ژیانی نەدەکرد تەنها خاوەن زەویەکانی کاتی خۆی و خاوەن کارە تایبەتیەکان نەبن ئەوانەی دوربوون لە بازاڕی رەش.

جارێکیان ترۆتسکی لەسەر خوانی نان دانیشت بە رێکەوت چاوی کەوت بە پارچەیەک نویشک (کەرە) بە سەر سوڕمانەوە پرسیی: ئەمە لە کوێ هات ؟ ئەم پارچە کەس نەدیوە؟ لیۆنید سربرایاکۆڤ ی سکرتێری لیژنەی مەرکەزی کە وەکو پزیشک کاری دەکرد رەوشی تەندروستی ئێمەی بە بەشی ئازوقە راگەیاندبوو کە باری تەندروستیمان باش نیە ، ماوەی چەند مانگێکی برد تا توانیان خواردنێکی گونجاومان بۆ دابین بکەن .

من دەتوانم وێنەیەکی ترۆتسکیی ئەو چەند ساڵەی دوای شۆڕشتان نیشان بدەم کە ڤکتۆر سارج ی نوسەر ماوەیەک لەگەڵ سەنتەری کۆمۆنیزمی جیهانی کاری کردبوو وێنەی بۆ کێشابووین .

ڤکتۆر دەڵێ :

کەس نیە بەم شێوازە بتوانێ بە قەدەر ترۆتسکی بەرگەی چارەنوسی گەل بگرێ . ترۆتسکی لە تەمەنی 41 ساڵییدا بوو گەیشتە لوتکەی دەسەلات و خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری پان و ناوبانگێکی باش بوو ، فەرماندەی جەماوەری پترۆگراد بوو لە دوو شۆڕشدا دامەزرێنەرو داهێنەری سوپای سور بوو ئەو سوپایەی لینین باسی لێوە دەکرد کاتێک بە گۆرکێی دەوت :

ئەم سوپایە ترۆتسکی لە هیچەوە دایمەزراندوە ، هەر خۆشی ڕاستەوخۆ لێی بەرپرسیارەو خاوەنی چەندین سەرکەوتنە لە شەڕەکانی سڤیاجک وکازان و بلکۆڤۆدا . هەموو سەرکەوتنەکانی شەڕە ناوەخۆییەکانیش بۆ ئەو دەگەڕێنەوە.

ترۆتسکی بەهۆی توانـاو بەهرەکانی لە گوتـار خوێندنەوە و تواناکانی لە بـواری ڕێکخستنی سوپا و هێڵی ئاسنینەوە توانیی لە لینین ناسراو ترو بەناو بانگ تر بێ ، بەڵام سەرمایەی لینین بریتی بوو لە هۆشمەندی و بیرو بۆچونەکانی ، مەزنی ئەو پیاوە لە هزرو شارەزاییە کانیدا بوو هەم لە سەردەمی شۆڕش هەم بەر لە شۆڕش ، سەرۆکی پارتی بۆلشەڤیک لە سەرەتای دروستبوونیەوە ئەو پارتە بچوکەی کاکلی دەوڵەت وبڕبڕەی پشتی پێک دەهێنا ئەو کاکلەی کە هەردەم ئەو بیرۆکە پڕ بەرهەم و کاریگەرانەی لەژێر فەرمایشتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی بالآی جەنگ ( ترۆتسکی) دابوو .

وا رویدا جارێکیان ترۆتسکی لە کۆنگرەی کۆمۆنیستی جیهانی بە جلێکی سەربازیی سپیی شیکەوە دەرکەوت بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی بەخۆیەوە هەڵواسیبێ، کلاوێکی سەربازیی لەسەر نابوو ریشێکی رەشی وەک قەتران چاویلکەیەکی بریقەداری لە چاو بوو بە سنگێکی بەهێزەوە دەهاتە بەرچاو زۆر لە لینین بە سامتر بوو سیمای هێزو دەسەڵاتی پێوە دیاربوو ، ڕێگەم بدەن بڵێم ترۆتسکی ئەوکاتە لەبەر چاوی ئێمەی رەخنەگرە کۆمۆنیستەکان زۆر بە سام و دیار بوو ، ئێمە هەمومان پێیەوە سەرسام بووین بەڵام ئەوەی راستی بێ هیچ خۆشەویستیەکمان بۆی نەبوو .

لەسەر ئاستی گفتوگۆیەکانی بۆلشەڤیک کە ئێستا سەری هەڵداوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کاول کاریەکانی جەنگ . ترۆتسکی تیایدا رۆلێکی نامۆ و گاڵتەجاڕی دەبینێ . ترۆتسکی لەو هەوڵانەیدا بەردەوام بوو کە تیۆریخوازەکان لە ئۆردوگای بۆلشەڤیک وەکو لینین و بۆخارین دەیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە ڕێگەی برینی هەوڵە سختەکانیان کە تا ئەوکات هیچ کەسێک لە مارکسیستە روسەکان درکیانبەوە نەکردبوو و کەسیش بیری لەوە نەکردبووەوە بە کۆمۆنیستی جەنگ بشوبهێنێ ( ویـرای ئەوەی هەندێک لە رەخنەگران درکیان بەوە دەکرد ) ، بۆ نمونە لە کانونی یەکەم ی 1919 ترۆتسکی زنجیرەیەک لە وتاری پێشکەش بە لیژنەی مەرکەزیی حزب کرد تیایدا گفتوگۆیان لەسەر سەپاندنی کاری بەزۆر کرد لەگەڵ بوونی سوپایەکی کرێکاری کە بتوانێ دەست بگرێ بەسەر هەموو کەنالەکانی سەربازیی وڵات بەهۆی گرتنەبەری چەند رێنمایەکی توند بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابوریی هەڵوەشاوەو لەبارییەکچوی وڵات بۆ ئەوەی وڵات بگەیەنێتە نزم ترین ئاستی بەرهەمهێنان ئەوسا هەر هاندان وخەلاتێک دەبێتە مایەی ئەوەی دوبارە دەست بە کارەکان بکرێنەوە ، دیارە ئەم پلانەی ترۆتسکی دوو ئامانجی سەرەکیی هەبوو :

_ بۆ ئەوەی ڕێگە چارەیەک بدۆزرێتەوە تا دوبارە کرێکارە دابڕاوەکان بۆ سەر کارەکانیان بگێرێتەوە .

_ تا شێوازێک بدۆزرێتەوە تیایدا چالاکیەکانی سوپای سور بۆ بنیادنانەوەی ئابوریی وڵات بەکار بێت .

لەدوای ئەم پلانەی ترۆتسکی کێشەیەک هەبوو ئەویش ئابوریی وڵات لە ئاستێکی ترسناکدا بوو . بۆیە بۆئەوەی پلانەکە کاریگەر بێ دەبووایە لە سەرەتا شێوازی زۆرەملێ بگرێتە بەر ، ترۆتسکی لەم بارەیەوە وتی:

( دەزگا هونەریەکانمان توشی دەردو بەڵای خۆیان هاتون دەبێ ئێمە بەبەردەوام لە ڕێگەی تواناکانی مرۆییەوە ئەم کێماسیەیان بۆ قەرەبوو بکەینەوە ) هەر لەم بارەیەوە گفتوگۆ دەکا ودەڵێ :

بە زەروری دەزانم بەوپەڕی ئاشکرایی ولەبەر چاوی ئێوەو بەگوێتاندا بزرگێنم زۆر بە راشکاوانە رایدەگەیەنم کە رەوشی ئابوریمان زۆر خەراپە خەراپتر لە رەوشی سەربازیمان بە سەدجار ، هەروەکو بەر لە ئێستا فەرمانم بۆ چینی زەحمەتکێش دەرکردبوو بانگەوازیم بۆکردن کە دەست بدەنە چەک وسواری ئەسپەکانیان بن ئێستاش بانگیان دەکەم بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە کارگەکان و پەلە لە بەرهەمهێنان بکەن .

لەگەڵ ئەوەی لینین بەرگری وپشتگیریی لەم پێشنیارانە دەکرد بەڵام روبەڕوی هەڵمەتێکی توندی بۆلشەڤیک بووەوە بەتایبەت سەندیکاکانی کرێکاران کە تا ئەوکات لە هەر فشارێکی سەر جەماوەر ترسیان هەبوو بۆ ئەوەی دەستەی بیروکراتیی سەربازی زیاتر پێگەیان لە دەسەڵات قایم نەکەن .

بۆ ماوەیەکی کورت چەند ئۆردوگایەکی کارکردن کرانەوە، ترۆتسکیش بە بەردەوام نوسینی ناواقعیی لەسەر ڕۆڵی ئەو ئۆردوگایانەی لە بنیادنانەوەی کۆمۆنیزم دەنوسین.

لە سەرەتاکانی 1920بیرکردنەوەکانی ترۆتسکی زۆر بە سەرسوڕمانی بەرەو گۆڕان دەچون . لە گەڕانێکی دا لە ناوچەی ئۆرال شەمەندەفەرەکەی لە سەر هێل دەردەچێ ، وێڕای بوونی چەندین هۆکاری پەیوەندی و بروسکەو بێسیم ، شەمەندەفەرەکە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لە نێو بەفردا مایەوە ، دواتر لێکۆلینەوە دەستیان پێکرد بۆ زانینی هۆکارەکانی مانەوەی شەمەندەفەرەکە، دەرکەوت کە بەهۆی کەمی و خەراپی خۆراک و ماندوبوونی چەندین ساڵەیان نەشارەزاو بێ توانا بووە . ئەوە بوو ئیتر ترۆتسکی لەوە دڵنیا بوو کە ئەگەر لە رێگەی فشار و تۆقاندن نەبێ ئەوا ئاستەمە بە بچوکترین ئامانج بگەن و نابنە خاوەنی هیچ دەستکەوتێک . ئێستا ترۆتسکی هەندێک پێشنیاری پێشەکش کردن کە دەبووایە لە ماوەی ساڵێکداجێبەجێ بکرێن ناویشی نا ( سیاسەتی نوێی ئابوری ) بەم شێوەیە سیستەمی وەرگرتنەوەی بەروبوومەکان کۆتایی پێهات و رێگەش بە جوتیارەکان درا زیادەی بەرو بوومەکانیان بۆ خۆیان بە قازانج بفرۆشن ، ئەمە دەتوانین بلێین کە نیمچە گەڕانەوەیەک بوو بۆ بازاڕی ئازاد هەر ئەو سیستەم و رژێمە بوو کە بۆلشەڤیەکان گاڵتەیان پێی دەکرد و رەخنە گرە مەنشەڤیەکان یش بانگەوازیان بۆ دەکرد .

بە کورتیەکەی پێشنیارەکەی ترۆتسکی شکستی هێنا . بە ئاماژەی لینین لیژنەی مەرکەزی دەستی بە کریارە ترسێنەرەکانەوە گرت کە ناویان نا ( کریارەکانی کۆمۆنیستی جەنگی ) . لە سەرەتا وا خۆی نیشان دەدا کە کارێکی بێ بەرنامەیە بەڵام لە دواییدا بو بە کارێکی ئاسایی ، بۆ بێ بەختی خۆی ترۆتسکی سور نەبوو لەسەر راو بۆچونەکانی ، ترۆتسکی پێی خۆش نەبوو بۆچونەکانی بۆ سەرکردایەتی حزب بەرزکاتەوەو بیان سەپێنێ ، لە ترسی ئەوەی ئەنجامەکانی ببنە کاولکاری و تێکدان و کێشەو دوبەرەکیش لە ناوەوەی حزب بنێنەوە، بۆیە دەبینین ناچار دەبێ بۆ بەرنامەکانی پێشوی بەرنامەی کاری سەربازی دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ شێوازە سەرسامیەکانی لە بوواری ئابوریدا ، ترۆتسکی ئەوکات ژیربێژ بوو بەڵام راستی و روالەتەکە وا نەبوو. ناچار وەکو ژیر بێژی ( مەنتیق) لە پێناو بەرژەوەندیەکانی کۆمەلدا چارەسەریەکەی وەلانا بۆیە هیچ ئەلتەرناتیفێک نەمایەوە جگە لە بەزۆر سەپاندن نەبێ .

لەروی سیاسیەوە ئەمە کارەسات بوو بەڕاستی کارەساتێکی تاک وێنە بوو ، چونکە بەم شێوەیە یارمەتی هێزە خزاوەکانی ناو حزبی دا بۆ ئەوەی شێوازی توندو تیژی بەکار بێنن ئەمەش بوار بۆ رەخنەگران خۆش دەکا تۆرانیش پەرە دەسێنێ .

لێره دودڵی و ڕاڕایی‌یەکی بێ ئومێد لە سیاسەتی ئابوری دەبینین نەک تەنها ئەوەی تایبەتە بە ترۆتسکی بەڵکو هەمو بزوتنەوەی بۆلشەڤیک . ئێستا بۆلشەڤیک ژمارەیان بوو بە 240000 ، بەڵام ژمارە ڕاستەقینەکەی ساڵی 1920بوو بە 612000 کەسی گۆشەگیر. ..ئەو بۆلشەڤیانەی لینین بڕوای وابوو کە حوکمرانی وڵات دەکەن ئێستا روبەڕوی کارەساتی ئابوری بوونەتەوە و لە تواناییاندا نیە بەسەریدا زاڵ بن. بۆیە شێوازی توندڕەوانە لە بیروکراتیەتی دەوڵەت بە شێوەیەکی بەرفراوان دەگرنەبەر کە ئەمەش بووە هۆی ماندو بوون وهیلاک کردنی گەل لەروی کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژیەوە بە تایبەت چینە نەدارەکانی کۆمەڵگا . ئێستا دەسەڵات بەدەستەکانی بۆلشەڤیک دەبێ باجی شکستەکەیان بدەن چونکە ئەنجامی دەسەڵات زەوتکردنەکەیان بە وردی لێکنەدابوەوە هەروەها کۆمەڵگاش دەبێ ئەم باجە بدات .

ئەوەی شیاوی باسە ئەو درزە ئازادیەی بۆ ئۆپۆزسیۆن مابووەوە دەرفەتی بە( رافائیل ئەبرامۆڤیچ ) ی رکابەر دا لە یەکێک لە گفتوگۆکانی گشتی هەلسێتەوە وەلامێکی نوسەرە کانی کرێکاران بە شێوەیەکی رەخنە ئامێز بداتەوەو بریندایان کاو بلێ :

ئایا دەتوانن باسی سۆشیالیزمیەکەی خۆتانم بۆ بکەن ئەگەر جیاوازیەکی لەگەڵ کۆیلایەتیی میسر هەبێ ؟

رێگەم بدەن تا پێتان رابگەیەنم کە فیرعەونیەکان بە هەمان شێوازی ئێوە ئەهرامەکانیان دروست کرد . ئەوەتا ئێوەش گاڵتە بە جەماوەر دەکەن و بەزۆر کاریان پێدەکەن ، دواتر ترۆتسکی وەلامی دایەوە وتی:

( ئەبرامۆڤیچ جیاوازی لە نێوان رژێمی میسرو رژێمی ئێمە نابینێ ، ئەم لە یادی چوە حکومەتی میسر کاتێک فەرمانی دروست کردنی ئەهرامەکانی دا ئەوکات حکومەتی کرێکار نەبوو بەڵام ئێستا کە ئێمە ئەم جۆرە بڕیارانە دەدرێن حکومەتی چینایەتیە بڕیاری حکومەتی کرێکارو جوتیارەکانە .)

لەم گفتوگۆیەدا ترۆتسکی بەوپەڕی لاوازی هاتە بەرچاو هەڵوێستەکانی بەهێز نەبوون لەبیری چو کە بەر لە 1920 کرێکارەکان دەسەلاتێکی ئەوتۆیان نەبوو تا بەخۆیان بڕیاری لەم جۆرە بدەن ، بۆلشەڤیەکان لە دوای شۆرشی 1920 زۆریان لەدەست دا ، لەوانە بەشێکی زۆری پشتگیری کرێکارەکانیان لە دەست دا ئەوەتا لێرە تێبینیەکانی دۆچێر تان بۆ دەنوسم کە دەڵێ :

( ئەگەر بۆلشەڤیەکان رێگە بدەن هەلبژاردنێکی گشتی لە سۆڤیەتەکان ئەنجام بدرێت ئەوا بە دڵنیایەوە دەسەلات لەدەست دەدەن ) ، لەسەر ئەم ئاستە نابێ پاساو بۆ سیاسەتەکانی حکومەت بێنین تەنها لەبەر ئەوەی حکومەتی کرێکارانە . دیسان حکومەت مافی ئەوەی نیە بانگخوازی ئەوە بکات چونکە حکومەتی کرێکارە تەنها بە کار کردن بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی ئاستی کرێکار بەرز دەبێتەوە ، لە هەموی ناخۆش و نالەبار تر ئەوەیە ئەم جۆرە مشتومڕانەی ترۆتسکی رێگەی بۆ دەسەلاتە تۆتالیتاریەکانی ستالین خۆش کرد .

وا دیارە ئەو سوپایەی ترۆتسکی بانگخوازی ئەوەی دەکرد کە بەرگریی لێ دەکا خەریک بووترسی لێ پەیدا دەکرد ئەو کاتەی پاساویشی بۆ کریارەکانی دەستەی سۆشیالیستەکان دەهێنا ئەوانەی یاخی ببون پشتی بەوە دەبەست کە دەبێ بەهەر بەهایەک بێ لەم شەرە ناوەخۆییە سەرکەوتن بەدەست بێنن و ئابوریی وڵات لەم قەیرانە رزگار بکەن. کاتێک رو لە رۆلی سەربازی وەردەگێرێ و رو لە رۆلی بوژانەوەی ئابوری و وەبەرهێنان

دەکـا هـەمو توانـاو بـەهرەکانی کۆدەکاتـەوەو روەو ئامانجـەکانی بـردن ، گوایـە ڕۆڵـی سیاسیی رۆڵێکـی تونـد وتیـژ و خۆسـەپێن بـوە بۆیـە نـاکرێ ئـەم رۆڵـە پاساوەکەی شـەڕی ناوەخۆ بێ .

بەهۆی ئەو بـارو دۆخـە نالـەبارەی هـاتبوە کـا لـە ئـەنجامی کۆکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان لەدەست کەمینەی بۆلشەڤیەکان و لەلایەکی تر بـەهۆی ستەم وزۆرداریـی لـە رادەبـەدەر، ترۆتسکی ناچـار دەکـرێ چـەند یاسایەکی ستەمکار دەربکـا کـە نـاوی نـا ( دیموکراسیەتی سۆڤیەتەکان ) بەڵام کارێکی ئاسان بوو سود لەم هەڵە وەرگرێ بۆ دەرگا والاکردن لـە روی سیاسەتی سۆشیالیزمی کـە کاریگەریـەکی باشـی دەبـێ بـۆ رزگـارکردنی لـەم تەنگـەتاوە ، دەڵێم ترۆتسکی ناچار دەکرێ چەند یاسایەکی ستەمکار دەربکا بەهۆیـەوە بەتـەواوەتی ئـەوەی پێی دەوترا (دیموکراسیەتی سۆڤیەتەکان ) ی لـەناو بـرد. لەهـەموی کارەسات تر ئەوەبوو کاتێک ترۆتسکی ئـەم بڕیارانـەی دەردەکـردن زۆر بـە خـوێن گەرمیـەوە ئـەنجامی دەدان و جێبەجێی دەکردن هەروەکو ئەوەی بیەوێ ئەوەی لە ساڵەکانی رابردوو وتبوی لـە مێشک خۆیانی دەربکا.

لەم کاتـەدا لـە 1920 ترۆتسکی پەرتوکێکی بـەناوی (تۆقانـدن وکۆمـۆنیزم ) بڵاوکـردەوە . دەکرێ بلێین ئەمە گرنگترین پەرتوکی بێ سەبارەت بە گوێڕایەلی دەسەڵات نوسرابێتەوە . ئەم پەرتوکەی لەسـەر وەڵامدانـەوەی رەخنـەکانی کـارل کوتسکی لـە رژێمـی بۆلشـەڤیک نوسیوەتەوە . لـەم پەرتوکـەدا بـاس لـە لـەخۆبایی بـوونی خـاوەنی دەسـەڵات دەکـات کـە بەرگەی ناخۆشی و چەپەلی جەنگی ناوەخۆ ناگرێ واتە رەخنە لە هەمو شێوەکانی تیایە، هەروەها لەم پەرتوکە دا ئاسەواری گفتوگۆکان دەبینین کە چەندین ساڵ بـوون روبـەڕوی لینـین دەکرانـەوە هـەمویان رەخنـە ئـامێز بـوون ئـەم رەخنانـە هـیچ جیاوازیـەکیان نـەبوو لەگەڵ ئەو رەخنانەی کوتسکی لە ترۆتسکیی دەگرتن ، بەڵام لەسەرمانە ئـەوە بلێین ئـەم پەرتوکـە ( تۆقانـدن وکۆمـۆنیزم ) لـە شـاکارەکانە خـاوەنی هێزێکـی داهێنـەرە هـەڵگری توانایەکی زۆرە لە دیالۆگێکی توندە کە وێنەی کەمە.

بنچینـــەی بیرۆکـــەکانی ترۆتســـکی پشـــتیان بـــەوە بەســـتوە کـــە دەڵـــێ :

( هەر لە کۆنەوە تا ئەمرۆ هیچ کاتێک مێژو بیری لەوە نەکردۆتـەوە رێگەیـەکی تـر هـەبێ بۆ هاندانی مرۆڤایەتی بەرەو پێشەوە جگە لەوە نەبێ کە ئەم هاندان وچونە پێشـە دەبـێ لە رێگەی حکومەتێکی شۆڕشگێڕو بە شێوازێکی توند بێ کە چینی پێشکەوتو رابـەرایـەتیی بکا بۆ وەلانـانی ئـەو سـتەم و زوڵمـەی چینـە پارێزەرەکـان لـە چینـەکانی تریـان کـردوە. گوتارەکان لە سەردەمی شەڕدا زۆربوون لە نێوان گروپەکانی سور و سپی ئـەم گوتارانـەش باسیان لـە ( پیرۆزمەنـدی ژیـانی مرۆڤایـەتی دەکـرد ) ، هەرەشـەیان لـە رسواکاریـەکانی شەڕی ناوەخۆی بۆلشەڤیک دەکرد. ئەم رەفتارانەی بۆلشەڤیک (تۆقاندن و بـە بارمتـەگرتن و...هتد) قسـەو باسـی زۆر بوونـە هۆکـاری ئـەوەی یـا خـەڵک وەکـو تـەماشـاکار کارەکانیـان رسوا دەکردن وئامـاژەیان بـە چاکـە دەدان کـە چاوەڕوانیـان بـوون ئـەوان بـە پالکـەوتویی زمانیان بە رەخنـەو رسواکردن بەگەر دەخست بێ ئـەوەی لـە شـانۆی روداوەکـان نزیـک بـن یا ئەوەتا کەمینە یەکن لەو کەسانەی ئامادە نین دان بە پێویستیـەکانی رۆژ و روالـەتەکـە بنێن . دەبا گوێ لە ترۆتسکی بگرین کـە بـە گاڵتـەجاڕیـەوە چـەند پرسیارێک لـە کوتسکی دەکات :

دەڵێ : ئـەو بۆرجوازیـەی سـەرنگوم کـرا دەبـێ گوێڕایـەلی دەوڵـەتی سۆڤیەت بـێ . بـە چ شێوازێک ؟ قەشەکان راهاتبون لە رێگەی وتنەوەی گـەف و گورەکانیـان هەڕەشـەو ترسیان

دەخستە گیان خەڵکەوە . بەڵام ئێمە ئەم جۆرە کەرەستانەمان لەبەردەست دا نیە . تەنانەت دۆزەخی قەشەکانیش بەتەنیایی ناتوانێ لەسەر پێ بووەستێ بەڵام ئاگرێکی ڕاستەقینە هەیە ئەویش لە دیوانی پشکنینی پیرۆزە هەروەها لە میلی ئەوترسەیە کە لە دەوڵەتی دیموکراسی دێتە دەر . ئەرێ دەبێ کوتسکی لە دیالۆگەکانیدا پشتی بە بیرۆکەی بۆرجوازی بەستبێ کە بتوانێ دەنگی گەل بەهۆی چینی زۆرینە کپ کا هەروەکو کوتسکی لە پەرتوکەکەیدا نوسیویەتی گوایە گیانی پیرۆزە ؟ ئێمە لە لای خۆمانەوە ناتوانین یارمەتی گیانی پیرۆز بدەین بەڵام ئێمە دەتوانین ئەو یارمەتیە بدەین کە لە تواناماندایە ، ئەو خۆی دەبێ ئامادەکاری بکاو نێردراوێکی کانتیزم ( فەیلەسوف کانت) بۆ شانشینی سەرکردە سپیەکان (دانیکن و کلشاک) بنێرێ .

ئەگەر بڕوامان بە بیرۆکەی ترۆتسکی هێنا کەدەڵێ سیاسەتەکانی بۆلشەڤیک وەڵامێکی ڕاستی زەرورەتەکانن کە جگە لە شەڕی ناوەخۆ هیچ بژاردەیەکی ترمان نیە ئەم شەڕەش بە نیانی نابێ ، بەکارهێنانی ویژدان لەهەر دوو لایەن پێویستیی بە نەفرەت نیە بەڵکو دەبێ بلێین ئەمە زەرورەت بوو دەبووایە وا هەڵس و کەوت بکرێ ئەمە پێویستیەکانی کۆمەڵایەتی بوو بۆ ململانێی هێزەکان ، ئەگەر بڕوامان بە هەمو ئەوانە هێنا کە باسمان لێوە کردن زۆر بەباشی بۆمان دەردەکەوێ کە دیالۆگەکانی ترۆتسکی بەهێز بوون . بەڵام ترۆتسکی بە بەردەوامی لەخۆی دەپرسیەوە ئایا دەبێ ئەو هەمو گریمانە بە تەواوەتی بێ پرسیار وەربگیرێن ؟.

دەبێ ئەوە لە هەموی بەسود تر نەبێ ،بلێین ئەو رەخنانەی رادیکالیستە نا بۆلشەڤیەکان ئەوانەی هەردەم پشتگیریان لە لینین دەکرد دژی پاسەوانە سپیەکان دەبێ ئەو رەخنانە بۆ لینین بەسود نەبن؟ بۆئەوەی هەڵە و زیادەرۆییەکانی ئەوان بەدەر بخا کە لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە پیادەیان دەکردن ؟ دەبێ هەندێ هاندەری تر نەبن جگە لە هاندەری شەڕی ناوەخۆ کە بوونە هۆی ئەوەی بۆلشەڤیک وا خۆی بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنێ ؟ ئایا دەبێ دیالۆگەکانمان لە میانەی شەڕی ناوەخۆ بایکۆت کەین ؟ ( ترۆتسکی بیری لەم مەسەلەیە نەکردۆتەوە کە دواتر لە سەردەمی شەڕی ئیسپانی ئەم سیاسەتەی گەشە پێدەدا ) . خۆئەگەر جەماوەری روسی بەوپەڕی جۆشەوە گیانی خۆی بەخشیوە بە بۆلشەڤیک وەکو ترۆتسکی دەڵێ ، دەبێ ئەمە لە ناسک ترین و وردترین کاتدا مەودایەک دروست نەکات بۆ ئالوگۆرکردنی هەندێک کاروبار لە ژیانی سیاسیی هەردو لا ؟

با بلێین جەنگ هەندێک زەرورەت دەسەپێنێ بەڵام ئەوانەی بانگخوازی ئەمە دەکەن دەبێ لە پێناو پاشە رۆژی مرۆڤ ومرۆڤایەتی ڕێگە چارەیەکی گونجاوتریان نەبێ بۆ ئەم زەرورەتە؟

ئەی هەندێک یاسای سەرکوتکار نین لە تەنگ ترین رۆژگاردا پیادەدەکرێن؟ هەندێک یاسا کە دانیکن و کۆلشاک گرنگیی پێنادەن، بەڵام بۆ لینین وترۆتسکی گرنگن . هەر چەندە ئەمە لەروی پێشکەوتنەوە تەنها نیشانەیەکی سەروەریی مێژوی رەوشتە ؟ سەرەتا ئێمە دەبێ بیر لەو پاساوانە بکەینەوە کە دەبنە رێ خۆشکەر بۆ ئەو رەفتارە ناشیرنانە ، ترسی ئەوەمانە ئەمانە بە یەکجارەکی بمێننەوە و ببنە ڕێگەچارەی هەمیشەیی.

بێگومان ئەم جۆرە پرسیارانە گرێیەکە ئالۆزتر دەکەن بەڵام هەرچۆنێکی بێ دەبا رەوشەکە بە ئاسایی وەرگرین ئەوەندەی ئالۆز نەکەین . واپێدەچێ ئەم پرسیارانە ئەگەر ئالۆزبن یا سادەبن هەرگیز ترۆتسکی شپرزەناکەن.

ئەوكاتـەی پـەرتوکی (تۆقانـدن وکۆمـۆنیزم ) ی دەنوسیـەوە هـەرکـەسێک کـە راهـاتبوو لـە بیسـتنی ئـەم جـۆرە دەنگانــە کـە زاڵــە بـەسـەر پـەرتوکەکـە، خێـرا وای دەبینــێ ئـەو گاڵتــەجاڕی و بــێ باکیــەی لــە بەرانبەرەکەیــەوە روبــەڕوی دەبێتــەوە بێگومــان دەچێتــە ناوهۆشــی ( چینــی مامناوەنــدیی رسـوا) ، لـەگـەڵ ئـەمـەش دیالۆگـەکانی ترۆتسـکی لــە هەڵمەتەکەی کوتسکی سادەترو کەم سەرنج راکێش تر بوون .

لە کۆتاییدا قسەیەکی ترۆتسکی کورت دەکەمەوە کـە دەڵـێ ( ئێمـەی دەسـەڵات بـەدەست نوێنـەری هێـزی پێشکەوتوین بۆیـە مـافی خۆمانـە ئـاوا رەفتاربکـەین وەکـو کردمـان ) وا پێدەچێ بـەکار هێنـانی زاراوەی ( ئێمـە رەفتـارە کانمـان ) ئامـانجی مەبەسـتەکانیان بـە گومـان دەخـا ، چونکـە دوبـارە کردنـەوەی ئـەم چەمکـە ئـەوە دەگەیـەنێ کـە گەیشـتن بـە ئامانجەکان ئەستەمە .

ئێمـە هەسـتمان بـەوە دەکـرد کـە لـە دیالۆگەکانـدا هـەردەم گوێمـان لـە دوبـارە بونـەوەی ووشـەی (ئێمـە ) دەبــێ وەکـو ئـەوەی داسـتانێک بـێ یـا نیشـانەی پێشـوە چـونێکی مـەزنی پڕۆلیتاریـا بـێ بـەڵام بـۆ ئێمـە ئـەمـە نیشـانەیەکی رونـی بۆچونـەکانی بۆلشـەڤیکە . لێـرە ئامـاژە بـەوە دەدەیـن کـە ووشـەی ( ئێمـە ) لـە سـەدەی بیسـتەم رێچکـەی بـەرەو نـەمان گرتەبەر رێگەی بۆ رونی سیاسی کردەوە .

هیچ هۆکارێک لەو هۆکارە گرنگتر نیە کـە ترۆتسـکی لـە پەرتوکەکەیـدا باسـی لێـوە کـردوە کە بۆتـە مایـەی مشتومڕ ی نێوان ترۆتسکی وکوتسکی، بیرۆکەکە ناو نرا ( ناسـاندنی حزبـی بۆلشەڤی لەگەڵ چارەنوس و بەرژەوەندیەکانی چینی زەحمەتکێش ) ترۆتسکی دەڵـێ :

بــەردەوام بــوونی ســەربەخۆیی بزوتنــەوەی ســەندیکای کرێکــاران ، لــە مــاوەی شۆڕشــی پڕۆلیتاریادا کارێکی دەگمەنە وەکو نەبوونی سیاسـەتی ئیئتـیلاف لـەگـەڵ پارتـەکانی تـر . سەندیکای کرێکاران گەیشتە ئاستێکی ئـابوریی بـەرز لـە حکومـەتی پڕۆلیتاریـا . کەوایـە دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەریی پـارتی کۆمۆنیسـت . ئـەوەی شـیاوی باسـە لیژنـەی مەرکـەزیی حزبمان بڕیاری داوە تەنها باس لە مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە بیروباوەر لە سـەندیکای کرێکاران نەکا بەڵکو کێشمە کێشمەکانی ترسناک کە هەندێکیان دەبنە هۆی تەقینـەوە لـە ناوەوەی سەندیکاکان باسی لێوە بکا .

ساڵـی 1936، کاتێـک ترۆتسـکی دەسـتوری سـتالینی دەنوسیـەوە دەوڵـەت و حزبـی ناسـاند دواتـر حـزب وپڕۆلیتاریـای ناسـاند ئەمانیشـی بـەوە ناسـاند کـە ( هەڵـەی خـەراپن بـەڵام سەرەکین بۆ بڕواکانی فەرمی ) گومانی تیا نیە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان روسیای لینین لە ساڵی 1920 ، و روسیای ستالین لە ساڵی 1936 ، ئەمە لەگەڵ ئـەوەی بـە باشـی دەزانـین کـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بـدەم ئـەو هەڵانـەی ترۆتسـکی لـە پەرتوکەکەیـدا هێرشـی دەبردنە سەر لەسەر راستی بون ، لەمە هەندێک بۆچونی ترۆتسکی لە بڕگـەکانی ئـەو پەرتوکە وەرگیراون ، بێ گومان بۆچونەکانی راست بوون ئەمەش بۆ ئەم چاکی و شـانازیە ، ئەوەتا هەندێک لە وتەکانی کە وەڵامی هەندێک لە پرسیارە ئاراستە کراوەکانیەتی!.

بـەڵام زامـن و گرەنتیـەکانتان کـوان؟ هەنـدێک لەوانـەی خۆیـان بـە نـاوبژیوان دەزانـن لێمـان دەپرسـن ، کـوا گرەنتیـەکانتان ؟ بـەهۆی ئـەوەی حزبەکـەتان و تـەنها حزبەکـەتان دەربڕی خواستی بەرژەوەندیەکانی گۆڕانی مێژوییە؟ ئێوە هێزی حزبەکانی ترتـان خـاپورو لــەناو بــردوە رێگــەتان لــە هــەمو کێبەرکێیــەکی حزبایــەتی گرتــوە ئـەمــەش بــووە رێگــر لەبەردەم خۆتان تا نەتوانن کارەکانتان بپشکنن .

ترۆتسکی وەڵامی ئەم پرسیارە بەم شێوەیە دەداتەوە :

لـه ماوەیەکـدا کـه رکابـەرەکانت جلێکـی ئاشکرا لەبـەردەکا ئەوسا حزبـی دەسـەڵاتدار کەرەسـتەی باشـی لەبەردەسـت دا دەبـێ دەتـوانێ کارەکـانی بپشـکنێ بـێ ئـەوەی لـه رۆژنامـەکانی مەنشـەڤیک بـڵاو بکرێنـەوە ، لـه بیرتـان بـێ **نوسـەک** کـه ( ***سۆشـیال دیموکراتێکی ئەلمانی بوو بەئەگەری گێرانی رۆلێکی خەراپ لە مردنی رۆزالۆکسمبوورگ وکارل لیبخناخت به چەپەل هاتـه ناسین)*** بـووە مایـەی لـه نـاوبردنی کۆمۆنیزم بـەڵام دواتر کۆمۆنیست ژیایەوە ئەوەتا ئێمەش مەنشەڤیک و رادیکالیستەکانمان کپ وسەرکوت کردون هیچیان دیار نەماون .



روزا لوکسمبوورگ

دەبێ ترۆتسکی ئەوکاتەی لـه سەرەتای ژیـانی سیاسیی دابوو یا ترۆتسکیی دواتر ئـەم دەمەقالەی پێ کارێکی شپرزە نەبێ ؟ کێ دەبـێ ئـەوە بـڕوا بکا ژیانـەوە نیشـانەی راست کردنەوەی سیاسیانەیە ؟ رونتر نیە ئەوە بلێین ئـەم دەمەقاڵێـەی ترۆتسکی لـەو گوتـەیـەی ناحەزانیـەوە نزیکـه کاتێک گاڵتـەیان بـەو بزوتنەوەیـه دەکرد کـه لـه سیەکانی سـەدەی بیسـتەم سـەرۆکایەتیی دەکـرد؟ وای نیشـاندا کـه مەنشـەڤیەکان لـه بیسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم بـەر لـەوەی( چیـک ) لـەناویان بـەرێ زیادیـان کـرد _ نـەخێر _ ئـەم پەرتوکـه سەروەری نیه بۆ ترۆتسکی من لێرەوە بڕیار دەدەم هیچ پـەرتوکێک نیـه پەیوەندیـەکانی نێوان لینین وستالین دیار بکا یا هەڵەکانی بەردەوام بوونی لینین وستالین دیـار بکـا لـه پەرتوکی ترۆتسکی زیاتر که لەژێرناوی ( تۆقاندن و کۆمۆنیزم) بوو .

لەناوبردنی کوتسکی کارێکی ئاسان بوو بەڵام لەناوبردنی ئـەو کێشـانەی کوتسکی باسـی لێوە دەکردن سەخت بوون . ئەو ماوەیەی ڕاستەوخۆ دوای شەڕی ناوەخۆ هات بۆ ترۆتسکی و مەنشـەڤیک پـڕ بـوون لـه ئـازار و مەینـەتی . روداوەکـان لەگـەل ئومێـدو ئاواتـەکانیان نەهاتنەوە . ئەوان بوونە مەزنی وێرانکاریەکان و دەسەڵاتداری باڵادەست بەسەر برسی و نەداران .

لە ئەوروپا زۆرجار شۆڕش وراپەڕین وکودەتای سەرنەکەوتو رویان دەدا بەڵام لـه روسیا ئـەمـە بـەهۆی پرۆلیتاریـای جیهـانی روی نـەدەدا . هێشـتا کـەرتێکی زۆری چینـی زەحمەتکێشی ئەوروپی لە ریزی دیموکرات وسۆشیالیستەکان رێکخرابوون ، ئـەوە لـه نێو بۆلشەڤیەکان باو بوو کە ئەوان بە هۆی هێزی سوپاو پۆلیسەوە دەسەڵاتیان بەسـەر هـەمو وڵاتـدا دەروا ، ئەمەشـیان بـاش دەزانـی کـه جوتیـارە روسـەکان رقیـان لـه سیاسـەتی کشتوکالیی رژێمی بۆلشەڤیک دەبێتەوە .

بـاش لـەوە گەیشـتن کـه چینـی زەحمـەتکێش هـیچ سۆزو خـوێن گەرمیـەکیان بـۆ شـۆڕش نەماوە ، لۆرد ئاکتن دەڵێ: هێز بۆگـەن دەبـێ و دەسـەڵاتی رەهـاش زیـاتر بۆگـەنی دەکـا لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەمـە نابێتـه مایـەی بێـزاری ئەگـەر دەسـەڵات لەدەست دەسـتەیەکی

توندرەودا نەبێ. دەسەڵاتدارە کان ئەوانەی هەست ناکەن پاکانە بۆ ستەم کاریەکانیان بێننەوە دەتوانن خۆیان بە سیمایەکی جوان نیشان بدەن سیمایەک مایەی برایەتی و یەکسانیی پێوە دیاربێ. ئەوان بەتەواوەتی لەو ستەمکاری و خوێن بەفیرۆدانە دڵنیان. بەڵام سەبارەت بەو دەسەڵاتدارانەی وای دەبینن کە ئەوان لە ئەنجامی پەیوەست بوونیان بە بەڵێن و گفتەوە دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست کە هیچ کاتێک لە خۆبەخت کردن ناسلەمێنەوەو لە کاری چاک نارەونەوە، ئەوانە زۆر سەیرن ئەگەر کارەکانیان بیان باتە باوەش دەستەیەکی دکتاتۆر رەفتارەوە تەنانەت ئەگەر بەردەوامیش بوون لە پشتبەستن و پیادە کردنی دروشمی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە.

بە دیدی هەندێک کەس ئەم شپرزەییە دەبێتە هۆی ئەوەی چاوێک بەو توێژینەوەیەدا بخشێننەوە بەڵام هەندێکی تر وابیر دەکەنەوە کە ئەمە نقوم بوونە لە گەندەڵی بیروکراتیەتی تەمبەل، ئەوانەی تریش دەڵێن نەخێر ئەمە خۆراگریەکە لە کاروانی مێژو ئومێد دەکرێ بگەن بە رۆژێکی نمونەیی وەکو ئەوەی لە ساڵە بەراییەکاندا بنیادیان نابوو.

من لێرە بریار لەسەر ئەوە نادەم نە ترۆتسکی نە هیچ لە سەرکردە روسەکان لەسەر هیچ رێگەیەک لەو رێگایانەی لەسەرەوە باسمان لێیانەوە کردن بە وشیاریەوە هەنگاویان ناوە، چونکە هێشتا زوە بۆ ئەم حوکمدانە. هێشتا بڕواکان بەتینن و روەو جۆشی خەبات گەرمە ویستێکی شێتانە هەیە بۆ دەسەڵات و سوربوون لەسەر رێگای راست ئەو رێگە ڕاستەی بڕوایان پێی هەیە. بەڵام نیشانەکانی ترس و دڵەڕاوکێ وەدەرکەوتن زۆر بەڕونی دیارن ئەم دیاربوونەش جاران رونتر بوون لە ئێستا.

بیرۆکەکانی ترۆتسکی لە دوو خالدا ئەو پەری توندڕەویان سەلماند...

لەیەکێک لە خاڵەکان مەزندەی ئەوەی دەکرد پاشەکشە یا سستی لە سیاسەتی ئابوریی نوێ روبدا.

لە خالەکەی تر زۆر توندڕەوانە روەو کۆمۆنیزمی سەربازی چو بە هیوای ئەوەی سەرەداوەکانی ئابوریی هەلوەشاوە لە ئابوریی روسیا بەیەک بگەیەنێ. زۆر لە روسەکان هەریەکەو بە شێوازێک وەڵامیان دایەوە، هەندێک لە مەنشەڤیەکان لە ناوەوەی حزبی ئۆپۆزسیۆنی کرێکاران کە پێک هاتەیەکی سەرەکییان لە کرێکارە شۆڕشگێڕەکان پێک دەهێنا بە سەرۆکایەتی شلیابنیڤوک سەرکردەی بلیمەت، بە توندی ئیدانەی ئەم ئاراستەیان کرد کە ئاراستەیەکی سەربازیی بیروکراتیە رژێمی نوێ لەسەری دەروا. ئەم کۆمەڵە سوربون لەسەر ئەو داواکاریە بۆئەوەی سەندیکای کرێکاران و لیژنەکانیان جلەوی دەسەڵاتی ئابوری بگرنە دەست.

گوایە ئەم بیرۆکەیە بیرۆکەیەکی نیمچە سەندیکاییە هەڕەشەیەکی دیارو رونە لە دەسەڵات کە دەستی بە هەمو کەناڵەکانی چالاکیدا گرتوە بەڵام ئەم داواکاریە داوایەکی کارا نەبوو بە تایبەت بۆ کردارێکی لەم شێوە ئابوریی بەرەڵلاو پڕ ئاژاوە.

لەبەر ئەم دوو هۆیانەی سەرەوە هەریەک لە ترۆتسکی ولینین دژایەتیی ئەم کۆمەڵەیان کرد. دواتر دەستەیەکی تر لە پارتی دیموکراسی میانڕەو کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە رۆشنبیرەکان پێک هاتبوو ئەم دەستەیەش جەختیان لەسەر ئەو داواکاریە کردەوە کە دەبێ دیموکراسیەتی حزب و سۆڤیەتەکان بگێڕدرێتەوە، ئەمەو لە کاتی قسەکردن لەسەر _فەرهەنگی روسیی شارستانی_ ئەم دەستە دیموکراسیە میانڕەوانە نەریتەکانی

لینینیـان وەبیـر هێنانـەوە ئەوانـەی لـە 1917 لـە نامیلکەیـەکی دا بـەناوی ( دەوڵـەت و شۆڕش ) نوسیبوونـی .

بـەڵام ترۆتسکی زۆر بـە خوێنگـەرمی وسۆزەوە قسـەی لەسـەر سیاسـەتی مـەنتیق دەکـرد لـەوپەری توندڕەوی مشتومڕی دەکرد پێـی لەسـەر ئـەوە داگـرت کـە لـەو سـەردەم دەبووایـە دەسەڵاتی دام و دەزگا حکومیەکان زیاتر بن .

ئـەم پرسانـە کـە خـەریک بـوون ئێسقانی حزبیـان دەخـوارد لـە ساڵی 1920 تەقینـەوە ، ناوێکی سەیری هەلگرت ئـەویش ( دیالۆگی سەندیکای کرێکـاران ) بـوو لـەسـەرەتا وا بـەدی دەکرا کـە هـیچ شتێکی وا نیـە ببێتـە مایـەی نیگـەرانی بـەڵام دواتـر کارەکـان گـۆڕان رووەو هـەڵچون هـەنگاویان دەنـا . ترۆتسکی باسی لـەم مەسـەلەیە کـرد وتـی : ( سـەندیکاکانی کرێکاران دەبێ لەگەڵ فەرمانگـە حکومیـەکان یـەکگرن ) ، بـەڵام لینـین نـەک حـەزی لـەوە نەبوو ئازادی بە سـەندیکای کرێکـاران ببـەخشن تـا بـە هەوسـتی خۆیـان کـار بکـەن بـەڵکو لەوە زیـاتری گـەرەک بـوو ئـەم لـە ترۆتسکی زیـاتر نـەرمی و نیـانیی لەگـەڵ سـەندیکاکان دەنوانـد جۆرێـک لـە ئـازادی سـەربەخۆی پـێ بـەرەوا دەبینـی چونکـە بـە دیـدی لینـین سـەندیکاکان نوێنـەری کۆمەڵگایـەکن دەتـوانن فشـار بخـەنـە سـەر حکومـەت بـۆ ئـەوەی داواکانی کرێکاران جێبەجێ بکەن .

لەکۆنگرە بەناوبانگەکەی دەیەمی حزبدا لە ساڵی 1921 ترۆتسکی وتی :

سەرەڕای ئەو خۆ هێنان و بردنەی جەماوەر لە هەوەستە کاتیـەکانیان هـەروەها وێڕای راڕایـی لـە ریـز چینـی کرێکارانـدا ، حـزب ناچـارە لەسـەر ئـەم دکتاتۆریـەتـە بمێنێتـەوەو بەردەوام بێ چونکە هەمو کاتێک دکتاتۆریەت پشت بە بڕواکانی دیموکراسیەتی کرێکاران نابەستێتەوە، ئەمـە لەگـەڵ ئـەوەی دیموکراسیـەتی کرێکـاران تاکـە رێگەیـە کـە بتـوانرێ بەهۆیەوەو بە شێوەیەکی بەردەوام جەماوەر بۆ کاری سیاسی رابکێشـێ ، ئەمـە راستیـەکە هیچ بۆچون و جـەدەڵێک نـاتوانێ خـۆی لـێ لابـداو ئـەم راگەیاندنانـەش بـە هەڵـە بزانـێ . دەکرێ بلێین تاکە شت کە بووە مایەی مانـەوەی حـزب بـە شێوەیەکی یـەکگرتو لـە نێـوان سـەرکردەکانی بۆلشـەڤیک بـە چـالاکی کـاری پێدەکرا لـە بیسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم، دیالۆگی ناو حزب بوو ئەم دیالۆگـە بەشێوەیەکی راشکاوانە مایـەوە لـە رێگەیـەوە تـوانرا گـوێ لـە زنجیرەیـەک راو بۆچـون بگیـرێ کـە هەنـدێکیان ئەگـەر رەوشـەکە وانـەبووایـە بـۆ حزبەکانی تر بەسود دەبوون .

تا ئێستا رژێمی بۆلشەڤیک لە کۆمارە چەپەکانی ئەوروپاوە هاوکاری وپشتگیری دەکـرا ، هەنـدێک لـە پارتـە سۆشیالیسـتیەکان دابـران هاوکـاری پێکهێنـانی پـارتی کۆمۆنیسـتی نێودەوڵـەتییان دا ، بەگوێدا چرپاندن و ئاماژەکان بۆ ئـەزمونی سۆڤیەتەکان لـە زیـادبوون و هەلکشان دابوو ، ئەم بەگوێ چرپاندنـە مـاوەی سـەدەیەک و دوان و سیان بـەردەوام بـوو بـە شێوەیەک تەنانـەت سـەرکردە بۆلشـەڤیەکانیش درکیـان بـەمـە نـەکردبوو لـە مـەزنـدەی ئەوانیشدا نەبوو .

چرپـە لێـرەو لـەوێ لـە فەرمانگـە ئازادەکـانی چـەپڕەوان دەبیسـترا کـە گوایـە شـۆڕش شکستی هێناوە ئەم جۆرە دەنگانە نابێ بەوە تاوانباریان بکەین کە دژی شۆڕشن .

لـە بـەهاری 1920 برترانـد رەسـل سـەردانی یەکیـەتی سـۆڤیەتیی کـرد هـەر چەنـدە ماوەکەشی کورت بوو بـەڵام بووە مایەی نوسینی پەرتوکێک ناوی نا ( بیردۆزی بۆلشـەڤی و رەفتارەکانی ) تائێستا ئـەم پەرتوکـە شایـەنی ئەوەیـە بیخوێنیتـەوە . گومـان لـەوە دا نیـە رەسل دۆستی کۆتایی کۆمۆنیزم ودوژمنی سەرمایەدارە بەڵام ئەم پەرتوکەی بـە شێوەیەک

نوسیوەتەوە کە لە ئاستێکی زۆر بەرز دایە ، دۆستەکانی بۆلشەڤیک لە رۆژئاوا وا بڕوا دەکەن کە حکومەتی دکتاتۆریەتی کرێکار تەنها شێوەیەکە لە شێوەکانی حکومەتی نواندن لەم حکومەتەدا تەنها دەنگی ژن وپیاو و کرێکار دەبیستین ، وادەزانن ئەوەی پێی دەوترێ پڕۆلیتاریا ( چینی زەحمەتکێش) ئەوە بە بێ کەم و زیاد پڕۆلیتاریایە بەڵام ئەوەی کە پێی دەوترێ (دکتاتۆریەت ) بەدروستی مانای دکتاتۆریەت ناگەیەنێ ، ئەمە بەتەواوەتی پێچەوانەی راستیە. چونکە ئەوکاتەی کۆمۆنیستێکی روسی باس لە دکتاتۆریەت دەکا بە یەک پیت ماناکەی دەگەیەنێ ، بەڵام کاتێک باس لە پڕۆلیتاریا دەکا مانایەکی گاڵتەجاڕ و فرە مانا دەگەیەنێ . ئەمەش مانای ( وشیاری چینایەتی یا ویژدانی زیندو لە پڕۆلیتار یا لە حزبی کۆمۆنیستی ) یە . مەبەستی ئەو کەسانە کە زۆر دورن لە پڕۆلیتاریا ،ئەوانەی هەردەم راو بۆچونەکانیان راست و دروستن ، جگە لە خاوەن موچەکان کە هەڵگری رای دروست نین .

هەست کردن بە زەرورەت بۆ چەسپاندنی کۆمۆنیزم لە بیر و هزردا دەبێتە مایەی دروست بوونی کەش و هەوایەکی گەرم، ئەوسا دەبێ هەر ئاوازێکی نەشاز هەبێ دور بخرێتەوە ئەوکات ئیتر وڵات بە تەواوەتی وەکو دانیشگایەکی مەزنی یەسوعی لێدێت .

لە سەرەتاکانی ساڵانی بیستەم لەسەدەی بیستەمدا ئەو ئامرازانەی رەسل پەرتوکەکەی خۆی پێ رازاندبوەوە هاوشێوەی نەبوو ، تەنها لە برگەکانی (جۆلیۆس مارتۆڤ) دا نەبێ ، ئەو کەسە ناشیرنەی هەردەم واخۆی نیشاندەدا وەکو رکابەری بۆلشەڤیی ئاشتیخوازە، هەوڵەکانی شکستیان خوارد دواتر ترۆتسکی باسی لە مارتۆڤ کرد و ناوی نا ( هاملتی سۆشیال دیموکرات) ئەوەی لەبیر نەمابوو کە هاملت خاوەنی بەهرەو توانایەکی مەزن بوو ئەو لە دانیمارک بالیێ بوو . ئێوەو وتەکانی ترۆتسکی لەسەر مارتۆڤ لە یەکێک لە وتارەکانی لەم دواییە بەر لەوەی روسیا جێ بێلێ :

هیچ کاتێک دەوڵەتی سۆڤیەت بەکارێکی وا هەلنەستاوە کە فەرمانبەرێکی کەرتی گشتی لە سەر کار لابەرێ ولە رێگەی هەلبژارند یەکێکی تر لە شوێن ئەم دابمەزرێنی ، هەروەها هیچ کاتێک کاری تۆقاندن و توندو تیژیی دژی پۆلیسی پیشەدار بەکار نەهێناوە وهیچ کاتێکیش سنوری بۆ دەستگرتن بەسەر بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکان دانەناوەو ئەو هێزەی بۆ پیادەکردنی فەرمانەکانی دەسەڵاتی خۆجێیەتی بەکار هێنراوە کەمی نەکردۆتەوە ، بە پێچەوانەوە دەبینین دەوڵەتی سۆڤیەت ئارەزوی ئاراستەی پێچەاونەی هەیە . وابەدی دەکرێ کە ئارەزوی هەیە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی مەرکەزی رشت و چەسپاو تر بن ستەم و زۆرداری باشتر بچەسپێنێ تا ئەو ئاستەی بتوانێ ئەمەش لە پێناو بووژاندنەوەو گەشە پێدانی دەزگای دەوڵەت دابێ لە پێناو شارەزایی و بسپۆری تەواو لەسەر تۆقاندن و زۆرداری . زۆرداریەک کە بەسەر هەمو شتەکانەوە بێ .

دیدی بۆلشەڤیەکان بۆ دەوڵەت گۆرا ئێستا نە رێگاکە خۆش و قیرتاوە نە هیچ رێگایەکی تر هەیە بۆ گەیشتن بە دەوڵەتی سۆشیالیستی ، سیما و ئاسەواری هەمو کارو پەیمانەکان کە دەوڵەتی بۆرجوازی بە ئەنجامی گەیاندبوون دیار نەمان . واتە ئەوەی لە ساڵی 1917 ئەوکاتەی لینین لە پەرتوکەکەی (دەوڵەت و شۆڕش ) گوتبووی ئێستا وەکو ئەوەی نەبووبێ وایە . رێگاکەیان بەرەو سیستەمی سۆشیالیزم واپێدەچێ ئێستا لەلایەن دەوڵەتەوە ئازادە پێویست بە هیچ ناکات تەنها بەگەشە کردنی گۆڕان و کارەکان نەبێ، لەم حاڵەتەشدا گەشە بە پەیمانگا و دام و دەزگاکانی دەوڵەت بدرێ بە شێوەیەکی جیا لە شێوەکانی سەردەمی دەوڵەتی بۆرجوازی .

کەسە زیرەکەکان سور بوون لەسەر رەتکردنەوەی بیرۆکەی دیموکراسیی پەرلەمانی ، سەیر ئەوە بوو لە هەمان کاتدا شێوازەکانی تایبەت بە دەسەڵاتەکانی حکومەتیان رەت نەدەکردەوە کە بەتەواوەتی لە شێوازەکانی حکومەتی بۆرجوازیی پەرلەمانی دەچون نمونەشمان بۆ ئەمە زۆرن:

بیرۆکراتیەت و پۆلیس و سوپای هەمیشەیی هەریەکە و سیستەمێکی جیای هەبوو کە زۆر لەیەکتر دوربوون هەریەکەو خاوەنی سەربەخۆییەکیش بوو .

ئێستا ئەوە چەسپاوە کە هەردەبێ بقلیشێتەوە : ئەوکات زستانی 1921 بوو ، لەم ساڵەدا دەستەو کۆمەڵەی رێگر لە جوتیارە برسیەکان دروست بوون ئەوانەی لە جوتیارەوە گۆڕان بۆ رێگری و راوروتی، هەمو گوندەکانی روسیای گرتەوە . مانگرتن هەمو شارە سەرەکیەکانی گرتەوە بووە هۆی کەمی بەنزین و داخستنی زۆرلە دوکان و کارگەکان ، سەرەڕای ئەمە کرێکارەکان رۆژانە هەریەکەی 700 تا 1000 یەکەی گەرمیی لە خواردنی دەبرد ئەمە وێڕای ئەو کارە سەختانەی کە رۆژانە پێی هەڵدەستان بۆیە دەبینین کرێکارەکان ناچار دەبن روو لە گوندەکان بکەن بە ئومێدی ئالوگۆر کردنی کالاو جلو بەرگەکانیان بە خواردەمەنی ، بەم شێوەیە ئەو کۆتەی حکومەت کە لەسەر بازارگەکانی دانابوو شکاندیان ، دوکەڵی شۆڕش لە سەرتاسەری وڵات بە درێژی وپانییەوە بەری ئاسمانی گرت .

ئەوەی کارەکانی ئالۆزتر کرد ، کەشتیوانەکانی دەریا خۆیان وەکو هێزێکی سیاسی رێکخست و پشتیان بە وزەی خۆیانەوە بەست وبڕیاریان دا فەرمانەکانی سەرکردە بۆلشەفیەکان رەتکەنەوە . فەرماندایەتی هێزی کودەتاچیەکان و رادیکالیستە چەپڕەوکان و رادیکالیستە کرێچیەکان بوون دروشمیان بەرز کردەوە ، بریتی بوو لە دروشمی ( شۆڕشی سێیەم ) بۆ گەڕاندنەوەی هێزو کاریگەری سۆڤیەتە تێکدراوەکان بۆ دۆخی جاران. داواشیان کرد هەلبژاردنێکی گشتی بۆ هەمو سۆڤیەتەکان ئەنجام بدرێ تیایدا هەمو پارتە چەپە دەرباییەکان تیایدا بەشدار بن . هەروەها داوایان کرد ئازادیی رادەربڕین ورۆژنامەگەری بۆ هەمو جوتیارو ئاژاوەگێران و پارتە چەپە سۆشیالیستەکان دابین بکرێ . ئەمەو داوای سوککردنی کۆتە سەپێنراوەکانی سەر ئابوریان دەکرد بۆ نمونە جوتیارەکان مافی ئەوەیان هەبێ هەمو زەویەکانیان بچێنن بەمەرجێ سود لە کاری کرێگرتەیی وەربگرن . هەروەها رێگە بە ووردە پیشەساز کارەکان بدرێت تا سود لە کارگەکانیان وەربگرن لەگەڵ سوک کردنی مەرجەکانی سەپێنراو بەسەریاندا ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی سیاسەتێکی یەکگرتوشیان نەبوو بەڵام بە خوێن گەرمی ودیموکراسیی شۆڕشگێرانە جۆش درابوون ، جوتیارەکان توانیان وەکو ئەوەی بە خوێن گەرمی و سۆزەوە بۆ دۆزەکەیان جۆش درابوون ئاوەهاش دەسکەوت وەدەست بێنن کە بریتی بوو لە پشتگیری 30% ی کەرتی کۆمۆنیستی خۆجێی .

بۆلشەفیەکان هەستیان بە هەڕەشەو مەترسی کرد بۆیە دەبینین لینین لە کاتی بەستنی کۆنگرەی دەیەمی حزب رایگەیاند کە شۆڕشگێڕەکانی کرنستات پێویستیان بە پاسەوانی سپی نیە هەروەها دەسەڵاتی ئێمەش رەتدەکەنەوە، گومان لەوە دا نیە کە ئەم راگەیاندنە زۆر لە پڕۆپاگەندەکانی بۆلشەفیک راستترە کە زۆرجار وێنەی شۆڕشی کرنستات یان شێواندوەو گەلێ جار وتویانە شۆڕشگێڕەکانی کرنستات لایەنگری پاسەوانانی سپی دەکەن .

که دەبینین حکومەت هیچ چارەیەکی مامناوەندیی لەبەردەم دانەنا بۆیە ترۆتسکی لە 5 ی ئادار داوای خۆوەدەست دانی بێ مەرجی لەبەردەم دانان ، کاتێک کرنستاتەکان گەفەکەیان پشتگوێ خست سوپای سور کەوتە ئامادەباشی بۆ هێرش بردن سەریان .
کرنستات دەکەوێتە دوری 17 میل لە پترۆگراد کەوتۆتە سەر کەنداوی فنلاند . بەهۆی ئەوەی بەستەلەک و شەختەکان ئەستور بوون سوپا بە ئاسانی دەتوانێ بگاتە دورگەکان بەڵام لە کاتی توانەوەی بەفرەکان شۆڕشگێڕەکان بە ئاسانی چۆک دانادەن . جگە لە سوپا شاندێکی کۆنگرەی دەیەمی حزب کە لە ناویان لادەرە کانی حزبی ئۆپۆزسیۆنی کرێکار و حزبی مام ناوەندیی دیموکرات یاوەری هێرشەکە بوون . سەربازەکان بە جلی سپیەوە بەرێ کەوتن وەکو ئەوەی بەفرەکە بڕوات ، بەڵام رۆکێتەکانی لە کرنستاتەوە دە هاوێشتران شەختەکەیان دەشکاند بەهۆیەوە زۆر لە سەربازەکان خنکان بەڵام هەرچۆنێکی بێ توانیان بگەنە ناو دورگەکەو کرنستات بگرن و بەسەر شۆڕشگێڕەکاندا زاڵ بن، قەلاکەیان لە ژێردەست دەرهێنا . کوشتارێکی زۆر لە هەردولا کەوت بەڵام کارە دڕندەییەکان دەتوانین بلێین کەمتر بوون .
لە 3 ی نیسان لە مانۆڕێکی سەربازیدا ترۆتسکی وتی :
( ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانمان کرد بەڵکو ئەوەی بەرچاوی دەریاوانەکانمانی گرتوە وەلادەکەوێ و بەرژەوەندی خۆیان دەزانن و دێنەوە هۆش خۆیان تا بزانن ئەوەی ئەوان لە یاخی بووندا دەیکەن بەرەو چ ئاقارێکیان دەبا ، بەڵام روبەڕوی مەترسیەکی مەزن بووینەوە ئەویش توانەوەی بەفرەکانە بۆیە بڕیارمان دا هێرش بەرین ).
کاتێک مەسەلەی گفتوگۆکانی کرنستات لە 1938 دوبارە دەستی پێکردەوە و رەوتی چەپی رکابەر لە لایەنگرانی ترۆتسکی رەخنەیان لە رەفتارەکانی ئەوکات گرت بۆ ئەو رۆڵە توندەی کە لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکانی سەرکوتکردن دەگێردران ، ترۆتسکی بە پێداگرتنەوە وەڵامی دایەوە کە شۆڕش رژێمی بۆلشەفیی خستۆتە مەترسییەوە ، ئەگەر رێگەی پێبدرێ بڵاو ببێتەوە دەبێتە هۆی بەرپا بونی شەپۆلی یاخی بوون لە درێژایی و بەرینی وڵات . ئەمەش بزانن کە دەریاوانەکانی کرنستات ئەو شۆڕشگێڕە نمونەییانە نەماون کە شۆڕشی ساڵی 1917 لەسەردەستیان هاتە دی ، کە زۆربەیان لە شەڕەکانی ناوەخۆ کوژران و هەندێک مندالکاری جوتیاری نەشارەزا لە روی سیاسیەوە هاتنە شوێنیان . بەڵام بە هاتنی ساڵی 1918 ئیتر ترۆتسکی نە باسی پاسەوانی سپیی دەکرد نە باسی کاریگەریانی دەکرد.
ئەگەر بە گفتوگۆکانی ترۆتسکی لەسەر شۆڕشی کرنستاتی درەنگوەخت رازیش بووین ئەوا ئەم شۆڕشە هەردەم وەکو ماکێکی رەش بە نێوچەوانی مێژوی سەرەتای بۆلشەفیک دەمێنێتەوە . بەڵام کاتێک ئەم رژێمە دەبێتە دکتاتۆری خۆسەپێن ئەوا هیچی لەبەر دەم نامێنێتەوە تەنها ئەوە نەبێ رو لە هێزی سەربازیی شەڕکەر بکا دژی جەماوەری شۆڕشگێڕی تورە ، جگە لەم رێگەیە هیچی تری لەبەردەم دانیە چونکە رێگەی دیموکراسی هەلنابژێرێ. گومانی تیا نیە بۆلشەفیەکان زۆر بە دڕندەیی کاریان کردوە، ئەوەتا ڤیکتۆر سارج دەنوسێ دەڵێ :
دەبینم سەرکردە مەزنەکانی حزب هەست بە شەرمەزاری و گوناهباری دەکەن ، بۆلشەڤیەکان دوای ماوەیەکی کورت لە زەوتکردنی دەسەڵات یەکێکیان بە درک پێکردنەوە وتی : ئەو هەوڵانەی کە دەبێ کەمینە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دکتاتۆر بیاندا

هەردەبێ بە (تۆقاندن وترساندن ) کۆتایی بێت، راستی وت بە ترس و تۆقاندن کۆتایی هات .

لە نیسانی 1921 کەشو هەوایەکی نامۆ بالی بەسەر کۆنگرەی دەیەمی حزب دا کێشابوو، ئەم تەم و مژە زۆر بە ئاشکرا بەدی دەکرا ئامادە بوون بە بوونی داواکاریی سەرەکی ئەگەر جێبەجێ نەکرێن شۆرش لە هەمو وڵات بەرپا دەبێ ، کە لە ژێر قاتو قڕی و دەسەڵاتی بۆلشەڤیکدا دەنالێنێ . ئێستا لینین ( سیاسەتی ئابوریی نوێ ) ی پێشکەش کرد نوێنەرەکان بە مشتومرێکی کەم دەنگیان لەسەر دا ، ئەم بیرۆکەیە پشتیان بە هەندێ بنەما بەستبوو کە ترۆتسکی بەر لە ساڵێک دایرشتبوون بەڵام کاری بۆ جێبەجێ کردنیان نەکردبوو . ئەم سیاسەتە نوێیە هەندێک برسێتیی نوێی لە بازاری ئازاددا دروست کرد، رێگە بە جوتیارەکان درا بەرهەمی زێدەیان لە بازار بفرۆشن هەروەها رێگە بە سەرمایەداران درا سەرمایە تایبەتیە کان یان لە بوارییپیشەسازیدا بخەنە گەڕ بەڵام بە قەوارەیەکی بچوک و لە سنورێکی دیاردا ، ئەمەو رێگە بە خاوەن سەرمایە بێگانەکان درا بەکرێ بگرن وسود لە ناوچەکانی ئابوریی روسی وەرگرن . بۆلشەڤیەکان لەوە ترسیان هەبوو ئەم چاک بوونەی ئابوری لە وڵات ببێتە مایەی باش بونی ژیان وگوزەرانی جوتیارو کاسبکاران ، ئەو جوتیارانەی ناحەزیی توندیان بۆ رژێم هەبوو بۆیە بریاریان دا ئەم چاکسازی و کارئاسانیانە بە توندبوونی باری سیاسییەوە ببەستنەوە ، بە سوربونی لینین کۆنگرە بریاریدا رێگە بە دروست بونی کوتلەی جیا لەناو حزبدا نەدرێت چونکە کار لەسەر بەرنامەی سیاسی دەکات . ئەم کوتلەکاریە یەکێک بوو لە سیما دیارەکانی بۆلشەڤیک هەر لەوکاتەی کە دەسەڵاتی گرتبووە دەست ئەم دیاردەیە باوبوو ، ئەم دیاردەیە لە کاری رێکخراوەییدا جێگەی دیالۆگی گرتبوەوە بە سیمایەکی دیموکراسی دەزانرا . ئەم بریارە بناغەیەکی مکومی بیرو بڕواکانی پێکهێنا رێگەی خۆش کرد بۆ بیروکراتیەتی حزبی بە سەرۆکایەتی ستالین ... بە ویژدانەوە بلێین مەبەستی سەرەکی لەم بریارە کردنەوەی یانەی حزبی بوو کە تیایدا دیالۆگ وگفتوگۆ ئەنجام بدرێن بەهۆیەوە هەمو ئەندامەکانی حزب دەتوانن راکانی خۆیان دەربرن و بۆچونەکان ئالوگۆر کەن ، ئەم یاسایە بەهۆکاری ئاوەرتەی کاتی جێبەجێ کرا ، لینین لە کۆنگرە دەڵێ :

ئەگەر لە ناو حزبدا جیاوازی وناکۆکیی بنەرەتیش هەبن ئەمە نابێ ببێتە مایەی بێبەش کردنی هەندێک لە ئەندامانمان لە مافی رادەربرین . بۆ نمونە ئەگەر پرسیارێک قیت بوەوە لە سەلامەتیی برست لیتۆڤیک ی پرسی ، دەتوانین گرەنتیی ئەوە بدەین کە ئەم جۆرە پرسیارانە ناکرێن ؟ نەخێر ئەمە لە تواناماندا نیە دورنیە بە زەروری بزانن ئەمە بپرسن ئێمەش لەسەر سەکۆ گفتوگۆی لەسەر بکەین و وەڵامەکان بدەینەوە . ئەمە لەکارە هەرە رونەکانە .

هەنگاو بە هەنگاوی ئەو ماوە مێژویە چارەنوسسازە زۆر بە خۆشیەوە دەقاو دەق وەکو ئەوەی لە پەرتوکەکەی ترۆتسکی بە ناوی ( بیردۆزی شۆرشی هەمیشەیی ) هاتوە راستیەکان دەگێرێتەوە ، کە هێشتا رانەگەیەندراون . دکتاتۆریەتی بۆلشەڤیک ئەوکاتەی لە نامۆیی وتەنیایی دا دەژیا لە حاڵەتێکی روخانی تاڵدا بوو هەروەها لە حاڵەتی گەندەڵی وبێ چارەسەریدا بوو ،. کاتێک رەوشی بۆلشەڤی دەگاتە ئەو رەوشە گۆشەگیریەی وەکو بەندیخانەی لێ هاتبوو ، سۆشیالیزمی بەرەو وڵاتێکی پارچەو دابراوی خوێن لەبەرچوی ماندو دەبرد . ناچاردەبێ هەندێک شێوازی وا بەکاربێنێ کە

نه خەونی پێوەبینی بوو نه بەرنامەی بۆ دارشتبوو بەڵام بڕواکان هانی ئەوەیان دابوو ئەم شێوازانه بگرنه بەر که شێواز و رەفتاری خوێن رشتنی بون به دیدی ئەوان ئەم جۆره ستەم و خوێن رشتنه پاساوی ئەوەن بگەن به سیاسەتەکانی ئازادی بەڵام له هەمان کاتدا توندڕەوویەکی زۆری رژێمی دکتاتۆریەت بوو . ئا لەم کاته ناسکەدا و لەم حاڵەته تەنگانەدا بۆلشەڤیک پەرشو بڵاو دەبێ و دەکەوێته سەدەی ئاگرەکانی ستالینەوە . ئەم زاراوەیه ئەوەناگەیەنێ چارەنوسەکان خۆیان شاردبووبێتەوە ، بۆلشەڤیەکان و هەمو گەلی روسی چاوەڕوانی چیان دەکرد ئەوکاتەی له سەردەمی ستالینیزم هیچ نەمابوو تەنها سوکه راپەڕینێک که دوا ئومێدی لینین بوو له ماوەی چەند مانگێک لینین وترۆتسکی پێی هەڵسا بوون ؟. . بۆ چەند ساڵێک بۆلشەڤیەکان به هەمو تواناکانیانەوە هەوڵی ئەوەیاندا هێزی سیاسی و ئەدەبیان بگێرنەوە هەوڵی گەڕاندنەوەی پێگەی کۆمەلایەتیان دا بەڵام هەوڵەکان بێسود بوون چونکه کاتەکه بەسەر چوبوو ئومێدیش نەمابوو .


* * *

---------------

## بەشی چوارەم

## رابوونی ستالینیزم

-------------------



جۆزێف ستالین

ڕاستەوخۆ لە ساڵەکانی  دوای شۆڕش لینین بە چاودێریەکی کەمتری ترۆتسکیەوە بە دیدێکی تیوریانە سەیری کاروبارەکانی دەکرد ، ئیتر ترۆتسکی لە توانایدا نەمابوو چیتر بەرگری لە ئارەزوە مەزنەکان و هەڵوێستە توندەکان بکا . لینینی پڕاکتیکیست دژی ئەو بیرو بۆچونانە بوەوە کە پەیوەندیان بە گەیاندنی دەوڵەتی بۆلشەڤی بە چینی زەحمەتکێشەوە هەیە . لینین کارێکی چاکی کرد ، ئەو هەردەم گوێکانی لە قولاغدا بوون چاوەکانی کراوە بوون . ئەوکاتەی لینین رژێمی بەوە ناساند کە ( دەوڵەتی کرێکارانی شێواو)ە ، لەسەر کرێکارەکانی ئەم دەوڵەتە پێویست بوو نەک تەنها دەوڵەت لە دوژمنان بپارێزن بەڵکو خۆشیان لە دەوڵەتی خۆیان بپارێزن .

لەگەڵ ئەوەی ئەم چەمکە تا ئێستاش دورە لە چەمکی دیموکراسیی ڕاستەقینەوە بەڵام ئەم وتەیەی لینین مەودایەکی رونی بۆ بیرو بیردۆزە رواڵەتیەکانی لینین دانا .

لە وتەیەکی دا کە لە بەردەم کۆنگرەی سێیەمی کۆمۆنیستی نێودەوڵەتی لە 1921 لینین ئەو بیرۆکەیەی دوپات کردەوە کە هەمو سەرکردە بۆلشەڤیەکان دەستیان پێوەگرتبوو دەڵێ:

( بەر لەشۆڕشی بۆلشەڤی وهەروەها دوای شۆڕش بڕوامان وابوو کە شۆڕشکردن لە وڵاتە کانی تری دواکەوتو چ زوو چ درەنگ هەردەبێ روبدا هەروەها لە وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتوەکانیش ئەگەر ئەمە رونەدا ئەوا حەتمەن نەمان و تیاچون لە چاوەڕوانیمانە)

ئێستاش بە تێک چونی رەوشی ئابوریی روسیاو تێکشکانی شۆڕشەکانی ئەوروپا لە ساڵە کانی 1919 _ 1921 نیشانەکانی ئەوە دەرکەوتن کە بۆچون و درک پێکردنەکانی لینین دێنە دی.

بەڵام بە شێوەیەک کە نە لینین نە ترۆتسکی درکی پێناکەن . پارتی بۆلشەڤی توانیی قەوارەی خۆی لە دەسەڵات بەسەر داشکانی کۆمەڵی لەبار یەکچوو گۆشەگیرەکەی لە ناوەوەی سنوری روسیای بچوککراوە بپارێزێ ، بەڵام بەم کارەی حزب ناچاربوو چەند گۆڕانێکی بنەرەتی لە بیروبڕواکانی سیاسی و رەوشتی سۆشیالیزمی خۆی بگۆڕێ .

بۆ ئەوەی رێگە لە هەرەسی ئابوری و تەقینەوەی کۆمەڵایەتی بگرێ لەسەر ئاستی جوتیارە رکابەرەکانی رژێم ، لینین وەکو بەشێک لە سیاسەتە ئابوریەکەی پێشنیاری چەند لەدەست دانێکی کرد . بەڵام ئەم لەدەستدان و سەر دانەواندنە بووە هۆی دروستبوونی چینی جوتیاری پارێزەری دەوڵەمەند و نیمچە دەوڵەمەند .کاتێک سەربازەکان لە دوای جەنگی ناوەخۆ گەڕانەوە دوای ئەوەی سۆزی نەتەوایەتیان لە نەمان دابوو سۆزیان بۆ شۆڕش نەمابوو ببوونە فاکتەرێکی بەهێز بۆ ئارەزومەند بوونی پارێزەرەکان لە گوند و لادێکاندا .

ئەوەبو ئیتر ئەوەی لە شارەکان رویدا نەمانی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی کرێکاران بوو. هەندێکیان کەوتنە باوەش گەندەلیەوە، هەندێکی تریشیان لە بیروبڕواکانیان هەڵگەڕانەوەو کەوتنە بەرەی دژەرژێم . زۆربەی ئەوانەی ژیانیان بۆ خزمەت بۆلشەڤی تەرخان کردبوو مردن ئەوانە لە شەڕە ناوەخۆییەکاندا مردن ، ئەم راستیەبو کە هەردەم ترۆتسکی جەختی لەسەر دەکردەوە بە هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی رەوشتی حزبیی دەزانی . دواتر کۆمەڵێکی تر هەبوون کە ماندو ببون کۆمەڵێکی تریش بەردەوام بون لە کارەکانیان وەکو فەرمانبەرێکی بیروکراتی لە هەمو شوێنێک کاریان دەکرد. ئەوانەی لە خۆشی و دەسکەوتەکانی شۆڕش بەشداربوون ودەسەڵاتیان لەدەست بوو بەناوی کرێکارەکان حوکمیان دەگێڕا ئەوان بە رێژەیەکی زۆر لە کرێکارەکان وەدور دەکەوتنەوە ئەمە سەرەڕای ئەو هاوکاریە مەزنانەی بۆ وڵات دەهاتن کە هیچ کاتێک لە چاوەڕوانی ئەمەدا نەبووین لە کاتێکا ئەوپەری قەیرانی ئابوری بالی بەسەر وڵات و دونیادا کێشابوو، سەیر لەوەدابو کە ئەمانە هیچ رەنگدانەوەیەکیان لەسەر بۆچونی بەڵشەفیەکاندا دروست نەدەکردت سەبارەت بە شۆڕشی جیهانیەوە ، دواتر ئەوەی ئەوکات وڵات پێویستی پێی بوو نوێ بونەوەو بوژاندنەوەی بیروڕاکان و هەڵمژینی شنەبایەکی هەوای ئازادی وچالاکیی نوێی و وزەی بەرهەم هینەر بوو .

لەسەرمە ئەوە بڵێم کە بۆلشەڤیەکان دوای ساڵی 1921 جگە لە حزبەکەی خۆیان رێگەی شەرعیان بە هیچ حزبێکی تر نەدا بە ئاشکرا کار بکات ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەر بەدەستی خۆیان بەشداریان لە هەڵکەندنی گۆری خۆیاندا کرد ، بەشداریان لە هەمو کارێکی دڕندانەیی دەکرد کە دیکتاتۆریەت پێی هەڵدەستا، تەنانەت ئەگەر ئەوکارە لە

ئەنجامی کارێکی ئاوەرتەش بووبێ ئەنجامەکەی بە شەڕی ناوەخۆ یا هەرەسی ئابوریش بێ . ئەم رەفتارانەیان بانگ خوازیەکانیانی بە درۆ دەخستنەوە ئەوانەی بۆ پڕۆپاگەندەکردن بۆ رەوشت بەرزی و بیرو بڕواکانیان رێکلامیان دەکرد کە زۆرکەس بڕوای پێدەکردن و پشتگیریی لێ دەکردن ، بەم شێوەیە لەناو جەستەی حزبدا ئاوسانێکی شێر پەنجەیی دروست بوو . بووە مایەی بێبەش بوون و گاڵتەجاڕیە کانیان ئەم ئاوسانە مەزن بو و گەشەی کرد .

چینێکی نوێ دەستی بە خۆ بەهێزکردن کرد ، چینێک لە هەمان بەیانی بەرپابوونی شۆڕش سەری هەڵدا :

مەبەستم پارتی دەوڵەتی بیروکراتیە ئەم پارتە هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە پشتگیری هەمو چینی رۆشەنبیر و هونەرزان و بەڕێوەبەرانی کارگەو ئەفسەرو فەرمانبەرەکانی ناو حزب ئەوانەی تازە هاتبوونە ریز پڕۆلیتاریا وەدەست هێنابوو .

ئەم چینە کەمترین باس لەسەریان ئەوەیە کە بلێین چاوتەسک و پەرشو بڵاو لە شێوەی لادێین ، بە فەرهەنگ و رۆشەنبیریەکی سەرەتاییەوەن ، ئەم چینە بەو خەسلەتە ناسرابوون کە خاوەنی سایکۆلۆجیەتێکی تایبەتین دیکۆرێکی خۆبەزل زانن ( هەندێک جار رەگەز پەرستە سۆڤیەتیە کانیش لەخۆ دەگرن ) ئەم چینە وەکو کەرەستەیەکی خاو سەیری چینی کرێکاریان دەکرد کە دەبێ بە چاکی بەکار بهێنرێن هەروەها وەکو هۆکارو ئامرازێکی رێکلام و پڕۆپاگەندە سەیری رۆشەنبیر دەکا دیسان سەیری کۆمۆنیزمی جیهانی دەکەن وەکو هاوکاری کەرێکی وورد دەبێ سودی لێ وەربگیریت ، سەبارەت بە مارکسیزم ئەوان بە رژێمێک سەیری دەکەن کە دەبێ بۆ ئەوەی بیخەیتە گەر کە مەرامەکانی خۆتی پێ جێبەجێ کەیت و هیچی تر نا .

کاتێک باس لە بیروکراتیەتی دەوڵەتی حزبی دەکەین کە تیایدا پیشەسازی خۆماڵی کراوە ، ئەوکات مەبەستمان ئەوەیە دەستەیەک یا گروپێک لە و کەسانە لە سەردەمێکی نوێدا دەستیان گرتوە بە دەسەڵات دەبێ بگوترێ چینێکی دەسەڵاتداری نوێن توانیویانە بە هەمو مشەخۆریەوە بەسەر دەزگاکانی دەوڵەت لە ژیانی روسیدا زاڵ بن . ئەمەش رونە کە زۆربەی ئەندامانی ئەم دەوڵەتەی حزبی هەست بە گرنگی ئەم کریارە ناکەن . ئەمە فرت و فێڵێکی مێژوییە بە مێشکی داڕێژەرانی مارکسیزم دا نەهاتوە ئەوە نالێم هەندێک برگە لە پەرتوکەکەی مارکس ئاماژەی بە رەفتارەکانی کۆمەڵایەتیی نامۆ داوە لە حوکمی ستەمکاری لە رۆژهەلات . ئەگەر لە وتارەکانی سەرکردە بۆلشەڤیەکان ورد بینەوە دەتوانین لە هەندێک شت بگەین بەتایبەت بیرەوەریەکانی ڤکتۆر سارج چونکە گفتوگۆ و مشتومڕەکان بە شێوەیەکی راڕایی و توند ئەنجام دراون ئەمانە دەسەلمێنن کە بە دڵێکی پڕ لە خەم و نائارامیەوە دەستیان بە لێکۆلینەوە لەسەر ئەو هۆکارانە کردوە کە بوونەتە مایەی شکست و تێکشکانە کانی کە تێی کەوتن . هاوڕێیان توانیان لە هەیوانە کەوە بە گوێچکەیاندا بچرپێنن لەو ئاژەلە زەبەلاحە بپرسن کە خۆیان خولقاندویانە .

لینین لە دواساتەکانی ژیانیدا هێرشی زۆری بردۆتە سەر ئەم دیاردە دزێوە دیاردەی بیروکراتی کە هۆکارەکانی بۆ ئاشکرا نابن ، خۆی بۆ خەباتێکی حزبی ئامادە دەکا دژی ئەم چینە کە لەسەروی هەمویانەوە ستالین بوو هەر خۆشی (ستالین ) بەناوی ئەوانەوە قسەی دەکرد، سەرەڕای نەخۆشیە مەترسیدارەکەی لینین زۆرجار باسی لەو نەخۆشیە

کوشندەییەی دەکرد کە هەمو دام و دەزگاکانی گرتۆتەوە ئەم داتەپینە رەوشتیەی بە بەسەرەتای ئاژاوەو بەرەللایی دەزانی .

واپێدەچی لینین ئارەزوی ئەوەی هەبوو دەزگایەکی سەربەخۆی نیمچە ئازاد دابمەزرێنێ کە بتوانێ ئەو کەلەکەبونەی دەزگا دەوڵەتیانەی هەیە کپیان کا ، دەقی ئەوەی موشی لون وتویەتی و بەپێی ئەو دیراسەتەی ئەو سەردەم ئاماژەی ئەوە هەبوون کە پارتی مەنشەڤی بکرێتە پارتێکی یاسایی وبەڵکو دواتر بکرێ کۆتایی بە بیروکراتی بهێندرێ ، بەڵام ئەمە دوا پەیژەی ئەو پرۆسەیە کە سەرکردەیەکی مێژویی رێبەرایەتیی دەکرد ئێستاش جلەوی لەدەست .

ناتوانین ئەوەش بزانین ئاخۆ ئەگەر لینین توانیی بۆماوەی چەند ساڵێکیش بەدوای ژیانی سیاسیی خۆیدا بڕوا دەتوانێ رێگە لە و بازدانەی ستالین بگرێ یان نا؟

لە ساڵی 1928 دوای ئەوەی نیکۆلای بووخارین ( سەرکردەی بۆلشەڤی ) چوە پاڵ ستالین بۆ ئەوەی بەسەر ترۆتسکی دا زاڵ بن وتی:

( رەگو ریشەی شەڕ لەوە دایە کە حزب ودەوڵەت تێکەل بە یەک کراون ) _ ئەوەی شیاوی باسە ستالین دواتر نیکۆلای بۆخارینی بەهۆی ئەم وتەیە لەناو برد ، بەلێ زۆرن ئەوانەی نەدیار کە زۆر شت دەڵێن بەڵام بۆماوەیەکی کورت دەتوانن بیلێن ! .



نیکۆلای بووخارین

ناتوانین بە شێوەیەکی یەکلاییکەر دەست بخەینە سەر ئەو خاڵەی کە تیایدا دکتاتۆریەتی شۆڕشگێڕی لینین بەرانبەر بە تۆتالیتاریای ستالین شکستی هێنا، بەڕاستی ئەگەر چەمکەکانی مارکسیزم بەکار بێنین دەبێ بلێین ئەمە وەرچەرخانێکی هێدی هێدیی بوو.

لە کاتی شۆڕشدا یا لەدوای شۆڕش لە نێو رژێمی لینینیزم شۆڕشێکی پێچەوانە هەڵگیرسا، ئەم گۆڕانو وەرچەرخانە لە بیستەکان گەیشتە ئاستی یەکلاکردنەوەو لە سیەکانی هەمان سەدەی بیستەمدا گەیشتە ئەوپەڕی لوتکەوە . ئەمەش چۆن کرا؟ هەموو جوتیارەکان بەکۆمەڵ دور خرانەوە و بەسەر بۆلشەڤیە کۆنەکان و دادگاکانی مۆسکۆشدا زاڵ بوون ، دوای ئەوەی بەهێز بوون و دەسەلات کەوتە دەست چینی بیروکراتیی نوێی دەرفەتەکانی ئابوریان قۆستنەوە بۆ نەخشەدانانی ئابوریەکی مەرکەزیی. چینە نوێکەش پەیمانی کۆکردنەوەیەکی سەرەتاییی سەرمایەداریی دا بەشێوەیەک کە لە شێوەی

کۆکردنـەوەی سـەرمایەداریی کۆمـەڵگای بۆرجـوازی بچـێ، ئەمـەش دەبێتـە خـەڵاتکردنی دەسەلاتدارانی پێشو . ئەی چۆن مارکس بەتوندی حوکم لەسەر ئەم کۆمکردنـەی ستالین دەدا، ناتوانین ئەم جۆرە حوکمدانە دیاری بکەین چونکە مارکس زۆر بەتوندی ئـەم جۆرە کۆم کردنەی بۆرجوازیی رەتکردۆتەوە.

لە میانەی ئەم هەڵسو کەوتانەی ستالین ترۆتسکی وەکو رەخنەگرێکی رۆشەنبیر هاتە مەیدان بـەڵام نـەک رکابـەرێکی سیاسیی زیـرەک . بـە هـەر هۆیـەک بـێ چ ئەوانـەی ژیاننامـەی ترۆتسکیان نوسیوەتەوە چ برادەرانـی، کەسـیان تـا ئێسـتا بـە تـەواوەتی ئاماژەیان بە هۆکارەکانی ئەم کێماسیەی ترۆتسکی نەداوە کە لـە ساڵەکانی 1923رویان داوە ، دوای ئەم مێژوە بـە ساڵێک لـە هەندێک شوێن ئاماژە بەوە دەدرێن کـە ئـەوکات هەڵە بووە و رێچکەیەکی هەڵەی گرتوە ، هەندێک جار وەکو بروسک وهەورەتریشقە بـەگژ رەفتارەکانی بیروکراتیەتدا دەچـووەوە کـە لـە هـەمو شـوێنێک بـەدی دەکـرد ، دەبـێ ئـەم هـەڵچون و تورەبونـەی لەسـەر بنـەماکانی مارکسیزمەوە بـووبێ ، بـەڵام دوای ئـەم هـەمو بەگژداچونـەوە دەبینـین نـاوە نـاوە خۆی دەدا بەدەستەوە یـا بـەهۆی نەخۆشیەوە یـا بـە هۆکارێکی ترەوە لە شانۆی روداوەکان دوردەکەوتەوەو بێدەنگ دەبوو .

من ئێستا چەند راپۆرتێکی باوەرپێکراوم لەسەر ترۆتسکی لەبەردەست دایە کـە بـۆ ئـەو ماوەیە دەگەرێنەوە ، ئەم راپۆرتانە دەڵێن لە هیچ کۆبوونەوەیەکی لیژنـەی مەرکـەزی دوا نەدەکـەوتوە لـە هـەمویان ئامـادە دەبـوو بـەڵام لـەکاتی دانیشـتنەکان ئـەم خـۆی بـە خوێندنەوەی چیرۆکێکـی فەرەنسی خـەریک دەکرد بەشداریی لـە گفتوگۆ و مشتومرەکانی دانیشتنەکان نەدەکرد ، دەیوت بەشداری کردن لەم گفتوگۆیانە هیچ سودێکی نیـە ، بـەڵکو ئەوەندەش ناهێنن گوێیان لێ رابگیرێت. واتە وێنەکان وامان نیشان دەدەن :

سەرۆکی سوپای سوری کۆن لـە دانیشتنەکانی لیژنـەی مەرکـەزی خۆی بـە خویندنـەوەی چیرۆکێکـی فەرەنسیەوە خـەریک دەکانت چونکـە توانـای ئـەوەی نیـە گـوێ لـە وتارەکـانی هاوڕێیانی بگرێ . ئێستا واپێدەچێ وەکو ئەوەی ترۆتسکی هەستی بەوە کردبێ کـە هـەمان گفتوگۆی نێوان ترۆتسکی و لینین ئەوەی لە سەرەتای شۆرش هەبوو ئێستا دوبارە دەبنـەوە ، ئەگـەر چینـی دەسـەڵاتداری رۆژئـاوا بـە هانامانـەوە نەیـەن ئـەوا تیا دەچـین . ئێسـتا بـەرونی ئاشکرادەبێ کـە سـەرهەڵدان و سـەرکەوتنی ستالینیزم کارێکـە هـەر بـە ئـەنجام دەگـا . کاتێک ترۆتسکی رەوشی بۆلشـەڤیی بـەم شێوەیە بینـی وەکو ئـەوەبوو کـە توشی نەخۆشـی دڵ بـووبێ . ستالینیسـتەکان دەسـتیان بـە تەنگـە پـێ هـەلچنینی سـەرکردە ترۆتسکیەکان کـرد هەرچەنـدە ئـەمان لـە ئۆرگـانی چـاودێریی حزبـدا فەرمانبـە ربـون ، سەرەتا بـە دیـالۆگ لـە نێوەنـدی ستالینیستەکانەوە دەستی پێکردو کۆتـایی بـە هـەنگاوە رەگەز پەرستیەکان هات، لە ناوەوەی حزبیش هەرەشە لە یاخی بووەکان دەکرا.

بەرانبەر بەم کارە درندانەییانە ترۆتسکی هەستی بـە لاوازی کـرد لـە کاتێکا ترۆتسکی راسـتەوخۆ لـەم کارانـە بەرپرسـیار بـوو دەبوایـە سنورێک دیـاری بکـا بـەڵام بـە دیـدی ترۆتسکی ئەمـە دەبێتـە هـۆی پەککـەوتنی تـەواوەتیی ، ئەنجامەکەشی بـۆ لایەنەکـەی تـر دەبێتە سەرکەوتن.

ئێمە بە تەواوەتی هۆکارەکانی ئەم شکستەی ترۆتسکی نازانین ، ئـەم هـەردەم لـە بـواری بێنـەو بردەکـانی نـاو حـزب بـێ ئـەزمون و لاواز بـوو . ترۆتسکی زۆر بـێ ئـارام بـوو لـەخۆی بـایی بـوو بەرادەیـەک کـە لـەم روەوە زیـانی زۆری بـەخۆی گەیانـدبوو هـەروەها زۆر ریالیزمیش بوو .

ترۆتسکی ئەوکاتەی وەکو مارکسیستێکی ئازاد لە رۆژنامەکانی دەنوسی گەلێک سەرکەوتو تر و بە تواناتر بوو ئەو کات وەکو سەرکردەیەکی جەماوەری دەهاتە ناسین دواتر چوە ریز چەپڕەوانی رکابەر ئەقلەکانی سەرکردە بۆلشەڤیەکانی رەوشەن کردەوە لەسەروی هەمویانەوە ( بریئبراجنسکی ، وراکوفسکی ، ورادویک ، وف سمیرنۆڤ) بەڵام ترۆتسکی و هاوڕێیانی لە خەباتی دورو درێژیاندا بۆ دەستگرتن بەسەر ئۆرگانەکانی حزب سەرنەکەوتن ، ئەم سەرنەکەوتنە بەرای من هەرەسێکی یەکجارەکی بوو چونکە دەستگرتن بەسەر ئۆرگانەکانی حزب واتە دەستگرتن بەسەر دەوڵەت کاتێکیش ئەمەیان بۆ نەکرا واتە ژێرکەوتن وشکستیان خوارد .

هەندێک کەس لەوانەیە وا بیر بکاتەوە کە ململانێکەی ترۆتسکی بۆ سەرکردایەتی کردنی کۆمۆنیزم دەبێ هزرو هۆشەکانی ترۆتسکیان ئالۆزکردبن ، بەڵام راستیەکە وانیە بێ ئومێدی ترۆتسکی سەرچاوەیان لە وەگرتبوو کە ناچاردەبێ چارەسەری کارە بێ ئابروەکان بکا ودواتریش چارەسەری پرسی کێشەکانی ناو ئۆرگانەکانی حزب بکا . ترۆتسکی ئەوکاتە هەستی بە خۆشی دەکرد کاتێک لەسەر بابەتێکی دەنوسی کە پەیوەندیی بە ژیانی حزبیەوە نیە ئەم خۆشیی لە ژیانێک بوو کە هەمە لایەن بێ .

لە ساڵی 1922 ترۆتسکی نامیلکەیەکی سەیری دەرکرد بەناوی ( گیروگرفتەکانی ژیانی رۆژانە ) ئەوەی ئەم نامیلکەیە بخوێنێتەوە وا هەست دەکا لەبەردەم ترۆتسکی وەستاوە بەر لە ئێستا ئەم نوسینەی نەنوسیوە . ترۆتسکی لەم نامیلکەیەی دا توانیویەتی لوتکەی بیرو بۆچونەکانی تاکی روسی کۆبکاتەوەو بیان گەیەنێتە یەک تەنانەت دەنگدانەوەکانی تۆلستۆی وتارجینێڤ یش ، لەم نامیلکەیەدا هەمو شتێک بەدی دەکەیت ، زۆر لە نەریتە باوەکانی کۆمەل لەخۆ دەگرێ ئەوەی لەم پەرتوکۆکە ورد بێتەوە دەبینی کە لە سەروی هەمو پەرتوکەکانی نوسەرە مارکسیزمەکانە ، وێنەی ترۆتسکیی گوتار خوێن و مامۆستا و دانەرو خاوەن رەوشت زۆر بە جوانی بەدی دەکرێ ، چەند بە کارێکی سەیرو پیس دەچێ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک جار سەرسوڕهێنەرە .

ئەوکاتەی هەرەشەیی لە خواردنەوەی ڤۆدگا دەکرد وەکو بروسک دەینەڕاند چونکە خواردنەوەی ڤۆدگا لە روسیا ببوە کارێک لە داب ونەریت دەرچو بوو ، هەندێک جار بە هاوڕێیانی دەوت وازهێنان لەم کارە لە پێویستی کارەبا کەمتر نیە نمونەی رەوشت نزمی فەرمانبەرەکانی قەیسەریی بۆ هاوڕێیان دەهێنایەوە دەیوت ئەم واز هێنانە زەرورەتێکی سۆشیالیزمیە دەبێ هەمو هاوڕێیەک پابەندی بێ.

لە یەکێک لە دانیشتنەکانیدا وتی:

( وتەی خەراپ و ناشیرین لە پاشماوەی کۆیلایەتیە ، بەکارهێنانی بەهای مرۆڤ دادەبەزێنی مەبەستم لێرە زمانی خۆمانە زمانی روسی کە پڕیەتی لەم جۆرە ووشانە سوکانە ، لە چینەکانی خوارەوەی گەلەکەمان بەکار هێنانی ئەم جۆرە ووشە بێ نرخانە دەبینم لە ئەنجامی بێ ئومێدی و ئازار پێگەیشتنە ئەمەش هەمان حاڵەتی کۆیلایەتیە کە هیچ ئومێدو رزگاربوونێکیان نیە .

بەڵام جنێو دان کە چینە کانی بەرز زۆر بەکاری دەهێنن دەربڕی خۆبەزل زانین و رەفتارەکانی دەستگرتن بەسەر کۆیلەن ، ئەوەی شیاوی باسە لێرە شۆڕش لەگەڵ هەمو ئەو توندو تیژی و خوێن رشتنەی بێ بەزەییانەیدا گومان لەوەدانیە کە نیشانەی وشیاری مرۆڤایەتیە) .

بێنینە بەر چاومان ، لە دانیشتنێکی کۆنە سەرکردە وشکەکانی وەکو ستالین ومۆلۆتۆف وئەردجو نیکیدزا دا، کە بەیەکەوە دانیشتون مەی دەنۆشن بەدەم گاڵتەجارِیەوە بە پەرتوکەکەی ترۆتسکی رادەبوێرن وجنێو دەدەن ئەو ترۆتسکیەی لە پەرتوکەکەیدا رەخنە لە جنێودان دەگرێو بە رەوشتێکی نزمی دەزانێ ئەمانیش بە قاقای پێکەنینەوە باسی لێوە دەکەن .

ئەوەی لە ئاستی بەرزتر نابێ تەنها ئەو نوسینانەی ترۆتسکین کە لەسەر نارەزایی دەربرِین لە جنێو دان وبەکارهێنانی وشەی سوک نوسیبوونی هەروەها لەسەر پاراستنی مافی ژنی دەنوسی لەم بارەیەوە دەڵێ :

( من شۆرِشێک بە شۆرِش نازانم ئەگەر دەستی یارمەتی بۆ ژن درێژ نەکات ژن ئێستا دەچەوسێندرێتەوە بە رادەیەک دەچەوسێندرێتەوە کە مێشک وەرناگرێ ، گەیشتن بە سۆشیالیزم لە رێگەی پیادەکردن و بەرگری کردن لە مافەکانی ژندا دەکرێ ، ژن بۆتە تەگەرە لەبەردەم گەیشتن بە سۆشیالیزمدا، بۆ ئەوەی بە ئامانجە کانمان بگەین دەبێ ئەم چەوساندنەوەو کۆیلایەتیە نەهێڵین.

زۆر زیرەکانە دەستی دایە پێنوسەکەی لەسەر دیاردەی پارەپەرستیی نوسی کە تازە زۆر بە توندی لە نێو ریزەکانی بۆلشەڤی سەری هەڵدابوو، دەبینین دواکەوتویی کۆمەڵگای روسی نەک بەسەر کۆمەڵدا رەنگی دابووەوە بەڵکو بەسەر دەسەڵاتدارە نوێ کانیش رەنگی دابوەوە. تامی دەسەڵات هانی بەرپرسەکانی دەدا دەستی پێوە بگرن ، گۆشەگیر بونی بۆلشەڤیەکان ببوە پاساو بۆ پیادەکردنی توندوتیژی لە پێناو پاراستنی دەسەڵات ، هەروەها بۆلشەڤیەکان لەسەر ئاستی سیستەمی حزب هەوڵی ئەوەیان دەدا تا مارکسیزم بکەنە فەلسەفەیەک بە هۆیەوە بتوانن وەڵامی هەمو پرسیارەکان بدەنەوەو زمانەکانی تریشی پێ لاڵ کەن . بەم شێوەیە بە پاسەوانێتی سەرکردەکان و فەلسەفەی حزب دەرفەت بۆ ئەوانە رەخسا کە لەسەرەوە ناومان هێناون باس لە بێبەها ترین کار بکەن.

بەهۆی ئەوەی ترۆتسکیی رۆشنبیر وەکو مارکسیستێکی توند ئەم کردارانەی رسوادەکردن ،گەلێک جار بەبێ مەبەست هاوکاری دەکرا .

(بەڵام لینین گرنگیی بە بواری رۆشەنبیری نەدەدا و پشتگوێی خستبون هەڵوێستێکی بێ موبالاتی لەم کارانە وەرگرتبوو بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە کاری ئەدەب وهونەرەوە هەیە ، بە پاساوی ئەوەی ئەم جۆرە کارانە هەرِەشەنین بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسەیی حزب ، لەگەڵ ئەوەی کە خۆی هەستێکی ئەدەبیی کلاسیکی هەبوو..) . لە راستیشدا ترۆتسکی خۆی لەم جۆرە پرۆپاگەندانە ئازاد نەکردبو کە دەڵێ (دەمەتەقی کلیلی زانینەکانە ) لەمەش خەراپتر ئەوەیە کە دەڵێ دەمەتەقی بژاردەیەکی بێزارە .

لە بیستەکانی سەدەی بیستەم ترۆتسکی لەبەردەم ئاپۆرِێکی زانایانی روسی سەبارەت بە ئەگەری سود وەرگرتن لە دەمەتەقێ گوتاری خوێندەوە . ئەوەی لەم گوتارە زانایان هەستیان پێ کردبوو کەس ناتوانێ بیزانێ ئاخۆ هەستی ئەمان بەرانبەر بەم گوتارەی ترۆتسکی چی بوو، تەنها ئەوە نەبێ دەتوانین ئەوە بخەملێنین کە ئەمە لە چوارچیوەی ئەو سنورانەی بۆ روسیای لینینیزم دیاری کرابوون وەکو راشکاوی ترۆتسکیی رۆشەنبیر بوون .

لێرەش گوێ لە وتەکانی دەگرین کە چۆن دژی مارکسیزمی گشتگیری بەرگری لە (رێبازی فرۆید ) دەکا و دەڵێ :

( هەوڵـدان بۆئــەوەی رایبگەیــەنن کــە گوایــە شــیکردنــەوەی ســایکۆلۆجیەتی مارکســیزم تاکەرێگەیە و شێوەی لە خۆی نیە ، بەم پێوەرە دەبێ روو لـە فرۆید نـەکـەین ! بەراستی ئەمە نیشانەی ساویلکەییەکی تـەواو و بیرکردنـەوەیـەکی سادەیە . فرۆیدیزم بیردۆزێکی پراکتیکیە بوار بۆ لەیەک تێگەیشتن خۆش دەکاو نیشـانەی فەرزیاتـەکانی ماتریالیزمـە ، من دڵنیام لە کاتی گونجاو دا تاقیکردنەوەکان راستی ئەم بۆچونـەم دەسەلمێنن .

بەراستی چاکـەکانی ترۆتسکی لـە بەرهەمـە ئەدەبیەکانیـەوە بـەدی دەکـران، ئەگـەر ترۆتسکی هەموو هەوڵ و تواناکانی خۆی بۆ ئەدەب تـەرخان بکردبایـە ئـەوا بـە دڵنیایـەوە دەڵێم باشترین رەخنـەگری سـەردەمی لـێ دەردەچو . زۆر لـەو هەنگاوانـەی لـەو بـوارە نابوونی تا ئێستا بە رستە جوانـەکان و دەربڕینـە کـانی دەدرەوشێنەوە ، گوێ بگـرن لـەم وتارەیدا کە لـەسەر چیرۆکنوس ساڵین ی نوسیوە چی دەڵێ ( ساڵین وا بە سـەربەرزی چوە نـاو دونیـای ئـەدەب وەکو چـونی پیاوەکـان بـۆ ماڵیـان) . ئـەم ناساندنە دەتـوانم هـەمان ناساندن بۆ ترۆتسکی بڵێم کە هیچ گومانێک لـە ئاستی بـەرز ودرەوشاوەیی لـە مەیدانی رەخنەگری دا نیـە، ئـەم تـەنها هـەڵگری بیرو بۆچونی پێشکەوتو نـەبوو ، بـەڵکو هـەموی بـەهرە بـوو لـە ئاستێکدابوو کـە لـە هـەمو نوسـەرانی سـەردەم جیا دەکرایـەوە ، ئێستاش فەرمون لـەگەڵ هەندێک رستە لە وتارەکەیدا کە لـە 1908 لەسەر تۆلستۆی نوسیبووی:

( لـە کۆشکی پادشـاوە رێڕەوێک ڕاستـەوخۆ بـۆ کـوخی جوتیارێک دەروات . تۆلسـتۆ بـەر لەوەی ببێتە ئەو نوسەرە ناسراوەو دوای ئەوەش بەبەردەوامی راهاتبوو کـە هـەمو رۆژێک بە پیاسە بەم رێرەوەدا هاتوو چۆ بکا، ئەم رێڕەوەی کردبووە رێگەی رزگاری . )

تەنانـەت بـەر لـە هـەرەس هێنـانی کۆیلایـەتی جوتیـارە دورخراوەکـان ترۆتسکی هەسـتی بـەوە دەکـرد کـە جوتیارەکـان ئەو(ترۆتسکی) بـە نـەریتی خۆیـان و بەبەشێک لـە خۆیـان دەزانـن پێیـان وابـوو ئـەمـە سـامانێکی روحیانـە لـە خۆیـان جیا ناکرێتـەوە . لـە دوای ( خۆشەویستیە سروشتیەکەی بۆ گەلی رەنجدەر) ئەو خۆشەویستیە بێگـەردەی کە تۆلستۆ بۆمانی باس دەکا ، تیایدا وێنەی باپیرە ئۆروستوکراتیەکە یمـان بـۆ دەکێشـێ کـە توانیی رەونـەقێک بە هونـەر بدا .

لـەم چیرۆکەیدا وەکو کارەکانی تبرجیڤ پاڵەوانـەکان نیشـانی جـەماوەر نـادات ، ئـەم لـە کەشو هەوایەکی تـەقاندنـەوەی گـەمە ئاگریەکان و بروسکەی مـەگنیزیۆم دا وێنـەی دەکێشا بـۆ ئـەوەی لـەبـەر چـاوی جـەماوەر بـەهێزیان کـا، نـە هیچـی لێیـان دەشاردەوە نـە کـەسی چەواشە دەکرد ئـەم کـەسایـەتیەکی بـەهێزی نیشـانی جـەماوەر دەدا وەکو ئـەوەی بـەدوای راستیەکاندا بگـەرێ ، لـە دوایـی چیرۆکەکـەدا بیـز وخـۆڤ دەبێتـە مولکـدارێکی دڵخـۆش وگەورەی خێزانێک . بەڵام ناتاشا روستۆڤ کـە بـە نـازو هەستە ناسکەکانی خۆشەویستی خۆی لـە دڵیا سـەپاندبوو کردبوویـە مێینـەیـەکی سادە کـە تـەنها بـەکـەلکی منداڵ بـوون و پەروەردە کردنـی منداڵ بێت ، لـە نێو دەستەکانی منداڵ وپینـەو پـەرۆکانی بـە خوێنـەوە هەبن. بەڵام لە دواوەی ئەم وێنانە کە گوێی پێنـەدراون وا بـەدی دەکرێ هیچ بەهایـەکی بۆ رۆلی تاک دانـەناوە دەبینین وێنـەیـەکی تـر دێتـە پێش وێنـەیـەکی خواوەندی کـە هـەمو کەسـەکان کـۆ دەکاتـەوە ، تیایـدا هـەمو تاکـەکان لـە ژێـر خۆشـیی یـەکبوون و هاوتـەریبی هەناسەی خۆشی هەلدەمژن .

دەتوانین ئـەمە پشتڕاست کـەین کە ئـەم هەوڵە خولقێنەرانـە لەگـەڵ خۆیانـدا هەستێکی خواوەندی دێنن هەستێک کە ناکرێ رکابـەری نـە لـەسـەر جـوانیی نـەلەسـەر ناشـیرنیی نـە مـەزنـی نـە بچوکیی بکرێ چونکە ئـەم هەوڵـە خولقێنـەرانـە هـەمو رۆڵـەکانی جـوانی ژیـانی

ئێستاو دوارۆژ دەبینن . ئەو جوانیە دەربڕی وێنەی کەسێکە زەوی دەکێڵێ ، ئەو کەسەی وێڕای ئازار و ماندو بوون سروشت دەپارێزێ ، ئەمەش ئاراستەو مەبەستی چیرۆکەکەیە کە لە شێوەی ئەسفاری موساو ئیلیادە یە .

یەکەم هەوڵەکانی ئەدەبیی ترۆتسکی لە دونیای رەخنەی ئەدەبیدا، لە پشوی هاوینیساڵی 1922 و ساڵی 1923بوو بە ناوی( ئەدەبی شۆڕش) ، ئەمەش بە دیارترین کارە رەخنەییەکانی دادەنرێ ئەم شاکارەی لە کاتێکدا ئەنجام داوە کە لەژێر فشارو سەرقاڵی کارەکانی تری دابووە . ئەگەر بەرپەڕەکانی ئەم شاکارەی هەلدەینەوە کە تەنها نامەی زانستین وەکو پەرتوک کۆ نەکراونەتەوە بەڵام زۆر بە پێزی دارشتراون برگەکان لە نێو رستەکانیدا هەڵگری مانای بەسودن ، هەرچەندە لە کاتی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی زۆر هەڵەی تێکەوتوە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا بەهاو رەونەقی خۆی لەدەست نەداوە . لە وکاتەی ترۆتسکی لە میانی پشوی هاوینەیدا لە ژیانی حزبایەتی دەبێ ماوەیەک دور دەکەوێتەوە لەو بارەگرانەی حزبی کۆمۆنیست و کارە ناشیرنەکانی بۆلشەڤیک ، هەناسەیەک دەداتەوە جارێکی تر لەگەڵ ژیانێک یەک دەگرێ کە پڕیەتی لەدڵ رەفێنی،ژیانێک کە لەگەڵ کاروان وکەشو هەوای هونەردا دەگونجا.

پەرتوکەکە دەکرێتە دوو بەش :

دەبینین لە سەرەتا و دواییەکانی پەرتوکەکە هێرش دەکاتە سەر رێبازی کرێکاری تیۆری کە ئەوکات بانگەشەیان بۆ (ئەدەبی پرۆلیتاری) لە یەکیەتی سۆڤیەت دەکرد. لە نێو بەرپەڕەکانی پەرتوکەکەدا باس لە هەندێک نوسەرە روسەکانی هاوچەرخ دەکات لەوانە : مایکۆفسکی و ئەوانی تر ، ئەم بەشەی هەندێک بە پەلە و بە توندی نوسیوەتەوە .

لە بواری مارکسیزمی سنوردارو رژێمی خۆیەتیدا دەبینین کە بەشە تیوریەکانی ئەم پەرتوکە وەکو کارێکی دیاری کراو باسی لێوە دەکات کە هیچ گفتوگۆ لەخۆ هەلناگرێ . ترۆتسکی لە پەرتوکەکەدا ئەو رۆلە پەسند دەکا کە نەریتە کۆنەکان دەیگێڕن، چونکە رۆلی بەگژیەکداچونی ئەزمونی فەرهەنگە ئالۆزەکان کە بە هێواشی رودەدەن لەگەڵ هێزە کاریگەریەکانی ناوەخۆی مێژوی ئەدەبی بەرچاو دەگرن ، ئەم شێوازە دەربڕینە زۆر نزیکە لە شێوازەکانی ت .س.ئەلیوت ی بەهرەمەند، ئەلبەت لە یەک بەلگەنامەی ئەدەبیدا بەشدار نین .

لەگەڵ ئەوەی مارکس لێرەو لەوێ لە نوسینەکانیدا لە بواری ئەدەب ، چوەتە ژێر باڵی هێزی نەریتەوە بەڵام هیچ لە نوسەرە مارکسیستەکان وەکو ترۆتسکی بە رونی دەستیان نەخستۆتە سەر ئەم بابەتە گرنگە . ئەم زۆر بە چاکی گرنگی ئەم بابەتە وەردەگرێ و لێی تێدەگا ، لە گۆڕانەکانی دەگات کە وردەوردە رودەدەن و بڕیار لەسەر وردەکاریەکانی ژیانی ناوەخۆی فەرهەنگەکان دەدەن ، ئەمە وا نیشان دەدرێ کە ئەم گۆڕانانە نابێ بخرێنە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی سیاسی و ژێر ئاگری دەسەڵاتدارەکانی.

ترۆتسکی وتی :

شۆڕشی دراماتیکی چ زوو چ درەنگ دەبێ کار بکاتەسەر خەسلەتەکانی ناوەوەی هونەر ، بەڵام لە توانایدا نابێ بە یەکجارەکی چاوپۆشیی لێ بکا. هەروەها نابێ نە ئیرادەی خۆی نە رێورەسم و نە داواکاریشی بەسەردا بسەپێنێ . مێژو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە پێکهێنانی رۆشەنبیری نوێ لە ناوەڕۆک دا جەخت لەسەر چینی دەسەڵاتدار دەکاتەوە

پێویستیی بە ماوەیەکی دورو درێژ هەیە تا بەتەواوەتی پێ دەگا، ئەوکاتە پێدەگا کە بەر لە دارمانی سیاسیی چینەکە دەبێ .

بڕواناکەم سەرنەکەوتنی ترۆتسکی لە ڕونکردنەوەی زاراوەی ( ماوەیەکی دورو درێژ ) بەهایەکی ئەوتۆی هەبێ بەقەدەر بەهای ئەو ئاگادار کردنەوەی کە دژی ئەو بۆچونە بوە کە گوایە فەرهەنگ ورۆشەنبیری بە بەیانتامەو فەرمانی رێورەسم دێتە کا.

یەکێک لە برگە گرنگەکانی پەرتوکەکە دوا بەشیەتی کە سەرهەڵدانی رۆشنبیری بە تێکشکانی سیاسی دەبەستێتەوە ، بەڕاستی لە سەرئاستی دیراساتی نوێ بیرکردنەوەیەکی توندە، بەڵام لە بێ بەختی خۆی ترۆتسکی ئەم بۆچونەی بەڕونی باس لێوەنەکردوەو شی نەکردۆتەوە .

تا ئەم خالە لە دیالۆگیدا واپێدەچێ نەخشەکانی مارکسیزم ، گشتگیرو تەواو گەشبینن ، چونکە مادامەکی (دکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا ) بە زەرور مایەوە ، تا ئەوکات ئەگەری دەرکەوتنی رۆشنبیری پڕۆلیتاریا بە شێوەیەکی نادیار لە ئارادایە ، گومانی تیانیە پڕۆلیتاریا ئەوەندە بێ کارنیە نە کاتی لەخۆی زیادە نە کاتی ووچانی هەیە بەڵام ئەوکاتەی باری مادیی ژیانی چاک دەبێ ئەوکات ئازارەکانی کۆمەڵایەتی وسیاسیی کەم دەبنەوە تا دەگەنە خالێک ئیتر لەوێ (دەوڵەتی پڕۆلیتاریا ) نامێنێ ئەوسا دەکرێ فەرهەنگێک دروست بکرێ ، ئینجا پڕۆلیتاریا تێکەل بە کۆمەڵگای سۆشیالیست دەکرێ وئیتر لە خەسلەتەکانی چینایەتی رزگاریی دەبێ ئەوکات ئیتر پێی ناوترێ پڕۆلیتاریا . ئەگەر هیچ بۆچونێکی خەیاڵیی بێزار لەم دیدە بەدی دەکەیت ئەوا پێداگرتنی بیردۆزی مارکسیزمە کە لە سەردەمی ستالین ی تاریک پشتگوێ خرابوو ئەوەی دەگوترا : مەساجی پڕۆلیتاریا ی مێژویی ئەوەیە لە ناوخۆیدا بتوێتەوە . گوێ بگرن ترۆتسکی بە بڕواوە چی دەڵێ :

پڕۆلیتاریا کاتی خۆی و ئێستاش چینێکی مولکدار نیە ، ئەمەش لەبەر ئەوە مولکداریی لێ قەدەغە کردوە بۆئەوەی لە فەرهەنگی بۆرجوازی بێبەش بێ لەو فەرهەنگ وخەسلەتانەی کە هەتا هەتایی بە جیا دەمێنێتەوە بۆرجوازی بە چەکی فەرهەنگی هاوچەرخ هاتونەتە سەر کورسیی دەسەڵات ، لە روەکەی تر پڕۆلیتاریاش هاتونەتە سەر دەسەڵات بەڵام بە چەکی پێویست بە زاڵبوون بەسەر فەرهەنگدا .

ترۆستکی بەردەوام دەبێ دەڵێ: گۆرین بەرەو سۆشیالیزم پێویستی بە روبەڕو بوونەوەیەکی جیا لە روبەڕوبوونەوەکانی تر دەکات ئەمەش بە پێی فەرهەنگ ورۆشنبیریەکان دەگۆرێ کە زۆر لەگەڵ هەوڵەکانی رۆشنبیری پڕۆلیتاریا جیان . لەبەر ئەوەی دەبێ وەکو قۆناغێکی ئەزمونی سەیری ئەم گۆڕانە بکەین کە قۆناغێکە لە قۆناغەکانی مێژوی مرۆڤایەتی، تیایدا خەباتی بێ وچانی کردوە لە پێناو دوارۆژ و چارەنوسیدا ، بۆیە فەرهەنگ و رۆشنبیریی سەردەمی گواستنەوە دەبێ لە فەرمانەکانی حزب رزگار بوبن . چونکە میرنشینی هونەر نابێ لە ژێر دەسەڵاتی حزبدا بێ ، هەرگیز ترۆتسکی بەبێ مەرج بەو گوتەیە قایل نەدەبوو کە دەڵێ: رۆشەنبیری میرنشینێکە لە میرنشینەکانی چالاکیی مرۆڤ و تارادەیەکیش سەربەخۆیە ، ترۆتسکی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە لە کۆتاییدا ئەم میرنشینە دەبێ پشت بە بنکەیەکی مادی ببەستێ و حزب مافی ئەوەی هەیە هەندێک جار لە ترسی هەڕەشە سیاسیەکاندا دەست بخاتە ناوەوەی ، ئەوەبوو لە سالانی بیستەکان ترۆتسکی پشتگیریی لەو رۆشنبیرە بۆلشەڤیانە کرد ئەوانەی هەندێک نیانیان سەبارەت بە لادانی ئەدەبی نواند .

هەر لە پەرتوکەکەدا ، بەهەوەست دێتە سەر هەندێک بابەتی جۆراو جۆر سەبارەت بە بیرو بڕواکانی ، کە دهکرێ بڵێ کاری هونەری دەبێ بە یاسای هونەری حوکمی لەسەربدرێت، دواتر دەڵێت: ( تەنها مارکسیزم دەتوانێ ئەوە شی بکاتەوە ئاخۆ کەی و چۆن مرۆڤ هەوەستی بۆلای هونەر دەچێ لە کام ماوەی مێژویی دیاردا؟ ) ئەم لەخۆبایی و خۆبەزل زانینەی بڕواکانی کە هیچ بەلگەیەک ئەمە ناسەلمێنن ئەمە لەگەڵ خۆیاندا هەندێک زانیاریی نادروست دەگەیەننە ناو مێشکەوە دەڵێن دیارە تەنها مارکسیزم بۆی هەیە روناکی بخاتە سەر تارمایی وتاریکیەکان ، بەڵام رونکردنەوەی وتەکە لە بنچینەوە ئەمە ناگەیەنێ .

دواتر چاوکێکی تریش هەیە بۆ ئەم لەخۆبایی بوونەی ترۆتسکی ئەویش ئەو شەیدایی و پەرۆشیە یە کە بە رێگەیەکی شۆڕشگێڕانە ترۆتسکی بۆ سۆزی گۆڕان هەیبوو. بەم شێوەیە ترۆتسکی لە رەخنەکانی بەردەوام دەبێ بەڵام هەندێک جار بە شێوەیەکی نەرم ونیانی.

پەرتوک دوای پەرتوک و نوسین دوای نوسین ئەمانە هەموی لەبەر کەموکوریەکانی گۆڕان و ریفۆرم بوون هەروەها بەهۆی لاوازی هێزی شاربوو کە بەدیدی ترۆتسکی ئەم کەم و کوریانە خەسلەتی سەردەمی شۆڕشن ، بەدوای چیرۆکێک یا ئەفسانەیەکدا دەگەڕا کە هەموی گیانی سەردەمی پێوە دیار بێ ، ئەو کارە نوێیانەی بریقەو نوێخوازیی پێوە دیاربون، مەزنی ونەمری دوارۆژ ی زیندو دەکردنەوە .

ئومێدێکی بریقەدار و رەوشەن بوو بەڵام بەدەر کەوت کە ترسناک وسەرنەکەوتو بوو ، چونکە ئەم جۆرە داخوازیانە پێویستیان بە خۆڕاگری وئارامی هەیە ئەگەر وانەبێ ئەنجامەکەی بەوە دەگەیەنێ کە پادشا دەسەڵاتی خۆی لەگەڵتا بەکار بێنێ کە ئەنجامەکەی بەندیخانەیە دیارە ئەمە ئەدەبیش دەگرێتەوە ، ترۆتسکیش بۆ کاردانەوە بەم ئاقارەدا خلیسکی برد ، بەڵام ناتوانین ئێستا ئەنجامی بەگژیەکدا چونی هەوەست و بیرکردنەوەکانی ئەدەبیی ترۆتسکی دیار بکەین کەوابێ سرودی شۆڕش نابێ بە خواستی ترۆتسکی بنوسرێتەوە ئەمەش لەبەر هۆیە دیارەکان کە بە دیدی ترۆتسکی گومانی لە تواناکانی فەرهەنگ و رۆشنبیری پرۆلیتاریا هەبوو بۆیە دەبێ ئەم سرودانە بە هۆی فاکتەرەکانی رابردووەوە جیا و زیندو بن.

گومان لەوە دانیە کە بەهۆی پێویستیەکانی دوارۆژ توشی تەگەرە و ناخۆشی دەبن ، بۆیە سەیر نیە کاتێک شاعیر مایاکۆڤسکی گوتەیەک بە پێچو پەناوە دەڵێ کە ناکرێ وەریبگێڕین چونکە وتەکە وەکو یاری پێکردنێکە .. دەڵێ : زۆربەی فەرمانبەرە مەزنەکان لە روی رۆشنبیرەوە، هەر وەکو فەرمانبەری ئاسایی دەمێننەوە .

ترۆتسکی بۆ ئەو جۆرە شیعرو چیرۆکانە کە گیانی هاوچەرخیان پێوە دیارە تینو بوو ئەم تینوێتیەش لە پەرتوکەکانیدا تەنها لە دواییەکان ئاشکرا دەبێ دوای ئەوەی باس لە گیانی سەردەم دەکا کە هێشتا نەهاتۆتە دی ، دڵی بۆی دەچێ ، سەردەمی کۆمۆنیزمی کاتێک ( هەمو جۆرەکانی هونەر گەشەدەکەن و پێش دەکەون و دەگەنە ئاستی لوتکە ) ئەمە بۆ کەی دەخوازێ بۆ ئەو سەردەمە پیرۆزەی بێ چینایەتیە ؟ ( کە مرۆڤ ئەوکات بەهێز دەبێ بە رێژەیەک مەزندە ناکرێ مرۆڤێک دەبێ خاوەن ئەقلیەتێکی مەزنتر و بە تواناتر ..ئەوکات مرۆڤی ئاسایی ئاستی بەرزدەبێتەوە بۆ ئاست ئەرستۆ تالس و گۆتیە، مارکس ، ئیتر لەو پێگەیە ئەوانی تریش بەرز دەبنەوە تا دەگەنە لوتکەی پێگەیشتن .

بەر لە چەندساڵێک بەڵکو هەوادارانی ترۆتسکی دەبینن کە رۆژێک لە رۆژان ئەم کەلە پیاوە تا چ ئاستێک مەزن و شکۆداربوو ، بەڵام لەم سەردەمە ولەم کاتەدا کە هەواداران

کـەم تـر بـۆی خـوێن گـەرمن تـەنها هەوەستیان بـە پەیوەندیـەکانی ئەندێشـە دورەکـان و سیاسەتە توندو تۆلەکەی دەسەڵاتی ستەمکار و رەفتارەکـانی بۆلشـەڤیەوەیە هەیـە، ئـەو سیاسەتانەی ترۆتسکی لـە سەرەتای شۆڕشەوە پیادەی کردون . هـەرگیز لـەمـەش دڵنیـانیم ئەورۆژە دابێ مرۆڤ ئەوەنـدە بـەرز وبـەرێز بـێ بگاتـە ئاست ئەرستۆو مارکس و گۆتیـە ، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە لای ئێمە سەرنج راکێش نین بەڵکو بەدوریشی دەزانم .

وێڕای تێکشکانی بیرۆکەی (ئـەدەبی پڕۆلیتاریا ) هێزی ئـەدەب و شۆڕش لـە بەشـەکانی تری پەرتوکەکەدا دەبینی ، لە و بەشانەی باس لە پەراگەندەیی وپەلـەکاری و هـەوادار و بێزاران وخۆشەویستانی دەکات .

ترۆتسکی لـەوە سـەرکەوتنی بەدەست هێنـاوە کاتێـک باسـی شـاعیری بەهرەمەنـد ( میاکۆڤسکی ) دەکا توانیویەتی بگاتە ناخی شاعیرەوە ، ئەگەر بـە شێوەیەکی تـەخمینیش بێ بەڵام بـە جوانی باسی لـە خـەباتی شاعیر کردوە و توانیویـەتی پەیوەندیـەکانی لـە نێوان تورەبـوونی خـود و تێک هەڵچونـەکانی ژیـانی بـاس لێوە بکـا . ترۆتسکی دەستی خستۆتە سەر خاڵە لاوازەکانی شاعیر کاتێک لـە شیعرەکانی دا لـە پێنـاو گـەڕان بـەدوای ووشـەیەکی بەناوبانگدا مارکسیزم فـەرامۆش دەکـا وئاهـەنگ بـە سرودە کەسایەتیەکان دەگێڕێ وسرودی سیاسی وەلادەنێ. بەڵکو ترۆتسکی لەهەڵسەنگاندنی کارەکـانی شـاعیری ناودار میاکۆڤسکی دا هەڵەبوبێ ، بەڵام ئەم رەخنانـە ئەوە ناگەیـەنن کـە بـێ توانـا و بـێ بەهرە بووە چونکە لە کاتی رەخنەگرتن دا ترۆتسکی زۆر وشیارو هەستیار بووە .

ترۆتسکی بـە گـەورەی کورتەباسـەکان دێتـە ئـەژمار کـە بەهۆیـەوە دەتـوانی لـە نـاخی نوسەر بگەیت ،ئەمەش نوسینێکیەتی لەسەر شاعیری جوتیار (کلیوۆڤ) نوسیویەتی :

( ئەم پەیمانی بەهەشتتان پێ دەدا ، بەڵام ئەم بەهەشتە کـە زیادەرۆیی پـێ هـەڵگوتوە جوتیارەکانی لێ جێنیشـە ، ئـەم بەهەشـتە گـەنم وهـەنگوین بەرهـەم دێنـێ ، چۆلـەکـەکان لەسەر سواندەی خانوەکان هێلانەیان دروست کردوە دە چریوێنن تیشکی خۆر لـە رەنگـی گەوهـەرو زێری سور دا رەنگ دەداتـەوە ، ئـەم شـاعیرەش (کلیوۆڤ) لـە مالـە گوندانیەکـەی دەچێتە ژورەوە دەست دەنێ بـە رادیۆو کارەبـا هەڵدەگیرسێنێ ئەمـە بـە دڵـە راوکێیـەوە دەیکا ، چونکە ئەم کارەبایە لەم گوندە خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکە داستانی پاڵەوانەکانـە ، هەر لەم خانوە گوندانیەیدا مێزێکی ئومێد بەدی دەکا ) .

فەرمون لەگەڵ تێبینیی سەبارەت بە کارەکانی (ئەندرێ بایلی) :

گومان لەوە دانیە ئەو ووشانەی مرۆڤ تـەنها دەربڕی مانای ووشەکان نین بـەڵکو بەشـی دەنگیش لەخۆ دەگرێ ئەگەر ئەم بەشەی دەنگ نەبووایە ئەم بەهرەمەندیەی مرۆڤ بـەدی نەدەکرا ئەم خەسلەتانەی بەشە دەنگیەکان چ لە شیعر و چ لـە پەخشـان بـن کاریگـەریان هەیە ئـەوەتا بـایلیش یەکێکـە لەوکەسانەی بـەم خـەسلەتەوە دیارو بـەرچاون . بەهـەر حاڵ وشە هەرچەندە بەهێزو بە زرینگانەوە بـێ نـاتوانێ لـەوناوەڕۆکی خـۆی زیـاتر دەنگ بداتەوە. چۆن فیتاگۆرس بەدوای ژمارەو مانای گونجاودا دەگەرا ئاوەها بـایلی ش بـەدوای ووشـەی گونجـاو دا دەگـەڕێ تـا لـە شـوێنی گونجـاو دایـان بنـێ ، بۆیـە دەبینـین بـایلی لەووشەکان ون دەبێ .

ئەگەر پەنجەی ناوەندت بە پانیەوە خستە سەر پەنجـەی بـەران و شتێکت بەدەستەوە گرت ، هەست دەکـەیت کـە دەستت بـە دوو شـتەوە گرتـوە، ئەگـەر ئـەم کـارەت زۆرجـار دوبارە کردەوە هەست بە کارێکی سەیر دەکەیت ، بۆیە ئەم جارە کارەکە بە هەڵە دوبارە

دەکەیتەوە چونکە هەستەکانت شوێن خۆیان بەردەدەن . شێوازە هونەریەکانی بایلی ش بەم شێوەیەن بریتیە لە کۆمەڵێک هەڵەی نەگۆڕ .

وتەیەک لەسەر چیرۆکنوس (بۆریس پلنیاک ) :

پلنیاک ریالیستێکی بەهێزە خاوەنی دوو چاوی تیژو گوێچکەی سوکە، بەدیدی پلنیاک مرۆڤ و کەرەستەکان کۆن نین هەروەها هەمان مرۆڤ و کەرەستەی جارانیش نین بەڵکو ماندون بۆیە ئەم بە شێوەیەکی ئاژاوەگێڕی فرێیان ناداتە سەر رێگای شۆڕش. ئەم کاتێک سەیری مرۆڤ دەکات بە چاوێک سەیریان دەکا کە زیندوو چالاکە ئەم لە باوەشیان دەگرێ نەک وەکو مردوێک بەڵکو وەکو زیندوێکی چالاک ، لە نێو کەلێنەکانی ئاژاوەدا بەدوای رژێم وسیستەمێک دا دەگەرێ کە شیاوی مرۆڤ بێت .

لەسەر ئاستی دەوروبەر لە گوندو شارو شارەدێکانەوە سەیری شۆڕش دەکا ، چونکە شۆڕشی ئەم شۆڕشی شارە بچوکەکانە ، من نالێم ئەم بابەتە بابەتێکی زیندو نیە بەڵام دەڵێم نابێ بۆ گەڕان بەدوای محوەری شۆڕش، لە سنوری گوند بووەستی ، لاریم نیە لەوەی لە گوند و دەورو بەریدا بەدوای شۆڕشدا بگەرێیت بەڵام نابێ نەخشە ی شارۆچکەیەکی بچوک بۆ شۆڕش بکێشی .

دەگمەن دەتوانێ مرۆڤ لە ئەدەبی مارکسی یا هەر ئەدەبێکی تردا لە رێگەی زاراوە بریقەدارو درەوشاوەکان لە ناخی نوسەر بگەیت .

لە دواییدا دەڵێم ترۆتسکی لە رێگەی رەخنەی ئەدەبی و کاری ڕاستەقینەوە نەگەیشتۆتە هیچ شی کردنەوەیەک و هەڵسەنگاندنێکی دەقاودەقی . بە دیدی من ئەوەی پێی هەڵساوە تەنها پێشەکیەکە لە کاری رەخنەگرتن، ئاماژەکانی بە نوسەرو ئاستی نوسەر گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆیان نیە ، ئەو کەرەستە مارکسیانەی ئەم بەکاریان دەهێنێ ئەو کەرەستە لینین یانە ئەوەندە بەکارهێنراون لە بوواری رەخنەگرتنەوە وەکو بڵاوکراوەی دەنگو باسیان لێهاتون چونکە خۆیان بەسەر روداوەکاندا ناسەپێنن .

ئەم نوسینە ئەدەبیانەی ترۆتسکی تەنها بۆ پشودان و رابواردن بوون ، بۆ ترۆتسکی ئەم پشودانە خۆشگوزەرو کات بەسەربردن بو چونکە بەهۆی خەباتی چەندین سالەی گەلێک ماندوو ببو ئەو خەباتەی کە بۆ بەلشەڤیەکان بوە مایەی بڵاو بونەوەی گەندەلی و ستەمکاری لە ناوریزەکانیاندا کە دواتر تەقینەوەکەی سالی 1922 ی لێ کەوتەوە. تا کۆتایی ساڵی بیستەکان لە سەدەی بیستەم لێرەو لەوێ رەخنەی توندمان دەبیستن کە لە بۆلشەڤی دەگیران ئەم رەخنانەش لە نێو حزبەوە بەرزدەبوونەوە هەر لە ئەندامەکانی بۆلشەڤیکەوە بەڵام هیچ کاتێک ئەمە بەبێ سزا بەرێ نەدەچو .(لە دوایی ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم هەواداران و لایەنگرانی ترۆتسکی هەمویان لە سیبیریاو ئاسیا پەرەگەندە ببوون و دورخرابوونەوە بە هەمان شێوەی کە قەیسەریەکان دوریانی خستبوونەوە ). یەکێک لە چاو نەترسانی رکابەرە بۆلشەڤیەکان کە بەناوی مایزینیکۆڤ دەناسرا جارێک نوسیبووی :

( دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت دەبێ هەندێک لە کاربەدەستە مەزنە سەرزەنشتکراوەکانی تایبەتی لە حزب بپارێزن و لەسەر حسابی حزب بیان پارێزن وەکو ئیمپڕاتۆرەکانی رۆمانی کە کاتی خۆی دەیان پاراستن ).

بەڵام کەس گوێی بەم جۆرە وتارانە نەدا کە لە ناوەڕۆکەوە وانەیەکی سیاسیی باش دەبەخشی ، لەگەڵ ئەمەش نوسەری ئەم نوسینە سزاو سەرزەنشتی لەلایەن لیژنەی مەرکەزیەوە لە 1923 خوارد .

ترۆتسکی کۆمەڵێک وتاری نوسیەوە ناوی نان ( ڕێگەچارەی نوێ ) لەم کۆمەڵە وتارەیدا بۆ یەکەم جار دەستی خستەسەر خاڵ و هۆکارەکانی گەندەلیی کۆمەڵایەتی بیروکراتیەتی بۆلشەڤی . ئێستاش دوای تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەر ئەم نوسینانە ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەم نوسینانە لە ناوەڕۆکدا جۆرێک لە شەرمەزاری بەخۆوە دەبینن ، لەگەڵ ئەوەی لە ناوەڕۆکدا زۆربەی بیرۆکەکانی ئابوری کە ترۆتسکی پاشان پەرەی پێدابوو ، هێرشی دەبردە سەر ستالینیزم .

بەڵام دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە ترۆتسکی بلیمەتیەکی وای نواندبوو تا لە نێو ستراتیژیەتی حزبدا بمینێتەوە ، لەوە دەترسا کە ڕەخنەی توند بە ئەنجامێکی خەراپی دەگەیەنێ ، بۆ نمونە دەبێتە هۆی وروژاندنی کاردانەوەی خەراپ دژی توندڕەوەکان .

لەگەڵ ئەمەشدا ( ڕێگەچارەی نوێ ) وەکو بروانامەیەکی مێژوویی گرنگ مایەوە . گرنگترین بابەتەکانی ناوەوەی ئەم پەرتوکە پەیوەندیەکانی نێوان بیرۆکراتیەت و دیموکراسیەت بوو، ترۆتسکی هەر بە خۆڕسکی هەستی بەوە دەکرد کە سەنتەری سەرەکیی ڕەخنەکانی خۆی لەم پەیوەندیە دەبینیەوە ئەمە بێ ئەوەی رایبگەیەنێ بەڵام هەستی پێدەکرد .

ئەوەتا ئێستا ئەگەر ئاوڕێک لە دواوە بدەینەوە زۆر بەڕونی بۆمان دەردەکەوێ کە گرنگی ئەو دەستەو گروپە ڕەخنەگرانەی ناو حزبی بۆلشەڤی چ ترۆتسکیستەکان چ ناترۆتسکیستەکان بن ئەمانە هەمویان تەنها زنجیرە هەوڵێکی لاوازن بۆ ڕاگرتنی شەپۆلی تۆتالیتاری .

لە ساڵی 1923 وە ترۆتسکی بووبە سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی چەپڕەوکانی روسیا و ڕابەری ڕۆشەنبیریان . ئەوکاتەی هەستی کرد لە پاشەکشەی کۆمەڵایەتی دایە ئەوکات لە ئاست داواکاریەکانیدا هەستی بە ژان و ئازاری سەرنەکەوتن دەکرد. دەستی بە خەباتێکی پچر پچر کردبوو بەڵام بە بەهرەو توانایەکی بەرزو خۆبایی بوونەوە ، جەختی خەباتی لە ناوخاکی دوژمن بوو بیرۆکەی تێکدانی دەسەڵاتە زەوتکراوەکەی بۆلشەڤیی قەبوول کرد.

بەدیدی ترۆتسکی حزب لە روی ئارستەوە بەسەر 3 لایەندا دابەش بووە :

_ ئۆپۆزسیۆنی چەپڕەو کە خۆی لایەنگری بوو .

_ کەمینەیەکی کەمیش، نوێنەرایەتی بیری بۆلشەڤیی مێژو ونەریتەکانی دەکەن و سەنتەری ستالینی کە گردبوونەوەیەکی بیروکراتی بوون ڕەنگدانەوەی دەستەی شۆڕشی دواکەوتوی کۆمەڵگای روسی بوون .

_ لایەنی ڕاستڕەوان، کە بۆخارین سەرۆکایەتیی دەکردن ، ئەم لایەنە مەیلی ئەوەیان هەبوو کەهەندێک دالەنگانیان (تەنازولات) لە پێناو بەرژەوەندیەکانی جوتیارانی مامناوەندی بکەن بەم شێوەیە وا بەدیدەکرا کە ئارەزوی ئەوەیان هەیە ئاشتەوایی لەگەڵ دەستەی خاوەن ئابوری و سەرمایە گوزارەکان بکەن کە لەو سەردەم خەریکی سەرهەڵدان بوون .

ترۆتسکی لەوە دڵنیا بوو کە سەنتەری ستالینیزم لە روی ڕۆشەنبیری و سیاسیەوە خاوەنی هیچ بنکەیەکی جەماوەریی ئەوتۆ نیە بۆیە بەدیدی ترۆتسکی چ زوو چ درەنگ ئەم سەنتەرە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕاستڕەوەکانی بۆخارینی کە بنکەی جەماوەریان لە ستالینیستەکان زیاتر بوو ، بەڵام ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیدارە. بۆیە بە دیدی ترۆتسکی دەبێ جەختی خەبات و هەوڵەکان لە نێوان ئۆپۆزسیۆنی چەپڕەوی شۆڕشگێڕ و ڕاستڕەوی ئاشتەوایی چڕ بکرێتەوە .

ئێستا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم بۆچونەی ترۆتسکی هەڵە بوو نیشانەی بەهەڵەداچونیشە بەڵام ئەم هەڵەی ترۆتسکی پەیوەندیەکی توندی بەو توێژینەوە هەیە کە سەبارەت بە بیرۆکراتیەتی ستالینەوە کردبووی .
ئەو کەش و هەوایانەی ترۆتسکی دوای شۆڕش دەیبینی هەمان کەش و هەوابوون کە بوونە هۆی هاتنی ستالینیزم واتە :
داهێزرانی کۆمەڵایەتی وهەژاری و نەداری، دابەزینی ئاستی رۆشەنبیری ، نەبوونی متمانەو بڕوا لەنێو ریزی فەرمانبەراندا ئەمەو سەرەڕای بلیمەتی وبەهرەمەندی ترۆتسکی ئەوساش بۆ پەیامی چاکسازی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا ، ئێستا دەتوانین ئەمە بلێین کە ترۆتسکی لە سالآنی زوەوە وتەنانەت لە 1909 زۆر بە رونی ئەم رەوشەی ئێستای لێ دیار بوو.
وتی :
ئەوکاتەی ئاراستەی گۆڕانی مێژو بەرەو ژور دەبێتەوە ، ئەوسا بیرکردنەوەی جەماوەر پتر هاندەرو کاریگەریی دەبێ . بەڵام ئەو کاتەی ئاراستەی گۆڕانە سیاسیەکان بەرەو لێژی دەبێ ، بیرکردنەوەی جەماوەریش توشی هەرەس و روخان دەبێ هەروەها گۆڕان و خۆڕاگریە سیاسیەکانیش لەگەڵیا دەروخێن بێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێک لە دوای خۆیاندا جێ بێلن کە ببنە مایەی بووژاندنەوەی ولآت ، ئەمانە بە شێوەیەکی رسواکەرو سوکایەتی پێکراو رودەدەن ، ئەوکاتەی هەست بەوە دەکات کە جلەو لەدەست خۆیەتی ئەوسا رو لە شێوازە تایبەتیەکانی خۆی دەکات .
بەر لە چەند سەدەیەک نوسەر (تسیدیدس ) باسێکی کلاسیکیی ئەم دیاردەیەی نمایش کردوە ، دەڵێ :
وەکو ئەوەی ئەوانەی سودیان لە دەسکەوتەکان کردوە ئەوان لە پیاوە هەرە مەزنەکان و خاوەنی زیرەکیەکی دیار بن ، هەستکردنیان بە کەم وکوریەکان بەرانبەر بە توانا وبەهرەی رکابەرانیان وای لی کردون لەوە بترسێن کە وشەکان برینداریان بکەن یا زیرەکی رکابەرەکانیان گومرایان کا ، بۆیە ڕاستەوخۆ بەرەو جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیان رایان کرد ، بەڵام ئەوانەی تر کە گاڵتەیان بە بەرنامەکانی رکابەرەکانیان دەکرد هەستیان بەوە نەدەکرد کە بەرهەلست کارەکانیان چ یان لە دڵدایە ، بە دیدی ئەمان ئەگەر قسە بەس بێ کارکردن بێ سودە ، گاڵتەیان بە هێزی دوژمنەکانیان دەکرد، کاتێک بەخەبەریش بوونەوە بینیان کە راونراون وشکستیان خواردوە .
گۆڕانەکان کاریان کردبووە سەر راو بۆچونەکانی ترۆتسکی بەم هۆیەوە مەزندەو بیرۆکەکانی دەهاتنەجێ ، سەبارەت بەو بۆچونەی کە دەڵێ ( شۆڕشی پڕۆلیتاریا لە ولآتێکی دواکەوتو ئەگەر لە گۆشەگیریدا بمێنێتەوە ئەوا بەرەو نەمان دەچێ ) بەو هۆیەوە ترۆتسکی ژانی گرتبوو ژانێکی فکری . ترۆتسکی نەیتوانی بوو درک بەو رۆژگارە تاڵە بکا کە شۆڕش تێی کەوتبوو . تا زیرەکیی ترۆتسکی وهاوڕێیانی بەدیار دەکەوت ئەوەندە دەسەڵاتیشیان لە گەل هاوڕێیانی لە زیاد بووندا دەبوو : بەناوبانگترین هاوڕێی ترۆتسکی ، بریوبرازنسکی ، راکۆفسکی بوون .
ترۆتسکی و هاوڕێیانی زۆریان لەسەر بیرۆکراتیەتی ستالین نوسی نەک تەنها لەبەر ئەوەی کردەیەکی تاکە کەسی بوو بەڵکو لەبەر هەندێک لە دیاردەی کۆمەڵایەتیی ریشە

داکوتاو بوون ئەوەی ترۆتسکی وهاوڕێیانی لە بوواری سیاسی لەدەستیان دابوو کە رون و ئاشکرابوون .
ترۆتسکی وتی :
بەهۆی رەفتاری بێ رەوشتیانەی بیرمەندە کۆمۆنیستەکانەوە کە ببوون بە ئامێری کەڕو لال و خاوەن ئیرادەیەکی تێکشکاوی لەدەستدراوی سەروەریی مرۆڤایەتی ، فەرمانگەکانی دەسەڵاتداری ستالینیزم توانیان خۆیان بۆ حکومەتێکی ئالیکارکی (حکومەتی کەمینە ) بگۆڕن کە نەدەتوانرێ بروخێنرێ و نەدەتوانرێ دەستدرێژیی بکرێتە سەر . ئەم جۆرە حکومەتانەن جێگەی دەسەڵاتی چین وحزب دەگرنەوە .
بەڵام ترۆتسکی روناکی دەخاتە سەر ئەو رووداوانەی لە سەدەی بیستەم رویان دەدا ، دەبینین ترۆتسکی بۆ ئەم مەبەستە زاراوەی نوێ کە پێشتر بەکار نەهاتون ئەم بەکاریان دێنێ ، بە دیدی خۆم ئەمە زۆر گونجاو بوو . ترۆتسکی چەمکی (ثیرمیدۆر)ی لە مێژوی شۆڕشی فەرەنسی وەرگرت (ثیرمیدۆر) مەبەستی مانگی تەموزی ساڵی 1794 ە کە لەم مانگە یاقوبیەکان ( پارێزەرە راستڕەوەکان ) توانیان روبسپێر بروخێنن . بەم شێوەیە دەبینین کاردانەوەی ثیرمیدۆری کۆتایی بە سەردەمی رادیکالیزمی شۆڕشی فەرەنسی هێنا بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەمو سەرکەوتنە کۆمەڵایەتیە بنەرەتیەکانی لەناوبردن واتە مانای تێکدانی پادشایەتی و بووژانەوەی ئابوری بۆرجوازی ناگەیەنێ ، کتو مت وەکو بۆچونەکانی ترۆتسکی ئەوەتا ئێستا هەمان رووداو لە یەکیەتی سۆڤیەت رو دەدرێ :
سیاسیەتمەدارانی پاشگیری ( ورثە ) ئۆکتۆبەر تێک شکێنران بەڵام بنچینەی ئابوریە کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەتی کرێکاران هێشتا لەسەر پێن .
دوای چەندساڵێک ترۆتسکی مانا کۆمەڵایەتیەکەی (ثیرمیدۆر) ی روسیی شیکردەوە ، کە وتی :
هەژاری و دواکەوتویی رۆشەنبیریی جەماوەر لە جەستەی دەسەڵاتدارێکی بۆگەنی کوتەک بەدەستدا بەرجەستە بووە، لە جیات ئەوەی دیموکراسی ببێتە خزمەتکاری کۆمەل، بۆتە گەورەی کۆمەل ، بەهۆی بەردەوام بوونی لەسەر ئەم رێچکەیە جەماوەر بۆتە دوژمنی سەرسەختی و لە توانایدا نابێ نە چالاکیەکانی و نە داهاتەکانی بپارێزێ .
ترۆتسکی ئەو ماوەیەی لە ژیانی مابووەوە بۆ درێژەدان بە کاری بەراورد کردنی مێژو تەرخان کرد ، تا ئەو ئاستەی کە بەدیدی ترۆتسکی وڵات بەرەو وەرچەرخانێک گۆڕاوە لە ثیرمیدۆری سۆڤیەتیەوە بۆ ناحزبی گۆڕاوە ، ئەمە ئەوکاتە بوو کە دکتاتۆریەتی ستالینی روی لە زیادبوون دابوو بەڕاستی ساتێکی سەرسوڕ هێنەرە کە دەبینین فەلسەفەی لاهوتی وتێکهەڵچونی رۆشنبیری یەک دەگرن و تارمایی دروست دەکەن ، مشتومڕێکی شاش لە نێوان ترۆتسکیستەکان سەبارەت بەوەی ئەگەر ثیرمیدور لە روسیا سەرکەوتوە یان نا رویدا. ئەم بیرۆکەیە لەلایەن ئەوانەی لەسەر رێبازی مارکسی راهاتبوون تەشەنەی کرد بەڵام بەو ئاستە نەبووە مایەی سەرسوڕهێنەر کە مەزندەی ئەوە بکەن ئەم مشتومڕەی چەند سەد کەسێک پێیەوە خەریکن کاردانەوەیەکی توندی لە نێو دەستەی مارکسیستە ئۆپۆزسیۆنەکاندا دەبێ ، بۆخارینیەکان و هەروەها ستالینیستەکانیش هەستیان بەوە دەکرد کە ئەوەی بۆخارین ناوی ناوە (زۆربلێی ڤین لەدڵ لەسەر ئاستی ثیرمیدۆر) بۆ رکابەرە چەپڕەوکان دەبێ راستیەکی رەتکراوە بێ .

ئەوانەی لە ئەزمونەکانی ژیاندا سەرکەوتو بوون لەوە گەیشتبوون کە ئەوەی ترۆتسکی دەیەوێ دکتاتۆریەتێک نیە لە ماوەیەکی کورت سەرهەلبدا کە هێشتا کاتی ئەو سەرهەڵدانەش نەهاتبێ .

ئەوەی مەبەستیان بوو راستیەکی ترسناک بوو ئەویش کردەیەکی کۆمەڵایەتیی یاخی بوو واتە تێکشکاندنی تواناکانی شۆڕش بەهۆی هەڵە وبێ تواناییەوە بوو.

ئەی هۆکارەکانی ئەوە چین کە بۆلشەڤیک دەیانکاتە پاساو بۆ ئەوەی شانازی بەخۆیەوە بکاو بانگخوازی ئەوەش بکا کە ئەوان بەرگری ئەم شاڵاوە دەگرن و دەشتوانن بەرگری لە چارەنوسی شۆڕش بکەن تا بە چارەنوسی شۆڕشەکانی تر نەگا ؟ چارەنوسێک کە دواکەوتن وتێکچون و روخانی پێوە دیاربێ و دەستی بە خوێنی ئەوانەوە سوربێ کە لە پێناویدا خوێنیان بەخشیوە ؟

لەروی تەکتیکەوە دەبێ ترۆتسکی لەسەر هەڵە بووبێ ئەویش لە بەکار هێنانی ئەو چەمکە مێژوییانە چونکە سەرکەوتنی ئەم لە بێزار کردنی راڕا کان و تورەو تۆراندنی ناحەز و دوژمنانی دایە ئەوانەی گرنگیەکی ئەوتۆیان بە شۆڕشی فەرەنسی نەدەدا . لەروی رۆشەنبیریەوە زۆری بەکارهێنانی ترۆتسکی بۆ چەمکی ثیرمیدور و بۆناپەرتی، نیشانەی هێزی خەبات بوو کە دژی دەرچوە تاریک پەرستەکانی پیادەی دەکرد لەترسی کۆتایی هاتن و شکست خواردن دا.

لە روێکی ترەوە واپێدەچێ ئەو سوربوونەی لەسەر شۆڕشی فەرەنسی دەکرێ بە تەواوەتی ئەوە دەسەلمێنێ کە ناوپنچکێکی بەهێز لە بەردەم هەمو لێک تێگەیشتنێکی سیاسیدا هەیە ، ئەمە بووە مایەی ئەوەی ئەزمونی شۆڕشی روسی تیابچێ ، هەروەها مایەی هەلە کردن لە مەزندەی بەکار هێنانی شێوازە توندەکان کە جیاوازیی لەنێوان شۆڕشی 1917 لەگەڵ 1789 دەهەبوو . بەتایبەت( ئەگەر گەراینە دواوەو بۆ لۆجیکی مارکس ) چونکە بەسەر قۆناغە ناسکەکەدا رەت بووەو ئەمەی سەلماندوە کە شۆڕشی بۆرجوازی دەتوانێ بۆ ماوەیەک بەبێ حوکمرانی ڕاستەوخۆی بۆرجوازی سیاسی بەردەوام بێ . بەڵام شۆڕشی پڕۆلیتاریا ناتوانێ ئامانجەکانی بێنێتەدی ئەگەر بە تەواوەتی دەست نەگرێ بەسەر دەسەڵاتدا چونکە بە پێچەوانەی بۆرجوازی پڕۆلیتاریا لە سامانی مولکداری بێبەشە. ئەوەتا دەبینی پیرمیدوری فەرەنسی بەسەر بۆرجوازیی فەرەنسیدا زاڵبوو بەڵام هەڕەشەی لە مولکەکانی بۆرجوازی نەکرد .

ستالین پەڕو باڵی رادیکالی پڕۆلیتاریای روسیی کرد ( ئەمە بەدیدی ترۆتسکی) بەم شێوەیە پڕۆلیتاریا بێ باڵ مایەوە ، لە بەرانبەر هێرشەکانی دەوڵەت هیچ توانای بەرگری لەخۆکردنی نەما ، بە دەربڕینێکی تر بلێین : دەکرێ ئابوریی بۆرجوازی لەژێر دەسەڵاتی دیموکراسی یا دکتاتۆریی کۆن یا لەژێر سێبەری رژێمی فاشست یا سۆشیالیست بەزیندویی بمینێتەوە وەکو کریارێکی مرۆڤایەتیی دیموکراسی بۆی هەیە بە پارێزراوی بمینێتەوە . ئەمە ئەو خالەیە کە پیرمیدوری پێشێلی کردبوو ئەوەی راستی بێ تێنەگەیشتن لەو راستیە بووە هۆی ئەوەی زۆربەی لایەنگرانی ترۆتسکی خۆیان بدەن بەدەستەوەو روبەڕوی دیفاکتۆ بن ، ئەمە ئەو کاتەبوو کە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم ستالین دەستی بە ئەنجام دانی کاری مەزن و زەبەلاح دەکرد بە سەپاندنی مولکداریی کۆمۆنیستیەوە.

بەهەر حاڵ ئەگەر مشتومڕەکانمان قەبول کردن کە کۆمەڵگای سۆڤیەتی لە کاردانەوەیدا توشی هەرەس و روخان بووە ئەم کاردانەوەیە کاردانەوەیەکە لە شێوەی نوێ روخانی

دەوڵـەتی کرێکاریـە ، کـەوابێ خـاوەنی بیـردۆزی لایـەنی چـەپڕەوکانی ئۆپۆزسیۆن ، وەکـو مارکسیستـە مەزنـەکان نـاتوانن وا مەزنـدە بکـەن کـە تـەنها زەلالـی رۆشـنبیری ( ئـەمـەش درەوشـاوەترین بابـەتـە ) یـا توانـای خۆڕاگرییـان دەتـوانێ دۆخـەکان بـەرەو ئـاقـارێکی تـر بگۆڕن .

هـیچ رێگەیـەکی تـر بـۆ ترۆتسـکی نـەماوەتـەوە بیگرێتەبـەر بۆئـەوەی دەسـەڵاتیان لـێ بسەنێتەوە تـەنها رێگەی (کودەتای سـەربازی )نـەبێ ئـەمیش بـە سودوەرگرتن لـە دەرفـەتی بنـەما جـەماوەریـەکەی لـە نێو ریزی سوپای سوردا دەبێ.

دەبێ ئـەمە راستی بێ یا تـەنها ئـەندێشەو خـەیاڵە لـە مێشکی چاودێرە رۆژئاواییەکاندایە ؟ ناتوانین ئـەم حوکمدانـە پشتراست کـەین . بـەڵام ئـەوەی دەتـوانین بلێین ئـەوەیـە ترۆتسکی هـەرگیز بیـر لـەم جـۆرە رێگەچارانـە ناکاتـەوە . چونکـە کودەتـای سـەربازی دەسـەڵات و حـوکمران تێـک دەشـکێنێ ئـەو تێکشـکانە دەسـەڵاتیەی سـاڵەهای سـاڵە بـەدەستیەوە دەنـاڵێنێ ئـەمـە تـەنها گۆڕانێکی روکەشیـەو بـەس، دەتـوانین بلێین گۆڕانی بۆناپـەرتی سۆڤیـەتیە لـە ستالینەوە بـۆ ترۆتسکی . ترۆتسکی پیـاوێکی خـاوەن بیـرو بـاوەر بـوو . پیـاوێکی پێداگربوو هـیچ کاتێک قـەبوولی ئـەوژیانـەی نـەبوو ئـەگـەر بـە سـەربلندی وشـکۆمەندی نـەبێ بۆیـەو بـەم پێـوەرە بڕوانـاکرێ ترۆتسکی پـەنابباتـە بـەر ئـەم جـۆرە رێگەچارانـە ، بـەڵام ئـەوانـەی نـارەزاییـان لێی دەربـڕی کـە ئـەم رێگەچارەیـە ناگرێتەبـەر ئـەوانە هیچ لـە بیروراکانی ئـەم پیاوە نـەگـەیشتون .

ئـەو بـەرنامـەی ترۆتسکی وهاوڕێیانی لـە ساڵانی بیستـەکانی سەدەی بیستـەم پێشکـەشیان کردبوو بۆ ئـەو سەردەم زۆرلـەوە ئالۆزتربوو کە بتوانین ئێستا کورتـەیـەکی پێشکـەش کـەین ، بـەڵام دەتوانم ئێستا هـەندێک لـە بیرۆکەکانی بنـەرەتیی بنوسم .

ترۆتسکی وەکو مارکسیستێکی توند لـە میانـەی بیستـەکانی سـەدەی بیستـەم بـۆ قـەیرانی ئابوری دەستی بە کارەکان کردکە ئـەوکات باڵی بەسەر روسیادا کێشابوو ، بـە شێوەیەکی تـر بڵـێم زانـا ئابوریـەکان شـێوەی نەخشەکێشـانەکە لەسـەر ترۆتسـکی دەشـوبهێنن ، ترۆتسکیش ئـەم گرفتـەی بـە بـڕەڕ (مقص) شوبهاندوە دەڵـێ: هـەر لایـەنێک لـە جوتیـار وکرێکـار سـەرێکی ئـەم بڕەڕەیـە کـاتی بـڕین کـە سـەرەکان لـەیـەک دوردەکەونـەوە توانـای بـڕین نـامێنێ ئـەوسـاتـە نرخـی کەلوپەلـە دروسـتکراوەکان بـەرز دەبنـەوە وەکـو بـەرز بوونـەوەی سەری بڕەڕەکە (مقص) و بـەرهـەمی کشتوکالیش دادەبـەزێ وەکو سـەرەکەی تری بـڕەڕ واتـە جوتیـار نـاتوانێ کەلوپـەلی دروسـتکراو بکـرێ تـا لێـوی بڕەڕەکـە لـەیـەک دور بکەونـەوە ئـەوەنـدە توانـای کرینـەکان بـەدور دەبنـەوە بـەم شێوەیەش ئـەو هاوپەیمانیـە لـەرزۆکەی نێوان گوند وشار واتە نێوان جوتیار وکرێکار دەکەوێتە مەترسیەوە .

ترۆتسـکی لـەگـەڵ هـاوڕێ ئابوریناسـەکەیدا ( بریئبرازینسـکی) گفتوگۆیـان لـەسـەر ئـەم مەسـەلەیە کـرد ، دەڵـێن تـا ماوەیـەکی تـر نـاتوانرێ چارەسـەری ئـەم کێشـەیە بکرێت تـا ئـەوکاتـەی نرخی کالا دروستکراوەکان دادەبـەزن ئـەوسا جوتیارەکـان لـە توانایـان دا دەبـێ شتومەک بکردن و ئالوگۆڕی ئابوری بـە شێوەیەکی بـەربڵاو دەست پێدەکا دواتـر لـە رێگەی هـەرەوەزیـەکان و بـەکارهێنانی ئامێر هێـزی بـەرهـەمهێنان بـەرز دەبێتـەوە . بێگومـان ئـەم کـارە مـەودایـەکی زۆری دەوێ بـەڵام تـا ئـەوکات دەبـێ نـەخشـە بـۆ پـڕۆژەی هـەمـە لایـەن دابڕێژرێ و پیشـەسازی بە شێوەیەکی هاوچـەرخ ببووژێنرێتـەوە .

ئـەوەتا لایـەنی چـەپڕەوی ئۆپۆزسیۆن نـەخشەی خـۆی بـە ئامـانجی بـەهێز کردنـی کـەرتی سۆشیالیستی پیشـەسازی دارشت تا لـە رێگـەیەوە بـەرهـەمی کـار بـەهێزکـەن ئـەوسـا ئـاستی

ژیانی رۆژانـەو داهـاتی کرێکارەکـان بـەرەو باشـی بـەرن، بۆئـەوەی رۆلێکـی کـاراتر بگێرن هــەروەها دەسـتـی یارمـەتیش بـۆ جوتیـاره هــەژارەکان درێژکــەن تـا لــە سـتـەم و زۆرداری کۆلاکس (جوتیاره دەولـەمەندەکان) یان رزگار کەن .

ئـەمەو لایەنی چەپی ئاماژە پێدراو لـە سەرەوە پێشنیاریان کرد کرێـی رۆژانـەی کرێکـاران بەرز بکرێتەوە تا لـە بەرهەمی زیادەو دەستکەوتەکانی تری بەرهـەمهێنان بێبـەش نـەبن .... ئازادی و یەکسانیان بۆ کرێکـاران خواست ، بـە شێوەیەک لەگـەڵ ئیدارەی کارگـەکان یەکسـان بـن و لــە کارکردنیشدا ئـازاد بـن... وێـڕای ئەمـە داوای کـەم کردنـەوەی بـاجی کاریان بۆ کردن کە ناڕاستەوخۆ لە کەسانی نـا حکومیـەوە بەسـەر هەژاراندا سـەپێنرابون ... جگە لـەمە داوای بـەرزکردنـەوەی باجی سەپێندراو بە سەر بۆرجوازەکانیان کرد لـەگـەڵ بووردن ودیاری کردنی رێژەیەکی کەمی بـاج لـەسـەر چینـی جوتیـاران، بـە بـەرزکردنـەوەی باجی سەپێندراو بەسەر جوتیاره دەولـەمەندەکان( کۆلاکس). ئـەمـەو دەبـێ ورده ورده لـە رێگـەی راوێـژو گفتوگـۆوە جوتیارەکـان بگەیەننـە ئـەو بڕوایـە کـە بۆخۆیـان هـەرەوەزی بەکۆمەل پێک بهێنن.

لـەروی تیۆریشەوە ( پڕیئبرازینسکی) پڕۆژەی پێشکەش بە لایـەنی بەرهەلستکار کرد کـە لــە گرنگتـرین پڕۆژەکـانی ئـابوری بـوو . ( ئـەم جـۆره پڕۆژانـە هـەمو کاتێک ترۆتسکی پشتگیریی لـێ نـەدەکردن چونکـە وای دەبینـی هاوڕێکـەی زیـاتر لـە روانگـەی ئابوریـەوە سەیری مەسەلـەکان دەکا و چاوپۆشی لە لایەنی سیاسی دەکا ) .


( پڕیبرازینسکی)

پڕیئبرازینسکی دەی وت :

روسـیا دەبـێ زیـاتر دەسـت بــە سـکیەوە بگـرێ ( کەلـەکـە بوونــەکانی سۆشیالـستیی سـەرەتایی ) ئـەم کـاره واتـە کـاری کـۆم کـردن و کۆکردنـەوەی سـەرمایە ، بـە رای ئـەم بـە تەواوەتی لە کۆم کردن وکۆکردنـەوەی سەرمایەکەی مارکس دەچێ ئەوەی لـە پەرتوکەکـەی (سـەرمایە) ئامـاژەی پـێ دەکـا ، لـەگـەڵ ئـەمەشدا لـەروی چەندایـەتی زۆر لـەیـەک جیـان ، بــەلام ئـەمــە بــەهۆی کــەمی داهــات و بەرهەمــەکان و کــەمی بــەکار هێنــانی ئــامێری پیشەسازی و بنکـە تەسکەکەی پیشەسازی و جوتیارانـە ، بـە دیدی ئـەم لـەم کاتـەدا ئـەو پیشەسازیانـەی خۆماڵی دەکرێن نـاتوانن ئـەم چەنـدە بەرهـەم بێنن ، لـە توانـادانیـە بـەم خێراییـە بـڕوا بـەرێوە، دیسـان ئـەم سـەرمایە زۆره ئومێد نـاکرێ لـە دەرەوە بـۆی بێت ، ئەمــەش دیـاره کــە کۆمکردنەکـەی سۆشیالیسـت لـە قۆنـاغی سـەرەتایی دایـە بۆیـە ئــەم جیاوازیانە دەبن.

لـەسەرەتای ئەم هەنگاوە کۆمکردنـە سـەختـەدا دەکـرێ سـەرمایەکان لـە دەرەوەی بـواری ئابوریــەوە بــۆی کــۆ بکرێتــەوە ، ئەمــەش وادەگـەیـەنێ کــە ئــەم سـەرمایە لــە جوتیـاره

دەوڵەمەندەکان کۆ دەکرێتەوە ئەوانەی لە کتو پڕ بوونەتە خاوەن سەرمایەو دەوڵەمەند بوونە .

پڕیبرازینسکی ئەم زاراوەیەی مارکسی بەکار دەهێنا (سودوەرگرتن ) ئەمە بۆ ناساندنی پەیوەندیە پێشنیار کراوەکانی نێوان کۆلاکس ودەوڵەت بوو ، لەگەڵ ئەوەی بەکار هێنانی هەمو شێوازەکانی توندوتیژیی لەگەڵ جوتیاران رەت کردبوونەوە بەڵام پێی باش بوو دەوڵەت سیاسەتێکی ئابوری وا بگرێتە بەر کە خۆی ڕۆڵی لە نرخ دانان هەبێ ( نرخێک ئامانجی سود وەرگرتن بێ لە ئابوریی تایبەتی ) یاخود وەکو خۆی بانگەوازی بۆ دەکرد ( ئالوگۆڕی نابەرانبەر لە نێوان پیشەسازی و گونددا ) .

دوژمنی سەرەکیی پڕیبرازینسکی ( هەلبەت هی ترۆتسکیش ) بۆخارین بوو ، ئەم بۆخارینە لە کاتێکا پیشەسازی و دروست کردنی بە کارێکی باش دەزانی بۆ پێویستیەکانی کرینی ئابوری کە مارکسیستەکان بۆ پرۆسەی پەرەسەندنی سۆشیالیزم هەوڵیان بۆ دەدا و بە زەروریان دەزانی ، بۆخارین دەڵێ پێشنیارەکانی ترۆتسکی لەسەر شانی جوتیارەکان بارێکی قورسن ، بەم پێشنیارانە رەوشێکی ئابوریی نالەبار دێتە کا وهەروەها لەروی سیاسیشەوە رێگە پێنەدراوە ، بۆخارین لەوە دەترسا ئەم سیاسەتەی ترۆتسکی بڕەڕەکە (مقص ) بشکێنێ ئەوسا جوتیارەکان ئامادە نەبن دانەوێڵە کانیان بدەن بە دەوڵەت ، ئەم جۆرە مامەڵەیە بوو ساڵەهای ساڵ خوێنی رشت و شەڕی کۆمۆنیستی بەرپا کرد و بووە هۆکاری مالوێرانی ونەهامەتی .

بۆخارین دەڵێ : ( کارەکانی پیشەسازیی سۆشیالیستی سەبارەت بە گوند، کارێکی مشەخۆری نیە بەڵکو دەبێ ببنە هۆکاری گەشەکردن و پەرەپێدان و بووژاندنەوە. بۆخارین لە گفتوگۆکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ : من ئومێد بۆ پەرە پێدانی پیشەسازیی نوێ دەخوازم بەڵام لەسەرەخۆ ، بە بۆچونی بۆخارین ئەم جۆرە سیاسەتە هەمو جوتیارەکان لێیان خۆش دێت چونکە دەبێتە مایەی نەهێشتنی جیاوازیەکانی چینایەتی و سەرتاپای روسیا لەم خۆشی و ئاشتەواییە پشکدار و سودمەند دەبن .

بۆخارین دانی بەوە نا کە ئەم سیاسەتەی( مەبەستی بنیادنانی سۆشیالیزم) بە خێرایی هێلکەی شەیتانۆکە دەڕوا بەڕێوە . ترۆتسکی بە رەخنە وەڵامی دەداتەوە دەڵێ :

لەبەر ئەوەی ئەم فراوان بوونەی داهاتی پیشەسازی بە خێرایی ئەنجام نادرێ ، هەرگیز داخوازیەکانی جوتیاران ناهێنێتە دی بەمەش ئەنجامەکەی ئەوە دەبێ کە بەرەو (ثیرمیدور ی جوتیاری ) دەخزێ .

ئێستا بۆمان دەردەکەوێ ئەم سەرە ناکۆکانە هەریەکە دەستی بە چەمکە ئابوریە چەواشەکاریەکانی خۆیانەوە گرتوە ، گومانیش لەوە دانیە کە هەمویان خاڵە لاوازەکان لە بۆچونەکانی خۆیاندا بەدی دەکەن .

ئا لەم کاتەدا لەگەڵ ئەوەی ستالین لە لایەنگرانی بۆخارین بوو بەڵام گرنگیەکی ئەوتۆی بەم راو بۆچونانە نەدەدا ئەم تەنها بە کۆنترۆل کردنی دەسەڵاتەوە خەریک بوو . ئەم جۆرە مشتومڕانە پێویستیان بە بڕیاری سیاسیی حزبیەوە هەبوون بەڵام هیچ لە سیاسەتمەدارانی ناو حزب بەم شێوەیە سەریان لەم جۆرە چەمک و بۆچونانە دەر نەدەچو نە ئەندامانی حزب نە جوتیارەکان سەریان لێی دەرنەدەچو . بۆ ستالین کارێکی ئاسان بوو سود لەو کادرانە وەربگرێ کە بەرهەلستی رەوتی ئەقلانی دەکەن ئەوانەی هەردەم لەگەڵ کاروانی دواوەی کۆمەڵدا دەڕۆن . بۆیە دەبینین بۆ ستالین کارێکی سەخت نەبوو ترۆتسکیستەکان بەوە تاوانبار بکا کە ئاژاوە دەنێنەوەو بە راو

بۆچونــەکانیان جوتیــاران هەڵدەخەلــەتێنن ، بــۆ ئــەم کارەشــی ســتالین ســودی لــەو مشــتومڕانەی نێــوان ترۆتسـکی و پڕیبرازینسـکی وەرگــرت ( ئــەی پڕیبرازینسکی خۆشــی ووشەی (سودوەرگرتن) ی بەکار نەهێنا ؟ بەڵام وادیارە لە ناوەڕۆکدا جیایە لەگەڵ ئەوەی ستالین بەکاری دەهێنێ یا لە گەل ئەوانەی لە نوسینەکانی مارکس دا هاتون .

ئێستا دەزانین ئەگەر مشتومڕی رکابەرەکانمان لە هی بۆلشەفیی گەندەل جیاکردەوە ئەوسا بۆمان ئاشکرا دەبێ کە هەوڵی ئەمان بۆ ئەوەبووە بەرۆک لەو گیرو گرفتانە بگرن کە هەردەم دێنە رێگای نەتەوە سەرمایەدار و سۆشیالیستەکانی دواکەوتو بەتایبەت ئەوکاتەی کە دەیانەوێ ئابوریان بگەیەننە ئاست دونیای ئابوریی نوێ .

کێ ئەوباجە گرانەی کۆمەڵایەتی دەدا ؟ چۆن دەبێ یەک نەوە خۆی لە پێناو دوارۆژێکی نەدیار بەخت کا ؟ دواتر ئەگەر داواکردنی هاوکاری لە نەتەوە پێشکەوتوەکان باجی سیاسیی پێویست بێ ؟ ئەمانە هەمویان پرسیاری ئاساییین ، ئەم پرسیارانە بوون ناوەڕۆکی مشتومڕی نێوان بۆلشەفیەکان لە بیستەکانی سەدەی بیستەم .

ترۆتسکی و هاوڕێکەی پڕیبرازینسکی گاڵتەیان بەم بیردۆزە نوێیەی سەبارەت بە ( سۆشیالیزم لە یەک وڵاتدا ) دەکرد کە ستالین و بۆخارین دەهۆلیان بۆ لێدەدا ، ئۆپۆزسیۆنی چەپڕەو راستی دەگوت کاتێک سوربوون لەسەر دژایەتی کردنی ئەم بیردۆزە دەیان وت ئەم رێبازە دژی هەمو بیرو بۆچونەکانی سیاسیی لینینن ، لەگەڵ ئەمەش راستیە تالەکە وای لێکردن بەزۆر رێگە لە هەلبژاردنی بیردۆزی ئابوری بگرن ، کە بەدوری نازانن بەزۆر ئەمە بەسەر یەکیەتی سۆڤیەتدا بسەپێنن بە بیانوی ئەوەی شۆڕشێکی جیهانیی جێبەجێ نەکردوە .

هەرچۆنێکی بێ لە جیات ئەوەی لە بناغەوە دەست بە وەبەرهەم هێنانی ئابوری بکەن لەسەریان بوو ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بکەن ئەگەر بیانەوێ بەرهەمێکی ئابوری بخولقێنن . بەڵام دەپرسین ئایا دەتوانن ئەمە بە ئەنجام بگەیەنن بێ ئەوەی پیرۆزمەندیەکانی سۆشیالیزم ببەزێنن ؟

مارتۆڤ و ئەوانیتر لە حزبی مەنشەڤی خەڵکیان لەم کارە ئاگادار کردبوەوە کە ئەمە ناکرێ . دیالۆگیان دەکرد دەیان وت ( ئەمە سۆشیالیزمی هەژاریە ) بێ گومان ئەنجامی ئەمە دەست بەسەرداگرتن و جۆرێکی تری نوێ لە بیرۆکراتی دێنێتە کا ئێستا بۆلشەڤیەکان ناچار دەبن روبەڕوی کێشەی تر ببنەوە کە پێشتر دەیان وت ئەمە خەیاڵی مەنشەڤیەکانە بەڵام ئەوەتا ئێستا بۆتە روالەت . لە کۆنگرەی دوانزەهەمی حزب لە 1923 روبەڕو بوونەوەیەکی مەزنی پڕ بەها رویدا کە دۆچێر لە ژیاننامەی ترۆتسکی باسی لێوەدەکا دەڵێ :

لەکاتی مشتومڕەکان( کراسین) ڕاستەوخۆ روی قسەکانی لە ترۆتسکیی کۆنە هاوڕێی کرد وتی: بیرت لە(کۆمکاریەکانی سۆشیالیزمی سەرەتایی ) کردۆتەوە بە چ ئالۆزیەک کۆتایی دێت ؟ دواتر کراسین ئاماژە بە سەرمایەداریی کۆن دەدا ودەڵێ : سەرمایەداری کۆن نەک تەنها رۆژانەی کرێکاریان کەم کردەوە، بەڵکو دەستیشیان بەسەر وڵاتانداگرت و داگیریان کردن و هەرچی خێرو بێری هەیان بوو تالانیان کرد ، کشوەریان بە تەواوەتی زەوت کردن و بۆخۆیان قۆرخ کردن جوتیارە مولکدارەکانیان تەفرو تونا کردن ئەوەتا لە ئینگلتەرا ، ئەو کۆخانەیان لە جوتیاران خاپور کردن کە بە ئێسقانی خۆیان دروستیان کردبوو ، ئایا ترۆتسکی بەم بەراوردە بە لۆجیک گەیشت ؟

کراسین ئەم پرسیارەی بێ مەبەست بوو . ئەم پرسیارەی تەنیا لەروی بەرپرسیارێتی خۆیەوە کردی، ئەم وەکو وەزیری بازرگانیی دەرەوە ویستی لیژنەی مەرکەزی وا تێبگەیەنێ کە وڵات پێویستیی بە زیاتر بازرگانیی دەرەوە هەیە بۆیە بۆ هاندانی سەرمایەی بێگانە لەسەریانە زیاتر تەنازل بکەن. هانی کۆنگرەو ئەندامانی دا تا زیاتر قەرزو سەرمایەی بێگانە بۆ وڵات رابکێشن پشتگیری لەم جۆرە پرۆژەیە بکەن چونکە ئەوان وەکو بۆلشەڤی ناتوانن دەست بگرن بەسەر مولکی جوتیاراندا یا ببنە داگیرکار و ئیمپریالیزم ئەمە راستیەکی باوەڕ پێکراوە، وتی سەرمایەی بێگانە یارمەتیی روسیا دەدا تا لە کاری کۆمکردنی سەرەتایی بەردەوام بێ بەم شێوەیە لەو کارە نارەوایانە دور دەکەوێتەوە کە لە رۆژئاوا لەکاتی کۆمکردن رویان دان ، لەم کاتە بۆلشەڤیەکان هەستیان بەوە کرد کە لە راکێشانی قەرزەکانی بێگانە بە مەرجی گونجاو سەرکەوتو نەبوونە بۆیە کراسین هەڵوێستی بەهێز دەبێ دەپرسێ : سەرمایەی پێویست بۆ کۆکردنەوەی خێر لەکوێ دەهێنن ؟ کاتێک کراسین باس لە تالانکردنی جوتیارو مولک داگیرکردنیان دەکا باس لە ئێسکی سپیی جوتیاران دەکا کە خانویان پێی دروست کردبوو ،لەم کاتە ترۆتسکی هەڵدەستێتە سەرپێ بە نارەزاییەوە دەڵێ :

( من هەرگیز پێشنیاری لەم جۆرەم نەکردوە ).

هەرواش بوو ترۆتسکی پێشنیاری لەم جۆرەی نەکردبوو . بەڵام پرسیارەکەی کراسین کە پەیوەندیی بە گفتوگۆکانی بۆخارینەوە هەبوو کێشەی بۆ ترۆتسکی وپایەکەی لە حزب دروست کرد کە بوونە هۆی لەقکردنی پێگەی لەناو حزبدا.

ئەگەر گریمان بانگخوازیەکەی ترۆتسکی راستن کە دەڵێ :

دەبێ ژیانی ئابوریی روسیەکان بە مانای وشە دیموکراسی بێ کە ئەمەش دەبێتە مایەی بووژاندنەوەو بەهێز بوونی بەرهەم ( بەدەردی ترۆتسکی دەڵێ واپێدەچێ دیموکرسیەتی روسی بۆ ئابوریی وڵات بو بە زەرورەت) ئەگەر گریمان پێشنیارەکانی ئابوریی حزبی ئۆپۆزسیۆنی چەپرەو دەبێتە مایەی چاکبوونی ئابوریی وڵات بێ ئەوەی هێلەکانی نێوان شارو گوند بشکێن ئەگەر ئەمانە راست بن و ئەگەر گریمان بڕواشمان بە هەمو ئەوانەی لێرەو لەوێ لەسەر زمانی بۆلشەڤی دەڵێن دیسان ئەوانیش راست بن ، ئەوا بەم پێوەرانە هیچ بڕوایەک نامینێ کە هاوکاریەکان لە رۆژئاواوە دێن ، ئەمە سەرەڕای هەمو ئەو هاندان و ئامۆژگاریە ستراتیجیانەی لە مۆسکۆوە دێن ؟

لە توانای ترۆتسکی دا نەبوو وەڵامی ئەم هەمو پرسیارانە بداتەوە ئەوە نەبێ پەنا بۆ وتەیەکی لینین ببات کە سەبارەت بەم پرسە دەڵێ : ئەگەر شۆڕش لە رۆژئاوا سەرنەکەوێ ئەوا ئێمە تیا دەچین .

گومانی تیا نیە ئەم وەڵامە وەکو پێشنیارێکی تیوری بۆ سەردەمێکی مێژویی تەواو ڕاستە، بەڵام ئەگەر لەروی پراکتیکەوە بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری ملیۆنەها کەس پیادەی کەین ئەوا دەڵێین گونجاو نیە . ترۆتسکی بەروی هەمو ناحەزانیدا وەستاو پێی لەسەر بۆچونەکانی داگرت هیچ مەودایەکی بۆ نەمایەوە تا لە بۆچونەکانی پاشەکشە بکات تەنانەت ئەگەر حزبی بۆلشەڤی ناچار ببێ بەتەنیا روبەڕوی ئەم کارەساتە بێتەوە ، ئەگەر ئەمە بەهەند وەرگرین ئەوا ناتوانین چاوپۆشی لەم رەخنانە بکەین کە دۆچێر لە مێژوی ژیاننامەی ترۆتسکی نوسیویەتی .

بەڵام لە دیراسەیەکی نوێی مامۆستا ( ریچارد دی ) دا تایبەت بە سیاسەتەکانی ئابوریی ترۆتسکی بۆمان دەردەکەوێ کە لەگەڵ ئەوپێشنیارانەی ترۆتسکی چاککردنی

پیشەسازیی یەکیەتی سۆڤیەت کاریشی بۆ بووژاندنەوەی سیاسەتە شۆڕشگێڕیەکانی لینین لە هەمو دونیا دەکرد وێڕای ئەوەی ترۆتسکی هەوڵی روبەڕوبونەوەی هەمو کێشە ئابوریەکانی وڵاتی دەدا بەڵام بە شێوازێکی راست ودروست.

دیار بوو هەستی بەوە دەکرد کە نەخشەی پرێبرازینسکی بۆ( ئالوگۆری ناهاوتا ) لە نێوان گوند و شاردا بەس نەبن بۆ ئەوەی ( کۆمکردنی سۆشیالیزمی سەرەتایی) پێشکەش بکا و بە زەروری بزانێ ، یا ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئاستەنگی تر ، ئەم جۆرە کێشانە بوون کە حزبی بۆخارین درکیان پێی کردبوو .

دیسان ترۆتسکی دەیزانی کە ئابوریی یەکیەتی سۆڤیەت ناتوانێ ئەوەندە لە داهاتەکانی زیاد بکا بۆ ئەوەی پیشەسازیی وڵات بگاتە ئاستی مەبەست . لەبەر ئەم هۆیانە ترۆتسکی روی لە رۆژئاوا کرد بۆئەوەی پێشنیارو پیلانەکانی ئابوریی جێبەجێ بکا . وا مەزندەی دەکرد لەو کاتەی کە روسیا پێویستیی بە یارمەتیە ، رۆژئاوا بەوە رازیە دەستی یارمەتیی سەرمایە بۆ روسیای سەقامگیر درێژ بکا. ئەوە بوو ئیتر ترۆتسکی رازی بوو کە ئیمتیازاتەکانی تایبەتی بە بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا بدا بەر لە چەند ساڵێک ئەمە ئارەزوەکانی لینین بوون کە هەوڵەکانی لەم پێناوەدا شکستیان خوارد . ئێستاش گوێ بگرن بزانین مامۆستا (دی) چی دەڵێ :

لە ساڵەکانی 1920 و 1921 ترۆتسکی وا هەستی دەکرد روسیا لە توانایدا نیە سەرمایە راکێشراوەکەی بێگانە بگەیەنێتە رێژەیەکی بەرز . لەو کاتەوە بووژاندنەوە گەیشتبووە ئاست تێربوون . لەگەڵ هەر تێکۆشانێکی ئیمپریالیی مەزن ململانێ لە پێناو وەدەست هێنانی کەرەستەی خاو و دەستبەسەردا گرتن دەبێ . بەڵام ئەمریکا دەست لە چاوکەکانی خۆراکی ئەوروپی وەردەدا وای مەزەندە دەکرد کە روسیا دەتوانێ ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو دابین بکا .

لە وتەیەکیدا لە تەموزی 1925 روبەڕوی کریکارە ئەلمانیەکانی دەکردەوە، ترۆتسکی دەڵێ :

( ئێمە خۆشمان زۆر وشیارو بە ئاگا بووین بۆیە لەسەرمە ئەوە بڵێم زیاد لە پێویست وشیارو بەئاگا بووین ، سەبارەت بە چی سەبارەت بە رێککەوتن و ئیمتیازاتەکان . ئێمە لە رەوشێکی هەژاری ولاوازی دابووین ، پیشەسازی و ئابوریمان بە تەواوەتی لە ئاستی تێکچوندابوو زۆر لەوە دەترساین سەرمایەی بێگانە بێتە ناومان لەوەی تێکو پێکماندا و ژێرخانی ئابوریمان خاپور کا، لەوە دەترساین بنەماکانی ئابوریی سۆشیالیزمی مان تێکدا کە ئەوسا زۆر لاوازو پێنەگەیی بوو هەروەکو ئێستاش بەهەمان شێوەیە . ئەوەتا تا ئێستاش لەروی هونەریەوە دواکەوتوین ، ئەوە نیە هەمو رێگاکان بەکاردێنین بۆئەوەی بە خێرایی وەپێش کەوین ؟ ئەوەی گومانی تیانیە تەنها (ئیمتیازات) ە کە بتوانێ یارمەتیمان بدا . ئەوەتا بەهۆی ئەم پشتگیریە ئابوریانە رەوشمان بەرەو باشی دەڕوا باشتر لە چەند ساڵێکی بەر لە ئێستا چونکە سەرمایەی بێگانە بە پارەیەکی زۆر بەشداریان لە پەرەپێدانی ئابوری و زیاد بوونی بەرهەمەکانمان کردوە . ئێمە پێویستیی زۆرمان بە قەرزو بە ئیمتیازاتەکانە بۆئەوەی پەلە لە بووژاندنەوەی ئابوریمان بکەین بەم شێوەیە پەلە لە چاککردنی باری ژیانی جەماوەر دەکەین ).

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کورت و بە بۆنەی سازدانی ئاهەنگی کۆنگرە ترۆتسکی راو بۆچونەکانی باشتر لە شێوەی راگەیاندن بڵاو کردنەوە تیایدا وتی :

( بە ڕاستی ئێمە پەردەیەکمان لە پشتەوەی بوونی سیاسیی داخراوی خۆمان داناوە کە ئێستا ڕاستەو خۆ بە بازارەکانی ئەوروپی و دونیاوە بەستراوەتەوە دیارە ئەم ریگەیەش باشترین رێگەیە کە روسیا و ئابوریی روسیا بەرەو بووژاندنەوە دەبا . بەلاَم ئەگەر پرسی گۆرانمان لە چوار چیوەی پەیوەندیەکانی نێوان جوتیارو پرۆلیتاریا لە یەکیەتی سۆڤیەت گۆشەگیر کرد و ئەگەر بڕوامان وابو کە بینە وبردە سیاسیەکان راستن ،ئەوا لەوە رزگاربووین کە پشت بە ئابوریی جیهانی ببەستین، ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەکەوینە ناو تخوبی نەتەوایەتیەکی خۆشگوزاردا، هەروەها وتی :

دەبێ سەرمایە بنچینەییەکانمان کە ئێستا بەدەست قەیرانەوە دەناڵێنن نوێ کەینەوە، ئەوەی وابیر دەکاتەوە کە ئێمە لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانین هەمو ئامێرەکانمان بنیاد دەنێین یا رێژەیەکی زۆری بنیاد دەنیین ئەوە بێگومان خەون دەبینێ ، دروست کردنی پیشەسازی ولاَت مانای ئەوە نیە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ جیهانی دەرەوە لاواز بکەین، نەخێر بە پێچەوانەوە دەبێ ئەم پەیوەندیانە پەرەیان پێبدرێ ئەمەش مانای ئەوەیە زیاتر پشت بە سەرمایەی بێگانەو بازارەکانی دەرەوە ببەستین هەروەها پشت بە ئامێرو ئامرازی هونەریی جیهانی وئابوریی جیهانی ببەستین) .

مامۆستا (دی) وتەکەی بەم شێوەیە کورت کردەوە :

( بە پەرەپێدانی بازرگانیی بێگانە لەگەڵ رۆژئاوا واتە روسیا هەم سەرکەوتو بوو هەم ئامادەبوو بۆ شۆڕشی جیهانی . روسیا لەناو قەوارەی ئەوروپا دەژیێ ئەم بەیەکەوە ژیانەی ئابوریی هاوتا دەبێتە مایەی دروست بوونی دۆخێکی سیاسی لە شێوەی یەکیەتیی سۆشیالیزمی جیهانی .)

لە کاتێکدا کە ترۆتسکی بە شێوەیەکی پوخت وکارامە کاری بۆ ئەم نەخشەیە دەکرد ، هەریەک لە ستالین و بۆخارین هێرشی ناڕەوایان دەکردە سەر بەرنامەو نەخشەکانی کە بەرەو رۆژئاوا ئاراستەی دەکرد. سەبارەت بە ستالین تەنها خۆ وەدەرخستنێکی مەزنانەو خۆ بەزلزان بوو وەکو سەرکردەیەکی بە سام هەڵسو کەوتی دەکرد . هەندێک لە هەڵس و کەوتەکانی ئاماژەیان بە سیاسەتەکانی دوارۆژی دەدان کە فشار دەخاتە سەر کاروباری پیشەسازی و دروست کردن، بێ گویدانە شێوازی سۆشیالیزمی و سەرمایەو بنکەکانی .

دژایەتیی بۆخارین بۆ نەخشەو بەرنامەکانی ترۆتسکی لە مەیدانی پەیوەندیەکانی ئابوری لەگەڵ رۆژئاوای ئەوروپا بوو ، دەڵێ : زۆر سەختە بە ئاسانی لەم نەخشەیە بگەین چونکە لەوانەیە ئێمە واتێبگەین فیکرەی ( خێرا گەمارۆدان) لە ناوەوەی روسیا کۆکە، هاوشانە لەگەڵ سیاسەتی دەست گرتن لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا و سەرمایەکان و ئیمتیازاتەکان کە دەبێ پێیان بدەین. ئەمە بۆیە رویدا چونکە بۆخارین دۆستی ستالین بوو هەر دەبووایە لەسەر رەوتی سیاسەتەکانی بڕوا .

دەتوانین ئەوە بلێین کە ترۆتسکی وێڕای رازاندنەوەی بنچینەی بیری شۆڕشگێڕی، لەهەمان کات سوربوو لەسەر کار کردن بۆ لابردنی گیرو گرفتە ئابوریەکانی روسیاکە لە ئەنجامی بووژانەوەی ئابوری دەخولقان، بۆ کاری چارەسەریکردنیش لە چاوەڕوانی کاتی گونجاو دابوو کە (یەکیەتی سۆشیالیستی ئەوروپیە ) . ئەمە تا رادەیەک لە بەرنامەکانی بۆخارین دا بوو . دەبینین هەردوکیان لەسەر پیادەکردنی سیاسەتی نوێی ئابوری کۆک بوون بەلاَم لەسەر ئەوە کۆک نەبوون ئاخۆ کام کەرتی ئابوری دەبێ بەشی شێری لە هاوکاریەکان بەر کەوێ . هەریەکەیان بەرنامەیەکی تایبەتیی پێشکەش کرد کە رەچاوی ئەوە کرابوو هەرچی زیاتر لە بنەماکانی رەوشتی سۆشیالیزمی نزیک بن و نیانیان پێوە

دیـار بـێ ، سـتالینیش دوای ئـەوەی دەسـەڵات زەوت دەکـات  بەرنامـەی خـۆی پێشـکەش دەکات .
لەم بارو دۆخەدا بە سەرسامیەوە دەپرسین دەڵێین بۆ شێوەیەک لـە شێوەکانی ئـابوریی تێکــەلاو کــە بۆلشــەڤیەکان دەســتیان بەســەرداگرتوە حیکمــەتێک لــە راو بۆچونــەکانی بۆخارین دانەبێ ؟ دەبێ بتوانین ئەمە لەو هاوپەیمانیەی لەگەڵ ستالین جیا بکەینەوە کە نابێتە پاساو بۆی ؟ ئەی ئـەم فکرە نابێتـە رێگایـەک بۆئـەوەی ئـەو رژێمـە گۆشـەگیرە ناشیرنە لەلای جوتیاران شیرین و جوان ببـێ و بـەم شێوەیە هەندێک لـەو ستەم و زولمـە سوک بکرێتەوە ؟ ئەی نابێ ئەو گۆڕانە ئابوریە مامناوەندیە کە لەگەڵ خـۆی هەندێک لـە دیموکراسـیی کۆمەڵایـەتی پـەرەی پـێ دەسـەنێ لەگـەڵ ئیمتیـاز دان بـە سـەرمایەکانی ئـەورپی وبەرانبـەر بـە پێشـوازی کردنـی رۆژئـاوا لـەم دیموکراسیە کۆمەڵایەتیـە ، دەبـێ ئەمانـە هـەموی کاریگـەریان لەسـەر کـەم کردنـەوەی ئـازار و مەینەتـەکانی گـەلی روسـیا نەبێ ؟ ئەو بارە قورسەی روسیا لە ژێریەوە دەنالینێ دەبـێ بـەم کەمـە گۆڕانانـە کـەمێک سوک نەبنەوە ؟
ئەمە ئەوە بەسەر بۆلشەڤیەکاندا دەسەپێنێ کە دان بەوە بنێن، ئـەوان لـەجیات ئـەوەی سۆشـیالیزمی یـەک وڵات  بنیـاد بنـێن جـەختیان لەسـەر بنیـاد نـانی گـەوجی ئـابوریی سۆشـیالیزم کردۆتـەوە،  ئـەو سۆشـیالیزمەی ئـەوان پـەیمانیان دابـوو بیهێننـە دی،  ئەمـە وەکو پێشەکیەک بوو بۆ ئەوان . لەمانە هەموی گرنگ تر ، ئەوەیە دان بەوە بنێن کـە هـەر لەسـەرتاوە ئـەو فکـرە سۆشـیالیزمیەی کـە پـەیمانیان دابـوو بیهێننـەدی وببـوە بنـەمای بیرکردنەوەیان دەبێ دان بنێن کە ئەم بیرۆکەیە لە سەرەتاوە بیرۆکەیـەکی ووشک وکرچ و کال بوو دواتر پراکتیکی نەبوو پێویستیی بە هـەموارکردن هەبو تـا ببێتـە (سۆشـیالیزمی بازار ) .
ئێمـە نـاتوانین بـە تـەواوەتی ئەمـە پشتراست بکەینـەوە ئـاخۆ ئـەم رێگەیـە رێگایـەکی راستە یـان نـا ئـەمـەش بـەهۆی ئـەو کێشـەو تەگـەرە کۆمەڵایەتیـە مەزنانـەی لـە یەکیـەتی سۆڤیەت هـەبوون هـەروەها بـەهۆی رەوشـی سیاسـی و بـوونی چەوسـانەوەو زۆرلێکردنـە سەپێنراوەکان کە لەلایەن سەرمایەداران  بوونی هەبوو .
هەوڵـەکانی ترۆتسکی وهـاوەڵانی بـۆ دەربـاز کردنـی وڵات لـە کێشـەو کۆسپە کـانی تێـی کەوتبو،  کارێکی دروست ولەجێی خـۆی بـون، بـەڵام ئەگـەر تۆزێـک بـۆ دواوە بگەڕێینـەوە ، دەبینـین سـەرەڕای بـوونی هەنـدێک لەیـەک نـەچون لـە راکـانی ترۆتسکی و بۆخارینـدا ، هــەردوکیان داخـوازی  سیاسـەتێکی میـانڕەوی ئابوریـان لـە بۆلشـەڤی دەکـرد . ئەگـەر ترۆتسکی لە جێبـەجێ کردنـی بەرنامەکانیدا سەرکەوتو بووایـە بـەم توندیـە نەیدەتوانی (کۆکردنــەوەی سۆشـیالیزمی سـەرەتایی ) بپـارێزێ ، ئەمـە بـە بۆچـونی پڕیبرازینسکیی هاوڕێی کە دەڵێ : ئەگەر ئەمە بهاتبایەتە دی دەبووایە رەچاوی ئارەزوەکـانی جوتیـاران بکا .
لە روەکەی تر ئەگەر بۆخارین لە نەخشەکەیدا سەرکەوتو بووایە زۆر ئاستەم بوو نیـانی بـەرانبـەر بە داخوازیەکانی جوتیاران بنوێنێ چونکـە بـۆ سـەقامگیری دەسـەڵاتی بۆلشـەڤی هەڕەشە بوون.
لە راستیدا ئەوەی رویدا زۆر لەوە توندتر و ترسناکتر و رادیکـالیزم تـر بـوو زیـاتر لـەوەی هەریەک لە ترۆتسکی وبۆخارین خەونیان پێوە دەبینی.

رژێمی ستالینی تۆتالیتاری بۆ هەریەک لە (کۆکردنەوەی سۆشیالیزمی سەرەتایی ) و (سەرەتایی سەرمایە ) هەمو بیرۆکەو سنورەکانی کارکردنی بۆ کێشان ، ئەم رژێمەی ستالین دەوڵەتی کرد بە ئامرازی دەستبەسەرداگرتن و چەوساندنەوە، دژی هەمو کۆمەلگای روسی جەنگی راگەیاند ، بەم رەفتارانەی جۆرێک لە تۆقاندنی پیشەسازیی خولقاند کە بەشێکی زۆری لە ئابوریی روسیا بەرەو هەلدێر پەلکێش کرد ، لە روی کۆمەلایەتیەوە روسیای بەرەو دواوە برد بە جۆرێک ستەم وزۆرداریی پیادە کرد کە روسیا بەر لەو سەردەم تەنانەت لە سەردەمە تاریکەکانی قەیسەریش بە خۆیەوە نەدیبو .

دوای چەند ساڵێک وپاش ئەوەی ستالین بە تەواوەتی توانیی بەسەر دۆخەکاندا زاڵ بێ و جلەوی کارەکانی کەوتنە بەر دەست رەزامەندیی لەسەر داواکارنی زۆر لە ئازادیخوازانی رۆژئاوا دا . ئەوکاتە ئیتر دەتوانین بلێین دوای ئەوەی ستالین گەیشتە بەرنامەی پیشەسازیەکی توندڕەو توانیی ( بروسکەکانی ترۆتسکی ) بدزێ ، ترۆتسکی ئەم خالە گرنگەی پشتگوێ خست بوو کە بریتی بوو لەو دەربڕینەی دەڵێ :

لێرەدا گرنگ تەنها دروست کردن و پیشەسازی نیە بەڵکو دروستکردن وپیشەسازی لەسەر ئاستی ئامانجەکانی سۆشیالیزم و بەرێگەی سۆشیالیزمی یە .

شایەنی ئاماژە پێدانە کە لە هەر وڵاتێکی دواکەوتو دەرفەتی جێبەجێ کردنی دروستکردن و پیشەسازی بەرەوپێش بردن هەیە، بەمەرجێ بێ بەزەییانە لەگەڵ چینی کرێکارو زەحمەتکێش رەفتار بکرێ ، ئەم کارە رون و ئاشکرا بوو . بەڵام ئەوەی لای ترۆتسکی لەسەر ئاستی بەرنامەکەی جێی بایەخ نەبوو ئەوە بوو کە ( دروست کردن رێگەیەکە بۆ بەرز کردنی ئاستی کەسایەتیی کۆمەڵگای پڕۆلیتاریا ) ، بەڵام دروست کردن وپیشەسازی لە تێگەیشتنی ستالین جیایە جیاوازیەکی زۆر چونکە لەسەر بنەمای چەوساندنەوەو ستەم و زۆرداری و لەسەر رەنجی هەژارو جوتیاران دەهاتە دی ، بە شێوەیەک لەسەردەمی قەیسەرەکانیش هاوشێوەی نە بووبێ بەو پەڕی دڕندانە و بە پێڕەو کردنی سیاسەتێکی توندڕەوانە رەفتاری دەکرد . ئەم بەرنامەی دروستکردن و پیشەسازیی ستالین بەهاکەی خوێنی ملیۆنەها هەژارو زەحمەتکێش بوو هەزاران گوند خاپور کران کۆمەڵگای ئەو سەردەم لە کۆمەڵگای کۆیلایەتی دەچو .

نەخێر ئەمە هەرگیز نە بروسکە بوو نە هاوشێوەی بروسکە بوو هەروەکو ترۆتسکی یا هەر سەرکردەیەکی تری بۆلشەفیی سەدەی بیستەم پێشنیاریان کردبوو . پێمان گرنگە لێرە ئاماژە بە تێبینیەکی لایەنگری ترۆتسکی بدەین ئەویش ( ماکس شختمان ) ە کە دەڵێ:

( هێزی کرێکاری روسیا لە شێوەی دکتاتۆرێکی نیانی حزبی بۆلشەڤی وەکو تەگەرە لەبەردەم کۆمەڵگای سەرمایەدار سەری هەڵدا ، لەلایەک چونکە دروست بوونی گردبوونەوەی سۆشیالیزم لە وڵاتێکی دواکەوتوی گۆشەگیر کارێکی ئەستەم بوو، لەلایەکی تریش هێزی کرێکار هیچ جۆرێک لە جۆرەکانی کۆمبونی لێ ناوەشێتەوە . کەوابێ زاڵبون بەسەر ئەم هێزەو بڵاوە پێکردنیان کارێکی زەرورە . واتە دکتاتۆریەتی ستالین بەسەریدا زاڵبێ ).

سەبارەت بەوەی ترۆتسکی بیری لێدەکردەوە کە نابێ ئەو پێشنیارانەی ئۆپۆزسیۆنی چەپڕەو بۆ نەخشەدانانی ئابوری پێشکەشیان کردون لە داواکاریەکانی جیا بکرێنەوە کە بۆ مەبەست بووژاندنەوەی دیموکراسیەتی حزب پێشکەشی کردبوون . دەبێ ئێمە داوای بووردن لە نەوەی داهاتو بکەین ئەگەر هەندێکمان پرۆسەی دیموکراسیمان بە

پرۆسەیەکی سەخت ودژواری زانی یا هەندێکمان رەخنەکانی ترۆتسکی لە ستالین مان بە بەشداریەکی بەردەوامی ترۆتسکی زانی لە بیر وسیاسەتەکانی سەردەم .

ئەم رەخنەگرە پێگەیشتوە ( ترۆتسکی) ژیانی رەخنەگریی لە 1923 وە دەست پێکردوەو تا مردنی لە 1940 بەردەوام بووە ، چالاکی و هەوڵەکانی رەخنەیی ئەم کەلە پیاوە هەموو بووارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی گرتۆتەوە . رەخنەکانی ئەم پیاوە لە هەموو کارو رەفتارەکانی ستالین دەگیران هەر لەو کارانەی کە بوونە هۆی بەرەللا کردنی ئەم هەموو زەوی و زارەی جوتیاران ودەست پێهەلگرتنیان تا دەگاتە بەکارهێنانی هێز لە شێوەی ( بیزەنتی ) وەکو مەزهەبی کەسیی ستالین تا ئەو سیاسەتانەی وەکو هەورە رەشی بەهاران بالیان بەسەر وڵاتدا پۆشی بوو تا هەڵوێستە بەربەریەکانی بەدرۆی دژی رەگەزی سامی وتا زیادەرۆییەکانی بوواری نەژادپەرستیی .

ئەریٚ هیچ نمونەیەکی تر هەیە لە هەمو دونیا هەموو ئەقل و تواناکانی خۆی بۆ رسوا کردنی دیموکراسیی ساختە و ئاشکرا کردنی گەندەلی وستەمکاریەکانی تەرخان بکا ؟ لە میانەی ئۆپەراسیۆنەکانی پاکسازی ، ئەم جۆرە هێرشانە ی ترۆتسکی گومانی تایا نیە کە بیٚ هەڵە نابن بەڵام لەگەڵ ئەم هەلانەش و لەسەر ئەم بنەمایانە زۆر لە لایەنگرانی تۆتالیتاریی سەردەم ، لە سەر بۆچونەکانی ترۆتسکی ناکۆک بوون بەڵام لەگەڵ ئەمەش هەمویان قەرزاری ترۆتسکین کە بەم شێوەیە و لەو سەردەمە سەختە دا توانیی دژی رەفتارە تۆتالیتاریزمیەکانی ستالین بوەستێتەوەو خەبات بکا . هەر خۆی بوو ئەم هەموو سوکایەتی پێکردن و ئازارانەی چێشتن ئەوەی چێشتی تەنها لە هاورێیە کانیەوە نەبوو ئەوانەی لە مەستیا کوێر ببوون و بەرچاوی خۆیان نەدەبینی تا راستیەکان لەیەک جیا بکەنەوە ئەوان لە توندی پێداگیریان لەسەر ستالینیزم وکوێرەوەریان لە بینینی راستیەکان دەروێشی بیریان دەکردەوە ئەوانەی ترۆتسکی پەردەی لەسەر هەلدەدانەوە ، ئەوانە بوون .

دەمەویٚ ئەمەشتان بۆ رون بکەمەوە کە گفتوگۆکانی ناو حزب بەتەواوەتی کۆتاییان پێهاتبوو ، ئەوەتا لەم بارەیەوە ترۆتسکی لە ساڵە سەرەتاییەکانی خەباتی حزبایەتییدا دەنوسیٚ دەڵیٚ :

ئەوانەی ئەندامانی لیژنەی مەرکەزیی حزب هەلدەبژێرن وەدە پالێون ئەوانە ئەندامانی حزب نین . بە پێچەوانەوە سکرتاریەتی باڵای لیژنەی مەرکەزیی حزب بە شێوەیەکی بەربڵاو وبە دەسەڵات سلاریەوە بەم ئەرکە هەڵدەستیٚ هەر خۆیانن ئەندامانی کۆنگرەو کۆبوونەوەکان دەست نیشان دەکەن و هەلدەبژێرن و کۆنگرەی دەستەی جێبەجیٚ کردنی خاوەن پایە بەرزەکان دیاری دەکەن .

ئێستاش کات زۆر درەنگە ترۆتسکیش روی بەرەو بیری بەشداریی سۆشیالیست وەرگێڕاوە کە لینین لە پەرتوکەکەی ( دەوڵەت وشۆڕش )دا ئاماژەی پێداوە ئەو بیرۆکەیەی لە بیستەکانی سەدەی بیستەم لەسەر ئاستی ژیانی سیاسیی ترۆتسکی یا ناحەزانی هیچ رۆلێکی نەبینی .

ترۆتسکی لە ساڵی 1925 دەنوسیٚ :

دەبیٚ سۆشیالیست لەسەر بنەمایەکی بیرۆکراتی بنیاد نەنێین ، نابیٚ لە رێگەی فەرمانی ئیداری کۆمەڵگایەکی سۆشیالیست بنیاد بنێین چونکە لەم رێگەیەوە دروست نابیٚ تەنها لەرێگەی چالاکیەکانی کەسی و خۆڕاگریە نیانیەکان و دەست پێشخەریەکان

وئیرادەو راو بۆچونی ملیۆنەها جەماوەر بنیاد بنرێ ئەو جەماوەرەی هەست دەکەن و دەشزانن کە ئەم جۆرە فەرمانانە تەنها کاری ئەوانەو هی کەسی تر نا .
ئەوکاتەی ترۆتسکی پێشنیاری گەڕانەوەی ئازادی و رادەربڕینی بۆ حزبی بۆلشەڤی کرد هیچ هەنگاوی تر لەلایەن حزبەکانی تر کە بە نایاسایی دەناسران بۆ ئەم مەسەلەیە نەنران ، بێگومان ئێمە دەبێ بێزاری خۆمان لەم شکستە دەربڕین .
لە ساڵی 1917 و بە چەند هەفتەیەک بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاتێک ترۆتسکی وەکو سەرۆکی سۆڤیەتی پترۆگراد هاتە هەلبژاردن پەیمانی دابوو کە ( لە سۆڤیەتی پترۆگراد کار بۆ پیادە کردنی ئازادی رادەربڕین دەکا، گیانێکی یاسایی ئازادی دەدەینە هەمو پارتەکان ، بەر لە مردنیشی دەریبڕی کە:
لەسەرەتا ئومێدی بۆ حزب دەخواست کە هەمو ئازادیەکانی رادەربڕین و کاری سیاسیی حزب لە چوار چیوەی سۆڤیەت پیادە بکرێ و کار بۆ پاراستنیان بکا ، بەڵام شەڕی ناوەخۆ هەندێک گۆڕان وهەمواری خستنە ناو کارەکان کە ئێمە لە بەرچاومان نەگرتبوو ، لە ئەنجامدا حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان یەک لەدوای یەک لەم ئازادیانە بێبەش بوون ( مەنشەڤیک وپارتی رادیکالی و..) دیارە کە ئەم جۆرە رەفتارانە لەگەڵ کاری دیموکراسی ناگونجێن بەڵکو پێشێلکارین لەم بوارە هەرچەندە سەرکردە بۆلشەڤیەکانیش دانیان بەمە نابوو بەڵام ئەوان بیانوی ئەوەیان دە هێنایەوە کە ئەم کارانە کاتین تەنها بۆ مەبەستی بەرگری لە خۆکردن پیادە دەکرێن .
وا دیارە راستیەکان لەمە ئالۆزترن لەوەی ئەوان دانیان پێیەوە نابوو ترۆتسکیش پاساوی بۆ دەهێنایەوە . بۆ نمونە لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم سوربونی بۆلشەڤیک لەسەر پیادە کردنی سیستەمی تاک حزبی و رێگە نەدان بە کاری سیاسیی حزبەکانی تر ، ئەمە زۆر لەو پاساوانە مەزن ترن کە بۆ رەفتارەکانیان دەیان هێنایەوە ( بەرگری لەخۆکردن ) . تەنانەت لە پەرتوکەکەیدا بەناوی رێگەچارەی نوێ ترۆتسکی وەکو رەخنەگرێکی باشی توندوتیژیەکانی ستالینیزم، دەڵێ:
(ئێمە ئێستا تاکە حزبین لە وڵات لەم سەردەمەدا لەسەردەمی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا کە نابێ هیچ حوکمڕانێکی تر هەبێ ) دەبا ئێستا گوێ لەو نوکتەیەی بۆخارین بگرین کە وەکو پشتگیریەک لە ترۆتسکی دەیوت :
( لە یەکیەتی سۆڤیە زۆر پارت هەن بەڵام تەنها یەکیان لە دەسەڵاتەو ئەوانی تر لە بەندیخانەن ، پێویست بە وەناکات بۆلشەڤیک کار بۆ بڕواکانی (کۆمەڵگای تاک حزب بکات ، چونکە لە راستیدا ئەمە بۆتە کاری رۆژانەی ئاسایی).
هەمو ئەوانەی تاقیمان کردونەتەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە گومان لە گفتوگۆکانی ترۆتسکی بکەین کە بەبیانوی (زەرورەت )ەوە پاساوی بۆ چەوساندنەوەی پارتە یاخی بووەکان هێناوە . بەڵام ئەگەر تا رادەیەکیش راکانی ترۆتسکیمان پەسند کردن کە پێویستیەکانی شەڕی ناوەخۆ زۆر لەوە دەکەن کە ئەم رەفتارانە پیادە بکرێن بەڵام بۆ نمونە ئەو داکۆمێنت و بەلگانەی لیۆناردۆ شابیر لە پەرتوکەکەیدا بەناوی ( ڕەچەڵەکی دیموکراسیی کۆمۆنیزم ) ئاماژەیان پێدەدا کە تیایدا راپۆرتی لەسەر پێشێلکاریە یەک لەدوای یەکەکانی نوسیوە ئەوانەی رژێمی بۆلشەڤی لە نێوان ساڵەکانی 1917 تا 1922 بۆ رێگە گرتن لەبەردەم پیادە کردنی دیموکراسیەت کردونی ، ئێمە ناتوانین هەمو ئەو پێشێلکاریانە بۆ هۆکاری شەڕی ناوەخۆ بگێڕینەوە .
بەهەر حاڵ هەولو تەقەلاو پێداگریەکانی ترۆتسکی لە ساڵەکانی بیستەمی سەدەی

بیستەم لە ژیانی حزبایەتییدا بۆ پیادە کردنی بنەما دیموکراسیەکان لەناو پرۆسەی حزبی بۆلشەڤی ، دەڵێم ئەو هەمو پێداگریەنەی لەگەڵ هەڵوێستەکانیدا مایەی ناکۆکی بوون .

ئەودیموکراسیە سەپێنراوەی ناو حزبی دەسەڵاتدار ، بەتایبەت کاتێک ئەم حزبە زاڵبێ بەسەر کۆمەڵگایەک و هەمو سامان و مومتەلەکاتی ئەم کۆمەڵگایەش بوونە مولکی دەوڵەت ئەم جۆرە دیموکراسیانە هەرگیز نایەنە دی تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی حزبیش بێ ، لەمە بۆمان دەردەکەوێ هەوڵەکانی ترۆتسکی بۆ زەوتکردنی دەسەڵات و ئازادی بۆ بەرژەوەندی بۆلشەڤی بوو، بەڵکو ئەمە بکرێ بەڵام بۆماوەیەکی کورت .

نازانم ئەمەمان بۆ دەچێتە سەر کە بلێین ئەگەر ترۆتسکی داوای ئازادیی بۆ هەمو حزبەکان بکردبایە دەبووە پشتگیریەک بۆ دۆزەکەی وپشتیوانی جەماوەریشی وەدەست دەهێنا . بۆیە دەبێ ترۆتسکیش لەم کارە بەشێک لە بەرپرسیارێتیی بەرکەوێ . رژێمی سۆڤیەت هیچ گروپ وتاقمی گەلەری و سیاسیی چالاکی نەهێشتبوون چ ئەوانەی ئاشکرا چ ئەوانەی بە نهێنی ، هەموی لە ناوبردبوون . بۆیە هیچ پەناگەیەکیان بەدی نەدەکرد پەنای بۆببەن تەنها حزبی دەسەڵات دار نەبێ ، هیچ کەس بوونی نەبوو ئەوەی مابووەوە کرێکارە ماندوەکان بوون ئەوانەی لە پارتە قەدەغە کراوەکان جیا ببوونەوەو ئەوانەی پەرەگەندەی هەندەران ببوون ئەوانیش ترسی ئەوەیان هەبوو خەباتی حزبی بۆلشەڤی پێیان بگاو ولوشیان دا هەندێکیشیان ئومێدی ئەوەیان دەخواست نەخۆشیەکی کوشندە بیانگرێتەوە تا لەم مەینەتیە رزگاریان بێ ، ئەمە ئومێدی هەمو جوتیارە نەدارەکان بوو جا چ ترۆتسکیست بێ یا بۆخارینیست یا ستالینیست .

هەر داواکاریەکی بچوکی ترۆتسکی بۆ فرە حزبی ، رۆلی ترۆتسکی لە ناو حزب گۆشەگیر دەکاو لەهەمو دەسەڵاتەکانی دەشۆرێنێ، لە داهاتوشدا ناتوانێ یەک ووشە دەرببرێ ، بەڵام لە ناو جەماوەر پێگەی قایمتر وتوند تر دەبێ و پانتایی جەماوەریشی بەرفراوان دەبێ ئەوەبوو مایەی ئەوەی ترۆتسکی زۆر بە بایەخەوە سەیری ئەم مەسەلەیەی دەکرد .

لەم کارانە دەتوانین لەوە بگەین کە بۆچی پارتە یاخی بووەکان لەسەر دیموکرسیی فرە حزبی سور نەبوون تەنها هەندێک لە ئەندامانی نەبن ئەوانەی بریاریان دا کە ترۆتسکی بە شێوەیەکی دروستی بە ئەرکی خۆی هەلنەستاوە و حزبی بۆلشەڤیش گەندەل بوەو بە رێژەیەک کە ئەمرۆ هەمو وڵات پێویستیان بە شۆرشی سێیەم هەیە کە (کرنسدات ) باسیان لێوە دەکرد .

لە ناوەراستی بیستەکانی سەدەی بیستەم کەش و هەواکانی یەکیەتی سۆڤیەت بێ ئومێدو دور لە هەواداری شۆرشگێری بوون ئەو ئومێدو خرۆشەی روبەروی بۆلشەڤیە کۆنەکان دەبوەوە کە لە هەمو لایەک گەمارۆ درابوون ئەوانە دیارە لە مەزنترین لایەنگرانی ترۆتسکی بوون، بێ ئومێدی باڵی بەسەریاندا کێشابوو تەنانەت ئەگەر بیریشیان لە دیموکراسیەتی فرەحزبی بکردبایەتەوە ئەمەیان وەکو تارمایی و ئەندێشە دەزانی . خوێندنەوەی وتەیەکی ئازاد لە ناو حزب کارێکی ئەستەم بوو. من ئەمە بۆ ئەوە نالێم تا شکستی ترۆتسکی لە مەسەلەی سۆشیال دیموکراسی فرە حزبی دەربخەم بەڵکو بۆئەوەمە رەوش و دۆخەکانی ئەو سەردەم رون بکەمەوە .

پەردەیەکی خەمۆکی باڵی بەسەر کەمینەیەک لە سەرکردە بۆلشەڤیە خاوەن بیروبرواکان دا کێشابوو ( بیروکراتەکانی دەسەڵاتدار ). ئەوسا ئۆپۆزسیۆن وتی : لە سەرتاسەری وڵات کاردانەوەیەکی خەراپی لێکەوتەوە لەم کاردانەوەیە

جەربەزەترین شۆڕشگێڕ بێ ئومێد بوو، هەمویان توشی جۆرێک لە بێ ئومێدی و سەرسامی هاتن ، ئەوەبوو لە کۆنگرەی چواردەهەمی حزب لە 1925 کە دوایین کۆنگرەبوو ترۆتسکی لێی بەشدار بێ روداوێکی سەیر رویدا :

زینۆییڤ وکامینێڤ کە لە هاوڕێیانی ستالین بوون لەم کۆنگرەدا هەڵوێستیان لە دژایەتی کردنی ترۆتسکی گۆری و رویان لە ستالین وەرگێرا، بوون بە لایەنگری پارتی ئۆپۆزسیۆن بەم هۆیەوە هەمو دەسەڵاتێکیان لێ سەندرایەوە . بەڵام بۆخارین وەکو پاڵپشت لەگەڵ ستالین مایەوە کەچی ئەوەندەی نەبرد ستالین بۆخارینیشی تێبرد ، ئێستاش ئێوەو نوسینەکەی دۆچێر سەبارەت بەم روداوە :

کامیێڤ ناڕەزایی دەربری وتی : سەیرە بۆخارین لەو کەسانەبوو کە ناڕازی بوو لە تۆلەسەندنەوە لە ترۆتسکی کەچی ئێستا داوای بەکار هێنانی قامچی دەکات . لەوکاتە ترۆتسکی خۆی تێهەلقورتاند وتی:

( بەڵێ چونکە ئێستا پێی خۆشە قامچی بەکاربێ . بۆخارینیش هەڵیدایێ و وتی: بڕوا دەکەی کە من ئێستا پێم خۆشە قامچیت لەگەڵ بەکاربێ؟ ، ئەم خۆشیە لە سەرمەوە تا پێکانم دەم لەرزێنێ .

بۆخارین بەتەنیا نەدەلەرزی بەڵکو ئەوانەی لەگەڵیا دەلەرزین زۆر بوون ، لەراستیدا ئەمە کارێک بوو کە پڕی بوو لە بەکار هێنانی توندو تیژی ، بۆلشەڤیەکان دەستیان واڵ بوو کەس نەیتوانیی بەرۆکیان لێ بگرێ ، ئەو ماوەی نێوان ساڵەکانی 1926 و 1927 ئۆپۆزسیۆنی یەکگرتو کە پێک هاتبوو لە ( ترۆتسکی وزینۆڤیڤ وکامینیڤ ) رویان لە گەلی روسی و ئەو سەربازانە کردبوو کە لایەنگری بۆلشەڤیان دەکرد بە ئومێدی وەدەست هێنانی پشتگیری ، ڤیکتۆر سارج لە بیرەوەریەکانی دا باسی یەکێک لەو چاوپێکەوتنانەمان بۆ دەکا :

سملقا گوتاری بۆ نزیکەی پەنجا کرێکار دەخوێندەوە کە هەموی لە ژورێکی بچوکی کردبوون نەیان دەتوانی جولە بکەن ( سملقا ، سەرکردەیەکی کۆنی سوپا بوو لە دەریای بەلتیک وەکو نمایندەیەکی نهێنی و کرێکاری کەشتیگەلی لینین بوو) ئەم سملقایە ئێوارەیەکی تەواو گوتاری بۆ کرێکاران دەخوێندەوە لەسەر کورسیەکەی دانیشتبوو بێ وەستان قسەی دەکرد زۆر بەڕونی وتەکانی دەردەبڕی ، لەسەر بەرهەمهێنان و بێکاری ودانەوێڵە قسەی کرد، دواتر چوە سەر ژمارەی بودجە و دواتر بۆسەر نەخشە و پلانەکان کە پێشکەشیان کردبوو بۆ جێبەجێ کردن ئامادە کرابوو . گرنگە ئەوە بلێین ئەم جۆرە هەڵوێستانە نیشانەی هەژاری و نەداری و چاوپۆشینی سەرکردەکانی بۆلشەڤیە کە بەر لە ئێستا شۆڕش ئەمەی بە خۆیەوە نەدیبوو .

ئەم جۆرە کردانە کردەی جدی نەبوون چونکە کاتێک ترۆتسکی بە یاوەری هەندێک لە سەرکردەکان لە مۆسکۆ لە یەکێک لە کارگەکان گوتار بۆ کرێکارەکان دەخوێنێتەوە ، یەکێک لە کرێکارەکان هەڵدەستێتەوە زۆر بە بێنرخی وسوکایەتیەوە وەڵامی دەداتەوەو لەبەر دەمی دەوەستێ ، ئەو کاتە ترۆتسکی لە لاوازی هەڵوێستەکەیەوە بۆی نەکرا تەنها بە یەک ووشە وەڵامی ئەم کرێکارە بداتەوە ، ئەو ترۆتسکیەی کە چەند ساڵێک بەر لەو رۆژە هەمو کرێکار و جەماوەر هیتافیان پێ هەڵدەگوت و پێشوازیی گەرمیان لێ دەکرد .

لەمەش خەراپتر کە ترۆتسکی بە چاوەکانی خۆی بینیی ئەوەبوو کاتی وتار خوێندنەوە ئەو خەڵکە زۆر بە ئاسایی و بێ بایەخ وەستابوون خۆیان بە شتی لاوەکیەوە خەریک دەکرد وەکو ئەوەی مەبەستیان نەبێ لە کێشەکانی حزب بگەن . ئەمان هەمان کرێکاری

ساڵەکانی 1917 و 1920 نەبوون ، بەڕاستی دەرفەتەکان لەدەست ترۆتسکی و لایەنگرانی دەرچووبوون.

بەم شێوەیە کارەکان روبەڕوی هەمو کەسێکی بەرهەلستکار بوونەوە ، ترۆتسکیی 1923 و بۆخارینی دوای چوار تا پێنج سالّی تر .

ئەوە بوو ئیتر حزب لە رێگەی خانەدانەکانیەوە دەستی بەسەر هەمو کەرتەکاندا گرت هەروەها سکرتێرە کەشی بە هەمان شێوە هەمو کارو بنکەکانی کۆنترۆل کردن ، دواتر لە هەلبژاردنە کانی حزبی لە 90% مسۆگەر کرد هەندێک جاریش 100% بەم شێوەیە رژێم توانیی دەنگە نارەزاو رەخنەگرەکان بۆ سیبیریا دور خاتەوە توانیی بەم کارەی دەنگە ناڕازییەکان کپ کات .

مێژو نوسانی ئەو سەردەم دەپرسن دەڵێن بۆ لایەنگرانی ترۆتسکی وبۆخارین یەکیان نەگرت ؟ یا هەر نەبێ قەوارەیەکی سیاسیان دژی دکتاتۆریەتی ستالین پێک بهێنابایە ؟ تا بەهەردو لاوازەکە بتوانن بەرگری لە دیموکراسی بکەن ؟.

پێم وایە ئەمە هەموی بۆ ئەو رق وکینەی نێوان حزبەکان دەگەڕێتەوە کە هەر یەکەیان پێی لەسەر بەرنامە ئابوریەکەی خۆی دادەگرت هەر لایەنەو بۆچونی وابوو لایەنەکەی تر لە بەرنامە ئابوریەکانیدا بە ئاقارێکی هەڵە دا رۆیشتوە، هەریەک لە ترۆتسکی و بۆخارینیش ناکۆکیە ئابوریەکانیان پێ لە ناکۆکیە دیموکراسیەکان گرنگتر بوون ، ئەمەو من پێم وایە هیچ یەکێکیشیان بە دروستی چۆنایەتیی لینینیان هەڵنەسەنگاند بوو کە وەکو سیما دەبووایە حسابی بۆ بکرێ و لە چۆنایەتیی ستالینیش نەگەیشتبوون کە دەبووایە حسابێکی وردی بۆ بکرێ . ئەمەو لە وەش سەرکەوتو نەبوون کە مەودای هێزی نوێ لە یەکیەتی سۆڤیەت بزانن ئاخۆ تا کوێ هێزی بەسەردا دەشکێ ئەم بیرو بڕوا نوێیانە تا کوێ دەکرێ پیادەیان کەن؟ .

ترۆتسکی لە ناساندنی ستالین وەکو سەنتەری حزب بەردەوام دەبێ دەڵێ : تاوێک بەلای پرۆلیتاریای نێودەوڵەتیی چەپڕەودا دەشکێتەوە تاوێکیش بەلای پارێزەری میللیی نوێی راستڕەو . بەڵام بۆخارین بە پێچەوانەی ئەم رایەی ترۆتسکی بوو تەنها لەوە لەگەڵیدا یەک بوو کە دەڵێ : هەڵگری هیچ بیرو بڕوایەک نیە . بێگومان ئەم رونکردنەوەو ناساندن و هەڵسەنگاندنە ڕاستە ئەگەر بە پێوەرەکانی رێبازی لینی ـ مارکسی و بەو پێوەرانەی کە ترۆتسکی وبۆخارین بڕوایان پێیەو پێیانەوە پابەندن . بەڵام ئەمە راست نیە ئەگەر سەیر کەین کودەتایەک بەرپا بووە ئەو کودەتایەی هەمو زاناو بیرمەندانی بۆلشەڤی بەهەندی وەرناگرن کودەتایەکی مێژوییی کە تیایدا فەلسەفەی ئاگرو ئاسن حوکم دەکات .

ترۆتسکی وای دەبینی کە بە هاوپەیمانێتیی لەگەڵ کەسە پارێزەرە نوێکانی گوند ئەوانەی بەرژەوەندیەکانیان لە بەرنامەی کۆمۆنیستی راستڕەوی بۆخارینی دەبینیەوە ، لەم هاوپەیمانێتیە بیروکراتیەتی حزبی دەبێتە کاکلی گەڕانەوەی سەرمایەداری تایبەتی . ماوەی چەند ساڵێکی برد کە ترۆتسکی بەدوای نیشانەکانی ئەم گەڕانەوەیە بۆ سەرمایەداری تایبەتی دەگەڕا بەڵام هیچ ئاسەوارێکی بەدی نەکرد، چونکە ئەم سوربوو لەسەر ئەوەی جارێکی تر رەوڕەوەکان بۆ سەرمایەداری تایبەتی نەگەڕێنەوە ، بەتایبەت ئەو کاتەی کۆمەڵ و دەوڵەتی خستنە بەردەستی خۆی . ئەوەی راستی بێ ئەم حزبە لە توانایدا نەبوو ببێتە خاوەن هیچ مومتەلەکاتێک بۆیە هەمو مولکەکانی لە رێگەی دەوڵەتەوە کردنیە مولکی خۆی ، بە رێگەیەکی شەرعی دەستی گرت بەسەر هەمو

مولکەکان کەوایە سەرمایەداری تایبەتی مانای ئەوەیە کۆتایی بە دەسەڵاتەکانی حزب بێت وسنورێک بۆ سەرمایەداری تایبەتی دابنرێت . بیرۆکراتیی سۆشیالیستی مانای ئەوەیە پەرە بەو دەسەڵات وئیمتیازاتانە بدرێت ، کەوایە کاتەکان گونجاون بێ ئەوەی هیچ لە بنەماکانی دیموکراسی پێشێل بکرێن ، ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ پارتێکی سەربەخۆی بەرهەلستکار پێکبێنێ یا یەک فراکسیۆن پێک بێنن بۆ رێگەگرتن لە بیروکراتیەتی نوێ تەنانەت ئەگەر ئەم هاوپەیمانێتیە هیچ گۆڕانێکیشی بەدواوە نەیەت .
بەر لە ساڵی 1929 ستالین بە تەواوەتی جێ پێی خۆی لەدەسەڵات قایم کردبوو، بەسەر رکابەرە چەپڕەوکانی دا زاڵ بوو رکابەرە راستڕەوەکانیش لە حاڵەتێکی بێ ئومێدی و بێتوانایی دابوون ، سەرکردەکانی ترۆتسکی یا دورخرابوونەوە یا لە کونجی بەندیخانەکان کەوتبوون ،. ترۆتسکی خۆیشی بۆ روسیای ئاسیەوی دورخرابوەوە ، لە سەرەتاکانی ساڵی 1929 بێدەنگی وتۆقاندنێکی ترسناک باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو گوێڕایەلی فەرمانەکان بە رادەیەک بوو کە ئەم گوێڕایەلیە لەسەردەمەکانی ستەم و چەوسانەوەش روسیا بەخۆیەوە نەدیبوو ، ئیتر لەوکاتەوە سەردەمی تۆقاندن دەستی پێکرد .

* * *

## بەشی پێنجەم

## گەڕان ، دورخراوەیی، کار

---

ئێستا ساڵەکانی گەڕان و سورخواردنی ترۆتسکی دەستی پێکرد . ئەو ئاپۆڕە جەماوەرەیە نەما  کە دەنگیان بۆ هەڵدەبڕی و بە بیستنی وتە  شۆڕشگێڕیەکانی گڕیان دەگرت. ئەو سوپایەش نەما بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانێکی ترۆتسکی  پالەوانێتی بنوێنێ ، هەروەها ئەو حزبانەش نەمان کە  بەرەو دەسەڵاتی ببا.

ترۆتسکی وەکو درەوشاوە ترین کەس لە شۆڕشی روسی هاتە ناسین ، بەڵام دکتاتۆری ستەمکار پڕسەی بۆ داناو وتی:  جادو کەرە .    جارێکی تر دەیوت : خائینە . دواجار لە دادگا شەکلیە کوشندەکەی  مۆسکۆ کاتێک حوکمیان بەسەردا سەپاند وتیان:  دەستی لەگەڵ فاشیستەکاندا هەبووە .

ترۆتسکی لەدەربەدەری دا بێ یاوەرمایەوە روبەڕوی هەمو جۆرە بێزاریەک بووەوە، تەحەدای هەمو جۆرە ناخۆشیەکی کرد لە پێناو تۆمار کردن وبڵاوکردنەوەی بیرو راکانی. ئێستا پێنوسەکەی بوو بە چەکی دەستی، ئەو پێنوسەی لە ساڵەکانی 1902 و 1912  بیرو بۆچونە رەوشەنەکانی پێ تۆمار کردن ئێستا ئەوەتا بۆ هەمان هێزو رێبازی جارانی گەڕایەوە . بەڵام لایەنگرانی ترۆتسکی هەندێکیان بە تەواوەتی تێکشکێنران وهەندێکیشیان بۆ لوتکەی بەستوی باکور گواسترانەوە گەیشتن وپەیوەندی پێوەکردنیان ئاستەم بوو . لە لایەنگرانی ئەم سەرکردە قارەمانە تەنها هەندێک گەنجی بێ ئەزمونی لاوازو  سەرنەکەوتوو  مابوونەوە . لەم کاتە ترۆتسکی توشی هەندێک نەخۆشیی جەستەیی دەبێ بەڵام لە وەستانی سەر پێ  بەردەوام دەبێ  وبەدڵسۆزی بۆ راکانی دەمێنێتەوە لە راستگۆیی بە پاراستنی راستیەکانەوە ، لەسەر ئەوکەسانەیە کە ئەگەرهیچ کاتێکیش لەگەڵ بۆچون و یەک وشەی  تۆتسکیدا کۆک نەبووبن و دراوسێیەتی لەگەڵ هیچ بۆچونێکی ناکەن ئەوا دەبێ ئێستا دان بەوە بنێن کە ئەم کەلە پیاوە لە ماوەی دە تا دوانزە ساڵەکانی دوایی نمونەی مەزنترین پیاوی پێشکەش کرد، پیاوی ڕاستەقینە  .

لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی تـر وەدەر دەنـرا هـەمو جـارێکیش شوێنێکی بـۆ ئـاوارەیی خـۆی دەدۆزیـەوە : تورکیا و فـەرەنسا ونـەرویژ دواییینیـان مـەکسیک بـوو، ئیتـر لـەوێ لایـەنگرانـی ستالین وفاشستـە خۆجێی یەکان هەرایـەکیان نایـەوە دونیایـان بـەهۆیـەوە هـەلگرت تـا لـە وێشـی وەدەر نـێن ، تـەنها بـوونـی لـە هـەر وڵاتێـک مـەترسـیی زۆریـان لێـی پەیدا دەبـوو مـەترسـیی بـەرپا بـوونـی شـۆڕش ومـەترسـی لـە نـاخـی دڵـەوە ، ئـەو وڵاتانـەی ترۆتسکیی لێدەبووە میوان دەکەوتنـە ژێـر فشـاری ستـالین هەرچەنـدە بڕواشیان بـە پڕۆپاگەنـدەکانـی ستـالین نـەبوو ، ئـەو حکومـەتانـە بـڕوای تـەواویان بـەوە هـەبوو کـە ترۆتسکـی پیـاوێکـی شۆڕشگێرە گیانـی شۆڕش لەگەڵ خوێن و ئێسقانیدا تێکەل بووە .
چیرۆکێک هەیە وەکو چیرۆکەکانی شکسپێر لەسەر بەڕێوەبردنی ژیانی ترۆتسکی لە ساڵە سـەختـەکانمان پیشـان دەدات ، لـە سـاڵـی 1936 ئـەو کاتـەی لـە نـەرویژ دورخرابـووەوە حکومـەتی سۆشـیال دیمـوکرات بـەسـەری دا دەسـەپێنێ کـە وەکـو دەستبەسـەرێک لـەمال دەرنـەچێ ، لـە هـەمان کات لـە مۆسکۆ بـە تۆمـەتی ( کرێگرتـەی فاشیزم ) حوکم دەدرێ ، ئـەو کات بوو کە وەزیری دادی نـەرویژی بـە سوربوونـەوە رادەگـەیـەنێ کـە رێگـە  بـە ترۆتسکـی نـادات بڕیارەکـانـی ئـەم دادگایـە رەتبکاتـەوە وداوای تێهەلچنـەوە بکـات دەبـێ هـەمو نوسینەکانیشـی بداتـە دەستـەی چـاودێری ، ئـەوەی شـیاوی باسـە ئـەوکات وەزیـری دادی نـەرویژی (ترکفی لـی ) بوو سەرکردەیەکی مەزنی پارتی سۆشیال دیموکرات بـوو دواتـر بـوو بە سکرتێکری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان ، بێ گومان بڕیـارێکی لـەم جـۆرە دەبـووە هـۆی لەناوبردنی ترۆتسکی لەڕوی سیاسیەوە ، دیارە کە بڕیارەکـەش تـەنها فشـارێکی سیاسـیی مۆسکۆ بووەو  هیچی تر نا.
 بەڵام بۆ ئەم هەڵوێست و بڕیارەی وەزیر،  ترۆتسکی بە دەنگێکی گاڵتـەجاڕ و بێتاقەتـەوە دەنگ بەرزدەکاتەوە وەڵامی( لی) ی دایەوە وتـی :
( لە وڵاتەکەتان ئەمـە یەکـەم نیشـانـەی خۆ وەدەست دانتانـە بـە نازیـەکان ، تـۆش دەبـێ باجێکی مەزن بدەیت ، تۆ پێت وایە بە هەوەستی خـۆت دەتـوانـی چۆنێکی بتـەوێ مامـەلـە لەگەڵ دورخراوەیەکی سیاسی بکەیت ؟  بەڵام ئەو رۆژە نزیکە هێشتا ئەو روداوەت لـە بیر ناچێ کە نازیەکان ئێوە دەردەکەن هـەموتـان لـە وڵاتـەکـەتان وەدەر دەنـرێن هەرهـەموتـان )
 وەکو گوێ پێنـەدان بە وتەکانی ترۆتسکی  ( لی) شـانـی بـۆ هـەژانـد . لـی ئـەوکات خـاوەنـی هێزێکی زۆر بوو بـەڵام ترۆتسکی بێتوانا وبـێ چارەبوو ،  گوێ بگرن سەبارەت هـەمان روداو دۆچێر چی دەڵێ :
 دوای کـەمتر لـە چـوار سـاڵ لـەو روداوە بـەهۆی هێرشـەکانـی نازیـەوە حکومـەتی نـەرویژ رادەکـا ولــە وڵات وەدەر دەنــرێ . دەڵــێ ئــەو کاتــەی هــەمو وەزیرەکــان لـەگــەڵ پادشـا بـەتەمەنەکـەیان لەسـەر کـەناری دەریـا وەسـتابوون لـە چـاوەڕوانی کەشـتیەک دابـوون بیانگەیەنێتە بەریتانیا ، هەمویان ئەو وتەیەی ترۆتسکیان هاتەوە بیر وەکو ئەوەی وتـە و نەفرەتی پێغەمبەرێک بێت هاتبێتە دی.
ترۆتسکی بە درێژایی ژیانی هەستی بـە تـرس دەکـرد ئـەمـەی لـەبـەر چـاو بـوو کـە لـە هـەر سـاتێک ڕوبـەڕوی تیرۆرکـردن بێتـەوە ، هـەر بۆیـە وبـۆ پاراسـتنی گیـانـی خـۆی ترۆتسکـی هەردەم دەوروبەری مالەکەی بە پاسەوانی چەکدار دەپاراست هەرچەنده ترۆتسکی حـەزی لەم جـۆرە کۆتـە نـەبوو ئـەم  حـەزی لـە گـەڕانی ئـازاد وچونـە دەر دەکـرد چونکـە خـاوەنـی جولـەو تـەندروسـتیەکی بـاش بـوو، حـەزی لـە راوەماسـی بـوو لـە کـەنارەکانی تورکیـاو

کۆکردنەوەی (کاکتس) لەمەکسیک ، لەگەڵ ئەوەی هیچ کاتێک ئەمەی لە بیر نەدەچو کە توانای بەرگری کردنی نیە بەرانبەر بە پۆلیسی نهێنیی مۆسکۆ( جستابۆ) . لە مەکسیک بەر لەوەی ترۆتسکی بکوژن ، وێنەکێشی بەهرەمەندی کۆمۆنیست (دیڤید سیکویرس) هەڵمەتێکی تیرۆریستی بۆ سەر ماڵی ترۆتسکی دەست پێکرد ، لە ئەوروپاش ژمارەیەک لە ناوداره سیاسیەکانی لایەنگری ترۆتسکی لەسەر دەستی نۆکەرانی جستابۆ تیرۆر کران .
کرملێن تەنها بە لێدانی گورزیتۆلەسەندنەوە لە ترۆتسکی ولایەنگرانە چالاکەکانی نەوەستا، بەڵکو روی ئەندامانی خێزانی ترۆتسکیش ئەوانەی لە سیاسەت کاریان دەکرد یا ئەوانەی خەریکی کاری رۆژانەی خۆیان بوون ئەوانیش بەر ئەو هێرشەی کەرملین کەوتن ، هاوسەری ترۆتسکی (ئەلکسندرا سوکۆلفسکایا ) لەگەڵ ئەوەی بەتەمەنیش بوو بەڵام سور بوو لەسەر دژایەتی وپێداگری لەسەررێبازی خۆی بۆیە دورخرایەوە بۆ شوێنێکی دور تا مرد لە ئاوارەیی مایەوە. هەروەها هەردو کچەکانی ئەلکسەندراش زۆر بە دڵتەزێنی کۆتاییان بە ژیانیان پێهات . تا لە مۆسکۆ بوون رژێمی مۆسکۆ زۆری ماندو کردن و ئازاری دانبە رادەیەک کە لە توانادا نەبوو ، دواتر هاوسەری هەردوکیانی بۆ سیبیریا دورخستەوە کە هەردوکیان وەکو پالەوان لەسەر هەڵوێستەکانیان مانەوە، کچێکیان کە ناوی نینا بوو ئەو کاتەی ترۆتسکی لە تورکیا دەبێ ئەم بە نەخۆشیەکی گرانی کوشندە ژیان لە دەست دەدا ، ئەویتریان ناوی زینیدا بوو ماوەیەک لەگەڵ باوکی لە تورکیا مایەوە، ئەمیان نەختێک کێشەی قەلەویی هەبوو لەگە ڵ باوکیان لەسەر زوو هەڵچونیدا نێوانیان تێک دەچێ و توشی نەخۆشیی سایکۆلیجی دەبێ ، ئیتر زینیدا دەچێتە ئەڵمانیا ولە بەرلین بە هەژاری و نەداری دەژێ ئەم ئازارانە کاری تێدەکەن تا ناچار دەبێ پەنا دەباتە بەر خۆکوشتن و لە 1933 کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێ. ئەوکات دایکی لە لینینگرادەوە نامەیەکی دڵتەنگ بۆ ترۆتسکی دەنێرێ تیایدا دەڵێ :
بۆ زینیدام رونکردەوە کە ئەوەی رودەدا هۆکارەکەی هەموی رەوشتی تۆیە ،چونکە کاتێک دەتەوێ هەستی خۆت دەرخەیت ئەم هەست دەرخستنەت لا زۆر سەختە ، هەروەها وتی چارەنوسی کچەکانمان دەبووایە ئەم چارەنوسە بێ .
کوره بچوکەکەی لە هاوسەری دوەمی کە ناوی سیرج بوو ، زانایەکی مەزن بوو بەڵام لەروی بڕواوە بۆ باوکی بە وەفاداری مایەوە ، لە ساڵی 1937 بەتۆمەتی ژەهراوی کردنی کرێکارەکان دەستگیرکراو خرایە زیندانەوە بۆ ئەو کات ئەمە کارێکی ئاسایی دەبێ ئیتر سیرج رەوانەی ئۆردوگای کار دەکرێ لە فۆرکۆتای لوتکەی باکور لەگەڵ ئەوەی تا ئەو کات ئامادە نەبوو بچێتە ریز هیچ پارتێکی سیاسیەوە بەڵام لە بەشداریی لە مانگرتنی خواردنی لایەنگرانی ترۆتسکیی کرد دواتر لە کۆتاییەکانی 1930 دەی گەرێننەوە مۆسکۆ بەڵام بەهیچ شێوەیەک جستابۆ ناتوانێ کاری تێبکا بۆ ئەوەی نارەزایی دژی باوکی رابگەیەنێ هەر سوردەبێ لەسەر راو بۆچونەکانی خۆی . دواتر تەقە لەو گەنجە جوانە دەکرێ و دەیکوژن .
بەڵام لیۆن سیدق، کوری دوەمی ترۆتسکی لە هاوسەری دوەمی زۆر بەووردی هەنگاو لە شوێن هەنگاوە سیاسیەکانی باوکی دەنێ، وەکو وتەبێژی فەرمیی ئۆپۆزسیۆن لە ئەوروپا کاری کرد ، دواتر بەکاری دەرکردنی رۆژنامەی ئۆپۆزسیۆن بە زمانی روسی هەڵدەستێ ، شان دەداتە بەر هەمو ناخۆشی وئازارەکانی دەرکردنی ئەم رۆژنامەیە، بەدەستی خالی وبێ دەرامەت ئەم کارەی سەرکەوتوانە بەرێ دەبا لەگەڵ ئەوەی باوکیشی بەبەردەوام داوای بەدواداچونی کارەکانی دادگاییەکەی مۆسکۆی لێدەکرد تا بنەما پووچەکانی ئەم

دادگاییــه بــۆ کۆمــەلانی خــەڵک ئاشــکرا بکــا لەگــەڵ بــڵاو کردنــەوەی دۆزەسیاســیە هاوبەشەکەی نیوانیان.
سیدق لە ساڵی 1958 بە مردنێکی نادیار لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی پاریس کۆچی دوایی دەکا کە ئەوکات 32 ی تەمەن بوو ، بۆ ئەم مردنەی هاوڕێیانی گومانی تەواویان لە جستابۆ هەبوو ، باوکە پیرەکەشی لەگەڵ دایکە سوتاوەکەی بەیەکەوە پاروی پەژارەو ئازارەکانی مردنی کورەکەیان دەچێشت زۆر بە دڵتەنگی ئەم مردنە لە نوسینەکانیدا بە شێوەی پڕسە دەردەبرێ و دەنوسێ :
بەشێک بوو لە ئێمە ، بەشی گەنجێتیمان بوو ، بەمردنی ئەم گەنجە هەمو بەشە گەنجەکانمان لێ مردن هەرچی گەنجی و لاوێتی هەمان بوو لە ناوماندا مرد، ئەی کە ناتوانین هیچت بۆبکەین بۆ ئەوەی رزگارت کەین ......)
لەسەروی ئەم خانەوادە چارەرەشە هاوسەری دوەمی ترۆتسکی ناتالیا هەلدەفری ، ئەو هاوسەرەشیرینە چاکە لە ڕەچەڵەکی پالەوانەکانی (تورجیف) ئەو ژنە باشە کە ببوە مایەی دروست کردنی زنجیرەی خۆشەویستی وبەستنی پەیوەندیە خۆشەکانی خێزانی پەژارەکە زۆرجار وەکو ناوبژیوان لە نێوان ئەندامانی خێزان کاری دەکرد ئەوکاتانەی گرژی پەیدا دەبوون ، ئەم ژنە قارەمانە گرنگیی بە سیمای کاری سیاسیی روسیا نەدەدا چونکە کاری نوسین ورۆشەنبیری لای ئەم گرنگتر بوون ئێستا دەبێ ئەم ژنە بە رادەیەک بەرگەی دوری بگرێ کە مەزندە ناکرێ ، پەیوەندیەکانی لەگەڵ ترۆتسکیی هاوسەری زۆر خۆش و تەباو ریز لەیەکگرتن بوون.
ئەو کاتەی ترۆتسکی لە دورخراوەیی دادەبێ لە بیرەوەریەکانیدا دەنوسێ دەڵێ :
مــن ژیاننامــەی کەســایەتیی برۆتۆبــب ئــەفاکیۆم م خوێندۆتــەوە ئــەم کەســایەتیە کــە کریستێکی لە ئاین دەرچوە لە سەدەی حەڤدەهەم ژیاوە لەگەڵ هاوسەرەکەی هەمو جۆرە چەوسانەوەو نەخۆشی و ئاوارەیی و برسێتیەکیان چێشتوە ..... نوسینەکەی درێژە پێدەدا دەڵێ :
ئەو ناخۆشی و ئازارانەم لەبیرن کە پێمان دەگەیشتن منیش ژیانی ئافاکیۆمی سەرۆکی قەشەکانم وەبیر ناتالیا ، لەو سیبیریایە هەردو قارەمان خۆی وهاوسەری دڵسۆزی شۆڕش بوون ، چەندین جار ئەو ژنە داماوە پێیەکانی لە چالی بەفر دەچونە خوار ودەکەوتە سەر بەفر ئەوکات ئەوسا ئافاکیۆم بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێراینەوە و دەیوت : لێی نزیک دەبوومەوە تا یارمەتیی بدەم ئەویش بە چاوێکی پڕ لە گازاندەو چاوەڕوانی سەیری دەکردم ، ئەوکات پێی دەوتم ئەرێ سەرۆکی قەشەکان ئەم ئازارانە کەی تەواو دەبن ؟ منــیش دەم وت مارکۆفنــا تــا ئەوکاتــەی دەماننێنــە ژێــر گلــەوە ، ئــەویش هەناســەیەکی هەلدەکێشاو دەیوت : دەباشە کەوایە با بەردەوام بین لە کاروانەکەمان ئەی بتزۆڤیچ .
لە میانی ئەو هەمو ماوەیەدا ستالین وپۆلیسە نهێنیەکەی (جستابۆ) لە هێرش بردن و تیرۆرکردن نەوەستابوون .
کرێگیراوانی جستابۆو پیاوەکانی بەردەوام بەدوای جولانەوەکانی ترۆتسکی دابوون بۆ یەک چرکەش ونیان نەدەکرد لەهەمویان ترسناکتر و سەرکەوتو تر( مارک زۆرۆرۆسکی ) کە بە فرتوفێل و زیرەکیی توانیی بڕواو متمانەی ترۆتسکی وەدەست بێنێ، کە ناوی لەخۆ نابوو (ئەتیان ) .
دوای چەنــد ســاڵێک کۆمــەڵگای ئــەکادیمیی ئــەمریکی وەکــو دانــەرێکی یاریــدەدەر بــۆ دیراسەتێکی ئەنترۆپۆلۆجی ( زانستی مرۆڤ) تایبەت بە مرۆڤی ئەوروپای رۆژهەلات لەو

سەردەم پێشوازیان لەو پیاوە پڕوپوچە کرد . دواتر هەواڵەکان لە ئەوروپاوە دزەیان کردن کە هاورێیانی سۆڤیەتی پایەبەرز چۆن ئازارو ئەشکەنجە دەدرێن لەوانە پڕبیرازنسکی وسملقا و بیاتۆکۆف ورکۆڤسکی بەڵام سەبارەت بە چارەنوسی لایەنگرانی ترۆتسکی ئەوانەی بۆ لوتکەی باکور دورخرابوونەوەو تا ئەوکات سەریان بۆ ستالین وپیاوەکانی دانەنواندبوو لە و کات بۆ ماوەی 132 رۆژ مانیان لە خواردن گرتبوو دواتر هەمویان بەکۆمەل لەسێدارە دران( ئەم زانیاریە بەتەواوەتی تامردنی ترۆتسکی نەزانرا )

بە پێنوسەپاراو و پاکەکەی هەمو خەمەکانی دڵی رەواندنەوە گەڕایەوە بۆ کاری رێکخراوەیی و بەردەوامبوو لە تۆمار کردنی بیرو بۆچون شیکارەکانی سەبارەت بە سیستەمی( تۆتالیتاری) دەستەلاتی ستەمکار لە روسیا ، ئاشکرا کردنی ئەوی هیچ کاتێک بڕوانـاکرێ ) پـەردەی لەسـەر گەنـدەلی ورەفتـارە دزێوەکـانی سـتالین ودەسـەڵاتە زۆرداریەکەی هەڵدایەوە کە بەسەر ملیۆنەها خەڵکی بێدەسەڵاتی سەپاندبوو ، گومان لەوەدانیە کە رۆژگار بیرەوەریەکان دەسرنەوە ،پاساوەکانی ئەو سەردەم بەسەر کارە دزێویو شەرمەزاریەکاندا زاڵ بوون ، کاتی ئەوەیە بلێین کە زۆر لە رۆشەنبیرە رادیکالیستەکانی رۆژئاوا هەلهەڵەیان بۆ ستالین و دسەلات ودکتاتۆریەتەکەی لێدەدا ، زۆرکەس بڕوایان بەو زولم و زۆرداریەی دادگاکانی مۆسکۆ نوبوو تا ئەوکاتەی خرۆشتشێف لە ساڵی 1956 ئاشکرای کرد ، ئەوسا ئەمانەیان بڕواکرد چونکە خرشتشێڤ خۆی ئاشکرایان دەکا ئەوسا لە سیەکانی سەدەی بیستەم ترۆتسکی بە تەنیایی دەوەستێ و ئامازە بەو راستیانە دەدا ئەوانەی پەیوەندیان بە رژێمی ستالینەوە هەیە .

ترۆتسکی هەنگاو بە هەنگاو بەدواداچونیدەکرد لە گۆڕانی دکتاتۆریەتی ستالین بۆ دەوڵەتی ستەمکار وتۆتالیتاری ، سیاسەتەکانی ئابوریی رسوادەکردن ئەو سیاسەتانەی کە جەماوەریان پێ چەواشە دەکرد لە سەرحسابی شێتی دروستکردن ، لە کاتی گوتارەکانی نمونەی بە شۆڕشی فەرەنسیەوە دەهێنا بەڵام سەرسوڕمانی خۆی دەر دەخست کە چۆن ئەو خەباتگێڕە قارەمانانە ئێستا کەوتونەتە پیا هەڵدانی رژێمی سۆڤیەتی دوای ئەوەی کە دەکەوێتە ژێر کارگەری حوکمی ستەمکار(تۆتالیتاری). چەندین جار ترۆتسکی لە لایەن گۆڤار ورۆژنامەکان بە زیادەرۆ و وروژێنەر دراوەتە قەلەم وپێی تاوانبار کراوە گۆڤارەکانی ئازادیخوازە کۆمۆنیستەکان هەندێک لە گفتوگۆی هەلبەستراویان بڵاو دەکردەوە تیایدا هۆکارە سایکۆلۆجیەکانی ئەم هێرشەی ترۆتسکیان تیا دەنوسی . بەڵام وا پێدەچێ هەمو ئەوانەی ترۆتسکی دەینوسین هەمویان راستین ئەم راستیەش دوای مردنی ستالین یەکیەتیی سۆڤیەت ئاشکرای کردن.

لە ساڵی 1937 ئەوکاتەی ترۆتسکی وتارەکەی بەناوی (ثیرمیدۆر ودژایەتیی سامیزم ) بڵاو کردەوە تیایدا رژێمی ستالینی بەوە تاوانبار کرد کە لە ژێرەوە دژایەتیەکی توندی سامیەکان دەکا ولەناویان دەبا ئەوسا هەندێک لە لایەنگرانی ستالین هەستیان بە ترس ودڵەڕاوکێ دەکرد و دەیان پرسی : ئەرێ ئەم پیرە لە باسەکانی دا توندڕەوی ناکا ؟ بەڵام دوای ئەوەی راستیەکان ئاشکر ادەبن ئەوسا دەردەکەوێ کە تەنانەت هەموشی نەوتوە .

ئەو پیاوەی لە دە ودوانزە ساڵەکانی دوایی دا دەردەکەوێ هەموی مەزنی وشکۆداریە ، پیاوێکی ئازاو بەجەرگە هەموی رۆشەنبیریە بەڵام هەندێک جار لەسەر بۆچونەکانی

پێدادەگرێو رێک دەچەقێ ئەم بە چاوێکی نیانی سەیری دەوروبەرەکەی ناکا ئەو کەسە نیە کە هەندێک جار چاوپۆشی لە دوژمن وناحەزانی سیاسیی بکا .
ئێستا دەتوانین بلێین کە ترۆتسکی پیاوێکە زیاد لە پێویست هەمو ماناکانی پیاوەتی لەخۆ دەگرێ تەنها ئەوە نەبێ کە هەندێک جار زۆر دەمارگیرە ئەویش زیان بە جەستەی خۆی دەگەیەنێ ، کارەکانی رەنگدانەوەی ئەو رۆژگارانەن کە تیایدا دەژیا ، هەندێک جار هەموی چالاکی وهونەربوون هەندێک جاریش تەمەلی ولێ پالکەوتن بوو .
ئەوەی ترۆتسکیی ئازار دەدا هەستی بەرانبەر بە مندالەکانی بوو کە دەیوت هەمویان لە پێناو بیرورا سیاسیەکەیان ژیانی خۆیان بەخت کرد ترسی مەزنیشی لەوەدابوو کە بەر لەوەی مەساجی شۆڕش بگەیەنێتە قۆناغی کۆتایی ژیانی بە کۆتایی بێ خەمی ئەوەبوو کە دوربینی سیاسی و کینەو هۆکارە سیاسیەکانی لەگەڵ یەک گونجاو نین هەستی بە خێرایی رەورەوەی تەمەنی دەکرد زۆر بۆی پەریشان بوو ئەوەتا لە یادەوەریەکانیدا دەڵێ :
( پیربوون خەراپترین شتە کە مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە ) بەڵام بەردەوام دەبێ لە کارەکانیدا بێ دڵ ساردبوون . لە نوسینی پەرتوکەکەی دەوەستێ کە بەناوی ( لوتکەی شاکارەکانی ) بوو ، لەسەر ژیاننامەی لین ، بە درەوشاوەترین نوسینەکانی دادەنرێ ، لە نوسینەوەدا ئەوکاتەی بە دواداچونی بە زەرور دەزانی دەوەستا ، ئەوسا روی لە هەڤاڵە جوداخوازەکانی دەکرد، وەڵامی هەڵمەتەکانی مۆسکۆی دەدانەوە ، پەرتوکی دادەنا بۆ بووژاندنەوەی ناومالی ، دوای ئەوەی لە فەرمانی وەزیفیی ئازاد دەبێ ئیتر دەبێتەوە هەمان نوسەری ئازاد وخاوەن توێژینەوەو زانیاریی مێژو ناس و ئەدیب . ئێستا نوسینەکانی وەکو سەرچاوەی راگەیاندن و ئەدەب دە خوێندرێنەوە ئەو درەوشاوەیەی لە نوسینەکانی ترۆتسکی بەدی دەکران لە هەمو نوسەرو ئەدیبێک بەدی نەدەکران و تێبینیەکانی خۆی لەسەر هەڵسانی نازیەکان لە سالانی سیەکانی سەدەی بیستەم نوسیوەتەوە کە لە چەندین وتاروناميلکە کۆکراونەتەوە و بەپەلە نوسراونەتەوە تیایدا دەڵێ :
نوسینەوەو بلاوکردنەوەی کاروباری تیۆری هەولو ماندوبوونێکی زۆری ناوێ ، مەبەستەکانی ترۆتسکی لەم روەوە بۆ ئەوەبووە لەلایەک ئامۆژگاریە تەکتیکیەکان بەخەلک رابگەیەنێ بۆ ئەوەی هیتلەر سەرنەکەوێ و لەلایەکی تریش بۆ ئەوەبووە چونکە دیاردەی نازیەکان دیاردەیەکی نوێ بووە ، بەلام ناوەڕۆکی کارەکانی ئەو سەردەم بریتی بوون لەو کارو پێویستیانەی کە نازیەکان پێویستیان پێی بوو وەکو ( ئەڵمانیا ، کلیلی رەوشی نێودەوڵەتی )..لەسالی 1931 ( دوای ئەمە چێتر ؟) لە سالی 1931 ( تاکە رێگا ).. لە سالی 1932 ( سۆشیالیزمی نەتەوایەتی چیە ؟ )..لە سالی 1933 .
ئەوانەی دوای ترۆتسکی دێن چاکەو پڕ بایەخی ئەوکتابە بۆ ترۆتسکی دەگەرێنەوە چونکە پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە تەنها بە بەرەیەکی چەپی یەکگرتو دەتوانرێ بەرۆک لە هیتلەر بگیرێ .
بەلام ئەم راستیە ئەکاتە دەزانرێ و بلاودەکرێتەوە کاتێک چۆنایەتیی هیتلەر ئاشکرادەبێ چونکە ئەم نوسینانە لێرەو لەوێ پەرشو بلاو ببوونەوە لە شێوەی وتار ونوسین کەس نەبوو کۆیان کاتەوە تا جوامێری ترۆتسکی لەم بووارە بەدەر کەوێ تا ئەوکاتەی کرانە پەرتوک ئەوسا توانرا پەردە لەسەر نازیزم هەلبدرێتەوە.

ترۆتسکی هەڵسانی نازیەکانی گەڕاندەوە بۆ قەیرانی سەرمایەداری نەک تەنها هۆکاری ناکۆکیەکان کە ناوەناوە رودەدەن . ئەم روخانە ئەوە دەگەیەنێ کە سەرمایەداری ناتوانێ بە زیندویی بژیێ تا دەستبەرداری خۆشیی دیموکراسیی پەرلەمانی نەبێت و چارەنوسی سیاسیی خۆی بە فاشیەکان نەسپێرێ.

یەکێک لە راستیەکان ئەوەیە هیچ کاتێک قازانجی ئابوری نایەتە دی تا زەرەری سیاسی نەکەی واتە بەهێز کردن وگەشە سەندنی مولکداریێتیی سەرمایەدارەکان لەگەڵ خۆی پاشەکشەی بۆرجوازی دێنێ . بەڵام فاشیستەکان زۆر لەگەڵ ئەم شێوەیە جیان جیاوازیان لەگەڵ دەوڵەتی پۆلیسی رادیکالی یا دیکتاتۆری هەیە چونکە ئەمەیان بزوتنەوەیەکی جەماوەریە پشت بە هێزی تورەو پشتگوێ خراوی گەل بەستوە بەم شێوەیە رەوشێکی تۆقێنەرانە دەخولقێ کە لەئەنجام کاولکاری وتێک و پێکدانی هەمو رێکخراوە کانی چینایەتی و زەحمەتکێش و بنکەکانی بەرهەلسکاری کۆمەڵایەتیە و سەربەخۆی سیاسی بەدواوە دێ ، ئەمانە هەموی ئەوکاتە رودەدەن کاتێک فاشیزم دەسەڵات دەگرێتە دەست . سەرەتا ئەم بزوتنەوەیە سەرچاوەی هێزی لە چینی مامناوەندیی خوارەوە یا بۆرجوازیی لاوازی هاندراو لە بێ ئومێدیەوە بەهۆی گران بەهایی وبێکاری وبێ پارەیی وناسەقامگیری کۆمەڵایەتیەوە وەردەگرێ ( کاتی خۆشی چینی بۆرجوازیی لاواز هەمان هەڵوێستی دژی دەسەڵاتی سەرمایەداری حاڵی حازر وەرگرتبوو بەڵام لەهەمان کات دوژمنی سەرسەختی پرۆلیتاریا و شۆرشەکەی بوو ) .

سەرکەوتنی فاشیزمی وەکو بزوتنەوەیەکی بە کۆمەل مانای وایە چینی کرێکار لە کارەکانیدا بۆ دەستگرتن بە جلەوی سیاسی شکستی خواردوە بەم شێوەیە دەتوانێ قەیرانی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکا .

پێم وایە کە لایەنگرانی تری فاشیزم لە مارکسیست و نا مارکسیستەکان بەم شیکردنەوەیە رازین . بەڵام ناکۆکیەکان ئەوکاتە سەرهەلدەدەن کاتێک هیتلەر دەسەڵات دەگرێتە دەست ، ئەوسا ئایا کۆمپانیا مەزنەکانی بۆرجوازی وەکو کۆمەڵگای کۆمپانیای ( کروب ) بەهۆی ئەوەی لە دەسەڵاتی سیاسی بێبەشن دەتوانن دەسەڵاتی ئابوریی کۆمەڵایەتیی یەکلاکەرەوە بپارێزن ؟ وێرای ئەوەی نوێنەرانیان لە دەسەڵاتی سیاسیی ڕاستەوخۆ بێ بەشن؟ یا ئەو رژێمە نوێیە (خەسلەتی سەربەخۆ) لە خۆ دەگرێ وەکو دەوڵەتێکی تۆتالیتاری کە ئەرکی پەرەسەندنو فراوانخوازیی پێ سپێردرابێ بە رەفتاری تۆقاندن و بیرو باوەڕوە لەجیات دەسەڵاتی دینامێکی کە چارەنوسی خۆی بەدەست خۆی بێ ؟

ترۆتسکی هەرگیز بە بیرۆکەی مارکسیستە راڕاکان رازی نەبوو ئەوانەی بڕوایان وابوو هیتلەر ( دکتاتۆرێکی بۆرجوازیی روتە ) بەڵام ترۆتسکی بەلای ئەوبڕوایەدا دەچو کە ئەوکاتەی هیتلەر دەسەڵات دەگرێتە دەست تێکەلیەک لە نێوان بۆرجوازیی تەقلیدیی مەزن و بیروکراتیی نازیی نوێ دروست دەبێ ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی نەک تەنها سەقامگیریەکی ئابوریی سەرمایەداری دێتە کا بەڵکو بەلانی کەم جێگیر بوونی بەشێکی دەسەڵاتی بۆرجوازیی سیاسیش دێتە دی. گومان لەوەدانیە کە ئابوریی سەرمایەداری لە ژێر سێبەری هیتلەر هەندێک بووژانەوەی بەخۆوە بینیوە ، بەڵام کێشەی کێشەکان چۆنایەتیی پەیوەندیەکانە لەسەر ئاستی حوکمران کە لە نێوان بۆرجوازیە مەزنەکان و دەستەی بژاردەی نازیەکان دایە . بەهەر حاڵ ترۆتسکی تا ئەوکاتە نەژیا تا بە ووردی

ئەنجامەکانی ئەو بۆچونانە ببینێ یا لەسەر بنەمای گۆڕانەکانی ناوەخۆی نازیەکان تاقیان بکاتەوە لە ئەڵمانیا لە میانەی جەنگی جیهانی دوەم .
من کورتە فکرەیەکم لەسەر توێژینەوەو بیرو بۆچونەکانی ترۆتسکی لەسەر نازیەکان پێشکەش کردن بەڵام ئێستا با ئاماژە بەوە بدەم کە سامانی شیکردنەوەکانی لە باسکردن وبۆچونەکانیدایە :
گوێ بگرن لە ساڵی 1931 باس لە ئەگەری تۆقاندنی نازیەکان دەکات :
گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن سۆشیالیستی نەتەوایەتی ( نازی ) بە پلە یەک مانای لە ناو بردنی تەواوەتیی گولی پرۆلیتاری ئەڵمانیایە . ئەگەر بە ووردی سەیری پێگەیشتنی یەک بوونی ناکۆکەکانی سۆشیالیزم مان کرد لە ئەڵمانیا ، ئەوسا کارە دۆزەخیەکانی فاشیزمی ئیتالیا وەکو ئەزمۆنێکی میهرەبانی نیان دەبینین لە چاو کاری سۆشیالیزمی نەتەوایەتیی ئەلمانی (نازی).
ئێستاش خەسلەتێکی ڕۆلی وردە بۆرجوازیی ساڵی 1932 تان بۆ دەڵێم ، وتی:
فاشیزم ، چینەکانی سەرەوەی چینی پرۆلیتاریا بەرز دەکاتەوە هیچ کاتێک لەوە ناترسێ بۆ ئاستی پرۆلیتاریا یان دابەزێنێ. فاشیزم ئەم چینە رێکدەخاو پەروەردەیان دەکاو لە سوپا مەشقیان پێد ەکا لەسەر حسابی چینەکانی تر پارەی باشیان لێ خەرج دەکا دەیان کاتە پەردەی حکومەتی فاشیزمی فەرمی ، ئەم رژێمە نەک تەنها رژێمی تۆلەسەندنەوەیە بەڵکو دڕندەو تۆقینەرێکی پۆلیسیە . فاشیزم رژێمێکی تەواو فاشیستە کاربۆ ریشەکێش کردنی کەسانی دیموکراتخواز دەکات تا لە ریشەوە لاناوکۆمەڵگای بۆرجوازیان دەر بێنێ .
لە ساڵی 1933 وەردەچەرخێتە سەر باسکردنی ڕۆلی فوهرەر، کاتێک ڕۆلی سیاسی دەگێرێ، هیتلەر ئەوکاتەی بەهۆی ئارەزوە خۆبەزل زانینەکان ودەنگە زلەکەیەوە کە لە کاتی قسەکردن دەنگی لە هەموان بەرزتر دەکردەوە و بەهۆی باری رۆشەنبیریی مامناوەندییەوە ڕۆلی هیتلەر بەرز دەبێ ، هەڵسوکەوتەکانی هیچ بەرنامەیەکیان نەبوون ، ئەگەر مرۆڤ تینوێتیی سەربازێک پشتگوێخا کە سوکایەتیشی پێکراوە تا ئاستی تۆلەسەندنەوە ، دەبینین لەم جۆرە کەسانەی زۆر بوون ئەوانەی تا ئەوکات برینەکانیان ئازاریان دەدان ئەم جۆرە کەسانە هەریەکەو مەبەستی بوو دەستە پۆلاینەکانی خۆی لە میزی دەسەڵات گیر بکا ، دیارە ئەمەش هیتلەر بوو کە بتوانێ ئەم کارە لە هاوەلەکانی باشتر بە ئەنجام بگەیەنێ . .
هیتلەر هیچ کاتێک نەیدەزانی چۆن چارەسەری کێشە بکا بەڵام دەنگۆی گوتارەکانی لێرەو لەوێ دەنگیان دابووەوە ببوونە فەرمان وکاریان پێی دەکرا وەکو نوێژی و بڕوادارنی لێهاتبوو کە داوای چاکبوونەوەیان بۆ نەخۆش دەخواست ، نەخۆشێک نەکەس گوێ لە نالەیان بگرێ ونەکەسیش بەهانایانەوە بێت ، هەمو گوتارەکانی هیتلەر لەسەر ئەم ئاوازیان دە ژەنین ، گوتارەکانی هیچ بیرو بۆچون و بنەمایەکی سیاسیانەیان نەبوون هیچ بەهرەمەندیشی تیابەدی نەدەکرا، بەڕاستی هەمو ئەو کارە نەرێنیانە ی بۆ ببوونە کاری ئەرێنی .
گوێبگرن ئێستا چۆن بە رەوانبێژی بۆ ناساندنی فاشیزم قسە دەکات، وتی :
فاشیزم قولایی کۆمەڵگای بۆ سیاسەت کردەوە ئێستاش کە سەدەی بیستەمە نەک تەنها لە ماڵی جوتیارەکاندا ژیان هەیە بەڵکو لەناو تاوەرەکانی هەور بریشدا گەلێک هەن

ژیانێکی بەختەوەر دەبەنەسەر و لەهەمان کاتیشدا گەلی وا هەیە ئێستاکە ژیانێک دەباتەسەر لە ژیانی گەلانی سەدەی دەیەم و سیانزەهەم دەچێ .

بە ملیۆنەها کەس وزەی کارەبا بەکار دەهێنن بەڵام لە هەمان کاتیشدا بڕوایان بە جادوکەر وئامۆژگاریە کانیان هەیە ، لە ڕێگەی رادیۆو هۆکارەکانەوە پاپا رادەگەیەنێ کە لە توانایدایە ئاوی سازگار بکاتە مەی وشەراب کەچی کەشتیوانە ئاسمانیەکان بەهۆی ماتۆرە کانیان لەئاسمان دەفرن ئەم زانستە مرۆڤ دایهێناوە. ئای لەو گێلی وتێنەگەیشتنە ، بێ ئومێدی بووە هۆکاری وەستانیان لەسەر پێ وزانستی پێ. لە میانەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی چەند بە پێویست زانرا ئەم دیاردە رۆشنبیریە لە رژێمی نەتەوایەتی بسرێتەوە کەچی لە سەرەکەی تر سەری هەلدەدایەوە .

ئێستا کۆمەڵگای سەرمایەداری خەریکە ئەو حاڵەتە بەربەریەی دەرشێتەوە چونکە پێی هەرس نەکرا ، پێم وایە ئەمەش سایکۆلۆژیەتی نازیە.

وەکو باسمان کرد مەبەستی ترۆتسکی ئەوە نەبوو باسێکی تەواو لە بیردۆزەکانی فاشیزم بکا بەڵام ئامانجی کاری هاوبەش بوو بۆ لایەنی چەپڕەوی ئەلمانی . نەیتوانی سەبر لە گێلەکان بگرێ بە گاڵتەجاڕیەکی ئاگرینەوە هێرشی بردە سەر سیاسەتە نارەواکەی کۆمۆنیستە ئەلمانیەکان ئەوانەی لە ماوەی سێیەمیاندارایان گەیاند کە بەسەر وتبوویان ( سۆشیال دیموکراتەکان ) هیچ نین تەنها (سۆشیالیستی فاشیستن) زۆر لە نازیەکان مەترسیدارترن . بەڵام ترۆتسکی هەردەم جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە رون و سادەیە : رایدەگەیاند کە ناتوانرێ هیتلەر لە سنورێک بووەستێنرێ تەنها بە یەکگرتنی کۆمۆنیست و سۆشیال دیموکراتەکان بەیەکەوە نەبێ ئەویش لە ژێر دروشمی ( بەتاک برۆن بە کۆ دەست بووەشێنن ) .

ترۆتسکی هەندێک لە لاپەڕەکانی تەرخان کردبوون بۆ ئەوەی پێی دەوترا ( ریفراندۆمی سور ) تەرخان کردبوو. تەکتیکی ساڵی 1931 کە کۆمۆنیستە بروسیەکان چونە ڕیز نازیەکا بۆ سەرنگوم کردنی حوکمەتێکی پارێزەر ، سۆشیال دیموکرات، تەکتیکێکی خۆکوژی بوو .

ترۆتسکی زۆر بە ورەوە هەمو تێبینیەکان تۆمار دەکاو دەڵێ : چۆن دەبێ کۆمۆنیستە ئەلمانیەکان گەیشتبنە ئەم ئاستە کوێرەوەریە ؟ ئایا ئەوان نابینن کە کاتێک هیتلەر دەسەڵات دەگرێتە دەست هەمو گروپ وپارتە چەپڕەوکان لەناو دەبا ؟ . لە نوسینێکیدا کە لە 1931 لە ژێر ناونیشانی ( بۆ بەرەیەکی یەکگرتوی کرێکاریی چەپڕەو ) ووشە گردارەکانی دەڵێن :

هیچ نەماوە تەنها کاتێکی کورت نەبێ ، هێشتا لە تواناتان ماوە کە یەکریزی کرێکارە ئەلمانیەکان ببووژێننەوە و پالیان پێوە بنێن روەو کارێکی یەکگرتو بۆ راگرتنی داشقەی نازیەکان و سنوردار کردنیان ، وتی: رێگەم بدەن نمونەیەکی ترتان بۆ بێنم کە کەم زانەکانیش لێی تێبگەن :

کاتێک دوژمنێکم رۆژانە هەندێک ژەهرم لەبەردەم دادەنێ ولە روەکەی تریشم دوژمنێکی ترم دەمانچەم لێ راست دەکاتەوە تا بمکوژێ ، من دەبێ چی بکەم ؟ یەکەم جار دەبێ پەلاماری دەمانچە بەدەستەکە بدەم ودەمانچەکەی لەدەست دەربێنم ئەوسا رو لە ژەهرەکە بکەم تا لەبەردەمی خۆمی هەلگرم ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە مەترسیی ژەهر لە مەترسیی دەمانچە کەمترە .

بە دەربڕینێکی تر کە ڕاستەوخۆ ئاراستەی شەرکەرانی بەرەی چەپ بکەم دەڵێم:

(ئـەی کۆمۆنیستـە کرێکارەکـان ئێـوە بـە سـەدان هـەزارن ، ملیۆنـەها کەسـن نـاتوانن بـۆ شـوێنێکی تـر کـۆچ بکـەن نـە خۆتـان پاسـپۆرتتان هەیـە و نـە ئەوەنـدە پاسـپۆرتیش لەبەردەستدایە بتـان دەنـێ . ئەگـەر فاشیزم دەستی گـرت بەسـەر دەسـەڵات ئـەوا سواری سەر کەلـەی سەرتـان دەبێ وبڕبڕەی پشتتان دەشکێنێ وەکو ئـەوەی ئێوە تانک بن . بۆیـە رزگاربوونتـان تـەنها بـە خـەباتتان دەبـێ خـەباتێک کـە سنور ئامـانی نـەبێ ، بـەهۆی یەکبوونتان لـەگەڵ کرێکارانی سۆشیال دیموکرات ئـەم سەرکەوتنە دێتـە دی. پەلـە بکـەن ئەی کرێکارە کۆمۆنیستەکان، کاتتان لـەبەردەم دا نەماوە).

لەساڵی 1932 دوای ئەوەی ترۆتسکی جەختی لەسەر راستیە رابردوەکان دەکردەوە هێزو توانایـەکی زۆری پێ بەخشرابوو وتـەی نەستەق وەکو روبار لـەدەمی دەردەهاتن دەیوت :

دوای ئـەمە چی ؟ ئـەمە کۆتاییێکە وەکو کۆتایی چیرۆکەکانی یوسب ، ترۆتسکی وتی :

(جارێکیان بازرگانێک دوو گای دەبێ دەیانبا بۆ کوشتارگە تـا بیـان فرۆشـێ ، سـەربرەکە خۆیو چەقۆکەی هاتە پێشیەوەو پێشنیاری یەکێکیانی لێکرد تا بیداتێ) .ترۆتسکی وتی : ( دەبا ریزەکانمان یەکخەین وئەم سەربرە لە نێو خۆماندا وەدەر نێین ) گایـەکان وەڵامیـان دایەوە ( دەبێ ئەم سەربرە بۆشەر هاتبێتە لای ئەم بازرگانە کە ئێمەی بۆلای ئەو هێناوە ؟ ) لـەگەڵ ئـەوەی کە ئەو گایانە رۆشنبیر کراون لـە ئامۆژگـای مانویلسکی لـە ( سکرتێری کۆنترین ، کە لـەژێر دەستـەلاتی ستالین دابـوو ) ، گایەکـە دەڵـێ : ئێمـە دەتـوانین دواتـر کاری بازرگانەکە جێبەجێ بکەین) گایەکان سورن لەسەر بڕواکانیان: ( تۆ هـەوڵی ئـەوە دەدەیت تـا دوژمنـە کانمـان لـە چـەپڕەوان بپـارێزی ، بـە مسۆگـەری تـۆ لـەحیم چیـەکی سۆشیالیستی ) بەم شێوە رازی نەبوون ریزەکانیان یەکخەن .

ئەگەر گوێڕایەلی ئامۆژگاریەکانی ترۆتسکی بوونایە لەوانەبوو لـە هەندێک کارەسات ونەهامـەتی ئـەم سەردەمـە دور باینـە ، هەرنـەبێ کرێکـارە ئەلمانیـەکان دەستیان دەدایـە چـەک ودژی نازیـەکان دەوەسـتان لـەجیات ئـەوەی رێگـە بـە نازیـەکان بـدەن دەسـەڵات بگرنەدەست بـێ ئـەوەی بـەرگری بکـەن ، ئـەمـەو کـەس قسـەی لـە قسـەکانی ترۆتسکی نەدایەوە. وتەکانیشی هەموی ئاراستەی زۆرینە دەکران .

لـەگـەڵ ئـەوەی دیالۆگەکـەی دژی بیـردۆزی ( فاشـیزمی سۆشـیالیزم ) بـوو زۆر بـەهێز وروخێنەر بوو بەڵام لەولاوە کێشەیەکی تر مایەوە ، لێرە پیاو دەپرسێ دەڵـێ چۆن دەبێ بـۆ بزوتنەوەیـەکی کۆمۆنیستی تەنانـەت ئەگـەر لـە شێوەی ستالینێکی تێکشکاویش بـێ دەتوانـێ بیرۆکەیەکی نـەک تـەنها سەیر بـەڵکو نیشانـەی شێتی وتوندڕەویش بێ لـە روی ئەنجامەکانیەوە پێشکەش بکا؟ بلێ ئەوەی سۆشیال دیموکرات دەیـەوێ حاشا کردنـە لـە بۆرجوازەکان . ماکی خیانەتو شەرمەزاریان پێوە بنێ . لـەگەڵ ئەوەش کـەس بڕواناکا کـە کۆمۆنیستە ئەلمانیـەکان تـا ئـەو ئاستە کوێر ببوون هەستیان بـە مەترسیەکانی نـازی نـەدەکرد ، لێرە شیکردنەوەیەکی شیاو هەیـە هەرچەنـدە بـەس نیـە بـۆ لـێ تێگەیشتن ئەویش لە یەکیەتی سۆڤیەت رویدا کە خەراپترین جۆری بوو کاتێک گۆڕان لـەوەوە دەست پێدەکات دەوڵەت بەزۆر هەمو مومتەلەکاتە کان بۆ پرۆژەی گشتی دەگۆڕێ ، گومـانی تیـا نیە ئەمەش جۆرێکە لـە شەڕی ناوەخۆ کە دەوڵەت دژی میلەت دەست پێدەکات . بێگومـان ئاساییە ئەم پرۆسەیە سیاسەتێکی نێودەوڵەتی لەسەروی چەپڕەویەوە لـەگەڵ خۆیدێنێ . لـەگـەڵ ئەمـەش کۆمۆنیستـە ئەلمانیـەکان سـەری خۆیـان دەخستـە مەترسیـەوە بـەهۆی بیردۆزی (فاشیزمی سۆشیالیسزم ) جا ئـەمە بۆچی ؟

ناتوانین وەڵامێکی ئاسانتان بدەینەوە بەتایبەتی کاتێک هەمو بیردۆزەسیاسیەکان وامان لێدەکەن لە مەزندەکردنی ڕۆلی مرۆڤایەتی شکست بێنین. لەگەڵ ئەمەش باشتر وایە هەوڵ بدەین وەڵامێک بدەینەوە .

ڕێگەم بدەن من رای خۆمتان بۆ بڵێم بەڵام زۆر بە ووشیاری دەڵێم: واپێدەچێ ئەگەر بە ڕێگایەکی شاشیش بێ بیردۆزی( فاشیزمی سۆشیالیسزم) پەیوەندیەکی نهێنیی لەگەڵ بەشێکی بۆلشەڤی هەیە کە ترۆتسکی پێی باشبوو بە دوایدا نەگەڕێ . پەیوەندیی بۆلشەڤی بە ژیانەوەی مێژوی ( حزبی پێشرەو ) و داگیر کردنی پێگەی خۆی ( واتە پێگەی بۆلشەڤیەکان خۆیان ) دواتر سوربوونی بۆلشەڤیەکان لەسەر ئەوەی دروست بوونی حزبی تر لەتەک حزبی پێشرەو نەک هەر هەڵەیە بەڵکو دژی بەرژەوەندیەکانی چینی حزبایەتیە ، بۆلشەڤیەکان دەستیان بە پرۆسەی ( پاککردنەوەی گۆرەپان ) ودواتر ئۆپەراسیۆنی پاککردنەوەی گۆرەپان لە چەپرەوکانی رکابەر کردکە ئەمەش نیشانەی تاکرەویە لە حوکمرانی ، وەکو بۆی دەچم ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی فراوانخوازی لە بیردۆزی (فاشیزمی سۆشیالیزم ) .

بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم ئەگەر ئێستا لینین لە ژیان بووایە ئەم بیردۆزەی ( فاشیزمی سۆسیالیزم ) ی بە بیردۆزێکی گەوج دەزانی ، هەروەها بێگومان ئەو سەرکردە بۆلشەڤیانەی ئێستا لە ژێر چەپۆکی دکتاتۆریەتی ستالین دەناڵێنن ئەوانیشی وایان دەدایە ناسین . بەڵام دەمەوێ دوپاتی ئەوە بکەمەوە کە ئەم گەوجیە خۆیان دەستیان هەیە لە دروست کردن وچاندنی تۆ ی پەروەردەکردنی ستەمکاری .

ئەی پەیوەندیەکانی بیردۆزی ( فاشیزمی سۆشیالیزم ) ی کەمێکیش لە پێشرەوی بۆلشەڤی ناچن ، ئەگەر کەمێکیش بێت ، وەکو پەیوەندیی سماردیاکۆف بە ئیڤان کارامازۆف ؟

لە لای ترۆتسکی مەسەلەی شکستهێنانی سۆشیال دیموکرات وکۆمۆنیستەکان لە ڕێگەگرتنی هیتلەر بۆئەوەی دەسەڵات نەگرێتەدەست مەسەلەیەکی زۆر گرنگ وبایەخ پێدراو بوو ، ئەمە نیشانەی قەلۆش بوونی هەمو پارتە کلاسیکی وستالینیەکانە دیارە کەئەو پارتانە بەهیچ جۆرێک نەک گیانی هەڵگیرساندنی شۆڕشیان نەبوو بەڵکو کەمترین هەستی بەرگریان لا وەدی نەدەکرا تا بەرگری لە خۆیان بکەن سەرەڕای ئەوەی ئەم حزبانە خاوەنی 12 ملیۆن ئەندام و لایەنگر بوون لە ئەڵمانیا .

ئەوکات ترۆتسکی درکی بەوە کرد کە کاتی ئەوە هاتوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەست بکرێ بە دامەزراندنی مارکسیسزمێکی نوێ ئەگەر بە ژمارەیەکی کەمیش بێت وەکو خالێکی دەسپێک بە ناوی مارکسیزمی نێودەوڵەتیی چوارەم .

ئەم جەربەزەییە بێ بەختە هەموو چالکیە سیاسیەکانی لە دوا تەمەنی لە ناوبرد. کاتێک ویستی تێبینی لەسەر ناکۆکیەکانی فەرەنسا وئیسپانیا بدات ئەوانەی لە ناوەڕاستی سیەکانی سەدەی بیستەم رویان دا، نوسینەکانی وەکو رەخنەگرێک نەدەنوسی بەڵکو وەکو سەرکردەی بزوتنەوەیەکی سیاسیی نوێ دەنوسی هەوڵی ئەوەی دەدا بە نوسینەکانی بزوتنەوەکەی پڕجۆش بکا تا توانای هەڵگیرساندنی شۆڕشی هەبێ .

ترۆتسکی لە نامیلکەکانیدا وەکو ( فەرەنسا لە کوێیە ) و لە وتارە زۆرەکانیدا کە لەسەر ئیسپانیای دەنوسی تیایدا وەکو هەمو جارێک خۆی بە هێز وتوانادەردەخست لە شیکردنەوەی بیروبڕواکانی خۆی وەکو مارکسیستێکی بڕوادار. بەڵام ئەو وتارانەی لەسەر

ئیسپانیای دەنوسین ئامانجی لەو وتارانە دەست خستنەسەر گرفتەکانی هاوچەرخکردنی دەوڵەت بوون ، گرفتەکان لە  مارکسیستە روسەکان نەدەشاردرانەوە .
لە رویێکەوە ترۆتسکی جەختی لەسەر هێزی جەنگی چینی کرێکاری ئیسپانی دەکردەوە ( ئەو چینەی کە خاوەنی نەریتەکانی ئاژاوەگێڕیی بەهێز بوو ) لە لایەکی تریشەوە جەختی لەسەر دواکەوتویی بۆرجوازیی ئیسپانی دەکردەوە ئەوەی وەکو ئامۆژاکەی بۆرجوازیی روسی بەر لە مانگی ئۆکتۆبەر دەبێتە تەگەرە لەبەردەم ئابوریی دینامێک وچاکسازیەکان دا ئەمیش بەهۆی ترسنۆکیی کۆمەڵایەتییەوە .
بەم شێوەیە وڵات دەکەوێتە باوەش قەیرانێکی کۆمەڵایەتی سەرەکی ئەوسا هێزی دەسەڵاتدار هیچ چارەسەریەک نابینێ تەنها فاشیزم نەبێ .
بەڵام لەسەر ئاستی شەڕی ناوەخۆی ئیسپانی ترۆتسکی شتێکی ئاوەهای نەنوسی تەنها هەندێک وتار نەبن لەگەڵ هەندێک نامەو چاوپێکەوتن .
دەنوسێ دەڵێ : ( ئەوەی لە ئیسپانیا رودەدا جگە لە شۆڕشێکی دژی فاشیزم نەبێ هیچی تر نیە ، هەروەها ئەوەی رودەدات سەرەتایەکە بۆ دەستپێکردنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لە ناوەوەی چەتری لایەنگرانی حوکمەت : وەکو داماڵینی مولکداریێتیی زەوی بەهۆی جوتیارانەوە و دەستبەسەرداگرتنی کارگەکانیش لەلایەن کرێکارانەوە بەتایبەت لە کاتەلۆنیا ، بۆئەوەی خەبات وتێکۆشان دژی فرانکۆ لەو شوێنانە سەربگرێ دەبێ هانی کاری خەباتی چەکداری کرێکاران بدرێت تا دەگاتە لوتکە ، تەنها بەو رێگەیەوە داواکاریەکانی جەماوەر دێنەدی و کرێکارەکانیش خوێنگەرمتر دەبن و پشتگیریە سیاسیەکانی فرانکۆش تێک و پێک دەدرێن.
شایەنی باسە هەندێک لە سەربازەکان لە پوختەی سەربازە مەغربیەکانی سوپای فاشی بوون ، ترۆتسکی بۆ رزگار کردنی مەغریبی ئیسپانی دەڵێ (ئەویش ئەوەیە کە ئەوکات گەل پێی رازی نیە ) دەکرێ بلێین هەلگەڕانەوەی جەماوەری رودەدا ، بەڵام دەتوانین بلێین  دۆخی ئیسپانیا ئەوکات بەڕونی لە ترۆتسکی دیار نەبوو ، ئەم وەکو دۆخی شۆڕشی ئۆکتۆبەری دەبینی . بۆ نمونە لە ساڵی 1937 ترۆتسکی دەنوسێ دەڵێ : لە ئیسپانیا دەنگی ستالینیەکان بەرزدەبێتەوە سەرۆکایەتی جەماوەر دەکەن شێوەیەکیان پێشکەش کرد کە کابالیرۆی فاشیست و  سەرۆکی وەزیران  پێی رازی بوو دەستی پێیەوە گرت ئەویش یەکەم سەرکەوتنی سەربازی و دواتریش چاکسازیی کۆمەڵایەتیە .
بەڵام من کە ترۆتسکیم ئەم شێوازێکی مردوی شۆڕشی ئیسپانی دەبینم . من هیچ جیاوازیەکی ریشەیی لە نێوان بەرنامەی ( فاشیزم وکۆماری) دا نابینم سەرباری هەمویان لە کۆتاییدا جوتیارەکان کە چینی زەحمەتکێشە دەکەوێتە ناو کێشەیەکی ناوەخۆیی ، لەم کاتو ساتەدا هەردەبێ فاشیست بەسەر کەوێ چونکە فاشیزم سەربازەکان پالپشت وپشتگیریی لێدەکەن . چاکسازیە کۆمەڵایەتیە بووێرەکان بەهێزترین چەکە لە شەڕی ناوەخۆ و مەرجێکی بنچینەییشە بۆ سەرکەوتنی فاشیت .
دوای کەمێکی تر لە وەڵامی چەند پرسیارێک دەربارەی دادگاییەکانی مەکسیکۆ سیتی ، ئەوانەی تایبەتن بە دادگاکانی مۆسکۆ ، ترۆتسکی هەمان راو بۆچونەکانی خۆی خستە رو وتی:
تاکە رێگەی نمونەیی و مسۆگەر بۆ سەرکەوتن لە ئیسپانیا ئەوەیە بە جوتیارەکان بلێین :

( خاکی ئیسپانیا خاکی ئێوەیە ) بە کرێکارەکانیش بلێین ( کارگەکانی ئیسپانیا کارگەی ئێوەن ، زۆر پێویستە کە بجەنگن بەڵام هەر وەکو خۆتان دەزانن چەنگین بەو شێوەیەی ئێوە بە تفەنگ بەس نیە زەروریش نیە بەڵکو زەرور ئەوەیە خاوەنی بیروباوەر بین و لە خەڵکانی تری بگەیەنین تا ببینە خاوەنی دوارۆژ . دەتوانم شان بە شانی جوتیارەکان بجەنگم ، بەڵام ئەوکاتە تەنها لەهەندێک دەگا بۆیە دەبێ تێی بگەیەنم کە چی پێویستە و کارەکانیان بۆ رونکەمەوە دەبێ پێیان بڵێم :

( لەم جەنگەتدا کە دژی فرانکۆ دەجەنگی تۆ لەسەر حەقی ، دەبێ بەسەر فاشیست دا زاڵبین زاڵ بوونێکی یەکجارەکی بەڵام ئەم جەنگەمان نابێ تەنها بۆ ئەوەبێ فرانکۆ وەدەرنێین وئیسپانیا ببەینەوە ،چونکە فرانکۆ لە ئیسپانیاش بچێتە دەر ئەوا پاشماوەکەی دەمێننەوە دەبێ لە رەگو ریشەوە هەلیتەکێنین ئەو رەگە کۆمەڵایەتیەی کە دایکوتاوە رژێمی سەرمایەداریە دەبێ هەلیتەکێنین و لە رەگ و ریشەوە دەری بێنین.

لە میانەی راپەرینە کانی کۆمەڵایەتی کە ئەوروپای هێنایە هەژان ، ترۆتسکی بایەخی بە فەرەنسا دابوو ، دەست کرا بە شیکردنەوەی بەرەی میلی کە پێک هاتبوو لە : سۆشیالیست وکۆمۆنیست ورادیکالیستەکان ( پارتێکی بۆرجوازیی ئازاد ) وەکو یەکگرتنێکی نارەحەتی بێ ئامانج وئیرادە ، ئەو جیاوازیانەی دەست نیشان کردن کە لەنێوان ئەم جۆرە بەرە یەکگرتوە کە یاوپەیمانێتیەکان لە خۆ دەگرێ لەگەڵ پارتەکانی چینی زەحمەتکێش ئەوانەی لەسەر بنەمای پێویستیە راستەوخۆکان دامەزراون وەکو ( بەرگریی هاوبەشی دژی هێرشی فاشیزم ) بەڵام هەر پارتێک بۆ خۆی ئازاد دەبێ لە پیادە کردنی بیروراکانی و بەرەی میللی ، پارتە کانی چینی زەحمەتکێش وپارتە بۆرجوازیەکان لە یەکیەتیەکی نەگونجاودا کۆ دەکاتەوە ئەم جۆرە یەکیەتیانە بەربەست دەبن لەبەردەم تواناکانی شۆڕش .

بە ئومێدێکی مەزنەوە ترۆتسکی سەیری چینی زەحمەتکێشی فەرەنسای دەکرد کە خەباتیان دەکرد لە پێناو گەیشتن بە شۆڕش - خۆپیشاندانی مەزن لە سەر ئاستێکی بەرین رودران بەڵام ئەم هەوڵانە کپ کرانەوە بەهۆی سەرکردە گەندەلەکانەوە.

واپێدەچێ شیکردنەوەکانی ترۆتسکی سەبارەت بە فرەنساو ئیسپانیا جێی باوەڕ نین . کۆمەڵی دیموکراتخوازی بۆرجوازەکان لە رۆژئاوای ئەوروپا بەرانبەر بەو تەنگ و چەلەمانەی لە مانەوەی خۆی بە گومان بوو و رەخنەی زۆر لەسەر هەریەک لە کۆمەڵایەتیەدیموکراتخوازو ستالینیزمەکان هەبوون ، کرێکارەکان لە فرەنساو ئیسپانیا لە پشودا بوون ، ئەمانە هەمووی راست بوون . بەڵام هەندێک کەس هەبوون لە ئیسپانیا شۆڕشگێڕتر بوون ، بۆ نمونە لە کاتەلۆنیا زیتر لە هەموو شوێنێک شۆڕشگێڕ بوون ، بەڵام هۆکار هەن کە ببنە مایەی پرس وگومان بۆ ئەم ناونانەی ترۆتسکی کە بە ئۆکتۆبەری ئیسپانیای ناو نابوو .

ئێستاش یەکیەتیی سۆڤیەت پەیمانێکی لەگەڵ دیموکراتخوازەکانی رۆژئاوا بەستوە ئەم هاوپەیمانێتیە رۆلێکی بەهێز لە دارشتنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسپانیا دەگێڕێ بە تایبەت رۆڵی لە کپ کردنی هەوڵەکانی گۆڕان بەرەو رادیکالی دەبێ هەروەها بەرپاکردنی هەڵمەتی راوەدونانی چەپرەوە یاخی بووەکان .

ئێستا سوپای فاشی بە هەولو یارمەتیەکانی مۆسۆلینی وهیتلەر زۆر بەهێز بووە لە شکست ناترسێ ئەو مەترسیانە نەماون کە چارەنوسی بە چارەنوسی سوپای روسی

بگەیەنێ کاتێک لە 1917 لە ئەنجامی ڕوبەڕوو بوونەوەی پڕۆپاگەندەی رادیکالەکان بەزی و شکستی خوارد .

ئێستا بارو دۆخەکانی ئەوروپا زۆر خەراپن فاشیستەکان بەهێزبوونەتەوە ئەستێرەیان رووەو گەشەیە دیموکراتخوازەکان وبزوتنەوە چەپڕەوەکانیش لە تێکشکانن ، هەروەها لە ناوەوەی ئیسپانیاش ئەمە وێرای بوونی هێزی (بۆم ) لە کاتەلۆنیا ، ئەمە رەوشەکەیە (بۆم ، بزوتنەوەیەکی چەپڕەوی دژی ستالینە بەڵام حزبێکی ترۆتسکی نیە ) سەربارى ئەمەش کرێکارەکان هێشتا دڵسۆزن بۆ رێکخراوە کلاسیکیەکانیان : سۆشیالیست ، ئاژاوەگێڕ ( دوژمنانی حکومەت) بە رێژەیەکی کەمتریش کۆمۆنیستەکان .

روسیا کە تیایدا بۆلشەڤیەکان دەسەڵاتیان زەوت کردوە وڵاتێکە ژیانی رێکخراوەیی تیادا زۆر خەراپە جیاوازی کۆمەڵایەتی زۆرە روبەری جوگرافیان تیا زۆر پان وبەرینە ئەمەش بۆتە یارمەتیدەر بۆ بۆلشەڤیەکان تیایدا مانۆرەو پاشەکشانێ بکەن ، بەڵام ئیسپانیا لە سیەکانی سەدەی بیستەم لەڕوی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوەهچڕ و پڕ بوو بۆیە بوواری ئەوەی نەبوو یاخی بوونی شۆڕشی تیا بەرپا بکرێ .

ترۆتسکی خۆی زۆر باسی لەم هۆکارانە کردوە بەوەندەش نەوەستاوە ، دەڵێ :

( ئەگەر لە ئیسپانیا پارتێکی شۆڕشگێڕ هەبووایە لە توانادابوو گۆڕانی تیا بکرێ ).

بەڵام ئەو گۆڕانەی ترۆتسکی باسی لێوەدەکا دەبێ باری روالەتی ئەم وڵاتە بناسێ وهەڵسەنگێنێ ، ئاخۆ بۆچی لە رۆژئاوای ئەوروپا پارتی شۆڕشگێڕ پەرەناسەنێ ؟ ئایا هۆکارەکەی تەنیا نەبوونی سەرکردەی شارەزا وبەتوانایە ؟ یا ئەوەتا ستالین و ئەوانەی لە دواوەین تا ئێستا بەهێزن ؟ یانیش ئەو بیرۆکەی ترۆتسکی کاری بۆ دەکرد( دوبارەبوونەوەی مێژوو ) هێزو توانای خۆی لەدەست داوە ؟ شکست خواردن لە دروسبوونی رێکخراوو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕ لە رۆژئاوای ئەوروپا دەکرێ هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگێرینەوە کە کرێکارانی رۆژئاوای ئەوروپا سەرەڕای دڵسۆزیان بۆ رادیکالیزمی کلاسیکی و ئامادەییان بۆ شەڕکردن لە پێنا و بەرگری دژی فاشیزم بەڵام مەبەستیان نیە بەدوای بیروبڕواکانی لینین بکەون . ئایا ئەمە ڕاستە ؟ دەکرێ لەبەر ئەوە بێ کە ماوەی چەند سەدەیەکە بەهۆی شەڕو ناسەقامگیری ودابەشبوونیان ماندوو بووبن ؟ بۆیە ئامادە نەبن جارێکی تر بچنەوە ژێر باڵی شەڕو نائارامیدا ؟، یاخود دەبێ بەهۆی پابەندبوونیان بە دیموکراسیەتی پەرلەمانی بێ یا پابەند بوونیان بە رێکخراوە ئازادیخوازەکانیان؟ یا ئەوەتا ترۆتسکیش لەمە گەیشتوە کە کۆمۆنیستە رۆژئاواییەکان گەیشتونەتە ئەو ڕاستیەی کە هەمان رێگەی بۆلشەڤیەکانی روسیا بۆ ئەوان ناگونجێ ؟. بەهەر حاڵ ئێمە ناتوانین ئێستا کارەکان بە وردی هەلسەنگێنین چونکە لەبەردەم بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی وسیاسی داین.

ئەگەر سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان لە ئیسپانیا کۆماری سۆڤیەت ( ئەنجومەنەکان ) یان رابگەیاندبا یا کۆمارێکی لەم جۆرە دڵنیام کە رێژەیەکی زۆر لە کرێکارەکان بەشداری ئەم کۆمارەیان دەکرد ، بێگومان کرێکارەکان ئامادە نەبوون لە سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان جیاببنەوە بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری سۆڤیەت ( ئەنجومەن ).

ترۆتسکی زیاد لە پێویست بڕوای بە ئیرادەی بێگەردی شۆڕشگێڕی و زەلالی شۆڕش هەبوو . رێگەی بەخۆی نەدەدا ئەو جیاوازیە زۆرەی نوان ساڵەکانی 1917 و ساڵی 1937 هەروەها ئەو جیاوازیەی نێوان رۆژئاوای ئەوروپا و روسیا ببینێ.

له كاتى ئهم نائومێدیه ترۆتسكى لهوه نهسلهمیهوه ههڵسابه دامهزراندنى بزوتنهوهیهكى شۆڕشگێڕ ( بزوتنهوهى چوارهمى نێودهوڵهتیى ) ئهو بزوتنهوهى كهبه دڵسۆزى دهمێنێتهوه بۆ ڕێبازى ماركسیزم _ لینینیزم . ئهم ههوڵانهى شكستیان هێنا ، بهلێ شكستیخوارد شكستێكى تهواوهتى ئهوهتا دهتوانین ئهنجامهكهشى ببینین . دهبینى جهماوهرى كرێكار له ئهوروپا هیچ بایهخێك به ترۆتسكى یا به هیچ ڕێبازێكى تر نادات ، بهڵام ئهو رۆشهنبیرانهى له ستالینیستهكان جیا بوونهوهو خهباتیان دژى ئهوان راگهیاند له دواییدا ناچاربوون كه به بیرو بۆچونهكانى پێشویاندا بچنهوه له كۆتایى دا بهتهواوهتى دهستیان له ڕێبازى لینینیزم ههلگرت ، بۆیه دهبینین به دیدى ماركسیستهكان ساڵانى سیهكان له سهدهى بیستهم به ساڵانى پاشهكشه ى ماركسیزم دهناسرێت نهك پێشكهوتن ، به سهردهمى سهرگهردانى و وون بوونى وره دهناسرێت ، ئهمهش بههۆى ئهو گورزانهى له فاشیزمهوه بهر ماركسیزم كهوتن .

وا پێدهچێ ئهم كهش و ههوایه گونجاو نیه بۆ پێگهیاندنى پێشهنگى شۆڕشگێڕى نوێ ، جگه له كهمینهیهك له سهركرده بلیمهتهكان ئهوانهى ریزى پارته كۆمۆنیستهكانیان جێهێشت له نمونهى (ئهلفرد رۆمۆز ) له فهرهنسا و هنریكس سنیڤلتیش له هۆڵهندا دهنا كهسیتر بووارى بۆ نهرهخسا ڕۆلى خۆى ببینێ و ئهو دهستهى له ئهوروپا لایهنگرى ترۆتسكیشیان دهكرد كه ههمویان نهشارهزاو بێ ئهزمون بوون نهیانتوانى بهرگهى ئهو فشارو راوهدونانه بگرن كه لهلایهن پارته ناحهزو حكومهته دوژمنهكان لهگهڵیان دهكرا ، ئهمهو ماركسیسته پێگهیوهكانى هاوشان لهگهڵ ترۆتسكى وهكو رۆزمر و سنیڤلت وو ئهندرس نین له ئیسپانیا و ڤیكتۆر سیرج له فهرهنسا ئهمانه وێڕاى دڵسۆزى و یهكبوونیان لهگهڵ ترۆتسكى بهڵام بههۆى پابهندبوونى ترۆتسكى به زیادهوه و پێداگریهكانى لهسهر راكانى بهرانبهر به رێبازى بۆلشهڤى ئهمان پهیوهندیهكانیان لهگهڵى پچراند .

له ساڵى 1936 بههۆى چاودێرى كردن و بهدواداچونهكانى وڵاتان ترۆتسكى ئارامیى لێ بڕا بۆیه پێشنیارى كرد به شێوهیهكى كاتى ههموو گروپ و بزوتنهوه ترۆتسكیستهكان خۆیان ههڵوهشێننهوهو بچنه ریزى پارته سۆشیالیست و سۆشیال دیموكراته كانهوه ، من ناتوانم نیازهكانى ترۆتسكى لهم ههنگاوه بهدروستى بپێكم ، ئایا بۆئهوهى بوو ههموو گروپه پهرهگهندهكانى كه له ستالین جیابوونهتهوه له پڕۆسهیهكى ئاشتهواییدا كۆیان كاتهوهو لهگهڵ بزوتنهوهو پارته چهپڕهوهكانى تر یهكیان بخا؟ یا بۆ مهبهستێكى ترى بوو . ئهم پڕۆسهیه به هێرشێكى ترۆتسكیستهكان ئهوانهى دوباره له ناو حزبهسۆشیالیستهكان خۆیان رێكخستهوه كۆتایى پێهات .

دواى دوو تا سێ ساڵ لایهنگرانى ترۆتسكى بههۆى جیاوازى ئاستى رۆشهنبیریا له ناو ئهم حزبانه وهدهرنران .... له ولایهته یهكگرتوهكانى ئهمریكا سهرۆكى لایهنگرانى ترۆتسكى ( جیمس ب . كانون ) رایگهیاند كه ئهم كاره به یهكجارهكى پارته سۆشیالیستهكانى لهناو برد ، پێم وایه ئهمهى راست وت ، تهنها له دوو بنكهى شارستانى جیاو دوور لهیهك لایهنگرانى ترۆتسكى ههڵوێستیان وهرگرت وخۆیان له بزوتنهوهیهكى گهلهرى دا كۆكردهوه ئهوانیش ( سیلان وبۆلیڤیا بوون ) ئهمهش روداوێكى سهیر بوو چونكه ترۆتسكیزم به تهواوهتى لهوڵاته پیشهسازیهكان شكستى هێنابوو تهنانهت له لهخۆگرتنى جهنگاوهره چهپڕهوه پێشكهوتوهكانیش سهركهوتو نهبوو .

ترۆتسكى وهكو سهركردهیهكى سیاسى لهم چهند ساڵانهیدا بووه كهسێكى ووشك وپێداگر ، وهكو كهسێكى سهركردهى كهمینه نهمایهوه ، وادیاربوو كه زۆر بهپهرۆش بێ بۆ

دژایەتی کردنی ئەو کەسەی لە راو بۆچونەکانیەوە نزیکە ، دەستی بە وتار نوسینەوە کرددژی چینی مامناوەندی واتە سۆشیالیستەکانی باڵی چەپ ئەوانەی لە پارتە سۆشیال دیموکراتە کان جیا ببوونەوە بەڵام هێشتا ئامادە نەبوون بڕوا بە ڕێبازی ترۆتسکی بێنن . لێرە ئامازە بەو نامە گۆڕینەوانە دەکەم لە نێوانی ترۆتسکی وسەرۆک ئەندرس نین ی ئیسپانی کە لە دروست کردنی پارتێکی چەپرەوی دژ بە ستالین سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو ( ئەمەش جگە لە خۆی کەسیتر لە ئەوروپا لەتوانایدا نەبوو ئەمە بکا ) پارتێک زۆر لە لایەنگرانی ترۆتسکی مەزن تر بوو. لە نێوان ئەم دوو سەرکردە ریز وستایشی تەواو هەبوون هەردووکیان ریزیان لەیەکتر دەگرت لەگەڵ ئەمەش هیچ کاتێک ترۆتسکی بیری لەوە نەدەکردەوە کە پارتێکی وەکو پارتەکەی ( نین ) لە روی شێوازی سیاسیەوە بێ کتو متیش لەسەر ڕێبازەکانی بۆلشەڤی دابمەزرێنێ ، بەڵام ( نین ) هەوڵی ئەوەی دەدا کە پارتەکەی بپارێزی چونکە ئەم لە رەوشێکی خەراپدا بوو هەستی بەوەدەکرد کە دەبێ ئەم ڕێگایە ببڕێ بۆئەوەی بەرەو ستارتیجێکی ئیسپانی بڕوا .

جۆرێک لە خۆشەویستی وڕیز لە نێوان دورخراوە شۆڕشگێڕەکان وئەندامە نوێکانی نەشارەزای ئەم حزبە هەبوو ئەمەش لەسەر ئاستی نامە گۆڕینەوە هەندێک لەمانە لەو کەسانەبوون کە ماوەیەک بوو هەواداری ترۆتسکی بوون ، دەبا بزانین ترۆتسکی چۆن دەدوێ :

( ناتوانم باس لە گرنگی هیچ لە کارەکانم بکەم ئەوانەی دەکەوتنە ماوەی نێوان ساڵەکانی 197 _ 1921 . بەڵام ئێستا کارەکانم زۆر گرنگ وبە بایەخن بە رێژەیەک پڕ بایەخن کە بۆهەڵگرم . من لەم قسانەم زیادەڕۆیی ناکەم . روخانی کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی وسۆشیالیزمی نێودەوڵەتی دوای هەستانی هیتلەر دۆخێکی هێناوەتە کا کە هیچ یەکێک لە سەرکردەکانی ئەم وڵاتانە لە توانایاندا نیە چارەسەریی ئەم کێشانە بکەن دواتر کەسیشیان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە سەرفراز و ڕێپێدراو نین ، ئەمەو ئەو گۆڕان وئەم سەرو ئەوسەرانەی بەسەرم داهاتون بوونەتە هۆکاری ئەوەی لەم جۆرەکارانە شارەزاو خەمخۆرو ڕێپێدراو بم جگە لە خۆم کەسیتر بە شیاو نابینم ، جگە لە خۆم کسیتر ناتوانێ بە ئەرکی پێگەیاندن وپڕچەک کردنی گەنجان بە چەکی رۆشنبیری وشۆڕشگێڕی هەلسێ ،بۆ ئەوەی نەوەیەک پێبگەینم بەسەر سەری سەرکردەکانی نێودەوڵەتیی دووەم وسێیەم دا زاڵ بن و بە بیری شۆڕشگێڕانە کار بکەن).

هەروەها دەڵێ :

( دواتر من لەگەڵ ئەو گوتەیەی لینینم یا بە رونتر ( تیرجینێڤ ) م کاتێک دەڵێ _ خەراپترین سوک بوونی مرۆڤ ئەوکاتەیە کە تەمەنی دەبێتە 55 ساڵان_ کەوایە هێشتا من زیاتر لە پێنج ساڵم ماوە بۆئەوەی بەو پەڕی شەنگ و هێزمەوە کار بکەم ).

ترۆتسکی هەردەم ئارام وخۆڕاگر بوو دەستی یارمەتیی بۆ لایەنگرو دۆستانی بە بێ دودڵی درێژ دەکرد. تا دوا تەمەنی هەر بە قسە خۆش وچالاکترین دورخراوە و دڵسۆزی بۆلشەڤی و مامۆستا وفێرکاری شۆڕش مایەوە .

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە چۆن ئەو پیاوە کاتەکانی خۆی دەدزی بۆئەوەی گوتار بخوێنێتەوەو قسە بکا نامە بنوسێ لەوانە ووردە گەنج وشۆڕشگێڕی مەزن وهەموو کەسی تیا بوو ، جێی داخە کە ئێستا ئەوە دەنوسم دەڵێم ئەمانە هەمووی بێ سوود دەرچون .

بۆ بێ شانسی خۆی ئەم پیاوە هیچ کاتێک لە کاتی گونجاو کۆبوونەوەی نەدەکرد پاشەرۆژێکی باشی وەدەست نەکەوت ، بەڵام ترۆتسکی ئەوەی بردیەوە ریزو ستایشێکی

زۆری خەڵک بەگشتی ولایەنگرانی بەتایبەتی بوو ئەو لایەنگرانەی بەو وڵاتانەوە پەرش وبڵاو ببوونەوە ، هەروەها لە لایەن دژە ستالینیستەکانیش ریزی تایبەتیی هەبوو هەرچەندە لەگەڵیا یەکیان نەدەگرتەوە . تەنانەت ئەوانەی لە مشت و مڕەکاندا گەف و سەرزەنشتی دەکردن ئەوانیش لە ریز بەولاوە هیچی تریان بۆی نەبوو . ئەی ترۆتسکی خۆی بەمانە رازی بوو ؟ پێم وایە نەخێر ئەم بەم شێوەیەی خوارەوە بیری دەکردەوە :

ئەوەی دەیەوێ ئاراستەی مێژوو بگۆڕێ نابێ کاتێک گوێی لە پیاهەڵدان وستایش دەبێ ئیتر لەهەوڵدان بووەستێ .

* * *

---------------------------------

**بەشی شەشەم**

**دوا کەلە پوور**

--------------------------

زۆربەی هەرە زۆری پەرتوکەکانی ترۆتسکی کە لە کاتی ئاوارەیی دا نوسیونەتەوە نە وتووێژین نە سیاسیی پەتین. نوسینەکانی زیاتر لەوەی ئاراستەی دەستە و گروپەکانی گۆشەگیرو دابڕاوی رادیکالیی بەرهەلسکاری ستالین بکات ئاراستەی هەموو دونیای کردون . بەڕونتر بڵێین نمونەی ئەو نوسەرانەبوو کە هەموو ئازارو مەینەتەکانی ئەو سەردەمی چێشتبێ لە نوسەرە بلیمەت و بەهرەمەندەکانی سەدەی بیستەم دێتە ئەژمار وێڕای ئەو شکست وسەرنەکەوتنانەی کە لەگەڵی دەژیا و پێیەوە دەیناڵاند لەگەڵ ئەوەش توانیی بەهرەمەندێتی خۆی بپارێزێ و رێگە لە خۆ ون نەکا .

ئەوپەرتوکانەی رازاندبوونیەوە ئەوانە بوون کە لە ماوەی یانزەو دوانزە ساڵەی دوایی نوسیبوونی لەوانە پەرتوکێک لە سەر ژیاننامەی خۆی بەناوی ( ژیانم ) نوسیبویەوە و کورتە باسێکیش لەسەر گۆڕانی گەنجایەتی لینین و دواتر ژیاننامەکەشی نوسی بوو ، ژیاننامەی (ستالین) بە شێوازێکی توندو تیژی نوسیوەتەوە ، پەرتوکە جوانەکەی کە تیایدا راو بۆچونەکانی خۆی لەسەر ستالین کۆکردبوونەوە ناوی نابوو ( خیانەتی شۆڕش )، لە هەموو ئەو پەرتوکانەش بە بەهاتر پەرتوکی ( مێژوی شۆڕشی روسی ) بوو .

بەڵام پەرتوکەکەی بەناوی ( ژیانم ) ئەو کاتە نوسیوەتەوە کە تازە وەکو ئاوارەیەکی سیاسی بۆ تورکیا دورخرابووەوە . لە کەمە بەشەکانی سەرەتایی دا هێزی نوسین و رەوانبێژیی تیا بەدی دەکرێ ئەو کاتەی باس لە سەردەمانی منداڵێتیی دەکاو دواتر دەچێتە سەر باسی خوێندنگاو رادیکالیزمی پێشوەخت . ترۆتسکی لەم نوسینانەیدا خۆی دەکاتە پێشەنگی نوسەرو ئەدیبەکانی روسی وەکو کەسێکی ئارەزو مەند بۆ دوارۆژ وەها دەنوسێ :

ئەو بیرەوەریانەی کە پڕن لە باسی ژان و ئازارەکانی سەردەمی گەنجایەتی ئەوانەن کە باس لە ژیانی گوند دەکات وەکو ئەوەی لە نوسینەکانی ( ئەکساکۆڤ و تۆلستۆی

تیرجینیڤ ) هاتبوون بەڵام لە جیات ئەوەی نوسینەکانی ئاراستەی ئەوان بکا وگرنگیان پێ بدا دەبینین گرنگی بە لایەنی شۆڕشگێڕی دەدا ، ئەوەتا دەڵێ :
باشترین دەسکەوتی ژیانی منداڵێتی ئەو برە رۆشنبیریەیە کە منداڵ دەستی دەکەوێ ، چونکە سەردەمی منداڵێتی سەردەمێکی بێگەردو رونە ، منداڵێتیەک لە مارێکا مەزن بووبێ کە سەرمایەی ئەدەب و هونەر لە باپیرانیەوە بۆی مابێتەوە ، منداڵێتیەک هەمووی خۆشەویستی ویاری بن ، ئەم جۆرە یادەوەریانە بۆ مرۆڤ هەموی هەلمژینی هەوای پاکن . ئەم مەزنێتیە لە تەمەنی منداڵیدا کە نمونەی رۆشنبیری وئەدەب بوو پایەی منیان لە ئۆرستکارەتیەتدا مەزن کرد ئەمە لە لای خۆمەوە ، بەڵام لە لایەکەی تری کە لایەنی خەڵکە کاتێک بیرەوەریەکانی منداڵی دێننەوە یاد کە هەموو رۆژانی رەش وبرسێتی وئێش وئازارن پڕن لەو هەڵوێستانەی منداڵ پشت بەکەسانی ترەوە دەبەستێ کە ئەمەش بۆ منداڵ زۆر لاوازیە .
بەڵام نەریتی مەزن و خانەدانەکان رێگە بەوە نادەن کارەکان بە رێزەوە لەسەرمان رەت بن ، ئەوەتا لاپەڕە کانی سەرەتایی لە پەرتوکی ( ژیانم ) رەنگدانەوەی ئەدەبی روسیی کلاسیکیی پێوە دیارە ، هەر لاپەڕەیەکی پڕە لە خۆشەویستی مۆرڤ بۆ خاک وئاو و سامان و سەروەتەکانی نیشتمان بە شێوەیەک مرۆڤ لە هەستەکاندا نغرۆ دەکا کە لە رێبازی مارکسی دا ئەمە بەدی ناکەی ، بۆ نمونە ترۆتسکی لەسەر ژیانی منداڵێتی لە کێلگەی باوکیدا دەنوسێ کە چۆن ئەم کێلگەیە فێری گەلێ شتی کردوەو تائێستا بوونەتە بەشێک لە بیرەوەریەکانی و دەڵێ :
( ئەمبارەکانی دانەوێڵە لەوێ بۆ چەند بەشێک دابەش کرابوون ، گەنم بە بۆنە خۆشەکەی بەجیا ، جۆش بە درکە کانیەوە کاتێک دەستیان لێدەدەیت هەست بە خۆشیەک دەکەیت ، هەروەها بەرو بووم و دانەوێڵەکانی تر هەریەکەو بەجیا لە شوێنێک ئەمبار دەکران ، کاتێک منداڵەکان یاریی چاوشیلکانێیان دەکرد ئەگەر منداڵی مێوانی لەگەڵ بووایە رێگەیان پێدەدا خۆیان لەناو دانەوێڵەکان بشارنەوە ، ئەو کاتە من خلیسکانێم لەسەر کۆمە دانەوێڵەکان دەکردو پیایاندا دەهاتمە خوارەوە ، ئای ئەو رۆژانەو یادکردنەوەکانیان کە خۆش بوون ئەوساتەی لە سەر کۆمەکە دەگەیشتینە سەر زەوی هەموو پێلاو وکراسەکانمان پڕ دەبوون لە دانەوێڵە .
لە بەشەکانی تری پەرتوکەکەیدا ( ژیانم ) کەم باس لە بابەت و کێشە سیاسیەکان دەکا ، ئەو کاتەی باس لە کێشەکان دەکا ئەو کیشانەی لە پەرتوکەکەی پێشتر باس کردون چارەسەریەکانی زۆر رون وئاشکرا نین ، دیسان لەم پەرتوکەیدا زۆر زیرەکانە کورتە باسێکی رەخنە ئامێز لەسەر هەندێک کەسایەتی لە سەرکردەکانی سۆشیال دیموکراسی ئەوروپی دەنوسێ ، بەڵام سەبارەت بە ستالین و گرنگی ستالینیزم وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەم پەرتوکەدا ئەگەر لەگەڵ پەرتوکەکانی تری بەراورد پێ بکەین دەبینین کە وا پێدەچێ چارەسەریەکی سەرەتاییانە بۆ ئەم دوو دیاردەیە دەکات . سەبارەت بە ژیانی ترۆتسکیی تایبەتی و هەستە تایبەتیەکان وژیانی خۆی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانی لەم پەرتوکە پەردەیەکی بێدەنگیی بەسەردا پۆشیوە ، ئەمە چونکە ترۆتسکی خۆی بە کەسێکی سیاسەتمەدار دەزانێ پێویست ناکات ئەم لاپەڕە تایبەتیە بە خەڵک نیشان بدات بۆیە لەم رووەوە بێدەنگی دەنوێنێ ، لێرە دەتوانین بلێین ئەمە نیشانەیەکی لاوازیی ئەم پەرتوکەیە چونکە ئەمە نە

ژیاننامەی تایبەتیە ونە بەدواداچونێکی گشتیی سیاسیانەی روداوەکانە بەڵکو جەخت کردنەوەیەکە لەسەر دوو تەوەر ئەمیش بە شێوەیەکی دڵەڕاوکێیانە .
پەرتوکی ( مێژوی شۆڕشی روسی ) لە بەهێزترین پەرتوکەکانی دادەنرێت . ئەم پەرتوکەی بە سیانزە مانگ نوسیوەتەوە ئەوکاتەی دورخرابووەوە ، ئەم پەرتوکەی بە سێ بەرگ نوسیوەتەوە لە مەزنترین پەرتوکی مێژویی دادەنرێ کە توێژینەوە لەسەر هزری مارکسیزم دەکات ، ئەم توێژینەوەیە تەنها لە روی بیر و بڕواکاندا نیە بەڵکو باس لە خەباتی چینەکان هەمو ئەوانەی پەیوەندیان بەم کارەوە هەیە دەکات لەوانە باس لەو بێدەنگی زولمە دەکات کە لە جەماوەر ی روسی دەکرێت :
جەماوەری چینی زەحمەتکێش و جوتیاران ، ئەم چینانە رژابوونە سەر شەقام تا خۆیان ببنە بەرپرس لە چارەنوسی دوارۆژیان خاوەن دوکان وگوندنشین و هەمو چەوساوەکان چالاکانە دەجولان . ئەم جەماوەرەش هەندێک جار دەخرانە ژێر تاقیکردنەوەی سەخت ودژوار ئەوکات وەکو بەشێکی یەکگرتو نەدەهاتە بەرچاو بەڵکو وەکو قەوارەیەکی هەلوەشاوەی وورد وهەراشەبوو دە بینرا ، بەڵام هەندێک جاریش وەکو کۆمەڵێک خواست وئیرادەی کۆکراوە لەجەستەی یەک کەسی خاوەن هەستێکی چینایەتی دەبینرا. ئا لێرە مارکسیزم دەتوانێ بە هانامانەوە بێ و خزمەتمان بکا لە هەڵسەنگاندن وشی کردنەوەی رەوشەکان دواتر بۆ گۆڕانی ئاراستەی مێژو.
ترۆتسکی زۆر شانازیی بەو پەرتوکەی خۆیەوە دەکرد چونکە لەو سەردەمەدا ڕوبەڕووی هەمو پێداگرتن ورووبەڕوو بوونەوەیەکی رەخنەگرانەی ئەدەبی بوو لەگەڵ ئەوەش کەس لە نوسەرو رەخنەگارنی ئەو سەردەم نەیان توانی لە روی راستیەکانەوە رەخنە لەو پەرتوکە بگرن ، لەگەڵ ئەوەی ترۆتسکی ئەو کاتە دورخرابووەوە بۆ تورکیا وبەو هۆیەشەوە ناچار بوو درێژە بەنوسینەکانی بدا .
لەسەرەتای پەرتوکەکەیدا ترۆتسکی نوسیویەتی هەوڵدەدا لە نوسینەکانی بابەتی و واقیعبینانە بیربکاتەوەو بنوسێ نەک لایەنگرانە .
ئەم پەرتوکەی لە لوتکەی پەرتوکە مەزنەکانیدابوو لە شاکارە درەوشاوەکانی دەهاتە ئەژمار لە نوسینەکانیدا زۆر بەخێرا وبە ووردی باس لە روداوەکان دەکا . هیچ گومانی تیا نیە ئەم پەرتوکەی لەسەرەوەی پەرتوکی (ژیانم ) دایە ئەم پەرتوکەی کە بە رێژەیەکی کەمتر باس لە شۆڕش دەکا . باسی کەسایەتی و روداو وشیکردنەوەکان دەکا بە شێوەیەک هەمو ووردەکاریەکان لە خۆ دەگرن ، لەم شیکردنەوانە شێوازە کۆنەکەی لە نوسین وون دەبێ.
بەهەر حاڵ ئەم پەرتوکە گێرانەوەی میژوو روداوەکانە بە شێوازێکی جوان و زیرەکانە ، بەڕاستی ئەم پەرتوکە کەلەپورە ، کەرەستەیەکی تاکە لە گێرانەوەی روداوەکان و گونجاندنیان لەگەڵ روالەت و ئاشکرا کردنی هەمو ئەگەرەکانە .
سەیر نیە ئێستا شارەزایی لە هەندێک بڕگە پەیدا بکەین ئەوانەی لەسەر چیرنۆڤ (سەرکردەی رادیکالیستەکان ) ی نوسیبوون بە شێوازێکی توند کە هەرگیز مەزەندە ناکرێ ، دەنگ نەدان لەلای ئەم ببوە جۆرێک لە جۆرەکانی ژیانی سیاسیی . .. لەسەر کیرنسکیش دەیوت :
( ئەم کەسێکی شۆڕشگێڕ نیە بەڵام لەدەوری دەخولێتەوە ) ... لەسەر مارتۆڤ یش دەڵێ :

(ئـەو کاتـەی تـەرازو هاوسـەنگ دەبـێ ئـەم کـاری لـەبارە ، بەڕاسـتی پیـاوی دەوڵـەت ودادپەروەریە بەڵام داخەکەم راڕا یە) ... لەسەر لینین ئەوکاتـەی لـە 1917 دەگەڕێتـەوە وڵات وتویەتی :

( بەرگەی زنجیرەیەک ستایش و پیا هەڵدانی کرد لە چاوەڕوانی ئـەو کاتـەی باران دەوەستێ) ..... لەسەر جەماوەریش دەڵێ :

(هـەردەم شـۆرش بێڕەوشـت و نارەحەتـە دەبـێ هۆکـارە سـەرەکیەکەی ئـەوە بـن کـە سەرکردەو دەسەڵاتدارەکان نایانـەوێ خۆیـان ئـەزیـەت دەن جـەماوەر فێری رەوشتی بـاش بکـەن ). شـێوازەکانی ترۆتسکی وێـڕای قسـەرەقی متمانـەو دڵنیایـان پێـوە دیـارە ، لـە وتەکانیـدا سـەرکەوتن و دڵنیاییـان لـێ بـەدی دەکـرێ . سـتراتیجیەتی نوسـینەکانی کۆتاییەکی چاوەڕوانکراوی مەبەست بوو . هـەروەها نوسینەکانی تێبینیی توند وئاراستە دیار بوون ، ئـەم شێوازە وەرچەرخانـەش هـەمویان هـەلقولاوی شێوازی رۆمـان نوسینێکی خاوەن بیرو بڕوابوون ، شێوازی پالـەوانێتیی پێویست بوون بۆ ئەو سەردەم .

مـن زۆر ووشـەی پالـەوانم بـەکار هێنـا لـەم پالەوانیـە مەبەسـتم تـەنها گێڕانـەوەی بەسـەرهاتی چیرۆکەکـە نیـە مەبەسـتم ئـەنجام وکـارە باشـەکەش نیـە ، زیـاتر ئـەوەی مەبەسـتمە ئاراسـتەی چیرۆکەکەیـە کـە نوسـەر داسـتانە کلاسـیکیەکە دەگێڕێتـەوە ، مەبەسـتم ئـەوە نیـە کـە ترۆتسکی ئـەم شـێوازەی بـە ئەنقەست هـەلبژاردوە ، بـەڵام وا پێدەچێ هـەلبژاردنی ئـەم شێوازە لـە ئـەنجامی بیـرو بڕواکـانی ترۆتسکیەوە هـاتوە وەکو ئەرکی سەرشانی زانیوە ئەو ئـەرکەی ترۆتسکی ژیانی خۆی بۆ تـەرخان کردبوو ... بۆنمونە پێکهێنـانی گـەلێکی نـوێ لـە ئامانجـە سـەرەکیەکانی ئـەم نوسینانـەی بـوو ئامـانجی بـوو مێژوێکـی نـوێ بخـولقێنێ ، پێکهێنـانی ئـەم گەلـە نوێیـەش مـەرجی سـەرەکیەکەی ووشـیار کردنـەوەی چینـی زەحمـەتکێش بـوو لـە نوسـینەکانی کاتێـک پالـەوانی چیرۆکـەکان هەلدەبژێرێ مەبەستی پارتی پێشرەو دەبـێ پـارتی شۆڕشگێڕ بۆ ئـەوەی بیکـا بـە دارێکـی پۆلایین.

پەرتوکی ( مێژو ) ئەم داستانە بە شێوەیەکی تر دەگێڕێتەوە کۆتاییەکەی بـە تێبینیـەک دێت کە کارێکی تـەواو و دەسکەوتێکی باشە ، لە دوایین وتـەیدا ترۆتسکی لـەم پەرتوکەیدا دەڵـێ : هـەمودونیا بـە تـەواوەتی دانـی بـە زاراوە نوێکـان نـاوە وەکـو بۆلشـەڤیک وسۆڤیەت ( ئـەنجومەنەکان ) ئەمەش بەتەنیا بەسە بۆ پاساوی شۆڕش کـە چیتـر پێویست بـە پاساو ناکـات . دەبـێ مرۆڤ ئاماژە بـەوە بـدات کـە ئـەو کەسـەی ئـەم چەند دێرانـەی دەنوسی پیاوێک بوو دورخرابووەوە ئامادە نـەبوو بـەو ناخۆشیانە بنـێ کـە لـە داهـاتو چاوەڕوانن . ئەم داستانەش باس لە نەمریەکانی پێشوەخت دەکا نـەک لـە گەندەلیـەکانی داهـاتو کـە رابـردو هۆکارەکانیـەتی . بـەم شـێوەیە ترۆتسکی بـاس لـە شـۆڕش دەکا ، بـە شێوەیەکی روالـەتیانە وێنەی مێژومان بۆ دەکێشێ جا هەر چیەک بەهایان بـن ، پالـەوانی ئـەم داستانـەی پـەرتوکی ( مێـژو ) لـە سـێ دیـاردە دەردەکـەوێ : چینـی زەحمـەتکێش ی سەرلەنوێ سەرکەوتو، پارتی سەرلـەنوێ سـەرکەوتوی ، لینین ی سـەرلـەنوێ سـەرکەوتوی ، هـەر یـەک لـەم سێیانە بەیەکـەوە بەسـتراونەتەوەو پالپشتی یەکیشن : نمونـە ، چینـی زەحمەتکێش بالّی مێژو و پارت یش مەچەکی چینی زەحمەتکێشە ولینینیش مێشکی پارت و هۆشیەتی .

واپێدەچێ کە میژو باش رێکخراوەو بەپێی بەرنامەو پلان کار دەکات و بەسەرکەوتوییش کۆتایی دێت.

به دیدی زۆر لە خوێنەران  لە شێوازەکەیدا ئەمە واپێدەچێ کە زیرەکی وهونەر نواندن بێ ، بەڵام مێژونوسە دواکەوتوەکان بە شێوەیەکی تر سەیر دەکەن ئەویش وادەبینین کە دەرفەتێکیان بۆ رەخساوە تا رەخنە لە بۆچونەکانی ترۆتسکی سەبارەت بە شۆڕش بگرن .
شێوازی نوسینەوەی پەرتوکەکە داستانی و هونەرمەندانەو  راستگۆیانە  نوسراوەتەوە شتێکی خۆشە لێرە ئاماژە بەوە بدەم کە هەردوو لایەنی نوسەرو خوێنەر بەشدارن لە روداني ئەوەی لە لاپەڕەی کۆتاییدا هاتوە. کەس ناتوانێ لەو دەنگە خۆشە بەردەوام بێ جگە لە نوسەر کە گەیشتۆتە لوتکەی سەرکەوتن ، ئەو نوسەرە کە هەستی خۆی دەردەبرێ چەند دڵخۆشە بەوەی ئەم پەرتوکەی گەیشتۆتە ئەم ئاستە ، دەبا گوێی لێ بگرین چۆن لەسەرو بەندی شۆڕش پەنا دەباتە بەر سنت سپۆرگ ، کە پێم وایە لێرە ئاماژەی بۆ بدەم چاکە :
هەمو شتێک گۆراوە لەگەڵ ئەوەش هەمو شتێک وەکو خۆی ماوەتەوە ، شۆڕش وەلاتی هەژاندو درزەکەشی بەرینتر کرد ، هەندێکی ترساندن و وهەندێکیشی دڵتەنگ و نیگەران کردن بەڵام نە هیچی گۆری نەهیچیشی وەلانا .
لام وایە کە ئەم وڵاتە پادشاییە لە خەوێکی قولدایە بەڵام نەمردوە . شۆڕش ئالای سورو بچوکی لەدەست پەیکەرە ئاسنینەکانی پادشا نان ، پەرچەمە سورە مەزنەکان لە سەربانی ئەپارتمانە حکومیەکانەوە شۆرببوونەوە بەڵام واپێدەچێ کۆشک و وەزارەت وبارەگاکان هەمویان ژیانێکی جیا لەگەڵ ژیانی ئەم پەرچەم و ئالایانە بەسەر دەبەن ئەو پەرچەمانەش کە رەنگیان لەبەر بارانی پایزان کال بۆتەوە دالە دووسەرەکەی ئیپمراتۆری وگۆچانەکەشی لەهەر کوێیەک بووبن  ئەوا دڕیویانە ، کاتی خۆی ئەگەر وای بەسەر بهاتبایە ئەوا هەرزو بە خێرا چاکیان دەکردنەوە یا دەیان گۆڕین ئەمە وەکو ئەوەیە کە لە هەمو روسیا کەڵبەی رق و کینەیان وەدەر کەوتبێ .
ترس و دڵە راوکێ یەکی زۆر لەوە هەبوو کە گرتوخانەکانی ( پیتەر و بۆ ) گەمارۆ بدرێن ، ترۆتسکی دەڵێ :
ترس و دڵە راوکێ لە کەتیبەی ماتۆر سوارەکان نیشتوە کە پێشتر سەربازی سوار ( سوار ولاخ ) ئەوانەی لە بژاردەی جوتیارە دەوڵەمەندەکان بوون ، ماتۆر سوارەکان کە لە چینی مامناوەندیی شارەکانەوە هاتبوون بەشی پاراستنیان لە سوپا پێک دەهێنا ، ئەمەش پێویستی بە زانایەکی سایکۆلۆژیی بڕوادار هەیە :
چونکە کاتێک مرۆڤ خۆی دەبینێ سواری دوو چەرخەو دۆلابێک دەبێ و بەسەر خەڵکەوە دەخولێتەوە توشی نەفەس بەرزیەک دەبێ بەتایبەت لە وڵاتێکی دواکەوتوی وەکو روسیا ، بەڵام ئەمە لە ئەمریکا هەمان شت ناخولقێنێ ئەمە ئەو کاتە لەوێ رودەدات کاتێک مرۆڤ سواری ئۆتۆمۆبیل دەبێ .
لەسەرەتای پەرتوکەکە کرێکارەکانی کەرتی ڤایبۆرگ ی رادیکالی پرۆژەی سمبۆنیڤسکی پێشکەش دەکەن . ئەو کات لەوێ کرێکارەکان ڕوبەڕووی لەشکری کۆزاک دەبنەوە . واپێدەچێ چارەنوسی شۆڕش بەم ڕوبەڕوو بوونەوەیە بەسترابێتەوە ، ترۆتسکی دەڵێ :
سوارەکانی لەشکری کۆزاک کە ئەفسەرەکان رێگەیان بۆ کردنەوە بە ووشیاری و بەریز شانیان دابووە یەک بەرەو پێش دەچون ، یەکێک لە کرێکارە بۆلشەڤیەکان بەناوی کیۆرۆڤ دەڵێ هەندێک لە ئەفسەرەکان بزەو خەندەیان دەکرد کرێکارێکیش چاوێکی لێ نوقاند ، ئەم چاونوقانە مانایەکی زۆری بەخشی و کاریگەریەکی زۆریشی هەبوو ریزیەکانی کۆزاک بەم بزەو چاونوقانە شلۆقیان تێکەوت دواتر تێک چون ، ئەوەندەی

ئەفسەرەكان هەوڵیان دەدا كە ریزەكان تێك نەچن بەڵام چاونوقاندنەكان دوبارەو سێبارە بوونەوە ئیتر هەوڵی كۆزاك بۆ بڵاوە پێكردنی ئاپۆڕی جەماوەرە خۆپیشاندەرەكە شكستی هێنا ، كۆزاك ناچار دەبن لەگەڵ كرێكارەكان دەكەونە قسەو باس و گفتوگۆ ئەوسیستەمەی كۆزاك لەسەری دەرۆیشت و پابەندی بوو هەڵوەشایەوە و بوونی نەما . ئەوكاتە ئیتر ئەفسەرەكان ناچار دەبن سەربازەكان لە كرێكارەكان جیاكەنەوە و دەستیان لە بیرۆكەی بڵاوە پێكردن هەڵگرت .

دواتر كۆزاكەكانیان بە پانایی شەقامەكە ریزبەند پێكردن وەكو پەرژینێك تا رێگە لە خۆپیشاندەران بگرن بۆ ئەوەی نەگەنە سەنتەرەكە ، بەڵام ئەمەشیان بۆ نەچوە سەر خۆپیشاندەران لە ژێر سك وناو كەلێنەكانی قاچی ولاخەكاندا ریزەكانیان دەبرین لە پەرژینەكە دەپەڕینەوە .

شۆڕش هێشتا بەتەواوەتی رێگەی راستی نەگرتۆتە بەر بەڵام یەكەم هەنگاوی بەسەركەوتویی لە ژێر ورگی ولاخەكانەوە ناوە .

ئەم پەرتوكە تەنها داستانێك نیە بەڵكو زۆر لەمە زیاترە ، لە كۆتاییەكانی بیستەكان وسەرەتاكانی سیەكانی سەدەی بیستەم زۆر لە سەركردە بۆلشەڤیەكان بەم پەرتوكەدا دەچونەوە بۆ یادكردنەوەی بیرەوەریەكانیان لەسەر شۆڕش، ئەمان وەكو چاوك وئەرشیفێك سەیری ئەم پەرتوكەیان دەكرد بەراوردیان لەگەڵ ئەوسەردەم پێ دەكرد كە لەژێر فشاری ستەم و دیكتاتۆریەتدا دەیاننالاند زۆربەیان هەستیان بە تاوان دەكرد كە لەسەر دەستی ئەمان ئەم رۆژگارە هاتۆتە كا و تیایدا مرۆڤ دەچەوسێندرێتەوەو مافی دەخوری ، كەوابێ چەند خۆش بوو ئەو رۆژانەی سەردەمی شۆڕشی ئۆكتۆبەر كە یادیان دەكردنەوەو وەبیر خۆیان دەهێنانەوە .

پەرتوكی ( مێژو ) پەرتوكێكە باس لە مێژوی هەڵەكانیان دەكەن پێتان سەیر نەبێ كاتێك زۆر لە ناحەزانی ترۆتسكی بە راكردنەوە پەلاماری ئەم پەرتوكەیان دەداو دەیانخوێندەوە بۆئەوەی خۆیان لەگەڵ نوسەری پەرتوكەكەی ( مێژو ) هاو كێشەو هاو سۆز ببینن ئەمان خۆشیان بە گێڕانەوەی مێژو دەبرد ئەوكات ئیتر ترۆتسكیان دەهاتەوە یاد كە چۆن كەسێكی پاك و بێگەرد لەم بەینە دەرچو .

لێرە بەراوردیەكی تری مێژو لەگەڵ ئەوداستانە بكەین كە پەرتوكی ( مێژو ) لەسەر چیرۆكی شۆڕشی روسی بۆمان دەگێڕێتەوە لەوانە ئاشكرا كردنی داستانی بۆلشەڤی پاساوەكانی وەكو دیفاكتۆی سەردەم ودروست بوونی وەكو راستی بۆمان دەگێڕێتەوە نەك وەكو هەلبەستراو بە جەخت كردن لەسەر ئەوەی كە بۆلشەڤی كارێكی بۆچونیە بە ئەندێشە و خەیال دروست بووە نەك مێژوێكی كاش بووبێ ، ئەم پەرتوكە مێژوی بۆلشەڤیەكان وەكو رەخنەیەكی مێژویی دەگێڕێتەوە . بەراستی پەرتوكێكە لەسەر بنەمای پێویستیە میژوییەكان نوسراوەتەوەو دامەزراوە ، هەر برگەیەكیان بە نیازی گەیشتن بە تەواوكاری نوسراوەتەوە ، لە هەمو دێرەكانی حەتمیەتی تیا دیارە لەگەڵ بوونی هەندێك ناكۆكەكان . ترۆتسكی لەم پەرتوكەیدا بەرونی هەر پرسیارێكی لێ كرابێ بە ووردی وەڵامی داوەتەوە بۆ نمونە :

پ ــ پێت وایە شۆڕش سەركەوتنی بەدەست دەهێنا ئەگەر لینین بە چەند مانگێك زوتر كۆچی بكردبایە ؟ .. وەڵامەكەی دەڵێ :

بڕواناكەم سەركەوتنی بەدەست بهێنایا .

لەگەڵ ئەمەش بڕواناکەم ئەم جۆرە پرسیارانە خۆشیی پەرتوکەکە بشێوێنن ، چونکە بە پێی پێویستیەکانی رۆژ هەنگاوی ناوە ، وەکو ئەوەی پاڵەوان بە فەرمانی سەرەوەی داستان تۆمار بکا ، کەوایە سەرکەوتن سێ باڵی هەیە چین ، پارت ، سەرۆک ، بۆ ئەوەی بە لوتکەی سەرکەوتن بگات. بەڕاستی ئەوەی خۆی بداتە دەست چیرۆکەکانی ترۆتسکی هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکا لەم پەرتوکانەی ، کەچی رەخنەگرانی ئەم چیرۆکە گومان دەخەنە سەرئەوەی ترۆستکی هەندێک شاشیی خستبێتە ناو ناوەڕۆکی پەرتوکەکەوە .

بەڵام لەسەر ئاستی کێشەی نادیارو گومان و دڵ لەدڵ دانەکان کێشەکانی تری ژیانی مرۆڤ ئەوا ( مێژو ) کاتێک زۆر بەکەمی رۆشنایی دەخاتە سەر بەزیو و روخاوەکان هەر زو لەسەریان پازدەداو دەچێتە سەر بابەتێکی تری گرنگ . لەم پەرتوکە بەشی مەزنی تیایە کە باس لە خەسلەتە کۆمەڵایەتی و زانستیەکانی هێزی دوفاق و ستراتیجیەتی شۆڕش دەکا هێزی ئەقل لە پەرتوکی ( مێژو ) هێزێکی زەبەلاحە لەو جۆرە نیە کە تەنها لەگەڵ حاڵەتەکانی ئەقلانیدا بگونجێ .

دەتوانین بلێین ترۆتسکی جیاوازیەکی لەگەڵ مێژو نوسەکانی تر هەیە ئەویش ئەوەیە هیچ کاتێک ئامادە نەبووە ریز لە نەیارانی بنێ هیچ بایەخ و گرنگیەکی پێنەدەدان تەنها ( مارتۆڤ) نەبێ، بۆیە دەبینین ترۆتسکی دەپرسێ :

کامە ناحەز و رکابەر شایستەی ریزە ؟ کیرنسکیی نقوم بوو لەنێو شێتایەتی ؟ یا سەرکردەی مەزنەکانی بۆلشەڤی کە دەرفەتی گۆڕانی روسیایان لەدەست دا؟ یا جەنەرالە کانی پاسەوانی سپی کە گوێیان بەو رەشەبایەی گۆڕان نەدا کە بەرەو روسیا هەڵی کردبوو ؟

ئەم شێوازە هێرشیانەی ترۆتسکی لە ئەنجامی راستیەکانی بۆلشەڤی وتوندڕەوی ترۆتسکیدا نەبوون نەخێر بەڵکو لە لاوازی هەڵوێستی نەیار و دوژمنانی دا بوو . بەڵام کاتێک ئێمە هەست بە شتێکی تر دەکەین دیارە لەم روەوە ئەمە شتێکی جیاوازە . ئەمەو دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە تا ئەو خوێنەرەی لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم پەرتوکەش کۆکە لە کاتی وردبوونەوەی لە ناوەڕۆکەکەیدا کە چۆن هەلکشان وداکشانی تیا بەدی دەکرێ دەبێ رۆژێک لە رۆژان ئەم خوێنەرەش چ زوو چ درەنگ دان بەوە بنێ کە نوسەری پەرتوکەکە ( ترۆتسکی) ئەمیش یەکێک بووە لە دۆڕاوەکان .

ترۆتسکی چەند پێداگر وتوند بوو لەسەر راکانی تەنانەت لەسەر شکستەکەشی هەر وابووە ، ئەو کەسەی دەیەوێ پەندێک لە وانەکانی ئەم سەرکردە و ئەدیبە وەرگرێ دەبێ خۆی بخاتە ژێر کاریگەریەکانی سەردەمی سیەکانی سەدەی بیستەمی ، دەتوانین ئەوەی لێ فێربین کە چۆن بە رەزامەندیەوە بەرانبەر بە هەمو کێشەکان دەوەستین و دڵنەوایی خۆمان بەوە بدەینەوە کە هەرچەندە ئێمە کەمینەش بین بەڵام رەوش لە رەوشی ئێمەش خەراپتر هەیە ، بەڵکو ترۆتسکی مەبەستی نەبێ ئەم وانەیەمان فێرکا بەڵام بێگومان ئەم وانەو پەندانە لەم روداوانەدا هەن .

بەهۆی ئەو ئازارانەی ترۆتسکی لەدەست حکومەتەکانی نەرویژ و فرەنسا دەیچێشتن ، ئەم هەردەم بە چالاکی کاری دەکرد هەندێک جار 18 کاتژمێر لە رۆژێکدا کاری دەکرد بۆ پوچەل کردنی ئەو تۆمەتانەی لە دادگاکانی مۆسکۆ دەخرانە پاڵی ئەم ماندو بوونەی دەچێژت ، دوای رەت بوونی چل ساڵ ( بۆئێستا دەکاتە زیاتر لە حەفتاساڵ _ وەرگێری عەرەبی بۆ کوردی ) بەسەر ئەو روداوە دەستکردانە وشانۆگەریەکانی بەناو دادگاوە ، بە

پێویستی نازانم خوێنەر بەوەماندو کەم وردەکاریەکانی ئەم دادگایە بنوسمەوە چونکە گومانی تیا نیە ئەم دادگایە هەمو کارێکی دەست کردو تۆمەتی بێ بنەماو هەلبەستراو بوون .

بەلام لە ناوەڕاستی سیەکان کاتێک هەریەک لە سەرکردە بۆلشەڤیەکان ( زینۆڤیڤ وکامینیڤ وراکۆڤسکی ورادیک وبیاتۆکۆڤ وبۆخارین) ناچار دەبن دان بەهەڵەکانیان بنێن کە دەستیان لەگەڵ رژێمی نازیی ئەلمانی تێکەل کردبوو ئەوسا ترۆتسکی دەست دەکا بە رسواکردنی پیلانەکانی ستالین هەمو هەوڵێکی لە پێناو ئەم دۆسیە تەرخان دەکا .

ئەم پڕۆپاگەندانەی ستالین کاری لە هەندێک ئازادیخواز کردبوو ئەوانەی پاش ئەوەی یەکیەتی سۆڤیەت کەوتبووە ژێر دەستی دەسەلاتی ستالین ئەوان تەنها یەکیەتی سۆڤیەتیان خۆش دەویست ، هەروەها کاری لە هەندێک کۆنەپارێز کردبوو ئەوانەی خۆشیان بە رژێمی کرملێن دەهات ، بەڕاستی هەلوێستێکی شەرمەزار وناخۆشە کە ئەو نوسەرو رۆشەنبیرانەی ئەوکات بەرگریان لە رژێم دەکرد و بە جۆرەها پاساوی بێ بنەما بڕوایان بە بڕیارەکانی دەهێنا .

ترۆتسکی خەباتی لە پێناو بەرگری کردن لە ئابڕوی سیاسیی خۆی دەکرد ، شەرمەزاری هاوڕێکانی کرد کە سەریان بۆ دادگاییەکان دەچەماند زنجیرەیەک لە هێرش و گەفی لە دامەزرێنەرانی ئەم دادگایانە کرد گەندەلی وتاوانەکانی ئاشکرا کردن ، زۆر بە توندی داوای روسیای رەت کردەوە کە داوای کردبوو دەبێ لە روسیا ئامادەبێ بۆ دادگایی کردن ، ئەوەبوو نامەیەکی بۆ نیۆیۆرک نارد تیایدا وتی :

من ئامادەم لەبەر دەمی لیژنەیەکی لێکۆلینەوەی بێلایەن خۆم وبەلگەنامەکان و راستیەکان ئامادە بم ، ئەگەر ئەو لیژنەیە بڕیاری تاوانبار کردنی منیان دا ئەوا من ئامادەم بە پێکانی خۆم لەبەر دەم جەللادەکانی جەستابۆ ئامادەبم ، بەلام ئەگەر لیژنە بڕیاری دا .... گوێتان لێمە چی دەلێم ؟ ئەرێ گوێتان لێمە ها ؟ ئەگەر ئەو لیژنەیە بڕیاری دا کە ئەو دادگاییە هەموی شانۆگەری و کاری بێ بنەمان تۆمەتن بەمن هەلبەستراون ، ئەوا ئەو کات من لەبەر خاتری ئەوان داوا دەکەم بە گولە سزا بدرێن . گوێیان لێمە ئەوانەی لە کرملێن دانیشتون ؟ دە ئێستاش من لە چاوەڕوانی وەلامتانم .

ئەو کاتەی ترۆتسکی زانیبووی کە هاوڕێکەی ئینجیلکا بالابانۆڤ زۆر بەو بڕیارانەی مۆسکۆ دلتەنگ بووە ، لە 1937 نامەیەکی بۆ نوسی تیایدا وتی :

تورە بوون وهەلچون و قێز بوونەوە ؟ بەلێ تەنانەت ماندوێکی کاتیش ، ئەمانە هەموی کاری مرۆڤن بەلام هیچ بڕواناکەم خۆت داوەتە دەست قیزەوەنی . دەبێ مێژو بە نەخۆشیەکانیەوە وەرگرین ، کاتێک مێژو ئەم جۆرە قێزەوەنیانە بەخۆوە هەلدەگرێ دەبێ ئێمە بە بازوەکانمان ڕوبەڕووی ببینەوە .

ئادەمیزادی ، بەلێ ئادەمیزادی زیاد لە پێویست ، بێگومان ئەمە لە ترۆتسکی دەچێ ، نەتالیای هاوسەری ترۆتسکی لە بیرەوەریەکانی خۆیدا دەنوسێ دەلێ: کاتێک ترۆتسکی بەتەنیا لە ژورەکەی خۆی دادەنیشت هەندێک جار گوێم لێی بوو هەناسەیەکی ساردی هەلدەکێشا و لە ناخی دلەوە دەیوت : (من ماندوم ، ناتوانم لەمە زیاتر خۆڕاگرم ) ترۆتسکی بە ئاشکەرا دانی بەو ماندوێتیە نەدەنا بەلام کاتێک بەتەنیا دەبوو دەری دەبڕی وا پێدەچو ئەو ماندوبوونەی بەهۆی ئەوەوەبوو کە هاوڕێ کۆنەکانی دوای ئەوەی بەشەرمەزاری چۆکیان دادابوو کۆچیان کردبوو ئەو هاوڕێ یانەی کە نمونەی رەوشت و قارەمانێتی بوون بەم شێوەیە کۆچ بکەن بۆ ئەم دلتەنگی وبێتاقەتی بوو .

لێرە پرسیارێک هەیە زیاتر لە هەمو پرسیارەکانی تر لەسەر ژیانی ترۆتسکی : ئەو شۆڕشگێڕە قارەمانانە کە هەمو ئازار و مەینەتەکانی زیندانیان چێشتبوو لەگەڵ حوکمی ستەمکاری قەیسەر ژیابوون بە هەمو شێوەیەک خەبات و کاری شۆڕشگێڕیان ئەنجام دابوو کاتێک ئەم شۆڕشگێڕانە بەرگەی ئەم هەمو مەینەتانەیان کرد چۆن وا بەئاسانی قەبولی ئەو شەرمەزاری و خیانەت کاریەیان کرد؟ چۆن ناوی خۆیان خستە لستی خیانەتکاری ؟ کەس ناتوانێ وا بەئاسانی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە چونکە وا پێدەچێ زۆربەی سەرکردە بۆلشەڤیەکان رژێمی ئەوسایان لە ورەو تواناکانی خۆیان چەواشە کردبوو دەشتوانین بلێین کە لە کاتی دادگاییەکاندا ورەیان نەمابوو روخابوون .
دەزانین کە هەندێکیان هەڕەشەی ئەوەیان لێکرابوو کە ئەشکەنجەی نزیکترین کەسی دەدرێ و هەندێکی تر گفتی لێبووردنیان پێ درابوو هەندێکیش لە ژێر کاریگەری ئەشکەنجەو ئازاری بەندیخانەکان روخابوون ، دورنیە کە هەندێکیشیان گفتی پۆستی بەرزیان پێدرابێ ئەگەر بە تەواوەتی بچنە بن باڵی ستالین و لە خزمەت ئەودا کار بکەن . دواتر هەندێک بۆ چونی تر هەن کە ناتوانین بلێین راستن یا نا گوایە هەندێکیان بەمە دڵنەوایی خۆیان دابووەوە کە گوایە داننان بەم راستیانەش دەکاتە خزمەتێکی تر بە شۆڕش یا هەندێکیان دادگایان چەواشە کردوە بە زانیاریی نادروست ، بەڵام ئەمانە هەموی بۆچونن من پێم وایە هیچ یەک لەم لێکدانەوانە راست نین .
ترۆتسکی ئەوکاتە هەسایەوەو دڵی خۆش بوو کە لە 1937 لیژنەیەکی لێکۆلینەوەی هاوبەش لە رۆشینبیر و رادیکالیستە لێزانەکان پێکهاتبوو بۆ لێکۆلینەوە لە راستیەکان، ئەوەی شیاوی باسە هەموشیان لە ناحەزە سیاسیەکانی خۆی بوون ، دانیشتنەکان لە مەکسیکۆ سیتی کرانەوە . سەرۆکی لیژنەی لێکۆلینەوەکەش فەیلەسوفی ئەمریکی ئەلمسن جۆن دیوی بوو ئەم فەیلەسوفە دەستی لە خوێندنی دیراساتەکەی هەڵگرتبوو بۆ کار کردن لەم لیژنەیە ، بە دید و بۆچونی ئەم پابەند بوونێکی رەوشتیە دەیکا .
ماوەی یەک هەفتە بەردەوام ترۆتسکی لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دابوو نەک تەنها ئەو پرسیارانەی پەیوەندیان بەم دادگاییەوە هەیەو بەس بەڵکو ئەوانەی پەیوەندیان بە ژیانی تایبەتی و پەیوەندیەکانی و هەڵسوکەوتەکانیشیەوە هەیە . زۆر لە پرسیارەکان دوژمنکاری بوون بەتایبەت ئەوانەی تایبەت بوون بە بۆلشەڤیک و ستالینیزم ، ئەم لێکۆلینەوانە لەژێر ناوی ( کێشەی لیۆن ترۆتسکی ) تۆمار کران ئەم لێکۆلینەوە بریتی بوو لە چەندین لاپەڕەی دیالۆگ و گفتوگۆی سیاسی لە نێوان لێکۆلەرەوەکان و ترۆتسکی و رەخنەگرانیدا لەوانە ( جۆن دیوی و بنیامین سترۆلبوورگ و ئاتۆ روهل و راوێژکاری لیژنەکە جۆن فینەرتی ) لە میانەی هەمو ئەم دانیشتنانە ترۆتسکی بە ئینگلیزی دەدوا لەگەڵ ئەوەی شارەزاییەکی ئەوتۆشی نەبوو لە زمانی ئینگلیزی لە قسەکان زۆر هەڵەو ناریکیی دەکەوتنە ناو ، کاتێک دانیشتنی کۆتایی دەستی پێکرد ئەوکات ترۆتسکی بە دورو درێژی ژیاننامەو بەسەرهاتە سیاسیەکانی خۆی دەگێرایەوە و دادگایەکانی مۆسکۆی رەتکردنەوە ، ئەمەش دانیشتنەکە یە :
( ئەزمونی ژیانم کە پڕیەتی لە سەرکەوتن و ژێرکەوتن هەرەس بە بڕواکانم ناهێنێ ئەو بڕوایەی بە رەگەزی مرۆڤایەتی و دوارۆژی روناکەکەیەتی بە پێچەوانەوە ئەم ئەزمونە بەهرەیەکی زۆری پێ بەخشیوم کە لێرە بووارم نیە هەموی بڵێم ، ئەو رێبازەم کە بڕوام بە راستی ویەک ریزی مرۆڤ هەیە ئەوکاتەی لە تەمەنی 18 ساڵیدا بووم من لەگەڵ خۆم

بردمە گەرەکەکانی شارەکەم لە نیکۆلایڤ، دەڵێم من تا ئێستا ئەو بڕوایەم لە دڵدایە و دەی پارێزم ، ئێستا زیاتر پێگەییوە ئەگەر پڕ سۆزتریش نەبووبێ .
لیژنەی لێکۆلینەوە بڕیاری خۆی دا کە( ترۆتسکی بێ گوناهە ) بەڵام وا پێدەچێ ئەوکات هیچ کاریگەریەکی لەسەر رای گشتی ئەوروپا نەبووە بە تایبەتیش لە نێو رۆشنبیرە ئەوروپیەکان .
ئەو بێزاری و دڵتەنگیەی توشی گەنجە ئەوروپیەکان هات ، بووە مایەی بەگومان بونیان لە بیرو بۆچونەکانی ترۆتسکی لەوەی جیاوازیەکی زۆر لە نێوان بۆلشەڤی وستالیندا هەبێ . بەڵام باڵی چەپڕەوانی دژ بە ستالینیزم ئەوانەی بیردۆزی ترۆتسکی کاری تێکردبوون بەتایبەت کە هانی ئەوەی دابوو دەست هەلگرن لە نوسینە بێ بنەماکان ئەوانەی لەسەر ئاستی ستالین دەهۆلیان بۆ پێشکەوتن لێدەدا ، دەیان وت ترۆتسکی مافی تەواوی بەم مەسەلە گرنگانە نەداوە ، هەروەها گەیشتنە بڕوایە کە ترۆتسکی وەکو سەرکردەی بۆلشەڤی دەبێ بەرگری لە رابردوی خۆی بکا دیسان سەبارەت بە رەخنە گرتن لە بۆچونە ئەدەبی وسیاسیەکانی لینینست و مارکسیستەکان کە لەگەڵی بەشدارن بە رای ئەمان ترۆتسکی لەم بووارەشدا درێغیی کردوە.
ترۆتسکیش بەم وتارە وەڵامی دانەوە :
( رەوشتی ئەوان ورەوشتی ئێمە ) وتارێکی دژواری مارکسیستێکی خاوەن ئەزمونە ، هی شۆڕشگێڕێکی روسی کە ماوەیەکی زۆر دانی بەخۆوە گرتوە ئێستاش وەڵامی (ماکس ئیستمان و سۆڤارین و ڤکتۆر سیرج ) دەداتەوەو دەڵێ :
(ئەوەی بەر لە چەند ساڵی رابردو لە وەڵامدانەوەی هەندێک مارکسیستی روسی رام گەیاندوە دەبێ ئێستاش دوبارەی کەمەوە ).
ترۆتسکی لە وتارەکەیدا بە ناوی ( رەوشتی ئەوان و رەوشتی ئێمە ) دەڵێ :
ئاستی رەوشت لە روی مێژوییەوە رێژەییە ، بێگومان دەکرێ ئەم رێژەیە بە پێی مێژو کەم وزیاد ببێ .... ترۆتسکی هەوڵی ئەوەی دەدا کە لە رەفتارە کۆمەڵایەتیەکانەوە جیاوازیەکانی نێوان ستالینیزم ولینینیزم دەست نیشان بکا ، بەرگری کردنی لە رەفتارەکانی رژێمی بۆلشەڤی دوبارە دەکردنەوە . ترۆتسکی هیچ ئەمەی بە سەخت نەدەبینی کە رەخنەگرانی لە سۆشیال دیموکراتە کان بە و کەسانە بشوبهێنێ کە لە ژێر ناوی ( مەبەست پاساوی شێوازە) رەفتاری لەگەڵ دەکەن ، شیاوی باسە گرنگترین بڕگەو بەشەکانی ( رەوشتی ئێمەو رەوشتی ئەوان ) ئەو بەشەیە کە باس لە شیکردنەوەی پەیوەندیە تێکهەلکێشراوەکانی نێوان شێواز و مەبەست دەکا کە چۆن هەریەکەیان بە پێی کات و ئەنجامەکانی روداو جێگای خۆیان دەگۆڕن ، ئەمەش رەوانبێژیەکە دژی هەر دوفاقیەک چ ئاسان چ سەخت .
ترۆتسکی درکی بەوەڵامێکی گونجاو کرد لەسەر بانگخوازەکەی ( رەوشت تەنها بەرهەمێکی گۆڕانی کۆمەڵایەتیە) لەم سۆنگەیەوە هیچ شتی نەگۆڕ نین بۆیە دەنوسێ و دەڵێ :
( ئەرێ بیری رەوشتی پێشکەوتوی سەرەتایی بە ئاستی پێشوەچونی مرۆڤ نیە، کە هەر گروپەو بە شێوەیەک لێی بێبەشە؟ ) گومانی تیا نیە کە ئەمجۆرە بیردۆزانە هەن بەڵام کاریگەریان سنوردار ونا سەقامگیرن . نەریتەکانیش ( کە لەسەر کۆمەڵ پێویستن ) بە زیاد بوونی رەفتارو خەباتی چینایەتی کاریگەریان کەم دەبێتەوە.

ترۆتسکی بەردەوام دەبێ بە هەمو شێوەیەک بەرگری لە ( بێ رەوشتی بۆلشەڤی ) دەکا بەتایبەتیش رێورەسمی 1919 ، کە رێگە بە سوپای سور درا خزم و کەسی سەرکردەکانی سوپا وەکو بارمتە دەستیان بەسەردا بگیرێ ، ئەوانەی بە نادڵسۆزی تۆمەتبار کران ، ترۆتسکی دەڵێ : ( ئەمە کارێک بوو هەردەبووایە ئەنجام بدرێ، دەبێ دژی زۆرداران خەبات بکرێ) .

کە وایە کوا جیاوازیەکانی نێوان ئەم رەفتارەو رەفتارەکانی ستالین لە بەبارمتە گرتنی ژن ومنداڵی کەسانی ئۆپۆزسیۆن ؟ کە ئەوکات ترۆتسکی بە هەمو توانایەکیەوە دژایەتی ئەم هەڵوێستەی دەکرد ؟ بێ گومان تاکە پاساو بۆ ئەو رێورەسمە ی 1919 ی هاو مێژو ، بەگشتی ناتوانین شەڕی ناوەخۆ بە شەرێکی چەپەلی خەراپ نەناسین بەڵام هەمو جارێک دەبینین پاساو بۆ ئەم شەرە چەپەلە دێنینەوە. یا رەچاوی ئەم جۆرە رەفتارانە دەکەن کە ترۆتسکی بڕیار لەسەر ئەوە دەدا گوایە شەڕی سنوردارو نا سەقامگیرن و رودانیان ئاساییە ، ترۆتسکی بەردەوام دەبێ دەڵێ لە روداوی 1919 تەنها یەک تاکەکەسیش نە کوژرا بەڵام لە شەڕی ناوەخۆ چەندین لایەن بە تەواوەتی تێوەگلان و تیا چون ، ئەم جۆرە شەڕانە بۆیە ناتوانرێ لێیان دور بیت چونکە لە زۆر رووەوە لەیەک دەچن هەم لە روی پڕچەکی و هەم لە روی هاوتایی لە ژمارەو چەک وپێکهاتەدا ، تەنانەت هەندێک جار لەڕوی ئامانجیشەوە لەیەک نزیکن .

دواتر ترۆسکی باس لە رەخنەگرانی دەکات کە لە هەڵوێستەکانیاندا چەند راڕان .. ڤیکتۆر سیرج بەوە ترۆتسکی تۆمەتبار دەکا گوایە بۆ پارتەکەی رێگە پێدراوە خەڵک بە بارمتە بگرێ بەڵام بۆ دوژمنانی نابێ ئەم کارە رێگەی پێبدرێ ، ئەوەی شیاوی باسە سیرج لە گرتنی بارمتەکان زۆر دڵگران ببوو ، هەروەها بە هەمو ئەو کارانەی لە کاتی شەرە ناوەخۆییەکانیش رویان دان ، ترۆتسکیش بۆ ئەم پڕۆپاگەندانە وەڵامی ڤیکتۆر سیرج دەداتەوە ، کە گوایە سیرج خۆیشی لە ئیسپانیا لە سەردەمی شەڕی ناوەخۆ کە باسی دەکا لە ریزی ئەو پارتە بووە، ئەوکات میلیشیاکانی ئەو پارتە لە بەرەکانی شەر وەستابوون لەوێش ئیتر فەرمانی تەقەکردن درابوو خەڵکی تیا کوژراوە دیارە کەدەوترێ بە فەرمانی فرانکۆ ئەم خەڵکە کوژراوە ، ئەم روداوە بە رێکەوت لەگەڵ هەندێک روداوی تر لە یەک کاتدا رودەدرێن .

بۆ نمونە لە جەنگی دوەمی جیهانی کە ئازادیخوازو سۆشیالیستەکان بەیەکەوە بڕیاری تێکشکاندنی هیتلەریان دابوو ئەم جەنگە کاولکاری و مالوێرانیەکی زۆری لێ کەوتەوە دیارە ئەمەش بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بووە بۆنمونە لێدان وتۆپبارانکردنی شارە ئەلمانیەکان بە بۆمبی قەدەغەکراو و بۆردومان کردنی هیرۆشیما کە بووە هۆی لەناوبردنی دەیان بگرە سەدان هەزار کەسی سڤیل و بێ گوناە ، کاتێک ئەم کارە دڕندانەییانە دەکرێن پاساویان بۆ بێننەوە کەوایە ( مەبەست پاساوی رەفتارە ) دەکرێ لە پێناو بە ئامانج گەیشتن هەمو شێوازەکان بگرێتە بەر، بێ گومان مەبەست وئامانج لە جەنگی دوەمی جیهانی لەناوبردنی لایەنێک بوو لە کورتترین ماوەدا دیارە ئاساییە کە ئەمەش کارەسات و کاولکاریی لی بکەوێتەوە . وا پێدەچێ ئەوانەی پاساویان بۆ ئەم کارانە هێنابووەوە نەک هەمویان بەڵکو هەندێکیان وتیان پێویستی بە بەکار هێنانی بۆمبی ناوەکیی نەدەکرد ، خۆی لە هەڵوێستێک بینیەوە کە لە هەمان هەڵوێستی ترۆتسکی دەچو تەنها جیاوازیەکەی ئەوە بوو کە لەبەردەم ئەمانەتی مێژویی ترۆتسکی بەرپرسترە.

کەوابێ بەم پێوەرە و بە گوتەی ترۆتسکی بێ ئەو شێوازەی رەفتاری بۆلشەڤیەکان پاساوی گەیشتن بە مەبەست یا ئامانج بوو؟ ( بەهێز بوونی مرۆڤێک رێگە لە مرۆڤێکی تر دەگرێ دەست بگرێ بەسەر دونیادا . ئەمەش بە دیدی ترۆتسکی ئەوە بەردەوام بوون لە خەباتی چینایەتی دەگەیەنێ تا ئامانجەکانی سۆشیالیزم دێنە دی . بەڵام ترۆتسکی جەخت لەسەر یەک خالی گرنگ دەکاتەوە دەڵێ :

هەمو هۆو ئامرازەکان رێگەیان پێدراوە بە مەرجێک ئەم سۆنگانە بچنەوە سەر رزگاری مرۆڤایەتی .

بێ گومان هەمو رێگەچارەکان ناچنەوە سەر رزگاری مرۆڤایەتی بۆنمونە هۆکانی بەکارهێنراو لە خەباتی شۆڕشگێڕیدا زۆریان ناچنەوە سەر هەمان ئەنجام .

یەکیەتی لە نێوان کرێکاران وفەراهام کردنی تەبایی ، دواتر بۆلشەڤیەکان هیچ کاتێک لە سەردەمی شەڕی ناوەخۆ لە درۆکردن نەدەسلەمینەوە بۆئەوەی دوژمنانیان چەواشەکەن هەروەکو لینکۆلن لە شەڕی ناوەخۆی ئەمریکا دەیکرد . ترۆتسکی بەردەوام دەبێ لە قسەکانیدا دەڵێ :

بەڵام بۆلشەڤیەکان بەردەوام دەبن لە دڵسۆزیان بۆ کرێکاران ، تەنانەت ئەم رێژەیەش وەڵامێکی تەواوی ئەم پرسیارەمان ناداتەوە : (رێگە بە چی دراوەو بەچی نەدراوە ئەمە بۆ هەر کێشەیەک بە جیا . ناتوانین وەڵامێکی میکانیزمی بدەینەوە) . رای راست و زیرەکی وشارەزایی بۆ ئەم حاڵەتە زۆر زەرورە .

دیالۆگەکانی ترۆتسکی وێڕای بەهێزی و راستگۆییان لە روی رەوشتەوە ، سەختی و قورسی زۆریان تیایە .

1_ لە رەد دانەوەی رەفتارە دڕندانەییەکانی رژێمی ستالین، بەبێ ئەوەی هەست بکاو بە خۆڕسک خۆی بینیەوە کە بە رەوشتێکی مرۆڤانەی گەرم هەڵسو کەوت دەکا بەڵام لە کاتی بۆنەکاندا چاوپۆشیی لەم هەڵسوکەوتانە دەکرد ، ترۆتسکی نەک تەنها لەسەر رەوشتە کۆنەپەرستیانەکەی ستالینی دەنوسی بەڵکو لەسەر زولم و ستەمکاریەکانیشی دەنونسی ئەوانەی بە پێچەوانەی سەنگی مرۆڤن . ئێستا ( گریمانکاریی رەوشتە سەرەتاییەکان ) ڕۆلی خۆی دەبینی کە بەدیدی ترۆتسکی ( سنوردارو نا سەقامگیرن) لە جەنگین دژی دیکتاتۆریەتی ستالین ڕۆلی خۆی بینی . دوبارە بە شکاندنی پیرۆزمەندێتیی ( هەستی رەوشتی ) تاوانبار کرد کە لە وتارەکەیدا ویستی لە بایەخی کەم کاتەوە . ترۆتسکیش وادەبینێ کە لەم حاڵەتە توندڕەویانە هیچ چارەیەکی تر لەبەردەم دا نیە جگە لەوەی وەکو ئەو هەمو خەڵکە پاساوی لەم جۆرە بۆ ئەم رەفتارانە بێنێ . بەڵام دونیای رەوشت دەتوانێ وەڵامی ترۆتسکی بداتەوە کە زۆرجار لەم رەوشتانەی پاشگەز بۆتەوە . گومان لەوە دانیە یەکێک لە هۆکارەکانی هێرش بردنی ترۆتسکی بۆ سەر ستالین هەمان هۆکار بوون کە پەنای بۆ دەبردن ، ئەمە سەلمێندرا کە ئەوکاتەی خەڵک رو لە کارە نارەوشتیەکان دەکا هۆکارە پێویستیەکان ئەو خەڵکەن چونکە هەست کردن بە پێویستی لە ویژدان بریندار کردن بەهێزترە کاتێک مارکسیستێک پێی هەڵدەستێ .

2_ بۆ ئەوەی ترۆتسکی وا نیشان بدا کە جگە لە کریستپەروەر و ئاشتی خوازەکان، کارە مێژوییەکان پێویستیان بە و زاراوەیە هەیە کە دەڵێ (مەبەست پاساوی شێوازە) بەڵام ئەمانە هەموی بێ سود بوون سەبارەت بە گازاندە مەترسیدارەکان کە ڕوبەڕووی ترۆتسکی دەکرانەوە ئەوکاتەی دەیان وت :

ئەوکاتەی بۆلشەڤی لە ژێر پاساوی ( ئامانجی کۆتایی بۆ بۆلشەڤیە ) ڕێگەی بەخۆی دەدا شێوازی توندوتیژ و دڕندانە بەکار بێنێ چونکە هیچ کاتێک پێویستی بەم کارە توندو تیژیانە نەبوو کە ئەنجامەکەی بۆ خەڵک هەموی ناخۆشی وکارەسات بوون و زیانی زۆریشی بە ئامانجەکانی سۆشیالیزم گەیاند . ئەوەی گرنگە لە مەسەلەکە هەلبژاردنی جۆری ئامرازەکە یە نەک تەنها ئامانجەکە . بەڕاستی ئەمەش هەرجار بە بیری درەوشاوە وەکو بۆلشەڤی و دیموکراسی دێنە بەر .
بەهەرحاڵ ئەوەی لێرە پێویستمانە بێدەنگ کردنی ئەو قسە زل و بێ مانایانەن کە هیچ بنەمایەکیان نیە تا لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی بۆلشەڤیەکان هەمو ڕێگەو هۆیەک بگرنەبەر .
بەم شێوەیە کاتێک بۆلشەڤیەکان بڕیاریان لەسەر هەمو ئەو پارتانەدا ئەوانەی لە بۆلشەڤیەکان نین وەکو پارتی لە یاسا دەرچو مامەلە بکرێن ، ئەوکات پاساوی لەناو بردن و ڕاوەدونانی ڕکابەرەکانیان لەبەر دەست دابوو ئەنجامەکانیشی دیاربوون دورکردنەوەی مارتۆڤ لە 1923 بەهۆی هەڵوێستە توندەکانی لە ڕژێم و لەدەست دانی ئەوانی تر لە دیموکراتخوازەکان واتە ئەنجامێکی دژی سۆشیالیستی لێ کەوتەوە .
( جۆن دیوی ) بزیرەکانە پەرەی بەمە دا لە ڕێگەی کورتە وتەیەکی ڕەخنە ئامێز لەسەر نوسینەکەی ترۆتسکیی ئاماژەپێدراو . دیوی بەکارهێنانی هەردو زاراوەکەی لەیەک جیا کردەوە کە (ئامانج یا مەبەست ) بوو : مەبەستی پاساوداری کۆتایی و مەبەستێک کە خۆی ئامراز بێت بۆ ئەم کۆتاییە . کاتێک مانای مەبەست ئامانج بگەیەنێ ئیتر ڕونتر ئەوەیە پشت بە ئامرازی بەکارهێنان ببەستین . بەڵام مەبەستی دیار یا ( مەبەستی پاساوی کۆتایی ) ئەوەیە کە بیرۆکەی ئەنجامی کۆتایی دەگەیەنێ . واتە کاتێک مرۆڤ دەیەوێ مالێک پێک بێنێ کتو مت کۆپیی ئەوەی مەبەستیەتی دەرناچێ بەڵام ئەنجامەکەی ئەو دەبێ .
هەروەها دیوی دەڵێ :
بەهەر حاڵ ئەوەی ئەم گوتەیەی داناوە کە دەڵێ ( ئامرازەکان پاساوی ئەنجامەکانن) واتە بۆ گەیشتن بە مەبەست وئامانج هەر ڕێگەو ئامرازێک بگرێتە بەر ئەوا ئەنجامەکەی پاساوی بۆ دێنێتەوە بەم پێوەرە گرتنەبەری هەمو ڕێگاکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە ڕەوایی بەخۆوە دەگرن .
کە وابێ دەتوانین لە ڕەفتارو ئەنجامەکانی ئەو کارانە بڕوانین کە بۆلشەڤیەکان گرتبوویانە بەر بە پاساوی گەیشتن بە ئامانج کە ئەویش شکست پێهێنانی سوپای سپی بوو لە کۆتاییشدا ئامانجیان گەیشتن بە سۆشیالیزم بوو . کەوایە ئەوەی دیوی و ڕەخنەگرانی تر داوایان دەکرد ئەو پەیوەندیە بوو کە لە نێوان ئامراز و مەبەست داهەیە دەیانەویست لە هەمو پێکهاتەو وردەکاریەکانی ئەم پەیوەندیەو کاردانەوە نەرێنیەکانی بگەن بۆ ئەوەی چیتر مەبەست نەبێتە پاساوی ڕەفتارە دڕندانەییەکان ، دڵنیام لەوەی ئەوانەی پیادەی ئەم زاراوەیە دەکەن مەبەستی کۆتاییان دەگوازنەوە بۆ ئەنجامی ڕاستەوخۆی هەنوکەیی ، بەڵام لەو حاڵەتانە پاساوەکانیان بۆ ئامراز ورەفتارەکانیان قورستر دەبن .
3_ کێشە سەرەکیەکەی ترۆتسکی ورەخنەگرانی کە ململانێیان لەسەر دەکرد کێشەی پیس بوون بوو ئەم کێشەیە هیچ دەرچونێکی بۆ نەبوو کە بە کاری مرۆیی چارەبکرێ چاوەڕوانی کارەساتی لێ دەکرا . ناکرێ گوێ بۆ شتێ ڕاگری کە ئەگەری ڕودانی نیە ، بۆ

گەیشتن بە ئەنجام پێویستیی بە کاری مەترسیدار وجەربەزە هەبوو ئەویش گەیشتن بە ئەنجام بە مسۆگەری نەبوو .
بەڵام ترۆتسکی هەلبەت شێوازی برۆمیڤیس ( یەکێک بوو لە سەرکردە پالەوانەکان ) بە بنەمایەکی ئەدەبی پشتی بە بیرو بڕوا دەبەست لە هەڵسەنگاندنی هەر ئامراز و رێگە چارەیەکدا لە دیدی خەباتەوە لە کارو ئەنجامەکانی دەروانی بە رەچاوکردنی ئاستی رەوشتی سەرەتایی بەلانی کەم .
ئەمەیە ستراتیجیەتی ترۆتسکی لە وتارەکانی بە ناوی ( رەوشتی ئەوان و رەوشتی ئێمە ) راستی وت کاتێک نوسیی بیردۆزە رەوشتیەکان لە کاتی جەنگدا لەسەر یەک سەقامگیری نامێننەوە ئەوکات رێگەی لە رەخنەگرەکان گرت ، دۆخ و رەوشی جەنگ زۆر شتی نا گونجاو و ناچاوەڕوان کراو لەگەڵ خۆی دێنێ بۆیە ئاساییە کاتێک ئامراز و شێوازی کارو رەفتارەکان بگۆردرێن . ئەمەو تا ئێستاش لەم سەدەیەدا ناکرێ بوونی مرۆڤ بخرێتە ژێر رەقی و وشکی یاساکانی جەنگی ناوەخۆ هەروەها ناکرێ هەستی رەوشتی مرۆڤ بخرێتە ژێر فەرمانی پێویستیەکانی سەپێندراو لە لایەن هێزە بەرهەلست و ناکۆکەکانی شەڕی ناوەخۆ .
دوای شەڕی ناوەخۆ لە یەکیەتی سۆڤیەت سەردەمێک هاتە پێش کە مرۆڤ هەستی بە ئارامی و ئاشتی دەکرد ئاشتیەکی کۆمەڵایەتی تارادەیەک ، لەو ماوەیەدا کێشە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکانی کۆمەل لە بارێکی ئاسایش وئاشتەوایی دابوون .
ئەو کات زەرور ئەوەبوو ڕوبەڕووی کێشە سیاسیەکانی درێژخایەن ببیتەوە ، وەکو : نوێنەرایەتی وبیروکراتی بڵاوبوونەوەی دەسەڵات و گەڕانەوەی گەندەلی. وەکو ئەوەی سەبارەت بە کێشە رەوشتیەکانی درێژخایەن رویاندا : ئەو فشارەی خراوەتە سەر دەسەڵاتداران بۆ کەم کردنەوەی توندو تیژی و تۆقاندنی خەڵک هەروەها پەیوەندیەکانی نێوان دەسەڵاتدار و جەماوەر لەگەڵ ئەو مەرجانەی کە دەسەڵات دەتوانێ بیانکاتە پاساو .. ئاشکرایە کە ئەم جۆرە کێشانە بەو رێنمایانە چارەسەر ناکرێن کە ترۆتسکی دایناببوون هەروەها بە رێنماکانی باری سیاسیی بۆلشەڤیش چارە ناکرێن .
من وا دەبینم کە کێشەکە پەیوەندیی بە بۆچونێکی تایبەتیی مارکسیانەوە نیە . دەبینین لە ناوەڕۆکی هەمو نوسینەکانی ترۆتسکی بە ئاشکرا یا بە شاراوەیی ئاماژە بە ( شیکردنەوەی دوایی ) دەدا وەکو دەڵێ : لە شیکردنەوەی دوایی دەردەکەوێ کە دەوڵەت لیژنەی جێبەجێکاری چینی دەسەڵاتدارە ) کەوایە لە زاراوەی ( شیکردنەوەی دوایی ) سیاسەت دەبێتە کۆپیەکی شاراوەی دان پیانەنراوی شەڕی ناوەخۆ ، تەنانەت ئەگەر لە زاراوەی ( شیکردنەوەی دوایی ) ئاماژەش بە دیموکراسیی بۆرجوازی نەدات تەنها بە دەسەڵاتە زاڵەکەی دەسەڵاتدار بدا، بەڵام زۆر شتی تر هەن کە مرۆڤ بەر لەوەی بگاتە ( شیکردنەوەی دوایی ) لە مەبەستەکە تێبگا .
بە دیدی ترۆتسکی کۆمەل لە حاڵەتێکی بەردەوامدایە بۆ چون بەرەو پێش یا بەرەو دواوە .
ئەو رەخنانەی رەخنەگرەکان لە بۆلشەڤیان دەگرتن ئەوانەبوون کە پەیوەندیان بە روداوەکانی ئەو سەردەمەوە هەبون بۆ نمونە : بە دیموکراسیان دەوت دیموکراسیی بۆرجوازی ئەگەر بۆیان بلوابا ، هەمو ئەقلێکی سیاسی ئەمەی رەت دەکردەوە ئەگەر بۆی بکرابا ئەمە زەرورەتێکی سیاسی بوو بۆ کەسی سۆشیالیست وکەسی نا سۆشیالیست .

لەوانەیە رەخنەکانی دیوی لەترۆتسکی ئەوانەی سەبارەت بە بابەتی ( رەوشتی ئێمە و رەوشتی ئەوان ) نوسیبۆوە لەوەدابوو کە ترۆتسکی خەباتی چینایەتیی پێ راستیەکی نەگۆڕ بوو، بەو پێوەرە رەفتارو کارە نابەجێیەکانی بۆلشەڤی پاساویان هەبوون و بە تاکە رێگەی دەزانی بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم . دیوی دەڵێ :

ئەوەی دەگوترێ یاسایەک بۆ چەسپاندن ودیاری کردنی رێنماکانی خەبات دادەنرێ من پێم وایە ئەمە دەچێتەوە ئاقارێکی شێتایەتی و نادیار ، دیوی کۆتایی بە رەخنەکانی خۆی دێنێ دەڵێ :

ترۆتسکی لە پێناو گەیشتن بەدەسەڵاتێکی تری ستەمکار خۆی لە دەسەڵاتێکی ستەمکار دەشارێتەوە.

کەوایە ئەوەی دیوی سەبارەت بە خەباتی چینایەتی دەڵێ ئەوە هەمان گوتەی بۆلشەڤیە بەهەمو شێوەکانیەوە بەلام ئەمە ئەوەیە کە ترۆتسکی بۆی نەچوە و باسی لێوە نەکردوە .

ترۆتسکی لەسەر ئاستی جوەکان نەرم ونیانیی دەبینی. ترۆتسکی بە درێژایی ژیانی زۆر بەتوندی دەستی بە هێلی مارکسیەوە گرتبوو بەوەی کە : چارەسەری بنچینەیی دژایەتیی سامیەکان و جیاوازی ئابوریی جوەکان لە سۆشیالیزم دا دەبینیەوە ، ئەمەو بیرۆکەی سایۆنیزم بە ئەندێشەی نەتەوایەتی دەزانێ بە دیدی ترۆتسکی ئەم ئەندێشەو خەیاڵە لە رێگەی سەرمایەداریەوە نەبێ نایەتە دی . جوداخوازیی ( بەنەد ) کە بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستی جوەکانی پۆلەندایە ، سیاسەتی مارکسیزم وفەرهەنگی جوەکان بەیەکەوە گرێدەدا ، دەبێ بە هەمو هێزێکەوە رێگە لەم بزوتنەوەیە بگیرێ چونکە جوەکان دەبێ بێنە ریز بزوتنەوەکانی ئەو ولاتەی لێی دەژین نابێ خۆیان لەو گەرەک و کۆلانانە گۆشەگیر کەن کە لێی دەژین ، لە ساڵەکانی بەرایی سەدەی بیستەم ترۆتسکی هێرشی دەکردە سەر ( بەنەد ) بە وە تۆمەتباری دەکردن کە رێکخراوێکی بت پەرستە ، لەبەر ئەم هەڵوێستەی سەرکردەکانی ( بەنەد ) زۆر بە رقەوە سەیریان دەکرد زیاتر لە مارکسیستە روسەکانی تر . جگە لەمە ترۆتسکی هیچی تری بۆ جوەکان نەکردوە .

ترۆتسکی هەر وەکو مارکسیستە روسیەکانی تر حەزی دەکرد هەستی وەکو هەستی جوەکانی تر بێ و وەک ئەوان بیر بکاتەوە بەلام ئەم بەدرێژایی ژیانی وەکو مارکسیستێکی روسی بیری دەکردەوەو لەبیری چوبۆوە کە بەرەگەز جوە هەڵسوکەوتەکانی دوربوون لە هەڵسوکەوتی جوەکان ، هەڵسەنگاندنی لەسەر بنەمای خەباتی چینایەتی دەکرد نەک لەسەر بنەمای ناسنامەی جوایەتی ، هەندێک کەس دەڵێن دڵنیاین کە هەندێک لە بیرەوەریەکانی منداڵێتیی لەسەر جوایەتی دێتەوە یاد و حەزی لێیەتی بەلام زۆر سوربوو لەسەر ئەوەی ئەمە لەبەردەم جیهان دەرنەکەوێ و هەردەم دەیشاردەوە .

لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا نامەیەکمان لە جۆزیف نیڤادا بەدەست گەیشت کە گوایە ترۆتسکی زۆر بایەخ بە جێنیشکردنی جوەکانی فەلەستین دەدا بە تایبەتی بزوتنەوەی کرێکاران ، نیڤادا لە نامەکەیدا باس لە هیرتس مندڵ دەکا کە ترۆتسکیستێکی جوی پۆلۆنی بوو ، تێیدا دەڵێ لە ساڵی 1934 گفتوگۆیەکی گەرمم لەگەڵ ترۆتسکی لەسەر ئەو مەسەلەیە لە پاریس ئەنجام داوە ، دەڵێ ترۆتسکی داوای زانیاریی دوا گۆڕانەکانی فەلەستینی لێکردم دواتر هرتس مندڵ دەڵێ :

( یەکسەر نامەم بۆ هەڤالانم لە پۆلۆنیا نوسی بۆ ئەو داوایەی ترۆتسکی . بەلام هەر زو ئەم کارەم لەبیر کرد ، لە مێژوی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی هەندێک لە شۆڕشگێڕە جوەکانم

ناسی بوو لە کاتێک بۆ کاتێکی تر کەچی ئەوانیش زوو ئەمەیان لە بیر چو بوو ، بەڵام ترۆتسکی بەتەنیا نیە لەوانەی کە زو شتە گرنگەکان لەبیر دەکەن . نەک هەر ئەوەندە بەڵکو لە جەنگی دوەمی جیهانیش رایگەیاند کە جوەکان مافی خۆیانە وڵاتێکی سەربەخۆی خۆیان هەبێ .

لە 1937 کاتێک ترۆتسکی دەگاتە مەکسیک ئەوەی بە راشکاوی دەربری کە چی لە ناو دڵ دایەو کار بۆچی دەکا وتی:

( لە رۆژانی لاوێتیم دا وا بیرم دەکردەوە کە جوەکان لە هەمو وڵاتەکاندا تێکهەڵ بە دانیشتوانی ئەو وڵاتە دەبن بەم شێوەیە مەسەلەی جوایەتی بە رێگایەکی ئۆتۆماتیکی کۆتایی پێ دێت . بەڵام گۆڕانی چواریەکی سەدەی رابردو بە پێچەوانەی ئەمەی سەلماند . سەلماندی کە سەرمایەداری شاراوەش بۆ نەتەوایەتیی توندڕەو گۆڕاوە، دیاردەیەکی تری ئەوەبوو دژایەتی بۆ سامیەکانی لێ کەوتەوە . مەسەلەی جوایەتی لە مەزنترین وڵاتی ئەوروپا کە ئەڵمانیایە گەشەی کرد.

جوەکان لە هەمو دونیا نەریتیان بۆ خۆ خولقاند و پەرەیان بە زمانەکەیان دا، کردیانە بە ئامرازی رۆشنبیریی سەردەم . کەوایە دەبێ جوەکان وەکو نەتەوەیەک سەیر کەین ئەوان تا سەردەمانێکی زۆری داهاتو خۆیان دەپارێزن .

بەو بیرکردنەوانەی ترۆتسکی لەسەر رەوشەکە ناتوانین بگەینە ئەنجام ودەسکەوتێکی باشی زانیاری و تێگەیشتن . بەڵام ئەوە دەزانین کە ترۆتسکی بەردەوام بوو لە سەر ئەو بڕوایەی کە بزوتنەوەی سایۆنیزم ( ناتوانێ چارەسەری کێشەی جوەکان بکا ) .

ترۆتسکی بەهۆی ئەوەی کە وتبووی ( خەباتی عەرەبایەتی و جوایەتی خەریکە شێوازێکی مەترسیدار وهەڕەشەئامێز دەگرێتە بەر ) لەهەمان کاتدا گاڵتەی بە بیرۆکەی ( کۆچی بە کۆمەڵ ) دەکرد کە جوە پەرش و بڵاوەکانی وڵاتان دەیانکرد بۆ جێنیش بوون لە یەک شوێندا ، ئەم رایەی زۆر لەو رایە دور نەبوو کە دوای چەند ساڵێک دەری بڕی . ئەمەش رای خۆی بوو کە دەیوت ئیمپڕیالیزمی ئینگلیزی تا ئێستا بای ئەوەندە هێزی هەیە کە ئومێدی جوەکان تێک بدا .

ترسی لەوە هەبوو کە ئەم روداوانەی فەلەستین بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ جوەکان ببنە تەپکەیەک بۆ هەزارەها جو. دیارە کە دوای ئەمە هیچ بیرۆکەیەکی تر گەلالە ناکا ، بە سۆزەوە باسی لە جوەکان و نیشتەجێ کردنیانی دەکرد ، ئەم هەڵوێستەی جیا بوو لەگەڵ هەڵوێستەکانی پێشتری ، دیسان نیڤادا دەنوسێ دەڵێ :

( خەریکە بڕوا بەوە بێنین ئەگەر لەو روداوانەی ئێستا لە سەر مەسەلەی جوەکان رودەدەن لە کۆچکردن و دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەتی بە خۆیان ئەگەر ترۆتسکی لەم سەردەمە مابووایە من پێم وایە بەشداریی لە چارەسەری کێشەی جوەکان دەکرد . ئایا دەبێ ئەمە راست بێ ؟ کێ دەزانێ ، بەڵام من وای دەبینم ئەگەر ترۆتسکی لە ژیان بووایە لەگەڵ رای ئێمە کۆک دەبوو ، بەڵام ئەمە تەنها ئەگەرن کێ دەڵێ بە پێچەوانە نەدەبوو تەنها ئەوەی لام رونە ئەوەیە کە راگەیاندنەکانی ترۆتسکی بۆ ئەم مەسەلەیە واپێدەچون کە بەلای کێشەی جوەکاندا بشکێتەوە . من گومانم لەوە هەیە کە ترۆتسکی لە هەڵوێستەکانی پێشوی بەردەوام نەدەبوو . *( منیش پێم وایە ئەمە بۆ شکاندنی کەسی ترۆتسکیە ، دەنا حوکم دان لەسەر کەسێک و هەڵوێستێکی رونەدراو بە گریمان لەسەری بکەیتە ماڵ کە ئەو کەسە لەو سەردەمە لە ژیان نەمابێ تا ئەوکاتەیش کە مابوو ئەم*

*کێشەیە لە مەیدان بوونی هەبوو ترۆتسکیش هەڵوێستەکانی رون و دیار بوون ، ئەمە دەتوانم ناوی بنێم گوللە بە تاریکی وەنان ... خالید .وەرگێری عەرەبی بۆکوردی..* ) .
ترۆتسکی ئەوەندە کاتی نەبوو تا بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە ئەم لەسەر بنچینەکانی بیروبڕوای مارکسیست هەڵسو کەوتی دەکرد ئەو مەسەلانەی خۆی پێوە خەریک دەکرد لەم مەسەلەیە گرنگ تر بوون .
سەبارەت بە ترۆتسکی وزۆربەی چەپڕەوەکان ئەوانەی دژایەتی ستالینیزمیان دەکرد ئەوەی لای ئەوان گرنگ بوو خۆیان پێیەوە خەریک کەن مەسەلەی روسیای ستالین بوو ئەو گۆڕانە توندو کارەساتیانە بوون کە لەسەردەمی ستالین رویان دەدان ئازادیخوازەکان لە هەرکێیەک بوونایە لە رێگەی بێسیم و رادیۆکانەوە بەدوای هەواڵەکاندا دەگەڕان وسوڕیان دەخوارد ، هەمو پارتە چەپەکان کات وتواناکانی خۆیان بۆ ئەم مەسەلە تەرخان کردبوو . ئەم کێشەیە ببوە بنێشتە خۆشی سەرزاری ئازادیخوازان کێشمە کێشم وگفتوگۆ کانیان لە چوارچیوەی بیرورکانی مارکسیزم دەخولانەوە .
بە هەمو حاڵەتێک مەسەلەی ستالینیزم بوو بە مەسەلەیەکی گرنگ ونەدیار لە هەمو روێکەوە لە لایەک وەکو تەواوکەرو درێژە پێدەری لینینیزم ولە روەکەی تریشەوە وەکو ترۆتسکی دەڵێ دەوڵەتی کارە بەد رەوشتەکان یا دەوڵەتی کودەتای مێژویی ترسناک .
مشتو مرە گەرمەکانی نێوان چەپڕەوان لە رێگەی تاک وشەکاندا کە وەکو زاراوە بەکار دەهێنران ئەنجام دەدران جگە لە مارکسیستە رەسەنەکان کەسی تر لێیان تێ نەدەگەیشت ئەم زاراوانە وەکو دەربڕین بە نهێنی بەکار دەهاتن .
ئەم گفتوگۆیانە هەندێک جار زۆر بە ئارامی و لەسەرەخۆ ئەنجام دەدران و بە باشی لەیەک دەگەیشتن ، بەڵام بێگومان گفتوگۆیە گرنگەکان نەوە دوای نەوە دوبارەی دەکاتەوەو دەیان کاوێژن ، کەسانی ئەکادیمی وتوێژەرانی سیاسی بەم کارە هەڵدەستن بۆیە دەبێ ریز لە هەڵوێستی چەپڕەوەکانی دژی ستالین بگرین کاتێک بۆ چارەسەری و یەکلاکردنەوەی ئەم کێیسانە مشتو مر دەکەن دیارە مەسەلەکە ئەوەندە دەهێنێ .
لە دووساڵەکانی دوا تەمەنیدا ترۆتسکی بەم مشتو مرانەیە ی سەبارەت بە رۆڵی سیاسی و سروشتی و کۆمەڵایەتیی روسیای ستالین ماندو ببوو ، ئەوە بوو هەندێک لە سەرکردەکانی لایەنگرانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی ماکس شخمان جیمس بۆنهام گاڵتەیان بە هەڵوێستەکانی ترۆتسکی دەکرد . ئەمان لە کاتی شەڕی ناوەخۆی روسیدا دەیان وت: روسیا شایستەی ئەوەنیە بە یارمەتی دارایی بدرێت ، چونکە فتنەی دەوڵەتی کرێکاری دواکەوتوی بۆ ئێمە ناوەتەوە .
سەبارەت بە زاراوەی ( یارمەتیی دارایی و رەخنەیی ) هەردوکیان کێشەو ئاژاوەیان نایەوە ، چونکە راستیەک هەیە ئەویش ئەوەیە هیچ شتێکی هەستیار تایبەت بەم دوو زاراوەیە لە ئارادا نەبوو تەنها ئەو رایە بوونی هەبوو کە دەڵێ چۆن کار بۆ جێبەجێ کردنی ئەم زاراوە بکەین .
کاتێک سوپای روسیا گەمارۆی فینلەندای داو گرتی ترۆتسکی بەرانبەر بەم کارە نارەزایی خۆی دەربڕی ، رایگەیاند کە ئەمەش کارێکی تری کۆنەپەرستی ستالینیزمە . لەگەڵ ئەمەش لە نوسینەکانی بەردەوام دەبێ ئەوانەی پشتگیری لە بۆچونی ( یارمەتیی دارایی ) بۆ روسیا دەکەن چونکە بە بۆچونی ترۆتسکی دوای داگیر کردنی فینلەندا لە لایەن روسیاوە ئەوا لە نێوان بۆرجوازیی رۆژئاوا و یەکیەتی سۆڤیەت پانتایی خەبات

بـەرین تـر دەبـێ. ئـەم گفتـو گۆیـە تونـدە رەنگـی لەسـەر چارەسـەر کردنـی کێشـە چاوەڕوانەکان دایە .
تا مردنی ، ترۆتسکی روسیای ستالینی بـە دەوڵـەتی کرێکـارانی دواکـەوتو ) دەناساند چونکـە یاساکانی خۆمـاڵی کردنـی مولکـداریێتیی هێشـتبوەوە کـە بـە دەسکـەوتی شۆڕشـی روسیی دەزانی.
بە بۆچونی ترۆتسکی ئەم دەوڵەتە کۆمەڵگایەکی بێ ئامانجی مێژوییە . رازیش نیـە کـە بچێتـە ژێـر بـاڵی نـە بۆرجـوازی نـە شۆڕشـی کرێکـاریی نـوێ و نـە سـەرمایەداری و نـە سۆشیالیسـت ، کەوایـە هـەر دەبـێ ( ئـابوریی نەخشـەدار سـاخ بکرێتـەوە ) هـەروەها مولکداریێتیی خۆماڵی کراو ، کە ئەمەش تا ئێستا نەکراوە .
دەڵێن ترۆتسکی لە دوا ساتەکانی ژیانیدا هەڵوێستەکانی راست کردونەتـەوە ، لـە 1939 دەنوسێ دەڵـێ :
( یەکیەتیی سۆڤیەت ) _ قەوارەی کۆمەڵایەتیی شۆڕشی ئۆکتۆبـەر ( پیشەسازیی خۆمـاڵی کراو و ئابوریی نە خشە بۆ کێشراو ) ئەنجامەکەی رژێمێکی فاشیزم دەبێ ، دوا تێبینیش لەسەر بیرۆکەی سازش لە نێوان قەوارەی فاشیی مەزن و(بنکە )ی سۆشیالیست ( دەوڵـەتی کرێکاران) وا پێدەچێ کە کارێکی سەختە ئەگەر ئەقل بارانیش بکرێت پێم وایە مەحاڵە.
رەخنەگرانی ترۆتسکی ئەوانەی هزری سیاسیان پەرەی سەندبوو لەوانـە ( شختمان) ی بەهرەمەنـدی ئـەمریکی سوربوون لەسـەر ئـەوەی ئـەوە بسـەلمێنن کـە بـە ئەگـەری ئـەو زیانانەی لە چینی کرێکاران گەیشتون دەبێ ئەوە نیشانەی ئـەوە بـن کـە ئـەم چینـە بـە هیچ شێوەیەک بەشداریی لە حوکم رانی نـەکردوە دواتـر زیانـەکان کـە دەسـەڵاتی سیاسـی لە چینی کرێکاری داوە ڕێگە پێنەدانە لـە دەسـەڵات گـرتن ، واتـە هـیچ دەرچـونێکی تـری نیـە بـۆ ئـەم قەیرانـە کەوایـە چینـی کرێکـار تـەنها لـە ڕێگـەی سیاسـەتەوە نـەبێ نابێتـە خاوەن دەسەڵات چونکە ئەمان خـاوەنی مولـک و زەوی نـین ئـەوەی چینـی بـۆرژوازی کـردی کە بە ناڕاستەوخۆ توانیی دەسەڵات بگرێتەدەست ئەوە بە چینی کرێکار ناکرێ .
دەڵـێن هـیچ بەلگەیـەک لەبـەر دەسـتدا نیـە کـە سـتالین بۆرجـوازیی لـە نێـو ریزەکـانی خۆیـەوە سەرخستۆتە سـەر بـۆ سـەر کورسـیی دەسـەڵات ، ترۆتسـکی کـاتی خـۆی لەمـەیان هەڵەی کرد کە وایزانی بەلگەی لەدەستە .
دەڵێ ئێستا بیرۆکراتی بوو بـە چینـی دەسـەڵاتدار بەرژەوەنـدی تایبـەتی خـۆی هەیـە کـە ناکۆکن لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری و سۆشیالیزمی ، زۆر بـەڕونی ئاشکرا بـوو کە ئەو دووفاقیە مارکسیزمەی ترۆتسکی پیادەی دەکرد هەڵـە بـوو دەبـێ ئەمـە یـەکێک بـێ لە هۆکارەکانی دواکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیزم ، دەتوانین بلێین مێژو لەم جۆرە بیرۆکانـە بێبەشە .
لـەولاوە بیرۆکـەی سـێیەم هـەبوو کـە شـختمان نـاوی لێنـابوو بیرۆکـەی بڵاوەگیـری بیروکراتیزم ( بڵاوەبوونی مولکداریێتی ) لەم زاراوەیە مەبستی ئابوریی چینـدار بـوو کـە بەهۆی دەست گرتنی چینێکی نوێ بەسەر مولکەکان چینێکی تر دروست بووە ئـەم چینـەش بـە ئـاگر وئـاسن دەسـتی گرتـوە بەسـەر هـەمو مولـک وسامانی وڵات بـەهۆی دواکـەوتویی کۆمـەڵگای روسیشـەوە مەبەسـتیەتی ئیمپراتۆریـەتێکی نـوێ لـە روسیا دابمـەزرێنێ. ئـەم کۆمەڵگایـەی بـە کۆمەڵگایـەکی کۆنەپەرسـت دەزانـی کۆنەپەرسـتتر لـە کۆمـەڵگای سـەرمایەداری چونکـە چینـی کرێکـاری لـە مافـە سـەرەتاییەکانیش بـێ بـەش کـردوە ئـەو مافانەی دونیای رۆژئاوا لە سەدەی نۆزدەهـەم وەدەستی هێنـابوون . جا ئـەم مافانـە چ (

بڵاوه بوونی مولکداریێتیی بیروکراتی ) بن که ئێستا له روسیا بۆته باو یا رژێمی کۆمەڵایەتی نویێ بن لەسەر ئاستی دونیا .)
ئەمە ئەو راستیەیە کە ناکۆکەکانی ترۆتسکی نەیان دەتوانی دانی پیا بنێن . هێزی رەت کردنەوەکانی رەخنەگرانی ترۆتسکی لەوەدابوو کە بیرۆکەی ( دەوڵەتی کرێکارانی دواکەوتو) یان رەت دەکردەوە ، زیاتر لە رەتکردنەوەیان بۆ دروست بوونی قەوارەیەکی مێژوویی لە داهاتو . وا پێدەچێ ئەمان راست بن لەسەر ئەو بۆچونانەی خۆیان کاتێک کۆمەڵگای روسیان بە کۆمەڵگایەکی نوێی پێشکەوتو ناساند ئەوەتا ئەوە نیە تا ئێستا لە کۆمەڵگای سەرمایەدار ناچێ ؟ هەروەها بەلای رێبازی سۆشیالیزمیش دا ناچێ ، بەڵام وا پێدەچێ ئەمان هەنگاوی تریان نەنا بۆ ئەوەی مەبەست و بۆچونەکانیان زیاتر رون وئاشکرا بن .
ترۆتسکی لە گفتوگۆیەکیدا رەخنەی توند لە لادەرانی دەگرێ لە یەکێک لە وتارەکانی ئەم دواییەیدا لە ژێر ناوی ( یەکیەتی سۆڤیەت لە جەنگ ) بە راشکاوانە دەست پێشخەریەک دەکا بۆ شیکردنەوەی زاراوەکانی دەڵێ :
مادام رەخنەگرەکان گفتو گۆو مشتومڕیان لەسەر رەوشی بیروکراتیی سۆڤیەتی کرد وتویانە کە لە شێوەی ئەم بیروکراتیە نەلە کۆمەڵگای بۆرجوازی و نە لە کۆمەڵگای بیروکراتیی کرێکاری و نە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری بوونی نیە و لەم روەوە لە ئاستی بیروکراتیی فاشیست بەدور دەکەوێتەوە کەوایە ئەمە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی نوێی بەهێزە . من رایدەگەیەنم کە ئەمە ڕاستەو من چاوپۆشیی لێناکەم بەڵام ئەگەر لە روی چینایەتیەوە سەیری بیرۆکراتیەتی روسی بکەین ، ئەوا ئەم جۆرە چینە مولکدارەمان پێشتر نەدیوە. کەوابێ دەسکەوتمان مەزن نین چونکە ئێمە هەردەم داوا لە بیروکراتیەتی سۆڤیەتی دەکەین وەکو چینێکی تایبەتی بەڵام بەم شێوە، لوت بەرزی چینەکە و زۆرداری حوکمەکە توندتر دەبێ. ئەو چینە وادەزانێ ئەوان لە لوتی ئیبراهیم دابەزیونەتە خوارو جەماوەریش لە بەشە خەراپەکەیەوە ، بەڵام ئەم نمونەیەش بە تەواوەتی خەسلەتەکانی ئەم چینە ناناسێنێ . هەرچۆنێکی بێ هەمو کەس لەوە بە ئاگایە کە کەمینە لە مۆسکۆ برای باوکی هندۆسە ئەبراهمیەکانن، زانستی زاراوەکان ناتوانێ زاراوەیەکی گونجاومان پێ بدا تا بیان خەینە ئەو بازنەیەوە بۆ ناساندنیان بەڵام هەرچۆنێکی بێ هەمومان و تائێستا بیرۆکراتیەتی روسی بە بیرۆکراتی ناناسین ؟ بە مسۆگەری بەڵێ . دیارە ئێمە لە خەسلەتەکانی مێژوش بێخەبەر نین ، پێم وایە ئەوەندە بەسە .
وابزانم ئەوەی ترۆتسکیی بێزار کردبوو ، پێداچونەوەکانی بە بیردۆزە پێشنیارکراوەکانی لادەران بوو ( لە بزوتنەوەی ترۆتسکی جیا ببنەوە لە ساڵی 1940 ) ئەوان خەریکی ئەوەبوون لە گرنگیەکانی ئەو شۆڕشەیان دەکۆڵیەوە کە سیاسەتی ترۆتسکی جەختیان لەسەر دەکاتەوە . مەترسیەکانی ترۆتسکی لە شوێن خۆیان بوون . ئەم نارەزاییانەیان بۆ هێنان و بردن بوو، ئەگەر بیرۆکراتیەتەکەی ستالین رژێمێکی کۆمەڵایەتیی نوێ بێ ؟ نە بۆرجوازی بێ ونە پرۆلیتاری بێ کەوایە دورنیە تەمەنی ئەم رژێمە کورت بێ بەم پێوەرە ژیانی ئەم رژێمە هەموی لەسەر زوڵم و زۆرداری بنیاد دەنرێ .
لەولاوە توانای تر هەن ئەگەر رەخنەگرانی ترۆتسکی لەسەر حەق بن ، کە دەبێ بە هەمو بیرو بڕواکانی سۆشیالیزم دابچنەوە بە حوکمی ئەوەی خۆیان سۆشیالیستن بواری

ئـەوەیان پێدراوە کـە بپرسـن ئـاخۆ چینـی زەحمـەتکێش دەتـوانێ بـەو رۆڵـە هەلسـێ کـە مارکسیزم بۆی دیاری کردوە ؟ بەلێ دەتوانێ شۆڕش هەڵگیرسێنێ ، بەڵام ئایا دەتوانێ بیپارێزێ بێ ئـەوەی بـوار بـۆ بیرۆکراتیـەتی ستەمکاری نوێ نەرەخسێنێ ؟ ئایا توانای تیۆری و دوربینی ئەوەی هەیە کۆمەڵگایەکی سۆشیالیزم بێنێتە کا ؟ ئایا ئـەو کارەساتەی لە ئەنجامی ئەو شۆڕشە لە روسیا کەوتـەوە ئەمـە حاڵـەتێکی تایبەتیـە بـە روسیاوە ؟ یا دیاردەیـەکی جیهانیـە ؟ ئـەم پرسیارانـە کـاتی خـۆی وەکـو چەواشـەو فـرت و فێل دەکران ئەمرۆ ئەمانـە سەرکەوتنیان بۆ نانوسرێ بەتایبـەت کاتێک جوداخوازەکـان بیردۆزەکـەیان لەسەر ( بڵاوەگیری) بیرۆکراتی پێشکەش کردوە .

خۆشەویستیەکە بۆ ترۆتسکی دەگەرێتەوە چونکە سەرەڕای ئەوەی ئەم جۆرە بیرۆکانـەی رەت دەکردنـەوە بـەڵام لـە دواساتەکانی ژیانیدا رایگەیانـد کـە پڕۆلیتاریـا نـاتوانێ بـە دروستـی بـە ڕۆڵـی شۆڕشگێڕی خـۆی هەلسـێ ئەگـەر گـۆڕانی بنـەرەتی لـە بیروبۆچونـە سیاسیەکانی خۆیاندا نەکەن . لەم روەوە دەڵێ :

ئەگـەر ئـەم شۆڕشـە هەڵگیرسا بـە بـڕوای ئێمـە رودەدا ، شۆڕشـی پڕۆلیتاریـا بێگومـان بیرۆکراتیـی روسـی سـەرنگوم دەکـاو دیموکراسیـەتی روسـی لەسـەر بنەمایـەکی ئـابوری و رۆشەنبیریی بەرزتر لەوەی لە ساڵی 1918 هەبوو دوبارە بنیاد دەنێتـەوە. ئەگـەر گریمـان ئەو شەڕەی کە هەیە شۆڕشی لێ ناکەوێتەوە دەبێتە هۆی لەناوچونی پڕۆلیتاریا ئـەوکات یەک ئەلتەرناتیفمان دێتە پێش ئەویش : داتەپینی بەزیادەوەی سەرمایەداریی زەوتکار و توانـەوەی لەگـەڵ دەوڵـەتـە، ئـەوکات دیموکراسیەت لـە هەرکوێیـەک بـێ بـە تۆتالیتـاریی دەگۆرنـەوە . بێگومـان بـێ توانـایی پڕۆلیتاریـا لـە دەسـەڵات گرتنەدەست دەبێتـە هـۆی سەرهەڵدانی چینێکی چەوسێنەری نوێ .

دەبینین ترۆتسکی بڕوای بە دوو ئەگەر هەیە کە روبدەن ، یا کاردانـەوەی سـەرمایەداری یـا شۆڕشـی سۆشـیالیزمی، بەتـەواوەتی بیرۆکـەی ئـەوەی لـە مێشـکی دەرکـردوە کـە سـەرمایەدار لـە چوارچیوەی دیموکراسیدا بتـوانێ ئـابوریی کۆمەڵایـەتی ببوژێنێتـەوە ، کەوایـە ترۆتسکی لـە بەشێکی بۆچونـەکانی راست بـوو ، ئـەوەی کـە وتـی پڕۆلیتاریـا لـە هەوڵـەکانی سەرکەوتو نابی و لە توانای دا نیە شۆڕش بـەرپا بکـا .(*سـەیرە ئـەم دوفاقیـە لە نوسەرەوەیە یا وەرگێری یەکەم ؟ ، لەیـەک رستـە نیـوەی ئـامـاژە پـێ دەدا نیوەکـەی تـر دەشارێتەوە کە بەم شێوەیەش هەمومان دەزانین سەرتاپای مەبەست و بیرۆکەکان ئـاوەژو دەبنـەوە وەکو ئەو کەسە کە حوکمی لەسێدارەدانیان دا لەسەر ئەوەی وتیان تۆ وتوتە _لا الە .. رێگەیان نەدابوو ئەویتر تەواوکا یا بۆیان پەراند بوو کە وتبووی لا الـە الا اللـە ، لەم نوسینەی دوایی پەرتوکەکەش من وای دەبینم ....خالید .. وەرگێری لـە عەرەبیەوە بۆ کوردی*) سەرمایەداری زەوتکار بـەرە بـەرە لـە توانـەوە لـە نێو قەوارەیدەوڵەتدا نزیک دەبێتـەوە ، بـەڵام دیموکراسیـەت لـە شوێن خـۆی دەمێنێتـەوە واتـە لـە رۆژئـاوا ، ئەمـە نـەبووە دەوڵـەتی تۆتالیتـاری هـەروەها ترۆتسکیش نـەیتوانی وەکـو خـۆی بـانگخوازیی بۆ دەکرد بیکاتە دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی گەل .

ئـەویش سـەرمایەداریە لـە سـەر ئاستی پەیوەندیـەکانی ئـابوری و کۆمەڵایـەتی بـەڵام تۆزێک لە بەزەیی پێهاتنەوە نزیک تـر ئـەویش بـەهۆی بـەهێزی چینـی زەحمەتکێشـەوە . لەگەڵ ئەوەش ئەگەر بۆمان مسۆگەر بوو کە ترۆتسکی لە بیرو راکـانی سەرکەوتو نـەبوو و ئامانجەکانی نـەپێکان ئـەوا لەبـەر خـاتری ئـەو دەبـێ دڵمـان بـە راکـانی خـۆش بـێ کـە ئەگەری ئەوە هەیە دەست لە بۆچونە سیاسیـەکانی هـەلگرێ . خۆ ئەگـەر کارەکـانیش وا

دەرچون ئەوا بڕوا دەکەین کە ترۆتسکی ئەکتەرێکی سیاسیی باش بوو بەڵام ناچاربوو پەرە بە بیردۆزەکەی بدا بیردۆزی ( بەرنامەیەکی نویێ بەڵام بە لانی کەم ) ئەویش بۆ ئەوەی بەرگری لە مافی کۆیلەکان بکا ئەوانەی لە ژێر حوکمی رژێمی بیرۆکراتیی تۆتالیتاری دەنالێنن .

ئەمەش گریمانێکی باشە بەڵام دەبێ ئەمەش رەت کرێتەوە ، ترۆتسکی تا دوا رۆژەکانی ژیانی دەستی بە بیرۆکەی شۆڕشگێڕی مارکسیزم ەوە گرت . بۆ نمونە سەبارەت بە جەنگی دوەمی جیهانی پێی لەسەر بیردۆزی لینین ەوە گرت سەبارەت بە ( جەنگی ئیمپڕیالی ئەو بیردۆزە چینی زەحمەتکێشی ئەوروپی رایگەیاند کە هیچیان لەگەڵ هیچ لایەنێکدا نین : لایەنی قەیسەری ئەلمانی و لایەنی بۆرجوازیی رۆژئاوا وقەیسەری روسی . ئەوەبوو ترۆتسکی هەندێک لە هەڵوێستەکانی خۆی لەسەر ئاستی جەنگ هەموار کردن :

رایگەیاند کە بیرۆکراتیی بۆرجوازی وەکو مێژو ، لە قۆزاخی باوەش پێکردن دایە بەڵام هەوڵەکانی هێشتنەوەی لە ژیان تەنها بۆ ئەوەیە فاشست خۆی بەشداریی تیا بکات .

بەم شێوەیە دەبینین تاکە رێگە بۆ روخانی فاشیزم هاندان و بەرەو پێش بردنی شۆڕشیە بەرەو سۆشیالیزم بەم شێوەیە ژیان بۆ جەماوەری ئەوروپا و ئەمریکا مسۆگەرو دابین دەکەین . لە میانەی ئەم گفتوگۆیانەدا ترۆتسکی دانی نا ئەگەر کاتی خۆشی دانی بەم رەوشە نەنابێ .

خەڵک بەگشتی هەستی دەکرد کە نازیی ئەلمانی شەڕی بەدواوەیە شەرێک زۆر لە شەڕی سەرمایەداری کاولکارترو ماڵ وێران تر بۆیە سەیر نەبوو ئەگەر خەڵک گرنگی بە راکانی ترۆتسکی نەدەن .

نە سۆشیالیستەکان ونە جەماوەریش بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدا ، لە ئەنجام گەیشتینە ئەو رایە کە زۆربەی سۆشیالیستە رادیکالیستەکان واتە تۆتالیتاریە هیتلەریەکان زۆریان لێ کردن تا پشتگیری لە هاوپەیمانەکان بکەن بە هەندێک رەخنەی سیاسیەوە ، کەوایە ترۆتسکی لە سەر ئاستی جەنگ شتێکی ئەوتۆی نەبوو ئامازەی پێ بدەین .

دوا رۆژانی ژیانی وا پێ دەچو ئەم پیاوە نە کارکردن و ماندوبوون نە پیر بوون تەنگەی پێ هەڵنەچنی بوو بەڵام ئەوەی بێتاقەتی کردبوو ئەو راوەدونانە بوو کە دوژمنان بەدوایەوە دەگەڕان وچاودێریان دەکرد ، بەرانبەر بە جەماوەر خۆڕاگر و قارەمانانە وەستابوو ، لە ژیانی تایبەتیشی وا پێدەچو بەرگەی هەمو ناخۆشیەکانی گرتبێ ، دیارە جارێکیان بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە . هاندەری ئەم بیرکردنەوەی زۆر هۆکار هەبوون : ئەو تورەو رقەی لە ناخیا پێچیان دەخوارد دژی ئەو تاوانانەی لە مۆسکۆوە بۆیان هەڵبەستابوون هانی ئەوەی دەدا کە دەبێ بەرگریەک لە خۆی بکا ... بێ ئومێدی لە هەوڵەکانی بۆ دوبارە دامەزراندنەوەی بزوتنەوەیەکی سیاسی ... بۆ یەکێک لە برادەرانی لە فرەنسا نوسیبووی :

( من دەتوانم ئامۆژگاری پێشکەش بکەم ، ناتوانم هیچ کارێکی تر پێشکەش بکەم) ئەوکاتەی بەهۆی بێ دەرامەتی هەندێک لە کەرەستەو پەرتوکەکانی دەفرۆشتن ، هەستی بە تورەبوون وبێزاری کرد .. هەستی بە ئازار دەکرد ئەوکاتەی دەیبینی هاوڕێکانی یەک لەدوای یەک لە ئەنجامی سیاسەتەکانی ستالین تیادەچن ، سەرەڕای ئەوەی زۆربەشیان لایەنگری بیروراکانی ئەم نەبوون ....دوا ئازار وژانی کە هەستی پێدەکرد بێتوانایی بوو

لە گەیاندنی ئەو مەساجەی بڕوای پێبوو کە کاری بۆ بە ئەنجام گەیاندنی دەکردو پێی نەگەیشتە قۆناغی دوایی.

ئەمانە هەمویان بوونە هۆکار بۆ ئەوەی هەست بە ژان وئازار بکا دیارە ئەمیش کەسێکی یاساناس وشۆڕشگێڕ بووە خاوەن مێژوو کەسایەتیەکی تایبەتی و دیار بوو ، بەهۆی ئەوەی هەستی دەکرد کە هەمو رەوشەکان لە دژی ئەو دجولە دەکەن بەهۆیەوە ئارامیی لێ برابوو هەستی بە بێتوانایی دەکرد بەلام لە ناوەڕاستی سیەکان هەستیکرد دەتوانێ کار لە هەندێک روداو بکا .

رۆژنامەکەی زۆر لەم روداوانەی تێدا تۆمار کراون کە چۆن رۆژگار بێ ویژدانانە لەگەڵی دەجولێتەوە سەرەڕای ئەو توانا هزریانەی هەیەتی ئەوساش ناتوانێ گۆڕان ئەنجام بدا ، وێڕای ئەم بیرکردنەوانە لە رۆژژمێرەکەیدا چەندین نوسین لەسەر ژیانی تایبەتیی خۆی وسۆزی بۆ هاوسەرەکەی تۆمار کراوە .

ترۆتسکی ئەو کاتەی تیرۆر دەکرێ تەمەنی شەست ساڵان دەبێ تیرۆرکردنی لەلایەن پۆلیسی نهێنیی سۆڤیەتەوە (جستابۆ) پیلانی بۆ دادەرێژرێ و بەدەستی بەکرێگیراوێکی پۆلیسی جەستابۆ بەناوی جاکسۆن رامۆن میرکادۆر جێبەجێ دەکرێ . ئەم جاکسۆنە خۆی لە ترۆتسکی گۆڕی بوو خۆی وەکو لایەنگرێکی هزری ترۆتسکی نیشاندابوو ، بە بیانوی ئەوەی وتارێکی لەسەر جوداخوازەکان نوسیوەتەوە لە بیستی ئابی 1940 لە دەرگای ماڵی ترۆتسکی دەدا داوای ئەوەی لێدەکابۆی بە وتارەکەیدا بچێتەوە ، هەرچەندە ترۆتسکی لە بەهرەکانی بەگومان بوو کە توانای ئەوەی هەبێ ئەم وتار بنوسێتەوە بەلام رێگەی پێدەدا بێتە ژورەوە . ئەو کاتەی ترۆتسکی سەری بەسەر وتارەکەدا دەگرێ ئەمیش چەترێکی بەدەستەوە دەبێ لە ناویدا پاچێکی تیا شاردبۆوە( لەو پاچانەی تایبەت بوو بۆ پێهەلگەڕان بەسەر شاخە بەفرینیەکان ) ئیتر لەو ساتە دەرفەت وەردەگرێ و چاوەکانی دەنوقێنێ پاچەکە بەرزدەکاتەوە بە سەری ترۆتسکی دا دەکێشێ لەگەڵ ئەوەی کەلەی سەری ترۆتسکی بە لێدانەکە دە هاڕدرێ بەلام ترۆتسکی هاوارێکی لێ هەڵدەستێ ئەمیش دەڵێ ( مادام دەنگت لێ هەڵسا واتە تۆ ماویت ئەم دەنگە دەبێ لە گوێکانما بزرینگێنەوە ) . ئیتر جاکسۆن ی تاوانبار خۆی دەکێشێ بەم لاو بەولادا بە پەرتوک و مەرەکەبەکانا لەو کاتە پاسەوانەکان خۆیان دەکەن بەژورا ترۆتسکی هاواردەکا دەڵێ مەیکوژن بابزانین چ دەستێکی لە پشتە ، هاوسەری ترۆتسکی باوەشی پیادەکاو بە هاوار وگریانەوە دەڵێ خۆشم دەوێیت ناتاشا . هەرچۆنێکی بێ ترۆتسکی دەگەیەننە نەخۆشخانە لەوێش لە باشترین دکتۆری بۆ ئامادە دەکەن، قولایی برینی سەری دوو ئینج وسێ چارەکە ئینج دەبێ، ترۆتسکی لە نەخۆشخانە 24 کاتژمێر بەرگری مردن دەکات تا دواجار لەوێ دوا هەناسە دەدا وکۆچی دوایی دەکا ، ئەمەش ئەو نوسینەی ناتالیایە کە لەسەر دوا ساتەکانی هاوسەری دەنوسێ :





ئەو پاچەی بۆ کوشتنی ترۆتسکی بەکار هێنراوە

سەری خستە سەر شانم وهەردوو دەستەکانی پێیدا هاتنەخوار ئامادەبووان برینەکەیان پێچایەوە رەنگی سپی هەلگەڕابوو وەکو ئەوەی بیەوێ دوبارە هەلسێتەوە لە شێوەی سەردەمانی پێشتری .

ئەگەر ئەم لێدانەی بکوژ نەبووایە ترۆتسکی ماوەیەکی تر دەژیاو درێژەی بە کارەکانی دەدا ، زۆر خۆشبوو ئەگەر لەژیان بمابایە تابزانین چۆن وەلامی ئەو روداوانەی دەدایەوە کە لە ئەنجامی جەنگی جیهانی هاتنە کاو چۆن چارەسەریی بۆ دەدۆزینەوە لە کاتێکا زۆر لە چەپڕەوەکان رایان وابوو کە رژێمە سیاسیەکان لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا نەبوون .

بەرنامەکانی کە بەرگریان لە بەرژەوەندیەکانی کۆیلە دەکرد چی دەبوون؟ وەلامی چی دەبوو کە دەیبینی ئەوروپاو ئەمریکا نە کەوتنە باوەش فاشیزم وچینی زەحمەتکێشیش لە شۆڕشەکەی هەرەسی هێنا ؟ ئایا بەردەوام دەبوو لە بیردۆزەکەی کە دەلێ ( دەولەتی کرێکارانی دواکەوتو )؟ چی دەوت سەبارەت بە لەت بوونی کۆمۆنیستەکانی جیهان؟

پێم وایە بیرۆکەو بیردۆزەکانی ترۆتسکی روەو یەک لەم دو لایە دەرۆیشتن : یا بۆلشەڤیێکی بنچینەیی توند یا شێوەیەک لە هزرەکانی سۆشیالیزم، جگە لەوەی کە بڕوای پێیەتی . نازانین کام لە راکانی پەسند دەکرد ، گێلیە ئەگەر بلێین دەزانین . ئەقلی لە شل وپەیتی تێکەل بوو . بێ هیچ گۆڕانێک دەستی بە مارکسیزمەوە گرتبوو بەلام توانیی هەندێک داهێنان لە ناو مارکسیزمدا بکا .

ئـەو کێشـانـەی لـە سـیـەکانی سـەدەی بیسـتـەم چارەسـەری کـردن جیـابوون لەگـەڵ ئەوکێشانەی لەسەری راهـاتبوو ، وا مـەزنـدەکرا کـە مـەزنترین شـاهیدی مارکسیست بـێ لەسەر کارەساتی سۆشیالیزم و سەرکەوتنی تۆتالیتاریا ، سەیر بوو کە درکی پێ نـەکرد . هیچ لە کەسایەتیە مەزنـەکانی مارکسیست وەکو ئـەم ژیـانێکی دراماتیکی نـەژیا و هیچ یەکێکیشیان کۆتاییان وەکو ئەم بە کارەسات نەهات .

کێشەی تر دروست بوون هەندێک کێشە هەر لـەکاتی یەکلاکردنـەوەو بێژینگدانی کارە سیاسیانەکەی دروست ببوون، بـەڵام دوای مردنـی کێشـەیان نـایـەوە ئـەمیش لـەسـەر راو بۆچونەکانی ترۆتسکی بوون . ئایا دەتوانرێ لەو هـەمو دیمەنـەی تۆتالیتاریـا بگـەیت بـەم هەمو تۆقاندن و ستەمکار یەوە ئەو زۆرداریەی لە ئاست چینەکان رەفتار دەکرا ئایا ئەمە هەموی دەتوانرێ لە رێگەی مارکسیستێکی وەکو ترۆتسکی لێی تێبگەیت؟

پێم وایـە هـەمو ناساندنەکانی ترۆتسکی بۆ ستالین و فاشیزم وەکو نوسینی ئـەدەبی دەمێننەوە لەسەر ئاستی هزری سیاسی شتی جوانن ، لەگەڵ ئـەوەی هەندێک چاکسازی خراونەتە ناو پەرتوکەکانی ترۆتسکی بەڵام هێشتا بە پەرتوکە جوانـەکانی سـەردەم دێنە ئەژمار جوانیە کلاسیکیەکەی خۆی لەدەست نادات .

ترۆتسکی نەژیا تاچارەسەریەکانی زولم و ستەم و راوەدونـان و کاولکاریـەکانی هیتلـەرو کۆتاییەکانی ستالین ببینێ . ترۆتسکی نەیتوانی چارەسەریی کێشەی تۆتالیتاریا بکا، لە پەرتوکـەکانی سـیـەکانی سـەدەی بیسـتـەم زاراوەی تۆتالیتـاریزمی بـەکار هێنـاوە بـەڵام وادیـارە مەبەستی سیاسـەتەکانی نـازیزم وستالینیزم بـووە وەکو گرنگی مێژویی سـەیری نەکردوە . نـاتوانین گلـەیی لـێ بکـەین بـە هـۆی ئـەوەی گوێڕایـەلی بیردۆزێک نـەبووە کـە چارەسـەریی بکـا جگـە لـە هەنـدێک تـوێژەرەوە نـەبێ ئەوانـەی تـا ئـەوکات نیشـانـەی سەرکردەیەکی وەکو (مارکس و ویبیر) یان تیا بێ . لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر هـەوڵی ئـەوەی دابایە کە وەڵامی ئەمە بداتەوە ئەوسا دەبووایە سنورەکانی مارکسیزم رەتکا یا دەبووایـە بنکەی بیرکردنەوەکانی مارکسیزم بە شێوەیەک فراوانکا کە کەس پێشتر ئەمـەی نـەکردوە ، یادەبووایە ئەمە لە بیر نەکـەین کـە دوو شێوە لـە دەربـڕین هـەن یـەکیان سۆشیالیزمی ئەویتر دڕندەیی ، شێوەیەک کـە ترۆتسکی وهەندێک لـە مارکسیستەکان بەشداریان لـە دوارۆژی مـرۆڤ هـەبوو . دواتـر ترۆتسکی دەڵـێ کـەس لـە زانـاو شـارەزاکان نـاتوانێ ئـەو شێوازە دڕندەییانە شی باکتەوە ، ترۆتسکی راستی دەوت ئەوکاتـەی باسـی لـە دڕندەیی دەکرد گـەلێک لـە بیرمەندە ئازادیخوازەکانی سۆشیالیست لەگـەڵی کۆک بـوون ، منـیش دەڵـێم ئـەو بەربـەری ودڕندەییـەی ئـەو کـات پیـادە دەکـرا لـە توانـای ئێمـە دانیـە سەرەداوەکان بگەیەنینەوە سەروچاوەی خۆی یا ئەمە بە شێکردنەوەیەکی مارکسیانە شی بکەینە .

ئایا دەبێ بیردۆزی ترۆتسکی کـە دەڵـێ نـازیزم دوا هەوڵـەکانی دڕندەیی بۆرجوازیـە بـۆ دەست گـرتن بـە دەسـەڵات ؟ و لـەسـەر ئـەم بنـەمایـەش تـوانرا شـەش ملیـۆن جـو بکـوژن؟ گومـانی تیـا نیـە کـە بۆرجـوازی رۆلێکـی گرنگـی بینـی لـە هەڵسان و دەرکـەوتنی نـازی و گەیشتنی هیتلەر بە لوتکەی دەسەڵات ؟ بەڵام ئەستەمە ئەمە بڕوا بکـەین کـە دەسـەڵاتی ئەو دەستەیە لە ئۆسۆچ و بتشنولد لە مەترسی دایە .

من ئێستا وادەبینم ئەگەر ترۆتسکی لە ژیان بمابایە دەیوت ئێستا بۆرجوازی گەیشتۆتە ئاستە بێ رەوشتیەکەی کە هـەمو شێوە کـانی ستـەم وزۆرداریـیـە بـە هاوکـاری ئـەو کەمـە رۆشەنبیرانەی پێگەی خۆیان لە ناو کۆمـەڵ لەدەست داوە بـە هاوبـەش و هاوکـاری یـەکتر

هەمو کارە دزێوەکان ئەنجام دەدەن ، ئەمەش بۆ بەرژەوەندی کەمینەیەکی کەم کە لەسەر دەسەڵاتە لە پێناو ئەم بەرژەوەندیە تەسکانەی خۆیان چاویان لە تۆقاندن و چەوساندنەوە پۆشیوە بۆ ئەوەی بە ئامانجە گڵاوە نارەواکانیان گەن .
لەمانە و لە هەمویان گرنگتر ئەوەبوو کە ترۆتسکی بە هۆی هەلوەرینی دیموکراسی و ئەو رەوشە خەراپەی دیموکراسی لە ئەوروپا لە نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دوەمی جیهانی تێی کەوتبو ترۆتسکی توشی بێزاری و نیگەرانی ببوو ، ئەوکات دەربڕینێکی تری بۆ نوسینەکان زیادکرد کە پڕبوو لە هەست بزواندن و کاریگەری لەسەر ئەو رووداوانەی لە ئەڵمانیاو فرەنسا و ئیسپانیا روودەدەن ئەویش قەیرانی ئابوریی سەرمایەداری بوو دیموکراسیەتی خستبووە مەترسیەکی مەزن بەڵام (شیکردنەوەی چینایەتی ) ی دیموکراسی وەکو ئەوەی ترۆتسکی دەیبینی لە ئاستی پێویستی نەدەبینی ، لە هەندێک ناوچە زۆر بەڕونی ئەوە دیار بوو کە ئازادی دەبێ مەزنترین بەهاکانی ژیان بێ بۆ کۆمەڵ نەک دیاردەیەک بێ بۆ مەزنی چینێک بەسەر چینێکەوە .
ئەگەر لە ناو سنورەکانی بیرۆکەی ترۆتسکیدا بمێنینەوە ئەوا ناتوانین شیکردنەوەیەک بۆ ئەو سەقامگیری و ئاست بەرزیەی ژیانی سەرمایەداری رۆژئاوا بدۆزینەوە ئەمەش وامان لێدەکا کە بە بیردۆزەکانی شۆڕش توشی شۆک وسەرسامی بین .
خوێندکارەکانی ترۆتسکی لە گفتوگۆکانیاندا لەسەر رێبازی مارکس وتیان : هەندێک لە راکانی ترۆتسکی هەڵەن ، هەڵەکانی لە خێرایی روخانی کۆمەڵایەتی دایە نەک لە شیکردنەوەی بنەماکان . ئەگەر ئەو سەردەمەی ئێمە ئێستا تیای دەژین هێشتا لە سەردەمی ( ژیانی دارمانی سەرمایەداری ) دورە بەڵام دەبێ هێشتا نەگەیشتبێ و بەڕێوەبێ. چونکە سروشتی ئەم رەوانبێژیە وامان لێدەکا نەتوانین رەتی کەینەوە ، دەبێ بە پێی ئەو بۆچونانە رۆژێک سەرمایەداری بروخێ ، دورنیە وەکو ئەوەی لە بیستەکانی سەدەی بیستەم رویدا کاتێک هەمو رێگاکانی هێشتنەوەو مانەوەی سەرمایەداری هەرەسیان هێنان هەر لە ئابوریەکانی ( کینسیان) تا چاکسازی کۆمەڵایەتی هەمویان شکستیان هێنا ، شایەنی باسە بڵێین، ترۆتسکی بانگخوازی ئەوەی نەدەکرد کە سەرمایەداری بە یەکجارەکی هەرەس دێنێ : وەکو ئەوەی زۆرکەس بانگخوازیان دەکرد بەڵکو جەختی لەسەر وردەکاریەکانی ئەنجامە مێژوییەکانی جەنگی دوەمی جیهانی دەکردەوە ، خاوەنی بەهرەیەکی وابوو کە دەیتوانی ریزبەندی بیرۆکەکان بە شێوەیەک بکا تیایدا گۆڕانەکانی نوێ بەدی بکا دواتر بە هەمو بیرۆکەکانی خۆیدا چوەوە لەترسی ئەوەی هەڵەیەکی کردبێ .
سەرەرای ئەمە ئەو درک پێکردنانەی سەبارەت بە رێژەی روخان کە لە ناوەرۆکدا هەڵە بوون کە دەڵێ : دەبێ لە کۆتاییدا هەمو کۆمەڵگاکان هەرەس بێنن وەکو ئەوەی چۆن لە کۆتاییدا هەمو کەسێک دەبێ بمرێ . بەڵام دروک پێکردنە مێژوییەکان هیچ بایەخێکیان نەبو دواجار ئەگەر ئەمە مسۆگەر بێ کە سەرمایەداری رۆژئاوا هەرەس دێنێ ئەوا ئەوسا یا کارەسات روو دەدا وەکو ئەو کارەساتەی کە مارکسیزم پێشبینی دەکا یا ئاستی مرۆڤایەتی رازی دەبێ .
هەروەها ئەو خەسلەتانەی ترۆتسکی بۆ روسیای پێشبینی دەکرد ئەمانیش راست دەرنەچون ، دوای ستالین کۆمەڵگای روسی سەقامگیریەکی بەخۆوە بینی ، نە هەڕەشەی گەڕانەوەی بۆرجوازیی لێ دەکرا نە لەگەڵ سۆشیال دیموکراتدا لەیەک دور بوون . بەڵام

تەنها ئەوەبوو ئەم کۆمەڵگایە پشتگیریی لە کەسێکی دیکتاتۆری ستەمکارو زۆرداری وەکو ستالین کرد تا وەکو مۆتەکە بەسەر کۆمەڵگا بمێنێتەوە .

گومان لەوە دانیە ترۆتسکی پێشوازیی لە سەرهەڵدانی شۆڕشێکی نوێی کرێکاری دەکرد بە هاوکاری و دەستپێشخەری ئۆپۆزسیۆنی رۆشەنبیرو بزوتنەوە دیموکراسیەکان .؟ یا هەوڵی ئەوەی دەدا کە مشتو مڕ لەسەر هەڵگیرساندنی شۆڕشی جەماوەر بکرێ بەڵام لەو کاتە ئەم رکابەری رژێمێکی تۆتالیتاری دەکرد، رێگە چارە چیە ؟ دیسان لێرەش پێم وایە مارکسیزمیەکەی دەبێ هەندێک نەرم ونیانی بنوێنێ تا لەگەڵ ئەم دۆخ و رەوشە بێتەوە ئەوسا بتوانێ چارەسەری ئەم کێشەیەش بکا و شیی کاتەوە .

هیچ بیرمەندێک ناتوانێ درک بە وورد و درشتەکانی مێژو بکات . بۆیە لاتان سەیر نەبێ کاتێک هەمو ئەو بیرۆکە مارکسیزم و لینینیزمانەی ترۆتسکی لێیان تێگەیشتبوو ئەو کاتەی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ڕوبەڕووی راستیەکان دەبنەوە هەرەس بێنن.

دواتر ناکرێ ئەم شکستەی ترۆتسکی لە نەپێکانی بۆچونەکان وڕاست دەرنەچونی درک پێکردنەکانی سەبارەت بە هەندێ بیردۆزی رۆشەنبیری ، لێی بێزار بین وبە هەڵەی مەزنی بزانین ، ئەم راستیانەش لە دوا نوسینەکانی بە رونی بەدی دەکرێن سەبارەت بە فەرهەنگی بۆلشەڤی هەست بە دڵەڕاوکێ دەکات. بەڵام لە باقی نوسینەکانی تری دەست لە بەرگری کردنی بۆچونەکانی هەلناگرێ . ئەقلە بەهرەداریەکەی ترۆتسکی لە چوارچیوەیەکی دیاردا کاری کردوەو خولاوەتەوە بێ ئەوەی رۆژێک لە رۆژان پێیان دا بێتەوە یا سنور بەزێنیان کا .

دیارە هی ئەوە نیە مرۆڤ لە کەسایەتیەکی وا راستگۆو بلیمەت رەچاوی ئەوە بکا دژی کارەکانی خۆی هەڵوێست بنوێنێ یا هەمو وردەکاریەکانی ژیانی رەتکاتەوە ، بۆیە گومانی تیا نابینم هەمو ئەو رەخنانەی لەم رووەوە ئاراستەی ئەم کەڵە پیاوە دەکران هەمویان هەڵبەستراو و بێ ئابڕو بوون.

بۆ یە بە پێویستی دەبینم ئەوە بڵێم ترۆتسکی وەکو زانایەکی ناسراو گرنگی بە بیردۆز و هزری مارکس دەدات ، وەکو رەخنەگریش زۆر بەتوندی رەفتارەکانی ستالین رسوادەکاو دژی هەمو هەلگرانی بیری ستالین دەوەستێ و بە هەمو شێوەیەک کارەکانیان رەت دەکاتەوە کە ببوونە بەربەست لەبەردەم ئازادیە گشتیەکان و ئازادی رادەربڕین لە یەکیەتی سۆڤیەت ، بەڵام دەبووایە ئەم کەسایەتیە مەزنە بیری لە هاوپەیمانە کۆنەکانی بۆلشەڤی بکردبایەوەو بیخستبانە ژێر لێکۆلینەوە پێم وایە ئەوکات چارەسەری کێشەکان ئاسانتر دەبون .

دیسان پێم وایە کاریگەری ترۆتسکی لەسەر دوارۆژ وانەبوو وەک خۆی دەیبینی واتە :

(نوێکردنەوەی مارکسیزمی کلاسیکی لەسەر ئاستی بیردۆزی شۆڕشگێری پرۆلیتاری بە پڕاکتیکی و بەو شێوازەی کە پێی دەوترا ترۆتسکیزم بەڵام سەبارەت بەو چینانەی لە پشتگیری کردنی ترۆتسکی بەردەوام بوون یا هیچ کاتێک دژایەتیان نەکردبوو ئەمان هیچ کامیان بەوە دیار نەبوون کە خاوەنی هیچ داهێنان و گۆڕانێک بن یا توانای ئەوەیان هەبێ بخزێنە ناو ریزەکانی کرێکارانەوە .

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە هەمو بڕواکان تێکشکاون بۆیە هەر ئەوە ماوە بۆی بچین کە ئەگەر سۆشیالیست وەکو بیرەوەریەکی مێژویی یاد بکرێتەوە دەنا وەکو کارتێک دەبێ بەدەست دەوڵەتی ستەمکارەوە بەندبێ. ئەم جۆرە سۆشیالیزمیەش ئەگەر مایەوە ئەوا

ڕووبەڕووی زۆر گۆڕان و ڕەخنەو بەرتەسکبوونەوەو پێداچونەوە دەبێ ئەوسا ئەو جوانیەی ساڵانی رابردو لەدەست دەدا .

بەڵام سەبارەت بەو هەوڵانەی لە ئەمریکاو ئەوروپا دران بۆ گیان خستنەبەر جەستەی سۆشیالیزم ، هەندێک لەو هەوڵانە بەهای خۆیان هەبوو بەڵام زۆر کەمیان لەسەر ڕێبازی بۆلشەفی هەنگاویان نا . مرۆڤ توشی شۆک دەبێ ئەگەر ببینێ بۆچونەکانی ترۆتسکی دێنەدی یا دوبارە دەبنەوە .

بۆ خوا داواتان لێ دەکەم ئایا کەس ئومێدی ئەوە دەخوازێ دکتاتۆریەتی کرێکاری دوبارە بێتەوە تەنانەت ئەگەر لەسەر دەستی سۆشیالیستەکانیش بێ یا بە پیادەکردنی ڕێبازی ئەوان بێ ؟ کێ هیوادەخوازێ بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پارتی پێشرەو یا ئەو بیرۆکانەی ئەوان ؟

چارەنوسی سۆشیالیزم هەرچیەکی بێت بەڵام من هیچ ئەگەرێک بەدی ناکەم لە وڵاتێکی پیشەسازیدا جولانەوەیەکی بەکۆمەل روبدات لە شێوەی ئەوەی ترۆتسکی پێشنیاری کردبوو ، سەبارەت بە لاسایکەرەوەکانی مارکس بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی لە ( جیهانی سێیەم) هەمومان دڵنیاین کە ئەگەر ترۆتسکی لە ژیان بووایە خۆی لەم بیردۆز و بۆچونانە بێبەری دەکرد سەرەڕای ئەو درک پێکردنانەی بە ( نێودەوڵەتیی چوارەم) یەکەی، بە گرنگی دەزانم لێرە ئاماژە بەوە بدەم کە بە رای من ترۆتسکی وەکو بزوتنەوەیەکی سیاسی و وەکو گرنگیەکی رۆشنبیری لەم دواییەدا هیچ گرنگیەکی نەماوە بۆتە بڕوایەکی وشک . لەگەڵ ئەمەش من پێم وایە بەشە هەرە زۆری پەرتوکەکانی ئەم کەڵە پیاوە زیندو دەمێننەوە بۆ نەوەی حاڵیحازر و دوارۆژ ، هەوڵ و ماندوبوون وئازایەتیی و چالاکیەکانی نەمرو لەبەر چاون . بلیمەت و زۆرزانەکانی وڵاتانی رۆژهەلاتی ئەوروپا دەرژانە سەر پەرتوکەکانی ترۆتسکی بۆ گفتوگۆ لەسەر کردن لە نێوان خۆیاندا . بەڵام لە رۆژئاوا بیرمەندە سیاسیەکان دەبێ ڕوبەڕوی بوونی ترۆتسکی ببنەوە بۆ ئەوەی بۆچونەکان و گریمەکانی لە خۆیان دور بکەنەوە و نەکەونە بەر تەوژمی تیورەکانی و خۆبەسەر رەوشە سیاسیەکاندا نەسەپێنن .

ئەمە دەبێتە بەشێک لە کەلەپورمان چونکە ترۆتسکی کێشە مێژوییەکانی بە هێزێکی وشیارەوە بەرجەستە کردوە بەشێوەیەک وەڵامی بۆ بدرێتەوە کە لە هیچ چەرخ وسەردەمێکدا ئەم وەڵامە نەدرێتەوە ، بە ڕێگە تایبەتیەکانی خۆی هەوڵی داوە ببێتە دەستێک بۆ سەردەمی خۆی. تەنانەت ئەوانەی هیچ بایەخێک بە نوسینەکانی ترۆتسکیش نادەن ناتوانن دان بەوە نەنێن کە ترۆتسکی لەو کاتەی لە لوتکەی هەڵچون وداچوندایە ئەوساش هەر مەزنترین بلیمەتی سەدەکەمانە .

* * *

**پاشکۆ**

---

من وا خۆم دەبینم کە زۆر ئاستەمە کاتێک لە سەر ترۆتسکی بنوسم ئەو پالەوان و کەڵە پیاوەی دڵسۆزی بیروبڕواکانی خۆی بوو ، بێ ئەوەی هەندێک لەسەر ژیاننامەی ئیسحاق دۆچیریش نەنوسم ئەو نوسەرە پڕشنگدارەی بە سێ بەرگ باسی لە ژیانی ترۆتسکی کردوە . دواتر وا پێدەچێ لە داهاتو هیچ نوسەرێک لە هەگبەی خۆی نابینێ شتێکی تر بخاتە سەر ئەو نوسینانەی لەسەر ژیاننامەی ترۆتسکی نوسراونەتەوە ، دەڵێم بە دوری دەبینم کە یەکێکی تر بتوانێ رۆشنایی لە دۆچێر زیاتر بخاتە سەر ژیاننامەی شۆڕشگێڕێکی وەکو ترۆتسکی کە تا دوا هەناسەی دڵسۆزی بیرو راکانی خۆی بوو ئەو رۆشناییەی وەکو چاوکی زانیاریەکان دەبینرێ چونکە بەبێ لایەنگیری کردن نوسیویەتەوە ، بەڵام دۆچێر ئاماژەی بە بیردۆزێکی ستالین داوە پێویستیی بە ڕوبەڕوو بوونەوەیەکی جدی هەیە ، جورئەتی ئەوە دەکەم بڵێم : پێویستی بە بەرسنگ گرتن و رەتکردنەوە هەیە چونکە دەیەوێ لەگەڵ بۆچونەکانی ترۆتسکیان یەکخا ، دەبێ خوێنەری ئازیز ریز لەم توانایە بگرێ و ئەم داهێنانە بە هەند وەرگرێ دەبێ هەر خۆشی ئەوە بزانێ ئاخۆ لەکوێ ترۆتسکی وستالین لەیەک جیا دەبنەوە چونکە ئەمە بۆ ئێمە پەرپوتیە .

دۆچیر لە شی کردنەوەی ستالینیزم دا رەتی کردەوە کە هیچ جیاوازیەک لە نێوان ئەم رێبازەو رێبازی سۆشیالیزم دا هەبێ کە لینین وترۆتسکی درێژە پێدەرینە. دۆچێر زۆر بە ئاشکرایی دوژمنایەتی خۆی بۆ رەفتارە تۆقێنەرەکانی ستالین دەربڕی هەروەها لایەنگری خۆی بۆ لایەنی رژێمی ( بەربڵاو ) ی بەزۆر دەربڕی لەگەڵ ئەمانە هەموی ئەوساش دەوڵەتی کۆمۆنیستی بە شێوەیەک لە شێوەکانی پێشکەوتن دەزانی .

لە بەرگی دوەمی پەرتوکەکەیدا دۆچێر سەبارەت بە سەردەمی ستالین دەڵێ: دەبێ ناو لەوسەردەم بنێین ( کۆمبوونی سۆشیالیزمی سەرەتایی ) ئەم دەربڕین و زاراوەیە دۆچێر لە فەرهەنگی ترۆتسکیی وەرگرتوە بۆئەوەی ئەو ماوە ناوزەد بکا کە ماوەی دەوڵەتی کۆمبوونی کرێکارەکانی سەرمایەدار بوو ئەوانەی پێویستیان پێیەوە بوو بۆ بەیەکەوەنانی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیست نەک کۆمەڵگایەکی چینایەتی .

بە دیدی دۆچیر دکتاتۆریەتی ستالین بوو دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەریان پاراست و پەرەیان پێدان لەسەر بنەمای ئەم بیرکردنەوەیە ترۆتسکی توانیی لە دیمانە مێژوییەکان وەکو خانەدان بێتە بەر چاو ئەمە لە و کاتە بوو کە بەراورد شۆڕشەکەیانی لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشەکانی ئینگلیز دەکرد ، بەم شێوەیە ترۆتسکی توانیی دەسەڵاتە دکتاتۆریەکانی ستالین رسوابکاو بۆ خەڵکیان رون وئاشکرا بکا و هەروەها دەسەڵاتە ستەمکاریەکەی ستالین بە دەسەڵاتی شۆڕشگێڕان بەراورد دەکرد ئەو شۆڕشگێڕانەی لە سەردەمی رابردو ژیابوون ودەسکەوتی ئەوانەی بەر لەخۆیان پاراستبوون .

لەم رایەدا ئەو کەمینەی لەگەڵ دۆچێر یەکیان دەگرتەوە کەمینەیەکی چەپڕەو بوون لایەنگری دەسەڵاتی ستەمکار بوون دیاردەی دەسەڵاتی ستالینیان بە دیاردەیەکی کاتیی دڵتەزێن ناودەبرد بەڵام لە پیناو بنیاد نانی سۆشیالیزم نابێ لێی دورکەونەوە.

هێزی دیالۆگی دۆچیر لە وەدایە کە خەسلەتی شەرعی بە ستالین دەدا وەکو حوکمرانێکی ستەمکار وپێرای توندو تیژیی جێبەجێی کردن ئەو زەرورانە بۆ ئەوسەردەم پێوست بوون. دۆچیر ئەمەی رەتکردەوە کە بیرۆکەی ( کۆمبوونی سۆشیالیزمی سەرەتایی ) ئەوەی لە سەردەمی ستالین هەبوو بە ( کۆمبوونێکی سەرەتاییی دژ بە سۆشیالیزم ) بزانێ ، هەروەها لەگەڵ ئەم رایەشدا نەبوو کە گوایە بە هێنانی رژێمی دروستکردن

وپیشەسازی لەلایەن ستالینەوە ، بووە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگایەکی چینایەتیی چەوسێنەر کە نە سەرمایەداری بێ و نە سۆشیالیستی .
ئەم دیدە سیاسیە کە پڕیەتی لە ئازار و ترس و دڵەڕاوکێ دەبێ بەها گەوهەریەکەی خۆی لە چاوی دونیای کۆمۆنیزم بمێنێ . ئەو کاتە گرنگی ئەم دیدەمان بۆ دەردەکەوێ کاتێک بۆ بەدی هێنانی پێشکەوتن مومتەلەکاتەکان خۆماڵی دەکرێن. ئەوەتا مارکس لەسەر مەسەلەیەکی بنچینەیی زۆر گرن دوا ئەویش مسۆگەر بوونی شۆڕشە لەو رۆژگارانەی کە مرۆڤ تیایدا بێ نرخ و دەسەڵات و چەوسێنراوە .
چەپڕەوی ستەمکار پێی خۆشە باس لەو پێشکەوتنە پیشەسازیانە بکرێت کە چەند بە خێرایی رویان دا هەروەها ئاشکرا کردنی (یاسا مێژوییەکانی پۆلایین ) .
لە کاتێکا سۆشیالیستە کان رایانگەیاند لە تواناداییە کۆمەڵگایەکی ئازاد هەبێ پشت بە خۆی ببەستێ لە خۆیەوە کاربکا ، بەڵام چەپڕەوە ستەمکارەکان دەیانەوێ قورسایی خۆیان بخەنە سەر گۆڕانەکانی ئابوری کە خۆیان پەرەی پێدەدەن یا بخەنە سەر ورەو توانای کرێکارەکان لە پشتی ئارەزوی مرۆڤەوە ، هەردەم ورە بە پێچەوانەی ئارەزوی مرۆڤ دەبێ .
ئەوەی بڕوای بەم بۆچونانە هەبێ چاوەڕوانی پێشوەچونێکی رێکخراو دەکا پێشوەچونێک بەرەو دیموکراسی لە ناو دونیای کۆمۆنیزم . لەو حاڵەتە لەسەریانە شۆڕش لە رۆژهەلاتی ئەوروپا ببینن وەکو ئەوەی دۆچیر لە 1956 بینیی :
گەلی هەنگاریا بە وزەو هەڵچونێکی مەزن و بێ وێنە و بێ مەبەست ویستیان میلی کاتژمێرەکە بۆ دواوە بگەڕێننەوە . بەڵام روسیا ئەم کاتژمێرەی بە نوکی رم و چەکی تانک وزرێپۆش پڕکردەوە ریگەی نەدا ئەم کاتژمێرە بەرەو دواوە بگەڕێتەوە ، کاتژمێری کۆمۆنیستەکانی لە هەنگاریا راستکردەوەو بەرەو پێش پاڵی پێوە نا . دەبینین دۆچیر لێرە برگەی ( بێ مەبەست ) بەکار دێنێ مەبستی ئەوەیە کە ئەوەی خەڵکەکە بەبێ مەبەست کردیان ئاوەژوی بیری شۆڕشگێڕی هەنگاری بوو دەبووایە شۆڕشگێڕەکان رێگەیان بەمە نەدابووایە بەڵام دکتاتۆریەتی مۆسکۆ کاتژمێرەکەی بۆ راست کردنەوە چونکە بەڕاستی ئەم جۆرە هەڵسانە نیشانەی دواکەوتنە ، دیارە ئەم شێوازەش رێگەچارەیەکە بۆ قەیرانەکانی ژیان ، سەیر نیە دۆچیر لەگەڵ ئەوانە یەک نەبوو کە دژی تانکەکانی روسی دەوەستان و بەرگریان لە بۆداپێست دەکرد .
گرنگی ئەم بابەتە هی ئەوە نیە بایەخی پێنەدرێ ، ئەمە کێشەیەکی سیاسیە ، سەرباری ئەوەی گرنگیی رەوشتیشی هەیە ، بە چاوپۆشین لە بۆچونەکانی ترۆتسکی لەسەر ستالین کە لەگەڵ دۆچێر هەریەکەو لە سەرێکی سەکۆکە دەوەستن، ئەو کاتەی دۆچیر نامە زانستیەکەی ترۆتسکی کە لە 1939 نوسیبووی گفتو گۆی لەسەر دەکرد ، لەسەر دوارۆژ دوا دەڵێ : ئەگەر دوارۆژی سۆشیالیزم هەرەسی هێنا و سەرنەکەوت ، دۆچێر لەسەر زمانی ترۆتسکی دەڵێ : ئاساییە ئەوکات ئێمە پێویستیمان بە بەرنامەیەکی نوێ ی لانی کەمتر هەیە بۆ ئەوەی بەرگری لە مافی کۆیلەکان بکەین لە رژێمی بیرۆکراتیی تۆتالیتاریدا . دۆچێر لەسەر ئەم پرسە دەڵێ
ئاساییە کە بەشێک لە خەسلەتەکانی مرۆڤ ، وەکو ترۆتسکی دەڵێ کۆیلایەتیی بیرۆکراتیە، ئەمە ئەو پاشکەوتەیە کە بۆ ئادەمیزاد ماوەتەوە دیارە کە ئەمەش بەلای کۆیلەدا دەشکێتەوە نەک بەلای دەسەڵاتداری ستەمکاری نوێ، ئەگەر ئەم دەستبەسەردا گرتنە زەرورەتێکی مێژوییش بێ ئەوا رەوشەکە هەر دەبێ وابێ . بەڵام چونکە هەمو

ژیانی خۆی لە خەبات برد بەسەر لە پێناو بەرگری کردن لە مافی ژێردەست وبەش خوراواندا ، ئەویش بەو بڕوایەی کە مێژو پشتگیری لە خەباتگێڕان دەکا ئەوانەی لە پێناو رزگارکردن تێدەکۆشن، بۆیە دەبی ئێستا داوا لە خوێندکارەکانی بکا کە بەردەوام بن لە پشتگیری وبەرگری کردن لە مافی بن دەست و چەوساوان تەنانەت ئەگەر مێژو و هەمو راستیە زانستیەکانیش لەگەڵیاندا نەبوون ، بەهەر حاڵ ترۆتسکی لەگەڵ ( سپارتاکۆس ) دایە نەک لەگەڵ (پۆمپی قەیسەر ) .

ئەمە بەڕاستی دیمەنێکە شایەنی سەرنجە ، نەک لەبەر ئەوەی وەکو سومبلێکە بۆ ریزلێنانی ترۆتسکی لە هەژارو زۆرلێکراوان کە چارەنوسیان ئەوەیە تا سەر بە زۆرلێکراوی بمێنێتەوە ، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە زۆر بەرونی دیارە کە سپارتاکۆس نایەوێ لە تەک (سپارتاکس ) بمێنێتەوە لە کاتێکا ئەم رێگەی بە ئازار ومەینەتی هەڵبژاردوە. هەروەها چونکە بە بەردەوامی پشتگیری لە زەرورەکانی مێژویی دەکا هی هەمو رژێمەکانی لە شێوەی رژێمی ستالین ، ئێمە ئەم هەڵوێستەی دۆچیر بە سەرسوڕمانەوە وەرناگرین چونکە شارەزای هەمو بۆچونەکانی ئەوین .

دیارە کە بیردۆزی دۆچیر لایەنی ستەمکاری لە بۆچونەکانی ترۆتسکی بە هەند وەردەگرێ و هیچ بایەخێک بە لایەنی دیموکراسیی شۆڕش نادات ، هەمو ئەو ئەرک و کارانەی کە تەنها لە رێگەی کاری شۆڕشگێڕیەوە دێنە کا لە ژێر کاریگەریی گۆڕانی مێژویی یا پێشوەچونی تەکنەلۆژی دان. وا دیارە کە دۆچیر توشی نەخۆشیی سەردەم ببوو کە کە خەسلەتەکانی : شەیدا بوون بە مێژو بوو . ئەمەی نەدەزانی کە (مێژو وەکو ژنی روت وایە ) هەرچەندی راو بۆچونەکان جیاوازیان هەبێ و پێشبینی کردن لەسەری ئەستەمبێ .

* * *

## تێبینیەکان

---------------------

1 _ ساڵەکانی پێشوەخت ، بیردۆزە بنچینەییەکان:

2 _ ئیسحاق دۆچیر بە زمانێکی تر باس لەو ماوەیە دەکات دەڵێ :

ئەمە بە مێشکی ترۆتسکی دا نەدەهات کە لە ماوەیەکی دوردا پارتی کرێکاران چالاک دەبێ و لە زۆربەی پانتایی وڵات دەسەڵات دەگرێتە دەست، ترۆتسکی نەیتوان ئەوە ببینی کە شۆڕش دەبێ دەسەڵات بداتە دەست کەمینە بۆ ماوەیەکی دورو درێژ . لە چەمکەکانی ترۆتسکی ئەم مانایە دەبە خشران بەڵام ئەوەی لەم رویدا وەکو لە هەمو سیاسەتمەدارانی سەردەم رویدا کە وا ببینن دەسەڵاتی کەمینە لەگەڵ سۆشیالیزم ناگونجێ ، من دڵنیام کە مەزندەی ئەوەی نەدەکردو چاوەڕوانی نەبوو ، لەگەڵ ئەوەی هەمو ئەو نوسینانەی لەسەر لینین نوسیبوونی ئاماژەی ئەوە بوون کە رۆژێک دێت شۆڕش لە گۆشەگیری و لاوازیەکەی دەردەچێ تۆتالیتاری سەر هەڵدەدا .

ریچارد لونتهال ئەم خاڵەی پەرە پێدا وتی :



ریچارد لونتهال

پـارتـی بۆلشـــەڤی لـــە ســـەردەمی لینینـــدا لـەگـــەڵ ئـــەوەی لـــە بـەرژەوەندیـــەکانی چینـــی زەحمەتکێشـــەوە دوربـــوو ، بـــەڵام بـــەهۆی ڕێکخســـتنەکانی مەرکـــەزیی ئـــەم حزبـــە بـــە ئەنـــدامێتیی پڕۆلیتاریـــاوە بـــوونی هـــەبوو و لـــە پەیوەندیـــەکی باشیشـــدا بـــوو لەگـــەڵ پڕۆلیتاریای ڕۆژئاوای ئەوروپا ، بەڵام لە ڕەوشی حزبی ماودا لـەم سـەردەمە وا بـانگخواز دەکـرێ کـە گوایـە نوێنەرایـەتی پڕۆلیتاریـای پیشەسـازی دەکـات، بـەڵام ئەمـە تـەنها مەرەکەبی سەر کاغەزەو بەس .



ماو تسی تۆنگ

ئەم حزبە وردبینی لەسەر مێژوی خۆی ناکاتەوە هەروەکو ورد بینی لـە سـەر لایـەنگرانی جیهانیشـــی ناکـــا، بـــەڵام رادەگەیـــەنێ کـــە هـــەر خـــەباتێکی شۆڕشـــگێڕی ســـەربازی دژی ســـەرمایەداری و ئیمپریـــالیزم و زەوتکـــار، دەربـــڕی وشـــیاری چینایـــەتیی ڕاســـتە قینـــەی پڕۆلیتاریایە .

لەگـــەڵ ئەمـــەش لـــە خـەباتیـــدا دژی مارکســیزم ولینینیــزم رژێمــی مــاو جــەخت لەســـەر هەندێک راستی مێژویی سەردەمی خۆی دەکاتەوە . بۆ نمونە: لەوەتەی لینین مردوە واتە زیاتر لە 40 ساڵ (*بۆئێستا دەکاتە 80 ساڵێک ... وەرگێری عەرەبی بۆکوردی*) هەستی شۆڕشگێڕی لە ناو کرێکارانی وڵاتە پیشەسازیەکان نەماوە بەو پێوانە کرێکارانی ئەم وڵاتانـە نـاتوانن شـۆڕش هەلگیرسـێنن واتـە کۆمۆنیسـتەکان لـە پـەلو پـۆ کـەوتون ، بـە پێچەوانـەی ئەمـە لـە وڵاتـە دواکـەوتوەکان کـە هـەژاری وبرسـێتی ئـاپۆڕی جـەماوەری

گرتۆتــەوە رەوشــەکان زیــاتر لــە بــارن بــۆ شــۆڕش ئەگــەر جــەماوەر لــەم وڵاتانــە شــۆڕش هەلگیرسێنێ ئەوا هیچیان نیە لەدەستی بدەن تەنها کۆت و زنجیرەکانیـان نـەبێ ئـا لـەم خاکانـە کـەش و هەواکـە لـەبارن بـۆ شـۆڕش ، ئـا لـەم سـەردەمەدا ئەسـتەم نیـە سـەرکردە کۆمۆنیسـتەکان وسـەرکردەی شۆڕشـەکان تـا سـەر بتـوانن دڵسـۆزی بیروراکـان و رێبـازی مارکسیزم بن ودڵسۆزی و خۆشەویستی لینین لـە دڵیـان بـەردەوام بمێنێتـەوە هەرچەنـدە زۆر هەوڵیان داوە کە دان بەم راستیە نەنێن بەڵام ...

بـەهۆی ئـەو فشـارەی سـەرکردە سۆڤیەتیەکان لەسـەر سـەرکردە کـانی چینیـان دروست کردبوو ببوونـە هـۆی لاواز بـوونی پەیوەندیـەکانیان لەگـەڵ مارکسیست و لینینیستەکان و پڕۆلیتاریای ئەوروپی بەم هۆیـەوە چینیـەکان ( ئـەو رێگـەیان هـەلبژارد کـە شۆڕشگێڕێکی تەواو بن بەڵام بە پەراوێز کردنی پڕۆلیتاریاوە ).

**2_ زەوت کردنی دەسەڵات :**

1/ دوای ماوەیــەکی کــورت لــە شۆڕشــی 1905 ئــەو شۆڕشــەی کــە بــۆ یەکــەم جــار سـۆڤیەتی لــێ وەدەر کــەوت ترۆتسـکی بــە رونــی ڕۆڵــی مێژوویــی و خەسـلـەتەکانی ئــەم شۆڕشەی بۆ رونکردینەوە کە دەڵێ :

سـەر هەڵـدانی سـۆڤیەتەکان وەکـو پێویسـتیەکی بابـەتی و مێژوویـی ئـەو سـەردەمەی رێکخراوێک بوو کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی دەکرد ، واتـە رێکخراوێـک کـە ئامادە بێ بـە سـەدان هـەزار خـەڵک لـەخۆبگرێ بـێ ئـەوەی هـیچ مـەرجێکیان بەسـەردا بسـەپێنێ ، رێکخراوێک کـە هـەمو رەوتـە شۆڕشـگێڕیەکانی پڕۆلیتاریـای یەکخستبوو ، ریکخراوێک لـە توانایـدابێ دەستپێشـخەری بکـاو دەسـتبگرێ بەسـەر دەسـەڵاتەوە ، لـە هـەمو ئەمانـەش گرنگتر رێکخراێک کە بتوانێ لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا دروستبکرێ .

ترۆتسکی ئەم چەند دێرەی ئەوکاتە نوسیوەتەوە کە بەرلەوەی ببێتە بۆلشەڤی ، دەبینین کە نە وشەی ( سەروەری نە سەرۆکایەتی و رابەرایەتی نە پارتی پێشرەوی تیانیە) .

2/ سەرکردەی مەنشەڤیی مەزن (رۆفائیل ئەبراموڤیچ ) ئەم رایەی لا پەسندە کە لـە پەرتوکەکەیدا بەناوی ( شۆڕشی روسی ) دەنوسێ دەڵێ :

حکومەتی کـاتی نـاتوانێ بـە یـەک کـار هەڵبسـتێ کـە بریتیـە لـە ریز نـان لـە جـەماوەر مەبەستیشـم : هێـرش کردنێکــی چـالاک وتونـدی سـەر ئاشـتیە ، ئـەوەی سـەرکردە خۆراگرەکانی بۆ تەمەنی گەنجێتی گێڕابـووەوە ، مەنشـەڤیک و سـەرکردە رادیکالیستەکان بـوون کـە ئارەزویـان لـەوە بـوو ئـەم هاوپەیمانێتیـە ی لەگـەڵ بۆرجـوازە ئازادیخوازەکـان بپارێزن بە لەخۆ گرتنی سۆڤیەت و جەماوەر و شۆڕشگێڕەکان بەگشتی .

**3_ بۆلشەڤیک کار لەخۆی دەکا:**

1/ لـە دواسـاڵانی سیەکانی سـەدەی بیسـتەم ترۆتسـکی جارێکیـان بـە گاڵتـە جارێیـەوە تێبینیـی لەسـەر رەخنـەکانی نوسـەری فەرەنسـی (هنـری بـاربووس ) گـرت کـە وتبـووی : سەرکەوتنی ستالین بەسەر ترۆتسکیدا دەریخست کە ( ستالین لەسەر ڕاستە ) .

ترۆتسـکی بــە گاڵتــە پێکردنــەوە وتــی : ئەمــە جــوانترین رازاندنــەوەی پاسـاون بــۆ هەڵسانی هیتلەر .

پێم وایە ئەمە گورزێکی براوە بوو ترۆتسکی لە نوسەری پایەبەرزی فەرەنسیی دا .

2/ ترۆتسکی زاراوەیـەکی نـوێ و باشـی بـۆ زاراوەی گەڕایەوەی(کاردانـەوە ) جوتیـاران دۆزیەوە وتی :

ئـەوان پشـتگیری لـەو بۆلشـەڤیانە دەکـەن کـە مولکـدارەکانیان وەدەر نـاون ، هــەروەها دژایـــەتی لەگـــەڵ ئـــەو کۆمۆنیســـتانە دەکـــەن کـــە دەســـتیان گرتـــوە بەســـەر زیـــادە بەرهەمەکانیان و هەندێک جار زیاتریش دەبەن .

4 ـ رابوونی ستالینیزم :

1/ لەسـەرمانە ئـەم بەشـە زۆر بـەوردی باسـی لێـوە بکـەین بـە رەچـاوکردنی ژیاننامـەی ترۆتسـکی زۆر بەئەسـپایی ، ترۆتسـکی زۆری کـرد وزۆری وت سـەبارەت بـە روداوە چـرو پڕەکـانی ئـەم چەنـد ساڵە لـە روداوەکـانی فرەنسـاو ئـەڵمانیا بـە هانـدانێکی نیانـەوە بـۆ جێبـەجی کردنـی سـتراتیجیەتەکەی بۆلشـەڤی بـێ ئـەوەی لـەوە ئاگـادار بـێ ئـاخۆ ئـەم ستراتیجیەتە قـابیلی جێبـەجیکردنـە لـە رۆژئـاوای ئـەوروپا یـان نـا ؟ دوای هـەمو هـەوڵو تێکۆشـانیان بۆلشـەڤیەکان نـەیانتوانی جگـە لــە هەنـدێک سـوکە پەیوەنـدی لەگـــەڵ خوێندکارەکنیان لە ئـەوروپا دروست کـەن کـە خوێندکارەکانیشیان زۆربـەیان لـە خوێندن زیـرەک نـەبوون ، لـەم سـاتە بیـرو بۆچونـەکانی ترۆتسکی کـە بۆلشـەڤیەکانیش لەگـەڵی هـاورابوون ئـەوەبوو بـە شـێوەیەکی گشـتی دەبـێ بلیمـەتی لـە شیکردنـەوەکانی سـانەوی بنوێنی ، دواتر وردە وردە هەوڵەکانی بۆ زیاد کـەیت تـا ئەگـەرەکانی سـەرەتایی جێگیر دەبن .

2/ ئەگــەر ئــەو هەژاریــەی ئەوســا مــان بەهەنــد وەرگــرت ئــەوا دەبینــین کاتێــک هــەر جوتیارێک خاوەنی ولاخێک بێ و لەتوانایدا بێ کرێکارێک بـەکرێ بگرێ ، ئـەوا لـە ریـزی دەوڵەمەندەکانە .

3/ ئەگەر لەم پەرتوکەمدا باسی هەندێک لایەنی ژیانی حزبایەتیم بکردبایـە لەوانەیـە خوێنـەر زیاتر خۆشیی پێدەبرد لە کاتێکا من جـەختم لەسـەر لایـەنی فکری ورۆشـەنبیری و بیرورا کردۆتەوە .

دەبینین تا دوای مردنی ترۆتسکیش لەسەر ئاستێکی بـەرزی حـزب لیژنـەیـەک هـەبوو لـە سێ کەس وەکو فـەرمانبـەری باڵادەستی حزب بوون ، مەبەست لـەم لیژنـەیـە کـە نـاونرابوو (ترۆیکا ) رێگەنـەدان بوو بـە گەیشتنی ترۆتسکی وهاوڕێیانی بۆ سەرۆکایەتی حـزب ، ئـەم لیژنـەیە کـە بـە ترۆیکـا نـاو نرابـوو بـە سـەرۆکایـەتی ستالین وزینۆڤیف وکامینێف بـوون . ترۆیکا واتە سێ قۆلی کە ناوی داشقە (عەرەبانە ) یەکی روسیە سێ ولاخ دەیبـەن بـەڕێوە بۆ ئەوەی توانای راکێشانی هەمو سەنگاییەکی هەبێ .

ئیتــر لەوکاتـــەوە پیلانـــەکان هوندرانـــەوە تـــا توانیـــان ترۆتسـکی ببـــەزێنن ، هۆکـــاری بـەزاندنەکەش :



Stalin Zinoviev Kamenev

یەکەم چونکە وەکو کەسێکی میوان سەیری ترۆتسکیان دەکرد بە دیدی ئەمان ترۆتسکی مشەخۆرە لەسەر بۆلشەڤی ئەمەو دواتر هیزی دروستکراوی بیرۆکراتی کە ستالین سەرۆکایەتیی دەکرد بە ووردی لە لایەن ترۆتسکیەوە هەڵ نەسەنگێنرابوو ، دوا هۆ ئەوەبوو کە ئەو رەوشە خەراپ وبێ رەوشتیەی وڵات و حزب تێی کەوتبوو رێگەی بۆ داشقەی ترۆیکا خۆش کردبوو بەم بێ پەردەییە هێرش بەرن و توندو تیژی پیادە بکەن .

3/ ترۆتسکی لە نوسینەکانیدا گەڕایەوە سەر ئەم باسە بۆ ئەوەی رێگەچارەیەکی میانڕەوانە بۆ گەیاندنی هەردو تیگەیشتنەکە بدۆزێتەوە ( تێگەیشتنی لە مارکسیزم و تێگەیشتنی لەسەر رۆڵی لینین ) ، لە 1935 لە بیرەوەریەکانی خۆیدا دەنوسێ دەڵێ :
( ئەگەر من لە پترۆسبۆرگ نەبووما بەمەرجێ لینین لەوێ بووایەو سەرپەرشتی شۆڕشی ئۆکتۆبەری بکردبا ئەوا ئەم شۆڕشە هەڵدەگیرسا بەڵام بە بێ بوونی من و لینین ئەم کارە مەحاڵ بوو ، ئەوا سەرکردایەتی بۆلشەڤی لەم رێگەگرتنە بەرپرسیار بوو من هیچ گومانێکم لەمە دا نیە ).

ئەی کەوایە ( ماتریالیزمی مێژویی ) لەم حاڵەتە چی بەسەر هات؟ جگە لەو نوسیانەی ترۆتسکی کە لە گەڵێک شوێن بەو ئاراستەیەوە دەنوسێ کە شۆڕشی بۆلشەڤی ئەنجامی قەیرانەکانی روسیە .

4/ سۆخانۆڤ نوسەری یادەوەریەکانی مەنشەڤیی بەناوبانگ ئەو کاتەی مەنشەڤی و رادیکالیستەکان کۆنگرەیان جێ هێشت ( دەستی بۆلشەڤیان والاکرد ، خۆیان بوون بە گەورەی گۆرەپانەکە . خەبات وتێکۆشان لە نێو کۆنگرەدا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دیموکرات جێی ئومێد بوو ، بەڵام ئەو کاتەی کۆنگرەمان جێهێشت خۆمان رادەستی قەدەر کرد وئەوانمان کرد بە گەورەو دەست رۆیشتو).

لە پایزی 1923 کۆمەڵێک لە بۆلشەڤیە ناسراوەکان وەکو بیاتاکۆڤ ، بریئبرایزنسکی ومۆرالۆڤ و، ئیڤان سەمیرۆڤ ئەنتوان_ ئۆزینکۆ بەیاننامەیەکیان دەرکرد تیایدا هێرشیان کردە سەر ترۆیکا و داوای نەخشەیەکی ئابوریی نوێیان کرد بە چالاک کردنی دیموکراسیی حزبەوە . ئەمە بە گۆڕانێکی مەزن دادەنرێ کە چەپڕەوە حزبیەکان و ترۆتسکیستەکان بوونی خۆیان سەلماند ، پارتی چەپڕەوی ئۆپۆزسیۆن پارتێکی یەکگرتو نەبوو بەڵام چەندین کەسایەتیی ناوداری بۆلشەڤیی لەناو وەدەر کەوتن ، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم حزبە پشتگیریەکی زۆری لەلایەن گەنجانەوە پێگەیشت .

بەم هەڵوێستە سێ کوچکەکەی ستالین، زینۆڤیف،کامینیف ، هەراسان بوون کەوتنە گیان نەک تەنها لایەنگرانی ترۆتسکی بەڵکو هەمو ئەو دەنگانەی بە رویاندا یاخی دەبن یا بەرز دەبنەوە . ئەوەبوو دەستیان کرد بە لێدانی هەمو ئەو دەنگە چەپانەی ناو حزب و لایەنگرانی ترۆتسکی وتێکوپێکدانی سەنتەرەکانیان و لادانی کەسەکان لە پلەو پایەی وەزیفی و حزبی تەنانەت ئەوسەربازانەش کە لایەنگری ئەم بۆچونانە بوون گورزی سێکوچکەیان بەرکەوت .

ئەم شەڕە وتار و شەڕەنوسین و گوتارانە بەردەوام دەبن تا لە 1926 ترۆتسکی دان بە شکست وبەزینی خۆی دەنێ ، هەروا‌ش بوو هەمو پارت و کۆمەڵە چەپەکان هەرەسیان هێنا سەرەڕای مانەوەی رۆشنبیری چەپڕەوانە . ئەمان لە ترسی ئەوەی لە حزب دەرنەکرێن وکارە فەرمانبەرێتیە کەیان لەدەست نەدرێ دەستیان لەم کارە کێشایەوە .

لە ئەنجامی ترس و دڵەڕاوکێی زینۆڤیف وکامینیف لەو دەسەڵاتە زۆرەی بە ستالین دراوە دەستیان لە کاری لیژنەی ترۆیکا کێشایەوە ئەم ترۆیکایەش بەم شێوەیە لەت بوو ،

دوای شکستهێنانی ترۆتسکی هەردو ئەندامەکەی تر هەستیان بەوەکرد کە ستالین ئیتر پێویستیی بەمان نەماوە بۆیە زیاتر دەستەڕۆ دەبێ و تۆقاندن و توندوتیژی لەگەڵ ئەوانەی لە فەرمانی دەردەچن زیاتر بەکار دەهێنی ، لە نیسانی 1920 ترۆتسکی و زینۆڤیڤ وکامینیڤ بە نهێنی کۆبوونەوە ئەمە بۆیەکەم جار بوو لە ماوەی چەندین ساڵی رابردو کۆبوونەوەی لەم شێوەیە ئەنجام نەدرابوو ، ئەوکات هەردو هاوپەیمانەکانی ستالین ترس و ئەگەرەکانی دوارۆژو چاوبرسێتیی ستالین بۆ دەسەڵات یان بۆ ترۆتسکی دەربڕی ، وا پێدەچێ ئەمان لە ترۆتسکی پتر لە مەرامەکانی ئەم دکتاتۆرە گەیشتبوون . بەهەر حاڵ کوتلەیەکی نوێ دروست بوو ، کوتلەیەکی رکابەری هاوبەش کە هەمو ئەوانەی لە حزب جیابوونەتەوە لەخۆ بگرێ ، وا تەخمین دەکرێ ئەوانەی خۆیان لەم بەرەیە ناونوس کردوە ژمارەیان دەگاتە هەشت سەد کەس ، بەهۆی رەفتارە تۆقێنەرەکانی حزب ژمارەی لایەنگرانی زۆر لەمە پتر بوون ، ژمارەی ئەوانەی خۆیان لە حزب ناونوس کردبوو 750 هەزار کەس بوون هەر لە خوار تا سەر بەڵام ئەوانە تەنها فەرمانەکانیان پەیروە دەکرد ئەندامی چالاک وکارا نەبوون، دۆچیر دەڵێ ژمارەی ئەندامانی حزب تەنها 20 هەزار کەسێ رەت ناکا . .

ئەوەی هاتە سەر چەپڕەوە رکابەرەکان هەمان کارەسات و چارەنوس بۆ رکابەرە هاوبەشەکان بوو ، ئێستا زۆربەی ئۆرگانەکانی حزب کەوتنە بن دەست ستالین ، ئێستا کاری توندو تیژی وتۆقاندن گەیشتۆتە لوتکە .

هەر لەماوەی چەند مانگێکدا ستالین توانیی بڕبڕەی پشتی ریکخستنەکانی رکابەر بشکێنێ وهەمو هێزو تواناکانیان لەبار یەک بەرێ کە بووە مایەی ئەوەی هەمویان بە فەرمی خۆیان بدەن بەدەستەوە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تا کۆتایی ساڵی 1937 خەبات لە پێناو ئەمە هەر بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی لەوساڵدا گورزی کوشندە دەوەشێندرێت کاتێک هەزار وپێنجسەدکەس لە حزب لە لایانگرانی ترۆتسکی دەردەکرێن ، لایەنگرانی زینۆڤیڤ یش خۆیان دا بەدەستەوە ، لە سەرەتاکانی ساڵی 1928 ترۆتسکی و ژمارەیەکی زۆر لە یاخی بووان دور خرانەوە بۆ دەرەوەی وڵات .

لێرە تەنها یەک جەنگ وململانێ لە گۆرەپانەکە مایەوە ئەویش لە نێوان ستالین وهاوپەیمانەکەی دوێنێی بۆخارین بوو کە ئێستا بۆتە سەرۆکی کۆمۆنیستە راستڕەوەکان ، لە ناوەڕاستی ساڵی 1929 ئەم ململانێیەش کۆتاییان پێهات بە سەرکەوتنی ستالین بەسەر بۆخارین و لەناو بردنی لایەنگرانی .

لە ناوەڕاستی سیەکان هەندێک هەوڵی نهێنی لە ناو حزب دران بۆ پێکهێنانی رێکخستنێک دژی دکتاتۆریەتی ستالین بەڵام سەرکەوتو نەبوون .

4/ یەکێک لە روداوە دڵ تەزێنەکان پەیوەندیی بە (وەسیەت نامەکەی لینین)ەوە هەبوو لەم وەسیەتنامەیەدا سەرۆکی بۆلشەڤیەکان ( لینین ) ستایشی لە ڕۆلی سەرکردەکانی دەوروبەری کرد و داواشی کرد کە لەدوای خۆی ستالین دور بخرێتەوە لە سکرتاریەتی حزب ، سیماکانی ئەم وەسیەتنامەیە دوای مردنی لینین بیدەنگ کران . بەڵام لە ساڵی 1925 نوسەری رادیکالیستی ئەمریکی ( ماکس ئیستمان ) لە پەرتوکەکەیدا بەناوی ( لەو کاتەی لینین مردوە ) دەقێکی وردی وەسیەتنامەکە دەنوسێ ، کاتێک ستالین داوا لە ترۆتسکی دەکا ئەو نوسینانەی ئیستمان بە فەرمی رەتکاتەوە ئەوکات ترۆتسکی ناچار دەبێ ئیمزا لەسەر ئەو بەیاننامە پرشەرمەزاریە بکا دەڵێ : (هەمو ئەوانەی سەبارەت بە مردنی لینین و وەسیەتەکەی بڵاو دەکرێنەوە راست نین چونکە وەسیەتنامەکە تیاچوە) ،

دواتر ترۆتسکی پاساوی ئەو ئیمزا شەرمەزاریەی نوسیبوو کە گوایە ئۆپۆزسیۆن داوای لێکردوە ئیمزا لەسەر ئەم بەیاننامەیە بکات چونکە ئۆپۆزسیۆن ئامادە نیە لەسەر بابەتێکی لەم جۆرە جەنگ وناخۆشی بنێتەوە .

لێرە ڕێگەم بدەن ئەوە بڵێم کە ئەم درۆیە نەیەکەم درۆیەو نە دوایین درووٚیە لە سەرکردەکانی دونیا رودەدا بەڵام ئەم درۆیە بۆ ترۆتسکی ئازار دا؟ چونکە بۆئەم کارێکی رسوایی بوو . دوای چەندین ساڵ تێپەربوون بەسەر ئەم ئیمزاکردنەی ترۆتسکی لە 1925 چاپەمەنی و رۆژنامەکانی کۆمۆنیستی فەرمی بەردەوام ئەم بەیاننامەیان بڵاودەکردەوە کە بەزۆر ئیمزایان بە ترۆتسکی کردبوو .

5/ یەکێک لە نوسەرانی ژیاننامەی ترۆتسکی کە لەگەڵیدا هاوسۆز نەبووە لەسەر ئەم بەیاننامەیە دەڵێ :

بینینەکانی ترۆتسکی کە لە روی سیاسیەوە زۆر بەرزی دەڕوانی وایان کرد ترۆتسکی بەهەڵە لە روداوەکان بگا ، بەم هۆیەوە بە چەندین دیمەن تابلۆکانی دەبینین بووە مایەی ئەوەی راستیەکانی لێ ون بێ خۆی وەکو چرای بۆلشەڤی وتاقە بیرمەند لە ریزی بۆلشەڤیەکان ببینێ وەکو ئەوەی هەر خۆی لەسەر ڕێبازی ڕاستەقینەی حزب دەڕوا ، درکی بەوە نەدەکرد کە ئەو شکستانەی حزب دەیخوا هۆکارەکەی فەرمانبەرەکانی حزبن .

6/ ترۆتسکی ئەم وتارانەی بۆ جوانکردنی راو بۆچونەکانی رابردوی لەسەر مارکسیزمی بۆلشەڤی وبیرۆکراتیی بەکار دەهێنا، جارو باریش هەوڵی ئەوەی دەدا کە بیرۆکراتی وا شی باکتەوە کە نەک تەنها کەموکوریەکی کۆمەڵایەتیە بەڵکو حوکمرانێکی چینایەتیشە . ترۆتسکی دەڵێ :

( نابێ کەسی مارکسیست بلێ بیرۆکراتی تەنها کۆمەڵێک نەریتن، بۆ ناشیرن کردنی خاوەن دەسەڵاتانە ، بەڵکو بیرۆکراتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە هەروەها سیستەمێکی بەڕێوەبردنی سنورداره بۆ پیاوان ، هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە لەوەوە بنەما دەگرێ کاتێک کۆمەڵگایەکی لەیەک نەچوی فرە بەرژەوەندی و بۆچون دەبێ، ئەوسا ئەم دیاردەیەش سەرهەلدەدا . بەڵام بۆ ئێمە چارەسەریەکەی لەوەدایە بوونی سیستەمی دەوڵەتێک کە بەرژەوەندیەکانی پڕۆلیتاریا وجوتیاران لەیەک قەوارە بەرجەستە بکا و ئەم سیستەم وئۆرگانەش بپارێزرێ ، بەڵام ئێمە تا ئێستا زۆر دورین لەم سیستەم وئۆرگانانە ، گومانی تیا نیە بوونی سوپایەکی بەهێز دەبێتە سەرچاوەیەکی تری بیرۆکراتی) .

7 / زۆر لە هاوڕێیە دورخراوە کانی ترۆتسکی بەم پیشەسازیەی سیاسەت کاریان تێکرا و بەخۆیاندا هاتنەوە هەرزو پەیوەندیان بە ستالینەوە کردو دڵسۆزی خۆیان پێی راگەیاند و زۆریشیان لە ئاوارەیی گەڕانەوە وڵات لەوانە بریئبرازنسکی کە زۆر پلەی گرنگی پێ سپێردرابوو بەڵام زۆربەی هەڵگەراوەکان باجی مەزنیان دا کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ناوەڕاستی سیەکان سەریان پەلدرا .

8 / کۆهین لە پەرتوکەکەیدا بەناوی ( بۆخارین وشۆڕشی بۆلشەڤی ) زۆر بە ووردی باسی کردوە لەو پەرتوکە ئەوەی بیەوێ دیراسەیەکی تەواوی ئەنجامەکانی بۆلشەڤی دەست دەکەوێ .

## 5_ گەڕان و ئاوارەیی و کار :

1 / واڵە بابەتەکە دەردەچم بۆ ئەوەی روداوێکتان بۆ بگێرمەوە پێم وایە شایەنی باسە ، برادەرێکم کە بەدرێژایی ژیانی سۆشیالیست بوو ناوی (لویس کۆسەر ) بوو بەر لە چەند ساڵێک لە ئاهەنگێکی پێشوازی ئەکادیمی لە کمبرچ مساشۆسچ ئامادە بوو چەند مایەی سەرسوڕمان بوو کاتێک کەسێکیان پێناساندم بەناوی (مارک زبۆرۆسکی ) بوو دیارە ئەو کەسە لە ئەندامانی جستابۆ بووە ( پۆلیسی نهێنیی یەکیەتی سۆڤیەت ) دەڵێ ئەو کەسە رۆڵی گرنگی بووە لە کوشتنی (رۆدۆلف کلیمەنت ) کە گەنجێکی ترۆتسکیست بووە ، زۆر بە ئەدەبەوە (کۆسەر) ئامادە نابێ دەست بخاتە ناو دەستی ( مارک ) و تەوقەی لەگەڵ بکا ، دەڵێ لەم کارەی زۆر لە ئەکادیمیەکان ئەوانەی ئامادەبوون لەم هەڵوێستەی بێزار بوون ، دیارە ئەمان لە هەوڵێستەکەی کۆسەر بێزاربوون کە ئامادە نەبوو تەوقە لەگەڵ کەسێکی پیاو کوژ بکا نەک لەگەڵ زبۆرۆسکی کە ماکی رەشی پیاو کوشتن بە نێوچەوانیەوە بوو ، ماوەیەکی زۆری برد تا ئەو گەنجە ئەکادیمیانە چۆنایەتی ستالینیان بۆ دەرکەوت ، دەتوانم بڵێم کە هەندێکیان تا ئێستاش هەر بۆیان دەرنەکەوتوە .

2 / هەندێک تێبینیی ستالین بەدوای ئەم سیاسەتانەوە هاتن ( فاشیزم رێکخراوێکی سەربازیی بۆرجوازیە پشت بە چالاک بوونی دیموکراسیەتی کۆمەڵایەتی دەبەستێ وەکو رواڵەت دیموکراسیی کۆمەڵایەتی دەبێتە باڵی فاشیست و ئەم دو رێکخراوەش دژ بەیەک نابن بەڵکو تەواوکەری یەک دەبن وەکو جمک وادەبن باشترین نمونەش ئەو وتەی ڤۆلتێرە : ( ئەنجامی گەوجی دڕندەییە ).

**6_ دوا کەلەپور :**

1 / ئەم راپۆرتە بەلگەیەکی خۆشمان پێشکەش دەکا لەسەر هزرەکانی دوایین رۆژی ژیانی ترۆتسکی . کاتێک فاینرتی لێی دەپرسێ ئەگەر حکومەتی کاتی مافی ئەوەی هەیە خەڵک بتۆقێنێ ؟

ترۆتسکی دەڵێ : خۆی وەکو ماف مافی ئەوەی نیە بەڵام هیوادارم کە لە دوای سەرکەوتنێک یا دوان لە ولاتەکاندا شۆڕشەکان ببنە شۆڕشی خۆشی وکامەرانی . بەڵام لە هەمو شوێنێک سەرکردەو فەرماندەکان توندن پێم وایە ئەمریکیەکان ئەوە باش دەزانن .

2 / پرۆفیسۆر نیڤادا لە کاتی لێکۆلینەوەیەکیدا چاوی بە بەرێز خاتو بێبا ئایدڵسۆن دەکەوێ کە سەرکردەیەکی زایۆنیزمی سۆشیالیستی فەلەستینە ، سەردانی ترۆتسکیی کردبوو لە مەکسیک .



بێبا ئایدڵسۆن

خاتو ئایدڵسۆن لە بیرەوەریەکانیدا دەنوسێ دەڵێ : من قسەم لەگەڵ ترۆتسکی کرد نەک وەکو ئەوەی لەگەڵ بێگانەیەک قسەبکەم هەستم بەوە دەکرد کە لەگەڵ جوێکی

دەربەدەری بێ خاک دانیشتوم ، ماوەی سێ کاتژمیر لەگەڵ ترۆتسکی دادەنیشێ لەو ماوەیەدا چەندین پرسیاری دژوار لە خاتو ئایدڵسۆن دەکا پرسیاری ئابوری وسیاسی ولەسەر ئۆردوگا نیشتەجێکانی جوەکان ، کاتێک خاتو ئایدڵسۆن لێی دەپرسێ ( ئەم وڵاتە ئامادەیە پێشوازیت لێ بکاو دانت پیا بنی ، بەڵکو رۆژێک لە رۆژان سەردانێکمان دەکەی لە فەلەستین ) ئەویش زۆر بە هێمنی و لەسەرەخۆ وەڵامی دەداتەوە :

( لە پێشوازی کردنم ناترسن ؟ )

ئایدڵسۆن وەڵام دەداتەوە :

نەخێر ، ناترسین چونکە هزرو بیرمان لەوە بەهێزترە لە مرۆڤ بترسین تەنانەت ئەگەر ئەو مرۆڤە وەکو ئێوەش بێ ) دیارە ترۆتسکی لە دڵسۆزیەکەی رازی بووە بۆیە لە کاتی تەواو بوونی دیدەنیەکە داوای لێدەکا دەڵێ :

( تکایە ئەم گفتوگۆیەمان هەر لە نێوان خۆمان بمێنێتەوە ... دونیا تێناگا ) .. ماوەی نۆزدە ساڵ چاوەڕوان بوو ئەوسا گێڕایەوە .

مانای چی ( دونیا تێناگا ) ؟ کەس ناتوانێ تێبگاو درک بە تێگەیشتنی ئەم قسەیە بکا بەڵام من مەزندەی ئەوە دەکەم ئەگەر ترۆتسکی ماوەیەکی تر لەژیان بایە مافی ئەوەی دەبوو بە فەرمی لە ژێر یاسای گەڕانەوە بچێتە ئیسرائیل .

3 / زۆر لە نوسەرەکان پەرتوکی هاوشێوەیان نوسیوەتەوە لەوانە رۆدۆلف هیلفەردینگ ئابوریناسی دیموکراسیی نەمساوی و دواتر میلۆڤان یۆگسلاڤیی کۆنە کۆمۆنیست و جۆزیڤ کارتەر ی سۆشیالیستی ئەمریکی و هیتری نە ناسراویش ..

*    *  *  *

وەرگێر لە چەند دێرێکدا

-----------------------




- لە پایزی 1955 لە هاوینە هەواری سەلاحەدین چاوی بە دونیا هەڵێناوە.
- لە 1962 چۆتە بەر خوێندن و خوێندی سەرەتایی وناوەندیی لـە شـارۆچکەی سـەلاحەدین ( سـەربەن) تـەواو کـردوە وبـۆ خوێنـدنی دوا ناوەنـدی چۆتـە هەولێر ودواتر لە کەلەک (خەبات) خوێندنی کشتوکاڵیی ددوا ناوەنـدی تـەواو دەکا لە 1974- 1975 کـە دەبوایـە سـاڵێک پێشـتر تـەواو بکـا بـەڵام بـەهۆی بەشداریی لـە شۆڕشـی ئـەیلول تـا دوای نسـکۆکەی 1975 نـاتوانێ خوێنـدن تەواو بکا .
- لە هەمان ساڵ لە بانکی کشتو کاڵی شەقلاوە دادەمەزرێ.
- لـە بـەهاری 1977 لـە لایـەن رژێم دەسـتگیر دەکـرێ و بـە دەسـاڵ زینـدانی دەکـرێ لـە زینـدانی ئـەبوغرێب دەبـێ تـا 1979 بـە لەگـەڵ هـەڤالانی بـەر لێبوردنی گشتی دەکەوێو ئازاد دەکرێ .
- دوای ئازاد بونی رو لە شاخ دەکاو دەبێتە پێشمەرگە لە ریزەکانی ی.ن.ک .
- حالی حازر بەرپرسی بەشی روناکبیریە لە مەڵبەندی 3ی هەولێر(ی.ن.ک).
- ئاستی زانستیی : هەڵگری بروانامەی بکالۆریۆسە لە زانستە سیاسیەکان .
- باری کۆمەڵایەتیی : خێزاندار و خاوەنی دوو کچ وسێ کـورە بـە ناوەکـانی ( جوتیار، شەنگار، بژار،پاڵە ،هێرۆ).
- بەرهەمـەکانی چـاپکراوو بڵاوکـراوەی : تائێسـتا پێـنج پـەرتوکی بـەچاپ گەیاندوە ( 1/مێژووی هاوچـەرخ، ئـەوروپا لـە شۆڕشـی فەرەنسـی یـەوە تـا جەنگی دووەمی جیهانی .2/ دیگۆل ، پیاوی سیاسەت وحوکمران.3/ کـوردو ئەرمـەن ، پەیوەندییـە مێژووییـەکان .4/ کوردسـتان وکوردەکـان.5/گیڤـارا) هەروەها بە دەیـان بـەڵکو سـەدان نوسین وچاوپێکـەوتنی رۆژنامـەوانیی لـە گۆڤارو رۆژنامە کاندا بڵاو کراوەتەوە ) .
- پەرتوکێکی بەردەستیشی هەیە لە نوسینی خۆی بەناوی ( دەوڵەت ، دیرۆکـی دروست بون و بەرێوە بردنی ).

**پێرسک**
---------------

لاپەڕە
-
----------


سوپاس و پێزانین.....................................................................................
پێشکەش ...........................................................................................
پێشەکیی وەرگێڕی عەرەبی بۆ کوردی ...................................................................
پێشەکی ی نوسەر ..................................................................................
بەشی یەکەم : ساڵە پێشوەختەکان _ بیردۆزە بنچینەییەکان ............
بەشی دووەم : زەوت کردنی دەسەڵات ......................................................
بەشی سێیەم : بۆلشەڤی کار لەخۆی دەکا ..................................................
بەشی چوارەم : رابوونی ستالینیزم ...........................................................
بەشی پێنجەم : گەڕان ، ئاوارەیی ، کار ..................................................
بەشی شەشەم : دوا کەلەپوور ...................................................................
هاوپێچ : ...........................................................................................
تێبینیەکان : ......................................................................................
پێرسک : ...........................................................................................


ئەمەی خوارەوەش وێنەیەکە لە رەزامەندی لایەنی بەرپرسیاری دەقە عەرەبیەکەی ئەم پەرتوکە تایبەتە بە پێدانی رەزامەندی لەسەر وەرگێرانی بۆ سەر زمانی کوردی :

**السيد خالد المحترم**

**تهديكم المؤسسة العربية للدراسات والنشر اطيب تحياتها ونعلمكم انه لا مانع لديها من ترجمة كتاب تروتسكي الى اللغة الكورديه على ان يتم تزويدنا بنسختين عند صدور الكتاب**


مع اطيب التحيات


ماهر الكيالي
المدير العام
المؤسسة العربية للدراسات والنشر


2008/09/10


Arab Institute for Research and Publishing
info@airpbooks.com
www.airpbooks.com
PO Box 9157
Amman 11191 Jordan
Tel: +962 6 560 5432/1
Fax: +962 6 568 5501




گۆری ترۆتسکی

دواوتە لە دوابەرگ

--- --------- ---------

خوێنەری ئازیز ئەمەی لەبەر دەستت دایە کورتە باسێکە لەسەر کەلە پیاوێکی ناوداری سەدەی بیستەم لە بواری نوسین وسیاسەت و خەباتی چینایەتی لە روسیا ، ئەم پیاوە مەزنە ناوی ڕاستە قینەی (لیڤ داڤیدۆڤیچ برنشتاین ) ە لە 1897 تا 1940 ژیاوە دواتر بە ( ترۆتسکی ) ناسراوە، ئەستێرەکەی لەو سەردەم ودوای ئەو سەردەم بە چەند ساڵێک لە درەوشانەوەدا بووە ، ئەگەرچی لە هەمو بوارەکان ئەم پیاوە ناوداره بەرهەم و رەنجی ماندوێتی خۆی نەبینی ونەچێشت بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ بێ بایەخ وبێ کاریگەر بووە ، بەهەر حاڵ ئەوەی لەم پەرتوکەدا هاتوە تەنها کزە رۆشناییەکە دەخرێتە سەر رێباز وشێوازو رێچکەکانی ناوبراو لەو سەردەمە ناسکەدا کە گرتبوونیە بەر زۆربەی کات وهەنگاوەکانی لە پێناو وەلاتانی بەربەست و تەگەرەکان بەسەر بردوە ، دیارە نوسەری ئەم پەرتوکەش تا ئاستێکی زۆر لە نوسینەکانیدا بێلایەنیی هەڵبژاردوە ئەگەر زولمی لێ نەکردبێ بەڵام بەرگریەکی ئەوتۆشی لێ نەکردوە کە شایەنی بێ . ئیتر تۆش خۆت و هەڵسەنگاندنت .

خالیدهەرکی